**گوڵی تەرەقی**

# دوو دونیا

**وەرگێڕانی : دلاوەر قەرەداغی**

پێرست


**یەکەمین ڕۆژ**

**باجییەکان**

**ئەودیو دیوار**

**گوڵەکانی شیراز** ––

**هاوڕێ گچکە** – –

**باوک** –

**دووایەمین ڕۆژ**

# **یەکەمین ڕۆژ**

ئابی **1988**. نەخۆشخانەی دەروونیی ڤیل دەڤری. دەوروبەری پاریس

ئەدی من لێرە چ دەکەم؟

خەڵکانی گرمۆڵە بە ڕوخساری مقەبایی و چاوانی لێکنراوەوە، لەسەر سەکۆی دارین و لەپاڵ یەکدا دانیشتوون. خەڵکانی داڕووخاو بە دەستانێکی پیرەوە.

لەم سیستەرە سپیی پۆشە پرچ زەردانە دەترسم. لەم باخە خامۆشە نامۆیە، لەم درەختە تازیەبارە خودان سێبەرە خۆڵەمێشییانە، لەم دار شمشادە ڕێك و هاوئەندازە و هاوشێوە و لەڕیزی یەکتر و لەپاڵ یەکدا ڕوێنراوانە دەترسم کە هەردەڵێی سەربازگەلێکن ئامادە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیار.

بیر لە باخەکەی شەمێران دەکەمەوە، بیر لەو دارسنەوبەرانەی کە هاوگەمەی من بوون، بیر لە پەیکەری گەچیی باخچەکان و ئەو پەرییە زەرياییە قەڵەوەی کە لە لێواری ئەستێرکەکەدا ڕاوەستابوو. باوکم دەبینم لەسەر کورسییە بزۆزەکەی ژێر دار چنارەکاندا و لە کەناری جۆگاکەدا دانیشتووە و سێبەرە گەورەکەی تا ئەوسەری باخەکەی شەمێران گەییوە.

دەڵێت:" منماڵێکی گەورەم گەرەکە بە باخ و ئەستێرك و پەیکەرگەلی بەردینی دەوراندەوری باخچەکانییەوە. خانوویەکم گەرەکە بە ژووری ڕووەو هەتاو و ژێر زەمینی فێنك بۆ ڕۆژانی گەرم و هەیوانێکی فەراوان بۆ خەوتن لەژێر سامالّ ترین ئاسمانی دونیادا."

دوێنێ شەو باوکم هاتە خەونم. لەیەکێك لە شارە دێرینەکانی میسر بووین. ئەستێرەیەکی ئاڵتوونیی، وەك پەڵەیەك خۆر، بە نێوچەوانییەوە دەدرەوشایەوە و چاوە بڕندەکانی لە خاڵێکی دووری ئاسۆ بڕیبوو. ڕەنگبێ تەماشای چارەنووسی مناڵەکانی کردبێت، تەماشای وێرانەکانی باخی شەمیران، تەماشای ئێلّ و عەشرەتە پەرتەوازەکەی لە کون و قوژبنەکانی دونیادا و تەماشای من، منی زیندانیی نێو ئەم خەڵکە غەوارانە.

دەنگی باوکم لەگوێمدا دەزرنگێتەوە:" من پۆلاّم و پۆلاّش هەرگیزاو هەرگیز ژەنگ هەڵناهێنێ."

خۆم بە وێنە و قودرەتە ئەفسانەییەکەیدا هەڵدەواسم، خۆم بە گوڕی ئەم پیاوە ئاسنینەدا هەڵدەواسم. پیاوێك کە داگیرکەری نەخۆشیی و دوژمنی خەڵکانی لاواز بوو.

بەخۆم دەڵێم:" دەبێ لێرە دووركەومەوە. تا درەنگ نەبووە. هەر ئێستا."

پا م بە ئەرزەوە نووساوە و جەستەم هیی خۆم نییە. بیرو خایلەم پەرتەوازەن و وشەکان لە زەینم هەڵدێن. هەموو شتێك لەسەرمدا زۆر

دەبێت. شێوەکان، ژمارەکان، دەنگەکان، لۆچی چەرچەف و چکە چکی کاتژمێرەکان. ڕوخسارەکان بە بەر چاوانمدا ڕەتدەبن، بەسەریەکدا دەکەون، شێوە دەگۆڕن و دیار نامێنن. لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا خوول دەخۆم بە بێ ئەوەی بتوانم لەسەر چرکەساتێکی دیاری کراو داسەکنێم.

خانمی دکتۆر لە باخچەکە پیاسە دەکات. بەرەو لای من دێ و دەستی دەنێتە سەر شانم. دەستە ساردو نامۆکەی. یەکەمین ڕۆژی داخڵ بوونمە. ناوم دەنووسێت.

دەپرسێت:

- ڕەگەز؟

- ئێرانیی.

- پیشە؟

- نووسەر.

- شوێنی لەدایك بوون؟

- تاران.

واتە واتی خۆشی شاری ئاشنا لەسەرمدا بەیەکدا دێ و باخی شەمێران، وەك خەونێکی سەوز، لەنێو پێڵووەکانمدا دەنیشێت.

تاران. بەو پیتە ( ر ) ا سرکەیەوە کە لەژێر زوباندا دەخلیسکێ و بەو ( ئا ) کشاوە بەرزەیەوە کە وەك دەروازەی دڵەڕاوکێ وروژێنی بازاڕێکی ڕەنگاوڕەنگ، من بۆ ناو خۆی هەڵدەلوشێت. کەسێك لەدوورەوە بانگم

دەکات، کەسێك لەوپەڕی چیا و زەریاکانەوە. کوڕە گەنجەکەی هاوسێمان لە سەری کۆڵاندا ڕاوەستاوە و دەستیم بۆ ڕادەوەشێنێ. من ئاشقی ئەم کوڕەم و کەچی ناشزانم ناوی چییە. کرێمێکی لیقن لە سەری دەدا و قژی بە بەرزایی گندۆرەیەك، بۆ سەرەوە هەڵدەبژێ. ڕوخساری پڕە لە زیپکەی سوورو ئێخەی کراسەکەی تا نزیکی نێو قەدی دەکاتەوە. بە خۆم دەڵێم: تا ئەبەد، تا ئەو ڕۆژەی کە دەمرم، من عاشقی ئەم کوڕەم. کەچی دوو ڕۆژ نابات لەبیری دەکەم.

زەنگی کلێسا، هاواهەنگ بە ئاژێری سەرسوڕهێنەری ئامبۆلانس، نامۆیی دەوروبەرم چڕدەکاتەوە. ئەدی من لەکوێم؟

کوڕێکی گەنج، وەك شوڵك باریك، بە ڕوخسارێکی سپیی و چاوانێکی ڕەش و درشتەوە تەماشام دەکات. سەیرکردنەکەیم پێ خۆش نییە. بەرز بەرز لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و پێدەکەنێ. پەنجەی دەنێتە سەر لێوی و بە لێکنان و هەڵبڕینی پێڵووەکانی و بە تەکاندانی سەری تێمدەگەیەنێ، بێدەنگ بم.

بەخۆم دەڵێم:" نا، من لەمانە ناچم. شتی وا نابێ. دەبێ لەگەڵ خانمی دکتۆردا بدوێم. دەبێ تێی بگەیەنم کە خەراپیی تەندروستی من هۆکاری خۆی هەیە، هۆکارێکی ماقووڵ و قابیلی تێگەیشتن."

پیرێژنێك بەرەو لام دێ. قژم نەوازشت دەكات. شانەیەكی ئاسنی پێیە. دێمە ئەم لاوە. پشتاو پشت دەڕۆم و لەسەر یەكەمین سەكۆ دادەنیشم. پیرێژنەكە واز ناهێنێ. دەست بەقژمدا دێنێ. جلكەكەی بۆنی سابونی زەیتوونی لێدێ، بۆنی چەرچەفی ساردی تازە شۆراو و بۆنی نوێنەكەی منالێیمی لێدێ.

تەنافەكە لەسەربانە. لەودیو چەرچەفەكانەوە خۆم دەشارمەوە. هەرچیی بانگم دەكەن وەڵام نادەمەوە. بەدوامدا دەگەڕێن. بە پێمەڕە ناو حەوزەكەشم بە دوادا دەگەڕێن. دەچنە كۆڵان. لەوپەڕی باخەكەوە دەنگیانم دێتە گوێ. حەزم لە دردۆنگیی خەڵكانی گەورەیە. دەزانم كە سزایەكی گەورە چاوەڕێمە. بەوەشەوە وەڵام نادەمەوە. دەترسم و لە ترسا خەوم لێدەكەوێ.

سیستەرێك ژێر باڵم دەگرێ. هەڵمدەسێنێ و بەرەو بینایەكی چیمەنتۆییم دەبات. هەڵدەلەرزم و شپرزەیی وەك ژانێك بەنێو بەدەنمدا دێت و دەچێ. بە پێپلیكانەكاندا سەردەكەوین، بە پێپلیكانەیەكدا سەردەكەوین كە تەواو بوونی نییە. دەچینە ژوورێكی نیوە تاریك و نیوە چۆڵ، تەختەنوێنێكی باریك و سپیی، پەردەی شین، مێزێكی گچكە و كورسییەكی لێیە.

" من لێرە، لەمدیو پەنجەرەی داخراو و لەژێر ئاسمانێكی باراناوییدا دەمرم."

هاوار دەکەم، لەو هاوارە بێدەنگانەی لە گەروودا دەتاسێن. لە کەسێك دەچم خەون ببینێ، کەسێك کە ڕادەکا کەچیی لە جێگەی خۆیدا ڕاوەستاوە. جلکەکانم دادەکەنن و دزداشەیەکی دەڵێ و درێژم لەبەر دەکەن. لەسەر تەختە نوێنەکە ڕادەکشێم. دەستێك پەردەکە لادەبات. دەستێك نێوچەوانم نەوازشت دەکات. کەسێك بە زوبانێکی بێگانە شتێکم پێدەڵێت. هەست بە ڕۆبردنی شرینقەیەك بە قۆڵمدا دەکەم. خانمی دکتۆر لێدانی دڵم دەگرێت. هێور هێور پێڵووەکانم قورس دەبن و هەستێکی تەمبەڵانە و خۆش بە جەستەمدا پەخش دەبێ.

باڵشتەکەم پڕە لە جریوە جریوی چۆلەکەکانی باخی شەمێران. دەتوانم هەر لە بەیانیی تا هەرکاتێ دڵم حەز بکا، بنووم. سبەینێ پشووە و نانی نیوەڕۆ لە باخ، لە لێواری جۆگەکە دەخۆین. کاك حەسەن حەسیرەکان لەسەر ئەرزەکە ڕادەخا و باڵشتەکان بە قەدی درەختەکانەوە هەڵدەپەسێرێ. پوورە ئازەر هەمیشە هەر دڵی لای شۆخ و شەنگیی خۆی و ڕەنگی پێستییەتی. خۆی لە تیشکی هەتاو دەپارێزێ و ئاوریشمێکی سپیی وەك پەردەکوللە، دەنێتە سەر دەم و چاویی تا هەتاو پێستی نەکاتە پەڵە. هەرکاتێ کە لەدەرەوە دێتەوە، شفتییەك لەناوەڕاستا قاش دەکات، ناوەکەی بەتاڵ دەکات و نیوەی دەخاتە سەر دەم و چاوی تا پێستی ناسك و تەڕ بێت. دەڵێت ئەم شتە لە شاجوانی ئەمریکاوە فێر بووە و لە

گۆڤارێکی فەرەنگستانیدا خوێندوویەتییەوە. کاتێ پێدەکەنێ زاری چکۆڵە دەکاتەوە تا چرچ نەکەوێتە ژێر چاو و دەوروبەری دەمی. شەوانەش جلگرە لەسەری کەپووی دەدات تا کەپووی گچکە و قووت بێت. دەڵێ ئەمەشیان هەر لە شاجوانی ئەمەریکاوە فێر بووە.

هەموو بەیانییەك کە چاوانم دەکەمەوە، دەنگێك لە گوێمدا ڕۆژەکانی هەفتە دەژمێرێت. دەنگەکە لەتەکمدا دەدوێ و وەك شەپۆلی ڕادیۆیەکی کۆن، دوور و نێزیك و بەرز و نزم دێتەگوێ. دەنگەکە پێم دەڵێ کە دەبێ هەستم، کە دەبێ دوش بکەم، کە دەبێ جلکەکانم بگۆڕم و بەرچاییەکەم لەسەر مێزەکە بخۆم.

کەلەکە دەگۆڕم و ڕووەو دیوار دەنووم.

دەنگەکە شتگەلێکم لێ دەپرسێ و پێم دەڵێ دوو هەفتە بەسەر داخلّ بوونمدا لە خەستەخانە، تێدەپەڕێ.

خانمی دکتۆر فەرمان دەدا کورسییەکەم لەبەر پەنجەرەکەدا دانێن. کەس حەقی بەسەرمەوە نییە و کەس بۆی نییە دیدەنیم کات.

دەستووری نوێ : دەبێ هەموو ڕۆژێك لە باخچەکە پیاسە بکەم و فراوین لەگەڵ ئەوانی تردا بکەم. دەڵێم نەخێر و ئیدی چەرچەفەکە بەسەر دەم وچاومدا دەدەم.

سیستەرەکان سەرەتا بە میهرەبانیی و بە تکا، دواجار بەزۆر لەسەر تەختەنوێنەکە دامدەگرن. یارمەتیم دەدەن جلکەکانم بگۆڕم، پێڵاوەکانم لە پا کەم و ئاوێك بە دەم و چاومدا بکەم. گەر بەدەست خۆم با لە جێگاکەم هەڵنەدەستام. خەو و هەڵهاتن و بیرچوونەوە تەنها شتێکن کە دەمەوێن. لە ڕوناکیی ڕۆژ دەترسم و حەز دەکەم زەمەن ببێتە شەوێکی ئەبەدیی.

دەڵێم:" ئارام بگرن تا سبەینێ. تا چەند ڕۆژی تر." لێیان دەپاڕێمەوە. سوودی نییە. زۆر گوێیان لەم قسانە بووە. دەچمە ڕاڕەوەکە. ژێر باڵیان گرتووم. جەستەم لەزرەك و چۆڵ، هەر بەرمدەن دەکەوم. بە تولێکی لای پێپلیکانەکانەوە دەنووسێم. کە دەگەینە باخەکە، بەتەنها جێمدێڵن. لەسەر سەکۆیەکی دارین، دوور لە نەخۆشەکانی تر دادەنیشم. پیرێژنەکە بە شانە ئاسنینەکەیەوە دەمبینێ و بەرەو لام دێت. لەپشت سەرمەوە ڕادەوەستێ. دەیەوێ قژم بۆ دابێنێ. جووڵەی بۆ ناکەم. خۆم بەدەستەوە داوە. تەوقەکانی قژم دەردێنێ. سەرم نەوازشت دەکات. پرچم بۆ دەهۆنێتەوە.

چەند خۆشە کاتێ کەسێکی میهرەبان پرچی بونیادەم دەهۆنێتەوە، کە قۆپچەکانی سەدرییەکەی دادەخا و نان مرەبا دەنێتە نێو جانتای قوتابخانەیەوە. لە قوتابخانەی فەیروز کۆهی ناونووسیان کردووم. دەبێ پەلە بکەم. دایکم قژم بۆ دەکاتە پرچ و یەك کەوچك رۆن ماسیی

بەقورگما دەکا و بۆ نەهێشتنی تامی ناخۆشی ڕۆن ماسییەکەش، یەك چنگ نوقوڵ دەپەستێنێتە گیرفانمەوە. پێڵاوە بریقەدارەکانم جیڕەیان دێ و سەدرییە ئوتوودراوەکەم بۆنی نیشاستەی لێدێ. جانتاکەم پڕە لە کتێبی تازە و قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ. هەمووومان ڕیز دەبین و مامۆستای مورشید تەماشای نینۆکەکانمان دەکات. منالانی پیس و پۆخڵ شەپازللە دەخۆن و لە ڕیزی دوواوە ڕادەوەستێنرێن. ئەوانەی جگە لەوەی دەستیان پیس و پۆخڵە، یەخەی سەدرییەکانیانیشیان چڵکنە یان جانتاو کتێبیان پێ نییە، لە قوژبنی حەوشەدا لەسەر قاچێك ڕادەوەستێنرێن و دەستیان پێ بەرز دەکرێتەوە. ئەوانەی دەگرین لە ژێرزەمینە تاریکەکە حەپس دەکرێن. مامۆستای مورشید ناوم دەپرسێ. چەند نوقوڵێکم لەدەمدایە. گوێم ئاوساوە و ناتوانم وەڵام بدەمەوە.

فەرمان دەدا:" دەمت بکەوە!"

سەر ڕادەوەشێنم. زۆر لەخۆم دەکەم تا نوقڵەکان قووت بدەم. مامۆستای مورشید لەتووڕەییدا سوور هەڵدەگەڕێ. قامکی دەکا بە دەممدا. نوقڵەکان دەپەڕنە قوڕگم و خەریکە بخنکێم. دەکەومە قرخە قرخ. شوێنم ژێرزەمینە تاریکەکەیە. نوقڵەکان دادەکرمێنم و دەگریم. کە بیر لە تاریکیی ژێرزەمینەکە دەکەمەوە، لەرزم لێدێ. ڕادەکەم و بە دەوری تانکیی ئاوەکەدا دەخولێمەوە. فەڕاشی قوتابخانە بەدوامدا دێ و لە سەری پێچەکەدا دەمگرێت.

پێمدەڵێ:" هەی منداڵەی کەر، بێدەنگبە ئەگینا قەڵەم دەنێمە بەینی پەنجەکانتەوە."

گاز لە دەستی دەگرم و لقە لە قۆزەنگی پای دەدەم. کچە گەورەترەکان، قوتابیانی بێچووە شێر، شانم دەگرن و بەسەر پێپلیکانەکاندا کێشم دەکەنە خوارەوە. کلیلی ژێر زەمینەکەیان پێیە. دەرگاکەی دەکەنەوە و بۆ ناوەوە پاڵم پێوە دەنێن. شەقێکی حیسابیم تێهەڵدەدەن و دەرگاکەم لەسەر دادەخەن. دەترسم و دەزریکێنم. کیژێکی تر هەروەکو من حەپسکراوە. پێم پێدەکەنێ. لایتی دەستی پێیە و ڕوناکییەکەیم تێدەگرێ. ڕوخساری لە تاریکیدایە. لە جاڵجاڵۆکە و سیسرکی ژێر زەمینەکە ناترسێت. ئەرێ ئەم کچە لەکوێوە ئەم لایتە دەستییەی پەیدا کردووە و چۆناوچۆنی لە چاوی مامۆستای مورشیدی شاردۆتەوە؟ دەچمە پێشتر. دەمی ئەویش پڕە لە شت. قەپاڵ لە لەواشەیەك دەگرێ و نیوەی بە من دەدات. لەلایەوە دادەنیشم و ترسەکەم دەڕەوێتەوە. وردە وردە چاوم بە تاریکاییەکە ڕادێ و بە ڕوناکیی لایتەکە ڕوخساری دەبینم. قژی کورتە و شێوەی کوڕی هەیە. بەخۆم دەڵێم:" ئەم کچە، ئەم کچەی کە چاوانی وەك چاوانی پشیلە دەبریسکێنەوە و لە تاریکیی و لە جڕو جانەوەری ژێر زەمینیش ناترسێت، دەبێتە هاوڕێی گیانیی بەگیانیم." پێکەوە، هەر لەهەمان جێگادا، بەڵێنی خوشکایەتیی دەبەستین و نوقڵەکانمان دابەش دەکەین. قسان دەکەین، پێدەکەنین و خۆشحاڵم بەوەی کە حەپسین و ئیتر ناچار نین بۆ پۆل

بچین. مامۆستای مورشید نازانێت من بەختەوەرترین قوتابی قوتابخانەکەم و هەروەك خەڵکانی عاشق، دڵم لەخۆشحاڵیدا کەوتۆتە تەپ و کوت. بەر لە ئیزنی بوونی قوتابخانە، بەردەدرێین. دەستی هاورێ گچکەکەم دەگرم و ئیدی ترسم لە دەرس و قوتابخانە دەرەوێتەوە.

خانمی دکتۆر زوربەی جاران لەبارەی ئەزموونە ئەوینداریەکانمەوە پرسیارم لێدەکات.

بیر لە هاورێ گچکەکەم دەکەمەوە، بیر لەو پەیمانەی کە بەیەکترماندا، هاورێیی درۆزن. دڵم، دوای ئەو هەموو ساڵانە، هەمدیس لێورێژ دەبێتەوە لە ئەوین و فرمێسك بە چاوانمدا دەرژێتە خوار.

یەکەمین ئەوین؟

بیرم نییە. کەنگێ و لەکوێ؟ دەیان وێنە، وەك وێنەی بەسەریەکتریدا کەڵەکە بوو لەبەرانبەر چاوانمدا وەدیاردەکەون: کورانی گەرەکی مەحموودییە، سایەق پاسەکان، هاورێ پیرو کەچەڵەکانی بابم، ئەکتەرەکانی سینەما، رێبوارێك لە کۆڵان، بوونەوەرگەلی خەیاڵیی و نووسەرانێك کە وێنەکانیان لە رۆژنامەکاندان. هەموو رۆژێکی هەفتە عاشقم و هەر خودا بۆ خۆشی دەزانێ عاشقی کێم. چ فەرق ناکات. کاك ساقی، کاك باقی، کاك حوسامی؟ ناوەکەیم بیرچۆتەوە. هەرکێیەکە

ڕەفیقی خاڵۆمە. هەرکاتێ ئاهەنگمان هەبێ ئەوا بانگی دەکەن تا گۆرانیمان بۆ بێژێ و سەنتوورمان بۆ بژەنێت. ڕەنگی لە ڕەنگی مردووان دەچێت. قژی ڕووتاوەتەوە و ژێر چاوانی شین هەڵگەڕاون. ڕەنگی هەردەڵێی زەردەچەوەیە. لە پاڵەوانی سیلاویی دوایەمین ڕۆمانێك دەچێت کە خوێندوومەتەوە. کە چاوم پێی دەکەوێت، سوور هەڵدەگەڕێم و دڵم دەکەوێتە تەپ و کوت. لە دوورەوە تەماشای دەکەم و هەناسە هەڵدەکێشم. دڵنیام بەو زووانە دەمرێ و هۆن هۆن فرمێسك لە چاوانمەوە دەڕژێ. تلیاك خۆرە. تلیاکەکەی دەنێتە گۆشەی دەمی و وەك نوقوڵ دەیمژێت ( دەزانم، لە گەورەترەکان بیستوومە ). لەکاتی ژەنیندا، سەری ئارەقە دەکاتەوە و بۆنی جەستەی بە ژوورەکەدا بڵاودەبێتەوە. دایکم کەپووی خۆی دەگرێ، خیش دەکا و منیش کە لای دەرگاکەوە ڕاوەستاوم و مافی چوونە ژوورەوەم نییە، بەخۆم دەڵێم: مەرج بێ ئەم سترانبێژە خەمگین و موزیك ژەنە تلیاکخۆرە ببێتە مەعشوقی ئەبەدییم. پاشان دەبیستمەوە خۆی بە ساپیتەی ژوورەکەیدا هەڵواسیوە. دڵم پێی دەسووتێ و ئیدی بەرماوەی یادەوەرییەکەی لە زەینمدا دەسڕدرێتەوە.

خانمی دکتۆر زۆر دەکات لەگەڵ نەخۆشەکانی تردا فراوین بکەم، تێکەڵاویان بم، قسان بکەم، تەماشاکەم و تێبگەم کێم و لە کوێم. دەبێ مەودا لە ڕابردوو بگرم و بۆ حاڵی حازر بگەڕێمەوە. دەبێ ( من ) ی

ئێستاکێم بناسم و ئیدی ئەم مەخلۆقە واقیعییە لە سبەینێ و لە ئایندەدا بەرجەستەکەم. ناتوانم. ترسم لە ئایندە هەیە و ( ئەمڕۆ ) زەمەنێکی بەتاڵ و هەڵپەسێردراوی وەهایە کە بە هیچ جێگایەکەوە ڕایەڵ نییە. تەنها ڕابردوو واقیعییەتی هەیە و وەك ئامێزە گوڵ گوڵییەکەی دایە لەنێو خۆیدا پەنام دەدات.

هۆڵی نان خواردن ژوورێکی گەورە و ڕووناکە. چلچرای هەڵواسراو بە بنمیچدا، هێڵگەلی کاڵی ڕوخسارەکان تۆخ دەکاتەوە. ئەم ژوورە لەژووری لێپرسینەوە و ئەشکەنجەدان دەچێت، یاخود لەچاوانی منەوە ئاوهایە. متمانەم بە ڕووانینی خۆم نییە و دەزانم دونیای دەرەوە بەو جۆرە نییە کە من دەیبینم.

تارماییگەلی بێدەنگ و واقوڕماو بە دەوری مێزی نان خواردندا دانیشتوون. هەر هەموو زەق زەق تەماشام دەکەن. یەکێکیان هەڵدەسێ و کەوچەکەکەیم بۆ ڕادەگرێت. چەند کەسی تریان لاسایی ئەو دەکەنەوە. دەستەکان، بە کەوچك و چەنگاڵ و قاپەوە، بەرەو لای من ڕایەڵ کراون.

سیستەرێك بۆ یارمەتیم دێ و قۆڵم دەگرێت. وەك بڵێی مەخلۆقێکی لە کاروان جێماو بم و بکارێ فێری دانیشتن و شت خواردنم بکات. لەسەر کورسییەك دادەنیشم، ئامادە بۆ ڕاکردن، پیاوێك لەپاڵمدا دانیشتووە و چاوی لە دەفری خواردنەکەی بڕیوە. ماتی بردۆتەوە و زەینی لە جێگایەکی ترە.

سیستەرەکە دەستی بەیەکدا دەدات. هاوار دەکات:" بێدەنگ. هەواڵێکی خۆشم پێیە. یەکشەممە ڕۆژی ئاهەنگە."

هەموو، جگە لە من، چەپڵە دەکوتن و هەڵهەلە دەکێشن. بە کەوچکەکانیان لە لێواری دەفرەکانیان دەدەن و پێدەکەنن.

ڕۆژانی پشوو، بە زۆریی ئاهەنگێکی چکۆڵە لە باخەکە یان لە هەیوانەکە ساز دەدرێت. جاربەجار موزیك ژەنێك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەخۆشی ئەم خەستەخانەیە بووە، بۆ بینینی هاوڕێ دێرینەکانی دێ و پیانۆ یان ڤیۆلینیان بۆ دەژەنێت. هاتنی وی مایەی ئومێدە و ئیرادە بە نەخۆشەکان دەبەخشێت. بەر لە ئاهەنگەکە، بە سیستەرەکان دەڵێم من بەشداریی ناکەم. مەحاڵە. خانمی دکتۆر، بەو هۆیەی کە پێ چەقێنیی من بەڵەدە، فەرمان دەدا لێمگەڕێن.

ئاهەنگی ئەمڕۆ لە باخەکەیە. لەودیو پەنجەرەوە تەماشا دەکەم. جەژنی ڕۆحەکانە. ڕۆحگەلێکی سەرگەردان بە یادی ئەوینگەلی دێرینە و ئارەزووگەلی بەسەرچووەوە، بەدەوری یەکتردا خول دەخۆن. دوو ژن نێوقەدی یەکدییان گرتووە و لەتر دەدەن. چاوانیان نووقاوە. سەریان بە ڕیتمی مۆسیقاکە تەکان دەدەن و جار جار زەردەخەنەیان دێتێ. وەك بڵێی نووستبن و خەونی خۆش ببینن. کوڕێکی جحێڵ قسان لەگەڵ خۆیدا دەکا و لاساییم دەکاتەوە، بەدەوری ئەوانی تردا دەخولێتەوە و ڕیز ڕیز قسان

دەکات. دەڵێن ئەو کەسە شاعیرە و تا ئێستا دوو دیوانە شیعری چاپ کراوی هەن.

هەندێ شەو دەچین بۆ قاوەخانەی نادریی و پوورە ئازەر لەگەڵ مێردەکەیدا سەما دەکات. هەردووکیان بۆ کۆرسی سەمای بیانیی دەچن و هێند جوان سەما دەکەن کە خەڵکیی چەپڵەیان بۆ لێ دەدەن. نیروانا خان و مینرەوا خان کچی پووری دایکمن. ئۆکۆردێن و پیانۆ دەژەنن و هەرکاتێ بۆ ماڵی ئێمە دێن، گرامافۆنە کۆنەکە دەخەنە ئیش و هەمووان دەخەنە سەر هەوا و هەوەسی سەما. دایکم شەرمنە. سەما نازانێ و دێتە ئەملاوە. یەزدان، کوڕی مینرەوا خان، هار و هاجە. بەدارو دیواردا هەڵدەگژێ. تا ئێستا، دە جار دەست و سەرو پای شکاوە. دارلاستیکی پێیە و مامۆستای کوشتنی پاسارییەکانە. دایك و باوکی، کاتێ لەماڵ دەچنە دەرێ، بە گوریس بە کورسییەوەی دەبەستنەوە تا بەڵایەك بەسەری خۆیدا نەهێنێ یاخود ماڵەکە ئاگر تێبەرنەدا. کە دێن بۆ ماڵی ئێمە، بە درەختێکەوەی دەبەستنەوە. هەندێ جار برسیی یان تینووە و دەزریکێنێ. نیروانا خان گەرمەکابەیەك دەترنجێنێتە دەمییەوە و ئەویش قەپاڵی لێ دەگرێت. بە بڕوای دایکم، ئەو کارە ناشیرین و زاڵمانەیە و فەرمان دەدا گوریسەکەی لێبکەنەوە. بەڵام ئەم کوڕە، هەر لەگەڵ ئازادکردنیدا، وەك تیرێکی لەکەوان دەرچوو، تێی دەقووچێنێ، قاچی بەر سەماوەرەکە

دەکەوێ، بە دەمدا دەکەوێ و دەستی بەر سینی میوە و قاپەکانی سەر مێزەکە دەکەوێ و بۆ سەر ئەرزەکەی دەڕژێ، دایکم هاوار دەکا بیگرن و ئیدی هەمدیس بە درەختەکەوەی دەبەستنەوە، توندتر لە جاران.

بابم تاقەتی ئەم جۆرە میوانییانەی نییە. لەژوورەکەی خۆی دەمێنێتەوە و دەنووسێت. هەرجارێك كە لە درزی دەرگاكەوە تەماشای دەكەم، دەبینم خەریکی نووسینە. من ئاشقی ژوورەکەیم. ژوورەکەی بابم پڕە لە کتێب و ڕۆژنامە و مێزەکەی هێندەی سیسەکەمەی من گەورەیە. یەکەمین چیرۆکی خۆم لەودیو ئەم مێزەوە نووسی. ئەدی تەمەنم چەند ساڵە؟ هێند گچکەم کە بەزەحمەت سەرم دەگاتە لێواری مێزەکە. دەزانم باوکم نووسەرە و نابێ مەزاحیمی بم. هێور و بێ دەنگ خۆم دەکەم بەژوورەکەیدا و لەودیوییەوە ڕادەوەستم. سەرێك لار دەكەمەوە. قەڵەمەکەی لەسەر قاقزە سپییەکە دەخلیسکێ. سەری بۆ پێشەوە و بۆ دوواوە تەکان دەدا و هەمیشە زمان بە لێویدا دێنێ. لە سەری قەڵەمەکەیەوە مەخلۆقگەلی وردی ڕەش، وەکی هەزاران مێرووڵە، هوروژم بۆ دەرەوە دێنن و بەسەر قاقزەکەدا بڵاودەبنەوە. باوکم دەزانێ لە پشتییەوە راوەستاوم و بانگم دەکات. داوای لێدەکەم شتێکم بۆ بنووسێت. قەڵەمەکەی دەکاتە نێو مەرەکەبەکەوە. شێوەیەکی سەیر دەکێشێ و دەڵێ:" بنۆڕە. ئەمە ناوی تۆیە." هەمدیس قەڵەمەکەی بە مەرەکەبەکەدا دەکاتەوە. قاقزەکە لەژێر کەپوومدا ڕادەگرێ و دەڵێ:" ئەمەش نانێکی گەورەیە."

نانەکە زگم دەخاتە قۆڕە قۆڕ و دڵم خاو دەبێتەوە. چەند جارێکی تر قەڵەمەکەی بە مەرەکەبەکەدا ڕۆدەباتەوە و وێنەی پەپوولەیەك، تۆپێك و خەیارێکم بۆ دەکێشێت. هەموو شتەکان لەنێو ئەو مەرەکەبە ئەفسانەییەدان. ئەوێ پڕە لەخۆراك و یاری مناڵانە. نانیشی تێدایە. پڕە لە چیرۆك گەلێك کە باوکم دەیان گێڕێتەوە و پڕە لە قسەگەلێك کە حەز دەکەم من بیانپەیڤم. دوای نیوەڕۆ، کاتێ باوکم نووستووە، خۆم دەگەیەنمە لای مێزەکەی. قەڵەمەکەیم بۆ نادۆزرێتەوە. پەنجە دەنێمە مەرەکەبەکە و بە قاقزەکەیدا دێنم. بۆنی مەرەکەب بە سەرما دەچێ و خەنیم. دەستە مەرەکەباوییەکانم بە جلکەکانمدا دێنم و پەنجەکانم یەکە یەکە بە مەرەکەبەکەدا ڕۆدەبەم. ڕایدەوەشێنم، ئەمدیوو ئەودیوی دەکەم. دەست و دەم و چاوم بە پەڵەی مەرەکەب دەپۆشرێت. وای چ خۆشییەکە. گەر لێمگەڕێن ئەوا دیوارە سپییەکانیش پڕ لە وێنە دەکەم. دڵم دەخوازێ سەد شووشە مەرەکەبم هەبێ و سەد قەڵەم و سەد دانە پەنجە و یەك ژووری پڕ لە قاقزی سپییش. وەك باوکم لێهاتووە، بوومەتە نووسەر. دڵم دەخوازێ ئەو چیرۆکەی پیشان بدەم کە نووسیوومە، لەناکاوێکڕا دەستێك لەدواوە یەخەم دەگرێ و دەنگی تووڕەی دایکم لەگوێما دەنگ دەداتەوە:" هەی مناڵەی پیس و پۆخڵ، بنۆڕە چیت لە جلکەکانت کردوون!"

دەمخەنە بەر دوشە لە کوڵەکە و جلکەکانم دەشۆن. دەزریکێنم و بەدوای چیرۆکەکەمدا دەگەڕێم. چیرۆکێك کە ئاو بردوویەتی. ڕەنگە لەبەر

ئەوەبێت هەر دەنووسم و هیچ کاتێکیش لە نووسینەکانم قاییل نیم. وەك بڵێی، شتێك لەوپەڕی سەرمدا، هەروا بەدوای ئەو یەکەمین چیرۆکەدا بگەڕێت. بگەڕێت بەدوای ئەو تاقە چیرۆکە ساخ و جوانەدا.

خانمی دکتۆر لە ئەشقی من بۆ نووسین ئاگادارە. یەك بەستە قاقزی سپیی و چەند قەڵەمێکی نووك تیژم بۆ دێنێ. لەودیو مێزەکەوە دادەنیشم و مات دەمباتەوە. چ بنووسم؟ لەکوێوە دەست پێبکەم؟ قەڵەمەکە لەنێوان پەنجەکانمدا دەگوشم و لاستیکی سەرەکەی دەجووم. ڕوخسارم دەنووسێنم بە قاقزە سپییەکەوە و زوبانم بە لا تیژەکەیدا دێنم. دڵم توند توند لێدەدات. چاوانم لێکدەنێم و ماوەیەکی درێژ هەر ئاوها دەمێنمەوە.

خانمی دکتۆر بۆ دیدەنیم دێت. پێمدەڵێ:" خانمی نووسەر. خەونەکانت بنووسەوە. تۆیەك کە هەمیشە لەبارەی ڕابردووەوە دەدوێیت، دەی یادەوەرییەکانت بنووسەوە."

دەنووسم. دەیکوژێنمەوە. بەدوای وشەکاندا دەگەڕێم. بیرو خایلەم ئاڵۆزکاون و ڕستەکانم سەرو بنیان نییە. لە قوتابییەکی تەمبەڵ و تەپۆ دەچم کە ڕێسای نووسین و یاسای زوبانی بیرچووبێتەوە. ژوورەکەم پڕ لە قاقزی گرمۆڵەکراوە و دە جار قەڵەمەکانم داداون. لاستیکەکانم بە ددان ورد ورد کردوون و خواردوومن. دەنووسم و دەکوژێنمەوە. یادەوەرییەکان

ڕەنگ هەڵبزڕکاو و پەرتەوازەن، هورووژمیان بۆ زەینم هێناون و وەکی بازنەگەلی جووڵاوی سەر ڕووی ئاو، ئاسەواریان نەماون.

هەندێ ڕۆژ، نائومێد دەبم، دەست لە نووسین هەڵدەگرم و هەمدیس لە یەك هیچی گەورەدا ڕۆ دەچم. بەیانیان ناتوانم لەجێگاکەم هەستم و هەموو ڕۆژەکە دەنووم. بەڵام ئارەزووی نووسین لە قووڵاییمرا دەرزی ئاژنم دەکات. وشەکان دەستم لێ هەڵناگرن. تەنانەت لە خەونیشدا بە سۆراغم دێن و وەك سوپایەك مێرووله، بە لێو و بەسەر پێڵووەکانمدا هەڵدەخزێن. چەند هەفتەیەك بێدەنگ دەبم و پاشان هەمدیس قاقزەکان دەردێنمەوە. ئاڵۆزکاویی زەینیم کەمتر بووە و تەندروستیم ڕووە و باشییە. دەتوانم بە تەنیا لەباخەکە پیاسە بکەم و یەك دوو لاپەڕەی ڕۆژنامەی بەیانیان بخوێنمەوە. نووسینی چەند ڕستەیەکی کورت، گێڕانەوەی ڕووداوێکی ساکار گوڕێکی نوێم پێ دەبەخشێ. پەلەپیتکەیەکی ئاشقانە لەدڵم دەدا و دوای ماوەیەکی زۆر، هەستێکی شیرین و سرك گینگڵم پێدەدات.

بەخۆم دەڵێم:" گەر بتوانم بنووسم، تەندروستیم باش دەبێت." وادەڵێم و گەرەکمە چاك ببمەوە. خۆمم بەم شێوەیە، بەم بێ توانایی و نەخۆشییەوە ناوێت. دەزانم ئەم کەسە غەریبەیەی کە ماڵی لە ڕۆحمدا چێ کردووە، میوانێکی ناوەخت و غەوارەیە و ئامادەییەکی کاتیی هەیە.

هەرچییەك بە زەینمدا تێپەڕێت، دەینووسم. گرینگ نییە کە ئاڵۆزکاو و پێکدا چرژاون. گرینگ نییە کە سەرو بنیان نییە. ئەمە بەرایی ئیش

کردنە. سلامەتیی دەروونییم لە نووسینەوەی خەیاڵ و هەست و یادەوەرییەکانمدایە. دەبێ ڕستێکی تۆکمە لە واژە و قسە و خاڵەکان بچنم و لەم چاڵە تاریکە، لەم چاڵی خەون و خامۆشییە بێمە دەرێ. وشەکان، وەك هەیڤگەلی ڕەهابوو لە ڕاکێشانی ئەرز، لە فەزادا دێن و دەچن و بەدەورمدا دەخولێنەوە. هەرکامێکیان لەپاڵ دەستمدا بێت، پڕی پێدا دەکەم و بە قاقزەکەوەی دەنووسێنم. زوبانێکی ڕمز ئامێزم ئافەراندووە، وەك بەردە نووسینێکی کۆن کە دەبێ ماناکانی هەڵبگۆزرێت.

خانمی دکتۆر بڕوای بە کارەکەم هەیە و هانم دەدات. سیستەرەکان لێمگەڕاون. مۆڵەتم دەدەنێ بەنێو وشەکاندا پیاسە بکەم، دەست بە سەرو گوێیاندا بێنم، لەئامێزیان بگرم، ئەشقی خۆمیان بۆ دەربڕم، یان بە پێچەوانەوە، دارکارییانکەم، لەت و کوتیانکەم و دەست و پایان بە گوریس ببەستمەوە. بە داوی ڕەنگاوڕەنگی وشەکان، فەرشێکی باڵدار دەچنم و بەرەو دوورترین ڕۆژانی رابردوو سەفەر دەکەم، بەرەو یەکەمین یادەوەریی: لە ترومبێلەکەی خاڵە سەرهەنگ داین. دایکم و خاڵۆ ژن لە پێشەوە دانیشتوون و من لەدواوەم. سەرم چەند مەترێك لە میچی ترۆمبێلەکەوە دوورە. شانی دایکم و خاڵۆژن بۆ سەرەوە هەڵتۆقیوە، وەك بڵێی لەسەر بوخچە دانیشتبن. هەرچییەك هەیە بەرچاویان گرتووم. بە جاددەیەکی تاریك و بێ گڵۆپدا تێدەپەڕین. وای چ چۆڵەوانییەکە! دایکم لەم جاددەیە دەترسێت.

دەڵێت:" نەدەبوو بێرەدا هاتباین. ڕوباری کەرەج جێگەی خەڵکانی لات و لەوێر و چەقۆکێشە."

خالۆژن بیستوویەتی دوو کەسیان لەم جاددەیەدا کوشتوون. خالۆم فشەی بەم قسانە دێت و پێدەکەنێ. ئاخر وی ئەفسەری سوپایە و ئەو جۆرە خەڵکانە هەر بە هیچ نازانێت. من شمشێرەکەی خالۆمم بینیوە. بەدیواری ژوورەکەیدا هەڵواسراوە. سەرشانەکانی خالۆم بە ئەستێرەی کانزایی و ریشاڵی ئاڵتوونیی تەنراوە. ئەستێرەکان دەبریسکێنەوە و لەوەدەچێ لچ لە کەسێك هەڵقورتێنن. من حیرس دەمگرێ. ئاخر ئەستێرەکان بەسەر شانی خالۆمەوە دانیشتوون و زمانم لێ دەردێنن. ئەستێرەگەلی بێ ئەدەب و بێ چاوو ڕوو. یەکێکیان لە بەینی پەنجەکانمدا دەگرم و ڕایدەکێشم. لێنابێتەوە. خالۆم بە بادانی شانی، دەستم دوور دەخاتەوە.

دەڵێ:" کچێ ئەوە چ دەکەیت؟ لەجێگای خۆت دانیشە."

دایکم دەڵێت:" یاری بە چەرخ مەکە."

یاریی پێ دەکەم. چەرخەکە دەگوشم. یەك دەقیقە دواتر، دەپەڕێتە دەرەوە. سەرەکەی گەرم و سوورە. ئەستێرەکان بەسەر شانی خالۆمەوە تەماشام دەکەن. وەك بڵێی بترسن. چەرخەکە دەخەمە سەر شانە پانەکەی خالۆم، لەنێوان دوو ئەستێرەدا. پریشکێك دێت و دیار نامێنێ.

دووکەڵێکی تەنك بەرز دەبێتەوە. دەزانم ئەوە خەریکم خەراپترین کاری دونیا دەکەم. دەمەوێت کەسێك جڵەوم بگرێ و پێم بڵێ: مەکە!

خاڵۆم بۆن دەکات. پیف ... پیف. دایکم ئاوڕدەداتەوە و تەماشام دەکات. شێوەی گورگی گرتووە. خاڵۆژنیشم ئاوڕ دەداتەوە و تەماشام دەکات. دەمی نیوە کراوەیە. ددانە شاشەکانی گەورەتر بوون. زریکەی من لەزریکەی دایکم و خاڵۆژن قایم ترە. ناو سەرم تاریك دادێت. وەك گڵۆپێك کە لە پڕێکدا بسووتێت. لەهۆش خۆم دەچم.

یەکەمین چیرۆککگەلێك کە دەیاننووسم، ڕەشنووسگەلێکی تێکەڵ پێکەڵ و ناتەواون. بەڵام، هێور هێور، وەك لاولاو، بەدیواری زەینمدا هەڵدەگژێن و کونج و قوژبنی سەرم دەپۆشن. هەرجارێك کە سەرلەنوێ چیرۆکێك پاکنووس دەکەم، تەواوتر و باشتر خۆ دەنوێنێ و هەنگاوێك پێشڤەتر دەچم. بیانوویەکم بۆ لە نووستن خەبەربوونەوەم دۆزیوەتەوە، لە چۆڵەوانیی دڵەڕاوکێ وروژێنی بەیانیاندا، چرایەکی گچکە دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە، دەکوژێتەوەو دادەگیرسێ.

خانمی دکتۆر پێی وایە ئەم چرایە، چرای بەختە و پێمدەڵێ کە ڕوداوێکی خۆش چاوەڕێمە. چراکەی عەلادینم دۆزیوەتەوە و داوای لێ دەکەم یارمەتیم بدات تا بتوانم بنووسم.

مانگێك تێنەپەڕیوە چوار چیرۆکم نووسیون. بەزۆریی، شەوانە خەبەرم دەبێتەوە و دەبینم روخسارێکی ئاشنا، لەکۆتایی یادەوەریی گەلی دوورەوە، بۆ سەردانم هاتووە. جار جار هێند واقیعیی و زیندووە کە هەست بە بەرکەوتنی سەر پەنجەکانی، لەسەر ڕوخسارم دەکەم. دوێنێ شەو کاك عەزیز، سایەق پاسەکەی شەمێران، لە بیچمی تارماییەکی خەیاڵییدا بۆ سەردانم هات. تەماشای دەکردم و بە چاوە شەکەت و ئاوساوەکانیی تێی دەگەیاندم لەبیری نەچوومەتەوە و پەیمانێك کە بە یەکتریمان داوە، هێشتا هەر درێژەی هەیە. لەدوای هەر یادەوەرییەکەوە، یادەوەرییەکی تر وەدیاردەکەوێت. کاك غەنی، مامۆستای ئینگلیزیی، گێتیی خانم، ژنە خەراپەکەی دراوسێ، خالۆکان، خەڵکانی بەختەوەر و ساخ، خەڵکانی خەمگین و تێشکاو، هەر هەموویانم بیر دەکەونەوە تا جێگای خۆیان لەنێو نووسینەکانمدا داگیرکەن.

چاوانم لێکدەنێم و دەبینم وا پاسەکەی شەمێران هێور هێور لە دوورەوە دێت. شۆفێرەکەی لایتم بۆ دادەگیرسێنێ و دڵم لە خۆشییدا دەکەوێتە تەپ و کوت.

بەخۆم دەڵێم:" من جگە لە پاسەکەی کاك عەزیز، سواری هیچ پاسێکی تر نابم."

خانمی دکتۆر دووایین دەرمانی شەوم بۆ دێنێ. دەمەوێت پاشماوەی چیرۆکێکی بۆ بخوێنمەوە کە نووسیومە. گڵۆپی ژوورەکە دەکوژێنێتەوە و دەڵێت:" با بمێنێ بۆ دوایی. با بمێنێ بۆ سبەینێ!"

❊

# باجییەکان

سەرەتای هاوین بوو کە باجییەکان ( باجی ناز و بـاجی گورگـە )، کـە قەت نەمزانی بە چ خزمایەتییەك بە ئێمە دەگەنەوە، بە بوخچە رەنگـاو ڕەنگ و جانتا بە گوریس پێچراوەکانیانەوە، لەوپەڕی دونیاوە هاتن و لە ژوورەکانی نهۆمی خوارەوە نیشتەجێ بوون.

باوکم گوتی:" گورگەکان هاتن. ئاگاتان لەخۆتان بێت!"

دایکیشـم بـە سـاردترین زەردەخەنـەی دونیـا و بـە خۆنەویسـتیەکی درۆیینەوە چوو بە پیرییانەوە و کولمە قەڵەوەکانیانی ماچ کرد.

من بە هاتنی گورگەکان خۆشحاڵم و هەست دەکەم لە داوێـنی سـەوزو سـووری بوخچـە نهێنیـی ئامێزەکانیانـەوە و لـە درزی بـاریکی جانتـا کۆنەکانیانەوە، دونیایەکی تر دزە دەکاتە دەرێ و لەپاڵ ژووره روناکەکانی ماڵەکەی شەمێراندا خۆی رادەخات.

هاتنی باجییەکان، وەك هێرشی قەبیلەیەکی نائاشنا بۆ سەرزەمینێکی ئارام، سیستمی یەکتای ماڵەکەی ئێمە بەیەکدا دەدا و دایکم، نیگـەران بە ئامادەیی ئەو دونیایەی تر، بە پەلە دیوارێکی نەبینراو لەنێوان ئێمە و ئەوانـدا ڕۆدەنێـت _ ئـاخر ئێمـە ئاشـنای خۆرئـاوا و نوێگـەریین و باجییەکانیش خەڵکانی پاشکەوتوو و خەرافیین و لە بیابانەوە هاتوون.

باجی گورگە ژنێکی تەوەزەل و شـڕ شـێت و نوکتەچـییە. زوبـانی لـە ژەهری مار تیژترە و هیچ کەسێك، تەنانەت بابیشـم لـە دەسـت تانوتـە مزرەکانی دەرناچێت. هاتنی بەبێ سڵاو و رۆیشتنیشـی بـەبێ خەبـەر و بەبێ خواحافیزییە. خاترجەم و ئازادە و خودان یاسای خۆیەتی. لـە تـاو کیـژە فیـز زل و دەوڵەمەنـدەکانی هـەڵاتووە و حەوسـەڵەی زاوا تـازە دەوڵەمەندەکانیشی نییە. چ خۆشیی بە نەوە زۆر خۆر و قەڵەوەکانیشـی نایەت و گەر لە دەستی بێت ئەوا گوێچکەیان رادەکێشێت و کـەپوویان با دەدات.

دایکم دەڵێ:" ئەم ژنە شیری دایك بێت و بەردەمی نەکەوتووە. ئەم ژنە دڵی رەق هەردەڵێی بـەردە." باوکیشـم بـە حاڵـەتێکی تایبـەتیی، بـە تێکەڵەیەك لە قبوڵاندن و خەفەت، قسەکەی دەسەلمێنێ.

من پێچەوانەی ئەوانی تر، باجی گورگەم خۆش دەوێ چونکە بێ حەیا و بەختەوەر و کەللە رەقە. قسەی خۆی رێك و راست دەکـا و حیسـاب بـۆ کەس ناکات. کێویی و بێ باکە و جیاوازی لەگـەڵ هەمووانـدا هەیـە. خەڵکانی کار قایم و بە ئەدەب لە پاشەملە زەمـی دەکـەن، کەچـی روو بەڕوو جورئەتی ئەوەیان نییە پێی بڵێن بەری چاوت کلـی پێوەیـە. مـن باجی گورگەم خۆش دەوێ لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکێك نییە خۆنوێنیی بـە میهر و مەحەبەتەوە بکات. ئەهلی نوێژ و رۆژووش نییە. هـەر کـە پـێ دەنێتە تاران ئیدی دیار نامێنێ و دەبێ شـانۆکانی شـەقامی لالـەزار و

سینەماکانی ئەوپەڕی شاری بەدوادا بگەڕێن. جارێکیان، کاتێ دایکم لە ماڵەوە نەبوو، نازانم چۆن روحمی جوولاّ و بڕیاریدا کە مـن و یـەکێك لـە کوڕە خاڵە گرینۆکەکانم، کە شەو لەماڵی ئێمە نوستبوو، لەگەڵ خۆیدا بۆ شانۆی جامیعە بەرێت. ئەو کوڕە خاڵەم تەمەنی لـە پێـنج سـاڵ زیـاتر نەبوو، گەر بۆ تەنها دەقیقەیەك بە تەنها جێهێڵرابا، ئەوا دەکەوتە قیـژە قیژ و ماڵەکەی بەسەر خۆیدا هەڵدەگێڕایەوە. بەردەم شانۆکە پڕ لە خەڵك و هەمووان پاڵیان بەیەکترەوە دەنا. خەریك بوو دەبووە شـەڕ. هـەر کـە دەرگاکە کرایەوە، خەڵکەکە هورووژمیان برد و باجی گورگە بە مشتەکۆڵە و لقە خۆی گەیاندە پێشێ. من و کوڕەکەی خاڵیشم خۆمان بە داوێنییەوە گرتبوو. خەریك بوو بەژێر دەست و پێـوە دەبـووین. دوو پاسـەوان، لـە دوواوە، لـە پشـت ملـی خـەڵکییان دەسـرەواند. مـەئموورانی شـانۆکە بەردەرگاکەیان گرت و دەیانویسـت تەماشـای بلیتـەکان بکـەن. نیـوەی خەڵکەکە بلیتیان پێ نەبوو. ئێمەیش بلیتمان پـێ نـەبوو. دەرگاکـە لـە گرێژنە برا. خەڵکیی کەوتنە هوها کێشان و باجی گورگە، لەکاتێکدا کە من و کوڕە خاڵەکەمی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا، خۆی گەیاندە ڕاڕەوەکە و ئیدی دیاری نەما. بەر لە دیارنەمانی، هاواری کرد هۆ مناڵینە خۆتان بگەیەننە سەرەوە، کوڕ ئەو کوڕەیە جێ پەیداکات. شانۆگەرییەکە دەستی پێکردبوو. کاك تەفەکوریی ڕۆڵی مناڵێکی گچکەی دەبـینی. کلاّوێکـی کچانەی بە گوڵینکەی سوورەوە لە سەردا بوو کـە لـەژێر ملیـدا ببـووە

یەخە، مەمکە مژەیەکی گەورەی لەنێو دەمیدا دەردەهێنــا، هــۆن هــۆن دەگریا و هەمدیس مەمکەکەی دەمژییەوە. یەك دوو نەفەر لــە بینــەران لاساییان دەکردەوە و بەرز بەرز وەك منالآنی ساوا دەگریان. بینــەرەکانی تر هاواریان دەکرد:" کورە وس" و ئەوانەشی کــە لاســاییان دەکــردەوە، فیکەیان دەکێشا و دەیانبۆڕاند. من و کــوڕە خــالّم لــە یەکــەمین ریــزی بانیژەکە، لەبەردەم خەڵکیدا راوەستابووین و لەدواوە شەپازللەیان لە پشت ملمان دەسرەواند. جێگە نەبوو بۆ دانیشتن و لەبــەردەمی هەرکەســێکدا رادەوەستاین، بــەر جنێــوی دەدایــن و بــە ســیخورمە و نوقــورچ دەری دەپەڕاندین. کــوڕە خــاڵ وەزعــی خــەراپ و ســەری لەگێــژەوە چــووبوو. بانیژەکە پڕ بوو لە بۆنی دوکــەڵ و بــۆ گــەنیو. کــوڕە خــاڵ بــە لێــواری بانیژەکەدا چەمیبۆوە و بــە چــاو بــەدوای بــاجی گورگــەدا دەگــەڕا کــە لەوکاتەدا یەکەندەردوو دڵی تێکەڵ هات و بەسەر خەڵکەکەی خوارەوەدا رشایەوە. بووە هەرا. ژمارەیــەك خــەڵك هەســتانە ســەر پــێ و کەوتنــە جنێودان. دەستیان بەسەر و کەللەیانــدا دەهێنــا. خەڵکەکــە تەماشــای سەرەوەیان دەکرد. کوڕە خاڵ هەمدیس رشایەوە. خەڵکەکە، مــەئمورانی شانۆکەیان بانگ کرد. کاك تەفەکوریی مەمکە مژەکەی لە زاری دەرهێنا و بە قەهر و ناڕەزایەتییەوە کێشای بەسەری بینەرێکــدا. دوو کــەس لــە ئەکتەرەکان هاتنە پێشی شانۆکەوە و قسەی ناشیرینیان بەوانە گوت کــە ئەو هەرایەیان نابۆوە. پەردەی شانۆ دادرایەوە. خەڵکەکە کەوتنە فیکــە

کێشان. پیاوێك پشت ملی کوڕی خاڵەکەمی گرت و وەك جووجەڵە بەرزی کردەوە، تا سەر پێپلیکانەکان بردی و ئەوسا بە لقەیەکی توند ڕەوانــەی خوارەوەی کرد. بەردەم شانۆکە چۆڵ بوو. پیاوێك مەساسەی داینێ و قژە زەردەکەی کوڕە خاڵمی نەوازشت کرد. پاشان دانەوێوە و ویســتی ماچــی بکات کە لەوکاتــەدا یــەکێك لــە بیتاقــە فرۆشــەکانی شــانۆکە هــات و زللەیەکی لە بنا گوێی کــابرا ســرەواند. پاســەوانێکیش هــات و ئەوســا پیاوەکە زۆر میهرەبانانە تێی تەقاند. کوڕە خاڵ دەگریا و هەردووکمان تا کۆتایی شانۆگەرییەکە، وەك منالآنی هەتیو، برسی و تینوو، وەنەوزمان دەدا و بە هەر دەنگی تەپەی پێیەك رادەچڵەکین. باجی گورگە، ئاسوودە و دڵخۆش، لە شانۆ هاتە دەرەوە و کاتێ زانی ئەوە کوڕە خاڵ بووە بەســەر سەرو کەللەی خەڵکدا رشاوەتەوە، خەریك بوو لە پێکەنیندا ژان بکــات. ئەو شەوە دایکم کارێکی باشی بە باجی گورگە کرد و پێی گوت کە دەبێ لە ماڵی ئێمە بڕوات. ئەویش لە وەڵامدا شانی لەقاند و تا کۆتایی هاوین مایەوە.

باجی ناز لە زەوییەوە تا ئاسمان جیاوازیی لەگەڵ خوشکەکەیدا هەیــە. زوبان لوس و بەنازە و دە ساڵ لە باجی گورگە گچکەترە. خۆی دەڵێ ناوی ڕاستەقینەی ناز بانو وە و کە وا دەڵێ  باجی گورگە پێی پێدەکەنێ.

دەڵێ:" خوشکێ، تا ئەو جێگایەی من بیرم بێ، ناوی راستەقینەی تـۆ فاتمە بوو. منالآنی چکۆڵە بە فاتمە لیکن گازیان دەکردیت. چـما ئـەدی چۆنە کە وا کوت و پڕ بوویتەتە باجی بەناز؟"

باجی ناز هەمیشە وا پیشان دەدات کە قسان ناژنەڤێ — قسەگەلێك کە بەدڵی نین. لە بەیانییەوە تا ئێـوارە لـەبارەی نەخۆشـییەکانییەوە قسـان دەکات، بەڵام حەوسەڵەی ژنەفتنی باسی ئازار و نەخۆشیی خەڵکانی تری نییە. گوێی دادەخا و وەك با بەدبەختیی خەڵکانی تر لـە یـاد دەکـات. هەمیشە لە تاو بێ خەویی واوەیلایەتی، چاوانی خومار دەکات، هەناسە هەڵدەکێشێ و دەڵێ تا بەرەبەیان وەئاگا بـووە و پێڵـووی لێـك نـەناوە، منیش کە بە رێکەوت شەو لـە لای وی ماومەتـەوە، دەزانم کـە سـەری نەگەیشتۆتە سەر باڵشت لە هۆش خۆی چووە و دەنگی پرخە پرخەکەی تا بەیانیی بەردەوام بووە. ئەم باجییە هەمیشە دەم بەگلەیی و لە خۆوە دڵ عاجز بووە، هەر کـە دێتـە ژوورەکـەی، پـەردەکان دادەتـەوە، دەرگـای ژوورەکەی لە ناوەوە دادەخا و رایدەگەیەنێ کە دڵی لە هەمووان شکاوە. بۆچیی؟ ئەوە تەنها خۆی دەیزانێت. مـان لـە خـواردن دەگـرێ و قـاپی خواردنەکەی دەسـت لـێ نـەدراو لـەودیو ژوورەکەیـەوە دادەنێـت، یـان دەیهێنێت لە حەوشە، بە بەرچاوی هەمووانەوە، بە تایبەتیی بە بەرچاوی باوکمەوە دایدەنێت. بەڵام جانتاکەی پڕە لە توی هیشك و برمە و نـۆکی برژاو و جۆرەها شیرینیی. چنگ چنگ دەیانخوا و ئەوسا بە زگێکی تێرەوە

دەنویّ. لە سەر سفرەی فراوین و شێو ئامادە دەبیّ، بـەڵام دەم بـۆ هـیچ نابات. یەك لەدوای یەك هەناسە هەڵدەكێشیّ و جار جـار چـەند دڵۆپـە فرمێسكێك بە كولمە سوورەكانیدا دەڕژێنـە خـوارەوە. خـودا بـۆ خـۆی دەزانیّ چۆناو چۆنیی ئەو فرمێسكانە لە چاوانیدا دروست دەكات. دەڵیّ گوایە چ ئارەزوویەكی لە ژیان نەماوە و خۆشحاڵە كە بە زوویی، تا سەری ئەم مانگە، دەمرێت ( بۆچی؟ مەعلوم نییە!)   باوكم دەڵیّ ڕۆژی مردنی هەركەسێك پێشوەخت دیاری كراوە و دەبیّ بونیادەم هەمیشـە ئامـادەی ئەو ڕۆژە بیّ. باجی گورگە بە ڕیشی عیزرایل پێدەكەنیّ و سوێند دەخوات كە تا ئەلعان سیّ جار عیزرایلی لە ژوورەكەی كردۆتە دەرەوە. باجی ناز گوێی دەئاخنیّ، ڕەنگی سپیی وەك گەچی لێدیّ و لە ترسا هەڵدەلەرزیّ. خودا بۆ خۆی دەزانێت كە چەندێك لە پیریـی و مـردن دەترسـیّ و تـا چ ئەندازەیەك خۆی خۆش دەوێت. ئاوێنەیەكی گچـكەی هەیـە كـە لـەژێر باڵشتەكەیدا دەیشارێتەوە و بە من دەڵیّ تەنها ژنانی روكەش بێن و دوور لە خودا لە خەمی جوانیی و بیچم و قەڵافەتی خۆیانـدان — ژنـانی وەك دایە و خاڵۆ ژنەكان. بەڵام ژنانێكی وەك خـۆی، نـوورانیی و خودانـاس، گرینگیی بە لەشی خۆیان نادەن و دەزانن كە ئەم لەشە مشتێك خۆڵـە و پوولێكی قەڵب ناهێنیّ. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، هـەرجارێك كەلـەدیو پەنجەرەوە تەماشای دەكەم، دەبینم ئاوێنە چكۆڵەكەی لەژێر باڵشتەكەیدا دەرهێناوە و لە تەماشاكردنی خۆیدا تۆواوەتەوە. ژێر برۆكانی هەڵدەگریّ،

چاوانی بە کل دەڕێژێ و یەکە یەکە ددانەکانی بە وردیی و دردۆنگییەوە تەماشا دەکـات، حیسـابی چـرچ و لۆچـییەکانی روخسـاری لایـە و بـە توڕەییەوە تاڵە سپییەکانی قژی لە بێخـەوە هەڵدەکێشـێت. بـاجی نـاز عاشقی خۆیەتیی و بە قژە کاڵ و پێستە سپییەکەیەوە دەنازێت. خـەیاڵ دەکات فەرەنگییە و خۆی بە شاجوانی دونیا دەزانێت. لە ترسی هەتاو پێ لە ماڵ ناباتە دەرێ و پەردەی ژوورەکەی هەمیشە دادراوەتەوە. سەد جۆر سەرپۆشی ناسکی رەنگاو ڕەنگی هەن و هەر جارە و هـەر نوێـژێکی بـە سەرپۆشێکی جیاوازەوە دەکات. وەك بڵێـی بـۆ میـوانیی بچـێت. نوێـژ کردنەکەشی هەر بە قەهر و نـاز و خـۆ نوواندنـەوە دەکـا و وا پێدەچـێ قەرزی لای خودا بێ و بە پاساوێکی نائاشکرا گلـەیی لـەویش هـەبێت. سەرپۆشێکی گوڵ گوڵیی بۆ منیش دووریوە و هانم دەدا  پێ بە پێی وی نوێژ بکەم. من نوێژەکانم کۆدەکەمەوە و هینی سـێ چـوار رۆژ پێکـەوە دەکەم. هەندێ جار کە پەلـەم بێـت، گـزی دەکـەم و رکاتـەکان کـورت دەکەمەوە و زوو کۆتایی بە نوێژەکە دێنم. باجی ناز لەبارەی شـەیتان و دۆزەخ و لـەبارەی چـاوی گـەورەو نـەبینراوی خـوداوە کـە لـە هـەموو جێگایەکدایە و هەموو شتێك دەبینێ، قسانم بۆ دەکا و دڵم لە دڵەڕاوکێی سەیر سەیردا تەژی دەکات. نیگای هەمیشە چـاودێری خـودا، نـەك لـە تـاریکترین کـونجی بـاخ و گەنجینـەدا، بـەڵکو لـە خایلـەی شـاراوە و لەخەونەکانمدا هەست پێدەکەم و زەندەقم دەچێ. لەژێر دوشی حەمامدا لە

حەژمەت شەرم گرمۆڵە دەبم و نازانم چۆناو چۆنیی جەستەی رووتم لە چاوی ئەو گەورەیە وەشارم. باجی ناز باسی گوناهم بۆ دەکات و گوناهیش هەستێکی تاریك و تاڵە، جۆرێك لە دڵ تێکەڵاتن و لەرەی ریخۆڵەیە، وەك وەئاگاهاتنەوە لە شەودا وەهایە کاتێ کە گەورەترەکان نووستوون، یاخود وەك تەماشاکردنی مانگ و ئاسمان و بیرکردنەوەیە لە شتگەلێکی بەدەر لە مەزەندە، وەك مردن، وەك بەرایی دونیا و وەك قەبارەی خودا. پاشان، لەبارەی جنۆکە و پەری و شەیتانەوە قسانم بۆ دەکا، لەبارەی رۆحگەلی گچکە و نارەسەنەوە کە لە ژوورەکاندا دێن و دەچن و شتەکان دەشارنەوە و پاشقول لە بونیام دەگرن. هەندێ شەو، هێند بە تین وتاوەوە داستانی کەربەلا بۆ من و کاك حەسەن، کە لەودیو دەرگاکەوە دانیشتووە، دەگێڕێتەوە کە هەردووکمان خوڕ خوڕ لە دڵەوە دەهێنێتە گریان. بەڵام باجی ناز، خۆی هیچ کاتێك ناگری و خۆ گەر بشگری، ئەوە گریانەکەی بۆ تشتێکی ترە. پاشان یەکسەر کرێم لەژێر چاوانی دەدا و دوو لۆکەی تەڕ دەنێتە سەر پێڵووەکانی و بە سەعات بەو وەزعەوە لەنێو نوێنەکەیدا درێژ دەبێت. هەموو ناز و مەکرەکەی باجی ناز بۆ مێردەکەیەتی — کاك حوسام، یاخود شازادە حوسام الدولە، هەندێك جاریش حوسام لسەڵتەنە. ئەوە پەیوەندیی بە میزاج یان قەهر و تووڕەیی باجی ناز ەوە هەیە. ئەگەر نیگەران و خەمین بێت، ئەوا هەزاران جنێو بەو مێردە نەگبەتەی دەدات،

نازناوە تەزویرەکانی لێ دەسەنێتەوە و ئیدی وی بە سوالْکەر و کورِە مەلا و کەسێکی بێ ئەسلْ و فەسلْ بانگ دەکات.

باجی گورگە دەلْێ:" بابە، ناوی ئەم بەندەی خودایە کاك عەلی گولْنکە چنە، ئیدی لە کەنگێوە بووەتە شازادە حوسام لسەلْتەنە؟"

کاك حوسام، هەرکێیەك بێت، مەنگۆلْە چن بێت یان شازادە، شوویەکی گوێ رایەلْ و مل کەچە و بۆ ژنە بیانووگر و نێرەکەی دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە و وەکی سەگ لێی دەترسێت. ژوورەکەی وی جیاوازە و بۆی نییە بەبێ مۆلْەت پێ بنێتە ژووری ژنەکەیەوە، بۆی نییە دەست لە چەرچەف یان سەرپۆش یان چمکی کراسەکەیەوە بدات. لە رارِەوەکە دادەنیشێت، گوێ قولاْخی زەنگ و دەقیقە دەژمێرێ تا بانگ بکرێ و بچێتە ژوورێ. ئامادە بوونی، بەزۆریی بۆ ئەنجامدانی ئیشێکە، بۆ ئەوەیە بۆ نموونە جانتای حەمامی باجی ناز ئامادەکات، بۆ ئەوەیە گەر لەژێر بەردیشدا بووە خورمالو یا شاتوو یاخود ئەزبەریدی شیرازیی بۆ پەیداکات. دەبێ خۆی بە نێو ئاو و ئاگردا بکات تا بەشکەم باجی ناز قاییل بێ و دەستێك بە سەر و گوێلاکیدا بێنێت.

گرینگترین شانازیی کاك حوسام هەستان و دانیشتنێتی لەگەلْ وەزیری جەنگدا ( هەلْبەت لە دونیای خەیالْدا )، هەرجارێك کە بۆ سەردانی ئێمە دێت، دەلْێ:" جێگاتان خالْیی، جەنابی وەزیری جەنگ چەند رۆژێك میوانی ئێمە بوو، لەگەلْ بەرِێزیاندا چووین بۆ رِاو."

باوکم پێدەکەنێ. دەڵێ:" هەڵبەت بۆ راوی مار و دووپشك!" و ئیـدی باوکم لەگەڵ خانم نازدا نێوانیان تێکدەچێ و باجی ناز زویر دەبێ. دەفری خواردنەکەی دەنێتە ئەو لاوە و بە بیانووی ژانە سەر، بۆ ژوورەکەی خۆی دەگەڕێتەوە. لەبەر چاوی خەڵکانی تردا، بە وردیی و بە ئەدەبەوە گوێ بۆ قسەکانی مێردەکەی رادەدێرێ و فرە رێزی درۆکـانی وی دەگـرێ. کـاك حوسام یش  تەواوی درۆکانی دونیا لەبەر خاتری ژنەکەی دەکا و خۆیشی باوەڕ بەو درۆیانە دەکات. نەك تەنها لە چۆڵ و بیابـان بـۆ راوی مـار و دووپشك دەڕوات، بەڵکو بۆ وەدەست هێنانی دڵی باجی ناز، زۆران لەگەڵ شێر و پڵینگیشدا دەگرێ. چیرۆکەکانی تری لەبارەی سەفەرەکانییەوەیەتی بۆ دەرەوە.

کاتێ کاك حوسام لـەبارەی سـەفەرەکانییەوە بـۆ شـارەکانی ئـەوروپا دەدوێت، قلافەتی باجی گورگـە دەبێتـە شـتێك شـیاوی تەماشـاکردن. بێـدەنگ دەبـێ بـەڵام چـاوە ڕەشـەکانی دەبریسـکێنەوە و تـەواوی گاڵتەجاڕییەکانی دونیا لەسەر لێوە باریك و ناڕەسەنەکەی دەنیشێن.

فلتەری سیگارە نیوە کوژاوەکەی دەجوێ و سەری بە ئاماژەی قبوڵاندن ( کە لە چاوی باجی ناز ەوە لە هەزار جنێو خەراپترە ) با دەدات. کـاك حوسام زەینێکی زۆر باشی نییە و مێژووی سەفەرەکانی بۆ فەرەنگسـتان لەنێوان پێنج تـا دە سـاڵ پـاش و پـێش دەکـەوێت. گـا تەنیایـە و گـا هاوسەفەری وەزیری جەنگە. هەرچیی هەیە، بە کۆمەکی ئەم چیرۆکانەیە

کە باجی ناز، وی قەبوولـە و مۆڵـەتی دەداتـێ لەپاڵیـدا بـژی و وەکـی نۆکەرێکی چاو بەژێر، فەرمایشتەکانی جێبـەجێکات. بـەبێ هەسـتان و دانیشتن لەگەڵ جەنابی وەزیری جەنگ و ئازایەتیی لە راو و سەفەردا بـۆ فەرەنگستان، کاك حوسام دەبێتە هەڵمێکی کاڵ و لـەنێو تـەپ و تـۆزی جاددەدا دەڕەوێتەوە. من ئەم  پیاوە قەڵەوەم خۆش دەوێـت چـونکە دەم وچاوە خڕ و سپییەکەی لە دەم و چاوی منالآنی ئاقڵ و میهرەبان دەچێت، خۆشیم بە چاوانی سادەە و دەنگە خۆشەکەی دێ. حەزم دەکـرد عاشـقی باجی ناز نەبا و بۆ خۆی تاری ژەندبا، گۆرانیی گوتبا و ناچار نەبایە بـە درۆوە موعاشەرەتی وەزیـری جـەنگ بکـا و بـۆ راوی ئـاژەڵی سـەیر و سەمەرە بچێ. کاتێ بەرگوێی کەوت کە دەیانەوێت پیانۆم بۆ بکڕن، لـە خۆشیدا شاگەشکە بـوو. بـە گوێمـدا چـرپاندی: مۆسـیقا جۆرێکـە لـە عیبادەت، مۆسیقا مرۆڤ لە خودا نێزیـك دەخاتـەوە، مۆسـیقا شـتێکە پەیوەندیی بە راوی ئاژەڵانەوە نییە.

پێی گوتم:" من بەر لە ناسینی باجی ناز، ئەهلی ساز و سـتران بـووم. کاتێ سترانم دەچڕی خەڵکیی لەهۆش خۆ دەچوون و دەبوورانـەوە، خـودا شاهیدە. دەست و پایان سڕ دەبوو. هەر بەو هۆیە بوو کە باجی ناز دڵـی پێمدا چوو. هەر کە گوێی لە دەنگـی مـن ببـوو ئیـدی لـەهۆش خـۆی چووبوو. بەڵام هەر ئەو رۆژەی بووە ژنم، هەر هەمان سـەعات، مۆڵـەتی

نەدام و تارەکەی ورد و خاش کردم. مۆڵەتی نەدام زار هەڵبێنمەوە. ئیتر من هەر لەبەرخاتری وی بوو کە بوومە راوچیی."

کاتێ ددانم بەوەدا نا دەمەوێ ببمە نووسەر، خۆشحاڵ بوو. قژی نەوازشت کردم و نێوچەوانی ماچ کردم. گوتی ئەو خۆیشی، کەم کەم بە دزیی ژنەکەیەوە، شیعر دەنووسێت و تا ئێستا دە کەرەت رۆمانی بێنەوایان ی فیکتۆر هۆگۆ ی خوێندۆتەوە. ئاوا بوو کە ئێمە بووینە هاورێ. کاك حوسام شیعرە درێژ و تورەهاتەکانیم بۆ دەخوێنێتەوە و پێم دەڵێ لە خەیاڵیدایە حەکایەتی ژیانی خۆی، بێ خشپە و دوور لە چاوی باجی ناز بنووسێتەوە و بە ناوێکی خوازراوەوە چاپیکات. کاك حوسام دوو دانە کەسە و دوو دانە ژیانی بە ناوی جۆراوجۆرەوە هەن، من نازانم کام لەو دوو کەسە، خودی واقیعیی خۆیەتی. کاتێ لەگەڵ من یاخود لەگەڵ کاك حەسەن دایە، دەبێتە کەسێکی دڵخۆش و بێ خەفەت، دەبێتە کەسێکی خۆمانە و دەم بە پێکەنین و بێ باك، کەمێك لە باجی گورگە دەچێت. کاك حوسام ئاشقی ساز و ئاوازە. تەپڵ بە پشتی سینیی لێ دەدا و هەر دەرفەتێك بۆ گۆرانیی گوتن دەقۆزێتەوە. دەنگێکی خۆشیشی پێوەیە و تێدەگەم بۆچی باجی ناز ئاشقی بووە. لە من پەرۆشترە بۆ ئەو پیانۆیەی کە دایکم بریاری داوە بۆم بکرێ. لێکدا لێکدا دەپرسێت:" ئەدی پیانۆکە چیی بەسەر هات؟" بەڵێنی لێ وەرگرتووم، دوای ئەوەی خۆم دەبمە ژەنیارێکی چاپووك، ئەویش فێری ژەنین بکەم. هەموو ئەم کار

و قسانە کاتێك دەکرێن کە باجی ناز لەوێ نییە. کاك حوسام لە ئامادەیی باجی نازدا، دەبێتە کەسێکی مەزڵووم و بێدەنگ و سەربەژێر. قلافەتی دەگۆڕێت. ملی کورت دەبێتەوە. کەپووی درێژ دەبێ و غەبغەبەیەکی شل و شۆڕ لەژێر قوڕگیدا پەیدا دەبێت. هەڵس و کەوتی خەڵکانی بەڕێز دەنوێنێ و بە فەرمانی باجی ناز، بۆ دیداری وەزیری جەنگ دەچێ — وەزیری خەیاڵیی جەنگ. باجی ناز، هەمیشە، لە درزی دەرگا یان لەودیو پەردەی پەنجەرەکانەوە چاودێریی وی دەکات، هەر کە ببینێ خۆشحاڵە یاخود لەگەڵ کەسێکی تردا دەئاخڤێ، ئیدی خۆی نەخۆش دەخا و دەکەوێتە ناڵە ناڵ و نوکە نووك کردن. ناتوانێ بەرگەی ئەوە بگرێت کەسێکی تر جگە لە خۆی، لە شووەکەی نێزیك بۆتەوە. وەك بڵێی کاك حوسامی کورتە بنە، توحفە بێت. رەنگبێ لەبەر ئەوە بێت کە منالی نییە. دەڵێ:" خۆم هێشتا منداڵم." ئەمە جۆرێك لە ناز و مەکرکردنە بەسەر مێردەکەیدا. بەو هۆیەی کە ژنێکی نارەسەنە، لاسایی رەوتاری مندالانی دوو ساڵە دەکاتەوە، وەك منداڵ قسان دەکا و ئیدی کاك حوسام بەقوربان و بە سەدەقەی دەبێت. باجی گورگە بە پێچەوانەوە، سێ دانە کچی تووکن و چاو و برۆ رەشی هەن کە هەر یەکەیان ریزێك منالی سەرکەو بنکەیان لە مێردگەلی جۆراو جۆر خستۆتەوە. کیژی یەکەمیان سێ جار تەلاقی وەرگرتووە، دووەمیان دوو جار بێوەژن کەوتووە. هەر دوو مێردەکەی لە روداودا ( یەکەمیان لە روداوی ترومبێل

و دووەمیشیان لە روداوی ماتۆڕدا ) مـردوون. سێیەمیشـیان تـازەکیی شووی کردووە و چاوەڕێی منالّە. باجی گورگە چـاوی بینـینی زاواکـانی نییە و بە تانووتی مزر دەیانشوات. خۆیان لیّ مات دەدا و بە تەلّەوەیان دەکات و لەبەرچاوی کیژەکانیاندا حەیایان دەبات. کیژەکانیشی دوژمنی وینِ و بە فیز زلیی و ئاخ و ئۆفەوە لیّی دوور دەکەونەوە. دەلّـێن شـەرم دەکەن لەوەی دایکێکی ئاوها شڕ شێت و بەد زوبانیان هەیە و لەمـەولا رێگە نادەن پێی بنێتە مالّەکانیانەوە. باجی گورگە، کە دەلّێن روحم بێت و لە دلّیدا نییە، کەچی بەسـەر ئـەمیرخان، بەسـەر تاقـە کـوڕە ئـارەق خۆرەکەیدا دەمـرێ. لەبـەردەمی ویـدا وەك مشـكی لـیّ دێ و دەنگـی دەرنایەت. ناسکتر لە گـولّ بـەو کـوڕە نالّـێ و یـەك زەڕڕە رەخنـە لـە کارەکانی ناگرێت. لە نەبوونی ویدا باسی ناکات، بەلاّم فیکـر و زیکـری لایەتی. لەگەلّ هـەر زەنگێکـی دەرگـا یـان تەلەفۆنـدا، لـە جێگاکـەی رادەپەڕیّ و چاوانی گچکە دەبنەوە. هەر کاتێك لە دەرەوە دێتەوە، لە من دەپرسیّ چما کەس تەلەفۆنی بـۆ نـەکردووە؟ دەزانم چـاوەڕێی تەلـەفۆنی کوڕەکەیەتی و دەزانم لەخۆڕا چاوەڕێیە. کاتیّ بە نـا وەلاّم دەدەمـەوە، چ خۆی تێك نادات، بەلّکو شان دەلەقێنیّ و تانوتێك لە من یان باجی نـاز دەدا و پێدەکەنیّ. بەلاّم ئـەز چـاوانی شـاد و شـەنگۆلّ و نارەسـەنی وی دەناسم، دەبینم کە چ خەمێکی گەورە لە چاوانیدا نووستووە و چەند زۆر لەخۆی دەکات تا خۆی بیّ باك و بیّ خایلە پیشان بدات. وێنەیەکی کۆنی

کوڕەکەی هەیە شـەوانە دەینێتـە ژێـر باڵشـتەکەی یـان دەیخاتـە سـەر روخساری و بە سەعات تەماشای دەکات. ئەمیر خان لەو پیاوە بێ ئیش و بێ غیرەتانەیە هەر کە بێ پارە دەبێ ئیدی دایکی دەکەوێتـەوە بـیر و سەرو کەللەی پەیدا دەبێتەوە. باوکم دەڵێ ئـەم گێلـە پیـاوە تەمبـەڵ و تەوەزەلە، دارو نەداری دایکی بردووە و مێشیش میوانی نییە، من بام بە یەك لەقە دەمکردە دەرەوە و یەك فلسیشم نەدەدایێ. بەڵام باجی گورگە ئەم قسانەی بە گوێدا ناچن. لەژێر بەردیشدا بێت پارەیەك پەیدا دەکـا و لە گیرفانی هەمیشە بەتاڵی کوڕەکـەی دەنـێ. ئـەمیر خـان پێچـەوانەی خوشکە گەنم رەنگ و قژ رەشەکانی، چاوانی هەنگوینیی و قژیشی لوول و زەردە. لە باجی ناز دەچێت. دەکرێ کوڕی وی بێت. روخساری وەك گۆی خۆر خڕە، کەپووی باریك و سەری قیت و دەمێکی زۆر گچکەی هەیە، لە کچ دەچێت. هەمیشە لـە سـەفەرە، سـەفەری نـاو ئێـران، سـەفەرگەلی گوماناویی لەگەڵ خەڵکانێکی هەرچیی و پەرچـیدا. جێگـاو رێگایـەکی جێگیری نییە. هەندێ جار بە مانگ دیار نامێنێ و باجی گورگە بێدەنگ و لاواز و گرمۆڵە دەبێت. کز دەبـێ و بـەنێو خۆیـدا رۆ دەچـێت. نـاوی کوڕەکەی بەسەر زوباندا ناهێنێ، وەك بڵێی ترسی لـە خەبـەری نـاخۆش هەبێ و نەیەوێ سۆراخی وی لە هیچ کەسێك بکات. بە رۆژ دیارنامێنێ و شەوانە، بێ خەو، لە باخەکەدا پیاسە دەکـات. هەنـدێ جـار خـۆی لـە ژوورەکەیدا زیندانیی دەکات و دوو رۆژی تەواو، بە بێ نان و ئاو لەوێـدا

بەسەر دەبات. کاروبارەکانی، پێچەوانەی باجی ناز، بێ هـات و بـات و شاراوەیە و ئازاری خۆی وەدیار ناخات. رقی لە دکتۆر و داو و دەرمان و ناڵە ناڵ دەبێتەوە. جارێکیان نەخۆشییەکی قورسـی گـرت. لـەوەدا بـوو بمرێت. سینگی هەوی کردبوو، هەناسەی دەرنەدەهات. گـەرمای لەشـی گەییبووە چل. چەرچەفەکەی دابوو بەسـەریدا و قسـانی لەگـەڵ کەسـدا نەدەکرد. مرە مری دەکرد و دەنگی ئـاژەڵێکی زامـدار لـە گەروویـەوە دەهاتە دەرەوە. دەمیشی لە دەرمان یان خواردنەوە نەدەدا. تەنها شتێك کە دەیویست ئاو و جگەرە بوو. جام لە دوای جام سەهۆڵاوی دەخواردەوە و کەچی هێشتا هەر تینووی بوو. کۆکە کۆکەکەی بونیادەمی دەترساند، کەچی جگەرەی بە جگەرە پێ دەکـرد. دایکـم یـەك دوو جـار چـوو بـۆ سەردانی و ویستی دکتۆر ئاگادارکاتـەوە، بـەڵام سـوودی نـەبوو. هـیچ کەسێك دەرەقەتی ئەم ژنـە پـێ چـەقێن و کەللـە رەقـە نـەدەهات. تـا ئەوکاتەی ئەمیر خان، کە هەمدیس بێ پارە ببۆوە، هاتەوە ماڵ و ئەوسا باجی گورگە لەجێگاکەی راپەڕی. سەری لەژێر چەرچەفەکە هێنایە دەرێ و گیانی تێهاتەوە. بەو وەزعە خەراپەیەوە هەستایە سەر پێ. پێ پەتیی و بە کۆکە کۆك خۆی گەیاندە موبەق. یەکەو راست یەخچاڵەکەی کردەوە. گۆشتی بەرخ کە کاك حەسەن بۆ ژەمی شێوی بابم لەنێو پیازی نابوو، بە شیشەوەی کرد، برژانی و خستییە بەردەمی کوڕەکەی. ئیشتیای خۆیشی کرایەوە. بۆ خۆیشی کەوتە پاروو کـردن و نیـوەی زیـاتری لەواشـەیەکی

گەورەی بــە ماســت و پیــازەوە خــوارد و قەریحــەی گاڵتــە و پێکــەنینی کرایەوە. وەك ئەوەی هەرگیز ئەوە ئەم نەبووبێت کە خەریك بوو بمرێـت. کۆکینەکەی بنەبڕ و دوو رۆژی نەبرد هاتەوە کۆڵان. باجی ناز، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، سەردانی خوشکە نەخۆشەکەی قەدەغە کردبوو، لە ترســی گوێزانەوەی نەخۆشییەکانی خوشکەکەی، کاك حوسامیشی لە ژوورەکەی خۆی حەپس کردبوو. منیشی لەخۆی نێزیك نەدەخستەوە. تا بیستی سەر و کەللەی ئەمیر خان پەیدا بۆتەوە، ئەوسا دەرگای جانتاکانی قوفڵ کرد، پارە و مووچەوانە ئاڵتوونەکانی لەژێر باڵشــتەکەی نــا و رێــك و راســت رایگەیاند کە ئەم کوڕە دەستی پیسە و ساڵی پار گوارە فەیروززەییەکانی ئەمی بردوون. دایکیشم لە بوونی ئەمیر خان لە ماڵی ئێمە ناقایل بوو، بەڵام حەوسەڵەی بەربەرەکانێ و دەمە دەمێی باجی گورگەی نەبوو. کاك حوسام تەنها کەسێك بوو کە بــە باوەشــێکی کــراوە و زەردەخەنەیــەکی گەورەوە بۆ پێشوازیی ئەمیر خان ڕۆیشــت، وەکــی بــاوکێکی پــەرۆش و سەرفەراز، لەباوەشی گرت و گۆناکانی ماچ کرد. باجی ناز لە بەخیلیدا تا ی لێهــات. چــووە دەسشــۆرییەکە. پەنجــەی کــرد بــە قوڕگیــدا و خــۆی رشاندەوە. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، باجی گورگە لە خۆشیدا چاوی لەسەر کوڕەکەی هەڵنەدەبڕی. ئەمیر خان خەراپ ئاوســا بــوو، لــەکاتی قســان کردندا هەناسەبڕکێی پێدەکەوت. وەك ژنــانی بــەنگ کێشــی لێهــاتبوو. لێوی وەك جاران ئاڵ و تەڕ نەبوو، پێستە سپییەکەی زەرد دەچۆوە. باجی

گورگە تەختەنوێنەکەی خۆی بەو دابوو، سینی خواردنەکەی لەکاتی فراوین و شێودا بۆ ژوورەکەیان دەبرد. لە درزی دەرگاوە بینیم پێی ئەمیرخان دەشێلێ و شان و ملی بۆ چەور دەکات. شەویش گۆرەویی و فانیلە و دەرپێی ژێرەوەی بۆ شت، بە تەنافەکەدا هەڵیواسی و تۆزی سەر پێڵاوەکانی سڕی. ئەمیر خان تا نیوەڕۆ دەنووست، لەنێو نوێنەکەشیدا هەر جگەرەی دەکێشا و حەزی دەکرد باجی گورگە پشتی بۆ بخورێنێ. کاتێ دڵی خۆش با، دووایین نوکتەیەك کە بیستبووی، بۆ دایکی دەگێڕایەوە و ئیدی باجی گورگە لە دڵەوە پێدەکەنی. دوو قۆڵی بە خەڵکیان رادەبوارد و تانووتیان لێدەدان. لاسایی باجی ناز، دایکم، خاڵەکان و هاوڕێیانی جوان پۆشی بۆ هەندەران چووی دایکمیان دەکردەوە و خەریك بوو لە پێکەنینا ژانیان دەکرد. کاك حوسام بە حەسرەتەوە لە پەیوەندیی بەهێزی ئەم دایك و کوڕەی دەنۆڕیی و لە ترسی ژنەکەی نەیدەوێرا لێیان نیزیك بێتەوە. کە دەبووە عەسر، باجی گورگە لەژێر درەختەکانی کەناری جۆگاکەدا، حەسیری رادەخست، چەند باڵشتێکیشی دەهێنان و جێگایەکی گەرم ونەرمی بۆ ئەمیر خان چێ دەکرد. جامێك ماست و خەیار و نان و چێشتی بەرماوەی نیوەڕۆی دەهێنان و هەمووی بە قوڕگی کوڕەکەیدا دەکرد. هەندێ جار پارووی بۆ دەکرد. کەوچکەکەی دەلستەوە، پڕی دەکرد لە ماست و برنج و دەیپەستانە نێو زاری نیوە پڕی کوڕەکەیەوە. باجی ناز و مێردەکەی، وەك زیندانیگەلی خەمین ، لە

پەنجەرەکەوە تەماشایان دەکردن. بـاجی نـاز سـەری بـە ئـاخ و ئـۆف و بێزارییەوە تەکان دەدا و لە تاو بەخیلیی گرمۆڵە دەبـوو. کـاك حوسـام، بەپێچەوانەوە، بەمیهرەبانیی و حەسرەتەوە تەماشای دەکردن و خۆ گەر لە ژنەکەی نەترسابا، ئەوا لە پاڵ ئەمیر خاندا لەسەر حەسیرەکەی رادەکشا و کولێك گۆرانیی دەچڕی. رەنگە پێکێـك عارەقیشـی هەڵقوڕانـدبا و لـە قووڵایی دڵەوە پێکەنیبا. چەند شەوێك دواتر، باجی ناز، بۆ خـۆ شـیرین کردن، ماجەرای مەشروب خۆرییەکەی ئـەمیرخانی بـە شـەرم و حـەیا و دەنگێکی ناسك و منالانەوە بۆ باوکم گێڕایەوە. گوتمان هەر ئەلعان باوکم باجی گورگە و کوڕەکەی لـەماڵ دەکاتـە دەرەوە. بـەڵام، پێچـەوانەوەی ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرا، باوکم برۆی گرژ کرد و گوتی:" ناشیرین ترین شت، لە پاشەملە زەمکردنی خەڵکانی ترە." بـاجی نـاز رەنگـی سـپی هەڵگەڕا. ویستی خۆی ببوورێنێتەوە، بەڵام باوکم بەسەریدا هاواری کرد. پێی گوت دەتەوێ خۆت بکەیتە نـەخۆش و ئـاژاوە بنێیتـەوە. فـەرموو ئێستا دەچیتە ژوورەکەت، سبەینێش بۆ ماڵەکەت دەگەڕێیتەوە. ئەوە بۆ باجی گورگە سەرکەوتنێکی گەورە بوو. ئەمیر خان، کە لای خۆی وا بیری کردبۆوە باوکم لایەنگیری وییە، چاکەت و پانتۆڵی لەبـەرکرد، بۆیمبـاخی بەست و لەسەر سفرەی شێو ئامادەبوو تا سوپاسی باوکم بکات، کەچـی باوکم هەر بە سەگیشی نەزانیی و تەنانەت سلاوەکەشی نەسەندەوە.

شەوانە، بـاجی گورگـە و ئـەمیر خـان دیـار نـەدەمان و درەنگانێـك دەگەڕانەوە. زوربەی کات بۆ بینینی فلیمی هیندیی یان فارسیی، کە پڕ لە سەما و گۆرانیی بوون، دەچوون. دەڕۆیشتن و پاشـان فلیمەکـەیان بـۆ دەگێڕامەوە. جارێکیان ئەمیر خان و دایکی، بـە بـێ سـرتە، منیشـیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ سینەما برد. سینەمای رەی، سینەمایەکی هاوینـە و هۆڵێکی سەر کراوەی هەبوو، ئێمە لە ریزی پێشـەوە دانیشـتین. هێشـتا فلیمەکە لە ئەووەڵیدا بوو کە بڕدرا، ئەمیرخان فیکەی کێشا، خەڵکەکەش بە لاسایی کردنەوەی وی کەوتنە فیکە کێشان. باجی گورگە یـەك زەرف گوڵە بەڕۆژەی کڕیبوو، توێکڵی گوڵە بەڕۆژەکەی لە هەوادا بڵاودەکردەوە. کە فلیمەکـە دەسـتی پێکـردەوە، خەڵکەکـە کەوتنـە هوهـا کێشـان و هاوارکردن و ئیدی مەعلووم بوو کە فلیمەکە بە هەڵە دانـراوە. زوربـەی خەڵکەکە تەواوی فیلمەکانیان ئەزبەر بوو، ئەوە جاری سێیەم یان چوارەم بوو کە بۆ بینینی دەهاتن. گلۆپەکان داگیرسان. خەڵکی کەوتنە ناڕەزایی دەربڕین. باجی گورگە هەستایە سەر پێ و کەوتە جنێـودان و ئـەمیرخان فیکەی کێشا. هەوا بە یەکجار بووە گەردەلوول و تۆزو خۆڵ چووە قوڕگ و چاومانەوە. فیلم دەستی پێکردەوە و خەڵکەکە کەوتنە هوها کێشـان. چـەند دڵۆپێـك بـاران بـەر سـەر و روخسـارم کـەوتن. بـاجی گورگـە سەرپۆشـەکەی بـە سـەرمدا دا. پیاوێـك کـە لەتەنیشـت ئەمیرخانـەوە دانیشتبوو، خوێنەواریی نەبوو، داوای لە ئەمیر خان دەکرد نووسینەکانی

سەر فلیمەکەی بە دەنگی بەرز بۆ بخوێنێتەوە تـا ئـەمیش لـە فیلمەکـە حاڵیی بیٚ. نیو سەعات تیٚنەپەڕیبوو، ئەمیر خان خەوی لیٚکەوت و پرخە پرخی لیٚ بەرزبۆوە. ژنیٚك کە لە ریزی پیٚشتر دانیشتبوو، ئاوڕی دایەوە و بە توندی بە ئەژنۆی ئەمیر خانیدا کیٚشـا. بـاجی گورگـە، وەك تەرەقـە تەقییەوە و بە دوو دەست قژی ژنەی راکیٚشا. ژنەکـە قیژانـدی و کەوتـە جنیٚودان و باجی گورگەش جنیٚوەکـانی پیٚدایـەوە. خەڵکەکـە هاواریـان کرد:"بیٚدەنگ!" و ئەوسا ئەمیر خان لە خەو راچڵەکی. لەوەدا بوو ببیٚتە شەڕ کە خۆشبەختانە، باران دایکرد، بارانیٚکی بەتاو. گلۆپەکان داگیرسان و خەڵکەکە تیٚیان قووچاند. بڕیار بوو بلیتـەکان لای خۆمـان بپـاریٚزین، سبەی شەو بیٚینەوە و ئەودوای فیلمەکە ببینین. بەڵام سبەی شەو بۆ مـن نەبوو. هەمان شەو سەرما چووبووە بەدەنمەوە و ناچـاربووم کـە ددان بـە تاوانەکەمدا بنیٚم، هەڵبەتە ئەوەش گوناهیٚك بوو کە نەدەبەخشرا.

بە هاتنی باجییەکان، خایلە ساکار و گچکەکانم لیٚ دەئالۆزکیٚن و سەرم لە گیٚژەوە دەچیٚ. دوایان دەکەوم، بەڵام ناگەمە هیچ کویٚ. هەست دەکەم ژیٚر پیٚم بۆشاییە و وەك جاران، بە جیٚگایەکی تۆکمە و دڵنیاوە رایەڵ نیم. دونیـای رونـاك و مـاقووڵی ماڵەکـەی شـەمیٚران لەبەرامبـەر هیٚرشـی باجییەکاندا پاشەکشە دەکا و گوڕی خۆنواندنی تیٚـدا نامیٚنـیٚ. خەڵکـە روخۆش و هەمیشە بە نەزاکەتەکە دەبنە تارمایی رەنـگ پـەڕیو و وەك مەخلۆقاتی پووچ و کلۆر دیٚنە بەرچاوم. دایکم ترسی لـە نزیکبوونـەوەی

من له باجییەکان هەیە و بە نیگایەکی گومانـاویی تەماشـای ئـەو سەرپۆشە گوڵ گوڵییە و بەرماڵی نوێژە دەکات کە باجی نـاز پێـی داوم. چاوەڕێیە هاوین زووتر تەواو بێ و باجییەکان بۆ شارەکەیان بگەڕێنەوە.

هەموو شەوێکی هەینی، مـەولووخوێنێکی جحـێڵ و بـێ چـاوو روو، لەسەر بانگێشتی باجی ناز، بۆ ماڵی ئێمە دێ و لەسەر تەختەنوێنەکەی وی دادەنیشـێ و دوو سـەعاتی رێـك لـەبارەی خـودا و ئیمامـەکان و پێغەمبەرەوە قسان دەکا و من بۆ دونیایەکی دی دەبات. کاك حەسەن و روقیەی ژنی باخەوانیش دێن و کـوڵی گریانیـان بـەردەبێ. هـەر لەگـەڵ رۆیشتنی مەولووخوێندا، هەموو قسەکانی وییان بیر دەچێتەوە. بەڵام من تەواوی شەوو رۆژەکـانی دوایـی، بـیر لـە خـودا و دونیـای دوای مـردن دەکەمەوە و ئیدی ناتوانم وەك جاران، لەش سووك و بزێو، لەگەڵ دایکمدا بۆ شەقامی ئەسلامبول برۆم. باجی گورگە و کوڕەکەی بۆ ژێوان کردنەوەی من، هەموو دەرفەتێك دەقۆزنەوە. ئەمیر خان بە من دەڵێ کە تا ئەلعان هیچ کەس بە فێڵ و فریو لە خـودا نێزیـك نەبۆتـەوە و خـودا دوژمـنی خەڵکانی ترسنۆك و خۆنوێنە ( مەبەستی لە باجی نازە). بـاجی گورگـە رێك و راست پێمدەڵێ کە خوشکەکەی درۆزنە و هەموو قسەکانی درۆن. راست بێ یان درۆ، قسەکانی باجی ناز و ترس لە خودا و ئـاگری دۆزەخ، رەگی لە جەستەمدا داکوتیوە و کچێکی گچکەی ترسنۆك و لەرزۆکی لێ دروست کردووم. هیچ شتێك هەمیشەیی و جێگیر نییـە، چـونکە خـودا

قودرەتی هەیە ئەو شتە جێگۆڕکێ پێ بکا و لەناوی بەرێت. خۆر، ئەستێرەکان و ئەرز، هەر هەمووی بە تاڵە موویەکەوە بەندن و گەر خودا بیەوێ، رۆژ دەکاتە شەو و زەریاکان هیشك دەکا و چیاکان بە ئاسماندا دەبا و هەوا دەکاتە بەرد و تەواوی مرۆڤەکان پان و پلیش دەکاتەوە. تەنانەت لە قووتدانی پارووەکەی دەمم ترسم هەیە و دەترسم رێگە سروشتیی و هەمیشەییەکەی خۆی نەبڕێ و خۆی بکات بە ئەندامێکی تری جەستەمدا. کێ دەتوانێ گەرەنتی ئەوە بدات شتێکی لەو جۆرە رونادات و خودا کارێکی لەو جۆرە ناکات؟ یان یاسای سروشت، بە هەمان ئەم شێوەیەی تا ئێستا وا بووە، بەردەوام دەبێت؟ باجی ناز دەڵێ پێویستە نوێژ بکرێ و دوعا بخوێنرێ، گەر خودا لە بەندەکانی خۆی قاییل بێت، ئیدی شتی سەیر و سەمەرە ناکات. مانگی رەمەزان، پێ بە پێی وی رۆژوو دەگرم و لە تاو بێ هێزیی لەتر دەدەم. باجی ناز، خۆشحاڵ و ئاسوودە، بەبێ نووکە نووك، برسیی و تینوو، تەواوی رۆژ دەنوێ و کاك حوسام یش، هەموو ئێوارەیەك جۆرەها میوە و خواردنی جۆراوجۆر بۆ بەربانگ ئامادە دەکات. من سەرسامم بە حەوسەڵەی باجی ناز بۆ رۆژوو گرتن و ئیرادە پتەوەکەی بە حیسابی نوێژ و دوعا و عیبادەت لێك دەدەمەوە. کاك حوسام یش رۆژوو دەگرێ و رەنگ بە روخسارییەوە نەماوە. دەست و پێی دەلەرزێ و زوبان بە لچ و لێوە وشك هەڵگەڕاوەکەیدا دێنێ. هەوا بێ ئەندازە گەرمە و تینوویتیی مرۆڤ

دەكوژێ. كاك حوسام دەڵێ ئەگەر مرۆڤ بیری بچێ بەرۆژووە و ئاو بخواتەوە، یاخود بە هۆی زەین پەرتیی و نەزانینەوە شتێك بخوات، ئەوا رۆژووەكەی بەتاڵ نابێتەوە. هەركاتێ وی لەكاتی خواردنەوەی پەرداخێك سەهۆڵاودا دەگرم، دەڵێ:"نەمزانی. بیرم چوو. خودا دەمبووری."

دایكم لە رۆژوو گرتنی من تووڕەیە و دەترسێت نەخۆش كەوم. دەڵێ رۆژوو گرتنەكەی باجی ناز فێڵ و كەڵەكە. ژێر باڵشتەكەی پڕە لە میوەی وشك و هەر كە یەكێك ئاگای لێ نەبێت، بە مشت دەیخوات. باوەڕ ناكەم. بەخۆم دەڵێم دە فەرموو ئەوەتا دایكم رقی لە باجی نازە و دەیەوێ منی لێ دوورخاتەوە. باجی گورگەش هەر وا دەڵێ و لەبەر چاوی مندا، كە خەریكم لە برسا دەبوورێمەوە، قەپاڵ لە كاڵەكێكی گەییو دەگرێت.

دەڵێ:" هەی منداڵەی كەر، گەر باوەڕ ناكەیت كە نازناز خان فێڵ دەكات، ئەوا بڕۆ و لە كونی كێلوونی دەرگاكەوە تەماشایكە." دەمەو نیوەڕۆیە، باجی گورگە بانگم دەكات و دەڵێ:" راكە و لەودیو پەنجەرەكەوە تەماشای كە."

كاك حوسام لە باخەكە لەژێر سێبەری درەختەكاندا نووستووە. ئاوێكی باشی خواردۆتەوە و وەك جاران بەهۆی حەواس پەرتیی و خەراپیی زەینییەوە داوای لێبوردنی لە خودا كردووە. دەچمە ئەودیو پەنجەرەكە. سەرێك دەكێشم. باجی ناز خەریكە مووەكانی سەرلێوی هەڵدەگرێ. دەمی دەجووڵێ. دەستی بۆ ژێر باڵشتەكەی دەبا و یەك پارچەی گەورە

برمە دەردێنێ و دەیخوات. دوو پەرداخ سەهۆڵاویشی بەسەردا دەکات و هەمدیش چنگێك تووی وشك دەترنجێنێتە دەمییەوە. باوەڕ ناکەم. حەز دەکەم بیخنکێنم. دەرگای ژوورەکەی دەکەمەوە، لە جێگەکەی رادەپەڕێت. دەمی پڕە لە شت. وەك بروسکە ئاوێنەکە دەنێتەوە ژێر تەختەنوێنەکەی و روخساری لەنێو باڵشتەکەیدا رۆ دەبات. دڵم توند توند لێدەدات. شەرمەزارم. هەست دەکەم کڵاو نراوەتە سەرم و هەموو نوێژەکانم بەتاڵ بوونەتەوە. باجی ناز، بە پەلە، شتەکانی ناو دەمی قووت دەدا و بە دەمی بەتاڵ و بە درۆوە باوێشك دەدات. وا خۆی دەنوێنێ هیچ شتێك رووی نەداوە، بەڵام چاوەکانی لەحەژمەت تووڕەیی خێل بوون و پەڕەکانی کەپووی دەلەرن. کاك حوسام یش لە رۆژووە ناتەواوەکانی ژنەکەی بە ئاگایە بەڵام درۆی لەگەڵ من و خۆیدا کردووە. داوام لێدەکات ئەو رووداوە، کە هەڵەیەکی گچکە بووە، بۆ هیچ کەسێك نەگێڕمەوە. کاتی پێی دەڵێم کە بە هەرتك چاوی خۆم بینیم، ئەو سوور هەڵدەگەڕێ و سەری لەژێرەوە دەنێت. دەستم دەگرێ، قژم نەوازشت دەکات، بە زوویی قسەکان بەلایەکی تردا دەبات.

دەپرسێت:" ئەدی پیانۆکە چ بوو؟"

وەڵامی نادەمەوە و دەستی لادەبەم.

دەڵێ:" نییەتی پاك گرینگە. یەك پارچە برمە ئەهمییەتی نییە. خودا بۆ خۆیشی هەندێ جار گزی دەکات."

باجی ناز لێم بۆتە دوژمن ( گەرچی روداوی فێڵ کردنەکەیم بۆ کەس نەگێڕاوەتەوە ) و فەرمانی بە مێردەکەی داوە تا سزام بدا و وەڵامی سڵاوەکانم نەداتەوە. کاك حوسام، لە دوورەوە، بە ئیشارەتی چاو و برۆ شتگەلێکم لێ دەپرسێ و تێمدەگەیەنێ کە هاوڕێیەتیی وی لەگەڵ مندا، وەك هەمیشە، لە جێگای خۆیدایەتیی و چ پەیوەندیی بە فەرمانی باجی ناز ەوە نییە.

دوایین مانگی هاوین، گەرمتر لە مانگەکانی تر، قورس و خاو و تەمبەڵانە تێدەپەڕێ و چ روداوێکی نوێ روونادات. رۆیشتن بۆ لادێ _ بەرنامەی سەفەری هاوینە — ی ئەمساڵ تاتیل بووە و باوکم هێند سەرگەرمی کار و سیاسەت و نووسینە کە یەك دەقیقەی کات بۆ ئێمە نەماوە. هەندێ جار، شەکەت لە قسان لەبارەی خودا و گوناه و مەرگ و رۆژی قیامەتەوە، بە دوای دەستە تۆکمە و دڵنیاکەی ویدا دەگەڕێم. دڵم حەز دەکات بە ئەقڵ و ئیرادەی ئاسنینی ئەم پیاوەدا خۆم هەڵواسم و پێ لەقەیەك لە دونیای تاریکی باجییەکام هەڵدەم. دڵم بۆ دایکم و بۆنی خۆشی دەستەکانی تەنگ بووە و بە حەسرەتەوە لە هامشۆی خۆشبەختانەی ئەوبەری ماڵەکە دەنۆڕم.

گەیشتنی پیانۆکە، کە هێندەی دەعبایەکی زەبەلاح و ئەفسانەییە، دیوارێك لەنێوان من و باجییەکاندا رۆ دەنێت. دایکم میواندارییەکی گەورە بە شانازیی ئەو روداوە بێ ئەندازە گرینگەوە رێك دەخات.

پیانۆکە، لە هۆڵی نان خواردن، لە پاڵ هۆڵی پێشـوازیدا دادەنـێن و بـە چەرچەفی گوڵ گوڵی دایدەپۆشن. کاك حەسەن لەم میوانە نامۆیە، کە لە ترومبێلەکەی باوکم گەورەترە، دەترسێ و بە رێـزەوە سـڵاوی لێـدەکات. باجی ناز یش هێنانی ئەوە بە پێ و قەیەمی خەراپ لێکدەداتـەوە و بـە گوێی هەمووانی دەگەیەنێ کە بە هەبوونی ئەم ئامێرە شەیتانییە، نوێژی سەر ئەرز و ژێر ساپیتەی ماڵی ئێمە بەتاڵە و بە زوویـی لـە لای ئێمـە دەڕوات. باجی گورگە حەقی بەسەر ئەم شتانەوە نییە و سەخت بە کارە خەراپەکانی کوڕەکەوە توش بووە. ئەمیر خان خانووەکەی دایکی خستۆتە سەر خۆی و ئەویشی بە قومـار دۆڕانـدووە. کچـەکانی هـەموو رۆژێـك بۆماڵی ئێمە دێن و لەگەڵیدا دەکەونە شەڕ و دەمەقاڵێ. بـاجی گورگـە دەڵێ:" ماڵی خۆم بوو. خۆم حەزم کرد بـە نـاوی کوڕەکەمـەوە بیکـەم. دۆڕاندی جا چییە. نۆشی گیانی بێت. فەرشی ژێر پێم چییە، رۆحیشـمی بوێ دەیدەمێ." کاك حوسـام سـوود لـەم هـەراو زەنـا و قەرەباڵخییـە وەردەگرێ و خۆی دەگەیەنێتە پیانۆکەی من. چاوانی لە حەژمەت ستایش چکۆڵە دەبنەوە و دەمی دادەپچڕێ. دەرگاکەی دەکاتەوە و هێواش دەست بە یەکێك لە کلیلەکانیدا دێنێ. پاشان، دەستی بە هێواشـیی بـە سـەر تەواوی کلیلەکاندا دێنێ و لێکدا لێکدا دەڵی:

"بەه بەه پیرۆزت بێت. خودا دایکت بپارێزێ. خۆش بە حاڵت."

مامۆستای پیانۆ، ژنێکی پۆڵەندابیە کە بۆنی تیژی ئارەقە و شەرابی کۆنی لێدێت. کاتی دەرس گوتنەوە هەناسە هەڵدەکێشێ و خەیاڵی لای شتێکی ترە. زوربەی کات نیوە مەستە و هەر لەگەڵ دانیشتندا کوڵی گریانی بەر دەبێ. دایکم دەڵێ ئەم ژنە جوولەکەیە و لە کاتی جەنگدا هەموو خێزانەکەی قەتڵ و عام کراون.

ژەنینی پیانۆش وەکو رۆژوو گرتنەکەی باجی ناز، هەر درۆیینەیە. بە تایبەتیی کە ئەم پیانۆیە، سەرەڕای بیچم و قەبارە زل و بە شکۆکەی، خەڕەکە شکاو و بێ عەمەلە و دەنگی دەرنایەت. زوربەی کلیلەکانی شکاون. هەندێکیان دانابەزن. چەند دانەیەکی تریان کاتێ دادەبەزن، ئیدی نایەنەوە دەرێ و دەبێ چەندین جار پێیاندا بکێشرێت. خانمی مامۆستا ئاگای لێ نییە و نوقمی خایلە و بیرەوەرییەکانی خۆیەتی. کاك حوسام لە هەمووان زیاتر نیگەرانە. هانم دەدات و داوام لێدەکات وانەی یەکەم: دۆ، رێ، می، فا، سۆل، لا، سی، دۆ ی بۆ بژەنم. هەڵبەتە، کلیلی سۆڵ دەنگی نایەت و کلیلی لا قرچەی دێت. کلیلی فا ویزەیەکی وەك دەنگی مێشهەنگی هەیە و دەنگی کلیلەکانی لای راستەوە، ئەوانەی دواوە، هێند تیژن کە وەك سوژن بە گوێدا دەچەقن و مووی جەستەی بونیادەم راست دەکەنەوە.

باجی ناز هاتنی مامۆستای شوومی پیانۆ دەکاتە بەهانە و هێشتا هاوین تەواو نەبووە لە لای ئێمە دەڕوات. دەبینم چاوانی میهرەبانی کاك

حوسام پڕ بوون لە فرمێسك و دڵم بۆی دەسووتێت. بە رۆیشــتنی بــاجی ناز، قەهر و حەسادەت و دوو زوبانییش لە ماڵی ئێمــە دەڕۆن و خــەمی خانمی پۆڵەندایی و چیرۆکەکانی — چیرۆکی قەتڵ و عامی بنەماڵەکەی لە ئۆردوگای دیلە جووەکان و چیرۆکی کورەکانی سووتاندنی مرۆڤ _ جێگەی ئەوان دەگرێتەوە. لە ژەنینی پیانۆ بێزارم. هەست دەکەم زیندانیم و هیچ کەسێك لەزوبانی من تێ ناگات. هێشــتا هــەر بــە جۆرێــك لــە ترســی شاراوەوە، کە لەنێو دڵمدا رەگی داکوتیوە، نوێژ دەکەم ( رۆژ نا رۆژێك ) فیکری خودا و دونیای دوای مردن بەرم نادەن. لەنێوان ژەنــینی پیــانۆ و عیبادەت و گوناهـ دا دێم و دەچم و بڕوام بە هیچ کامیان نییە.

باجی گورگە چ جێگایەکی نییە بۆی بچێت. خانووەکەی لەدەست داوە و کەنیشکەکانی نایانەوێ سەرو فەسالی ببینن. چ هەواڵێك لە ئەمیر خان نییە و ئەم بێ هەواڵییەش، لە ناوەوەیڕا دەیجوێ. تووڕە و بــێ حەوســەڵە بووە و لەگەڵ هەمووواندا شەڕێتیی. بە رۆژ، بەیانیان زوو، لە ماڵ دەچێتە دەرێ و هەندێ شەو ناگەڕێتەوە. خودا دەزانــێ لــە کــوێ دەمێنێتــەوە. دەزانم بۆ سینەما و شانۆش ناچێ و مەزەندە دەکەم بــەدوای کوڕەکەیــدا بگەڕێت. دایکیشــم هــەر نیگــەرانیی بــووە و یــەك دوو جــار لــەبارەی ئەمیرخانەوە لە باوکمی پرسیوە.

باوکم دەڵێ:" باینجان ترسی ئەوەی نییە ئافات لێیدات! " وا دەڵێ و شانی بەرز دەکاتەوە. بەیانیی زووی رۆژی هەینییە کە زەنگی تەلەفۆن لێ

دەدرێت. باوکمیان دەوێ. کارێکی خێرایە. باوکم هەموو ڕۆژێك، لەگەڵ کازیوەدا، بۆ پیاسە لە ماڵ دەچێتە دەرێ و هێشتا نەگەڕاوەتەوە. لە شارەوە تەلەفۆنیان کردووە. دەڵێن زۆر گرینگە. دەبێ یەکێك لە خێزانەکەی ئێمە بدوێت. دایکم نووستووە. من وەئاگابوومەتەوە و تەلەفۆنەکە لە دەستی کاك حەسەن وەردەگرم. دەنگێکی لاواز، لە قووڵایی چاڵێکەوە، شت گەلێك دەڵێ و دەنگەکە نامێنێ. یەك سەعات دواتر، هەمدیس زەنگی تەلەفۆن لێ دەدرێتەوە. باجی گورگە خەبەری بۆتەوە. گوێی هەمیشە لای زەنگی تەلەفۆن یاخود دەرگای حەوشەیە. قژی بژە و ژێر چاوانی ڕەش دەچنەوە. هەر بەو بەیانییە و بە زگی ناشتا جگەرە دەکێشێت. زەق زەق تەماشای من دەکات. قسان ناکات. هەمدیس لە شارەوەیە. لە تەورێزە وە. باوکمیان گەرەکە. باجی گورگە سەماعەکە هەڵدەپچوڕقێنێ و هاوار دەکات. تەلەفۆنەکە خڕە خڕ دەکات. شتێکی ناخۆش رویداوە. لە کێ؟

دەپرسن:"تۆ کێیت؟"

باجی گورگە بێ حەوسەڵە و کلاّفەیە و بەرزتر هاوار دەکات. خەریکە سەماعەی تەلەفۆنەکە قووت بدات.

دەڵێ:" بە تۆ چیی کە من کێم. قسە بکە. خوا بتکوژێ. چیی روویداوە؟ کێ شتی لێ رووداوە؟"

دایکم لە هەرا و زەنا و زەنگی تەلەفۆنەکە وەئاگا بۆتەوە. بەکاوەخۆ بە پێپلیکانەکاندا دێتە خوار. سەماعەکەی لێ وەردەگرێ. قسان لەگەڵ کەسێکدا دەکات. یەکەم جار باش حاڵیی نابێت. تکا دەکات کە بەرزتر دووبارەی بکاتەوە. گوێی لەناوی ئەمیر خان دەبێ و چەند جارێك دەڵی:" بەڵێ، ئەمیر خان. بەڵێ. دەنگ نایەت. بێ زەحمەت بەرزتر بدوێ. چ بووە؟ بەڵێ. بەڵێ. بەڵێ. کەنگێ؟ دوێنێ؟" من دەبینم ڕەنگیی دایکم سپیی و سپیی تر دەبێ. سەماعەی تەلەفۆنەکە لە گوێی دوور دەخاتەوە و واق وڕماو تەماشای باجی گورگە دەکات. قسان ناکات. دەنگی دەرنایەت. شتێکی خەراپ رویداوە. زۆر خەراپ. دڵنیام. باجی گورگەش مەزەندەی شتی خەراپی کردووە. دەنگیی تەپە تەپی لێدانی دڵی دێتە گوێ. سەماعەکە دەفڕێنێ. چاوانی خەریکن دەرپەڕن. گوێ رادەدێرێ. گوێی لە قسەکان دەبێ. وشە بە وشە. ناوی ئەمیر خان دووبارە دەکاتەوە. سەماعەکەی لە دەست دەکەوێت. یەکەم جار بێدەنگە، وڕ و واق وڕماو، وشك بووە و پاشان لەناکاوێکڕا، دەزریکێنێ. زریکاندنێك لەو زریکاندنە تاسێنراوانەی کە هی ئینسان نییە. بەڵکو جۆرێك لوورەیە، لوورەی ئاژەڵێك لەکاتی مردندا، گینگیڵ دەدات، گاز لە دەست و پەنجەکانی خۆی دەگرێت. دەنەڕێنێ و سەری بە دیواردا دەکێشێت. کاك حەسەن دەستم لادەبات. دەلەرزێت. هەوڵ دەدا دوورم خاتەوە. بە مشت بە سینگیدا دەکێشێ. دەچم ئاو بۆ باجی گورگە بێنم. هەڵدەخلیسکێم و بە

قالّدرمەکانا شۆڕ دەبمەوە. لەبەر خۆوە دووبارەی دەکەمەوە:" ئـەمیرخان مردووە!" وادەڵێم و دڵم تێکەڵ دێ. جەستەم بووەتـە سـەهۆڵ و بەسـەر کاشییەکانی موبەقدا دەڕشێمەوە.

دایکم، باجی گورگەی لەباوەش گرتووە و هەوڵ دەدا ئـارامی کاتـەوە. قژی نەوازشت دەکات و روخساری ماچ دەکات.

هاوار دەکات:" ئـەری ئاوەکـە کـوا؟" کـاك حەسـەن لـە جێگاکـەی رادەپەڕێ. رادەکات. من دەبینێ و مۆڕەم لێدەکات.

خۆشبەختانە باوکم دێتەوە. تەماشای دایکم و بـاجی گورگـە دەکـا و سەیرکردنەکەی سارد و هێورە. خەمـەکانی وی لەگـەڵ ئـەوانی ئێمـەدا جیاوازیی هەیە. ئازارەکانی وی لە جینسـێکی تـرن و دەنگـە دەنـگ و رەنگ و بۆیان نییە. فرمێسك لـە چـاوانی دایکمـەوە دێنـە خـوارەوە و دەسـتە ناسـکەکانی دەلـەرزن. بـاجی گورگـە وەك ئـاژەڵێکی برینـدار دەلوورێنێ و دەنگی سەیر و سەمەرەی لێ بەرز دەبێتەوە. باوکم ئاگای لە مەسەلەکە هەیە. دەڵێ دوێنێ شەو خەبەریان داوەتێ.

دایکم باوەڕ ناکات. دەپرسێ:" ئەدی بۆچی نەتگوت؟"

باوکم خوێن ساردە. دەڵێ:" هەموو شتێك کاتی خۆی هەیە."

دایکم روخساری بە دەستی دەشارێتەوە. خوێن ساردیی باوکم بە حیسابی بێ رەحمیی لێکدەداتەوە و بـە خێرایـی دوور دەکەوێتـەوە. مـن ئاشـقی بێـدەنگیی و سـاردییە هێورکەرەوەکـەی ئـەم پیـاوەم. بەهاتنـەوەی وی

شتگەلێکی پەرتەوازە کۆدەبنەوە و دەچنەوە جێگای خۆیان. باوکم دەست دەنێتە سەر سەری باجی گورگە. بە خەفەتەوە سەر با دەدا. پەرداخە ئاوەکە لە دەستی کاك حەسەن دەگرێ و بە لێوە وشکەکانی وییەوە دەنووسێنێ.

دەڵێ:" ئەم کوڕە عاقیبەتێکی باشی نەبوو. خودا بیبەخشێ و سەبووریی و قودرەت بە تۆیش ببەخشێت."

مەسەلەکە رۆشنە. ئەمیر خان مردووە — هەبێ و نەبێ بە هۆی عارەق خواردنی زۆر یان بەنگ کێشانی زۆرەوە مردووە. منیش دەتوانم مەزەندەی ئەوە بکەم. دڵی لە لێدان کەوتووە. دەبێ بڕۆن و تەرمەکەی بێننەوە. ئەوە بە باوکم سپێردراوە. گریان و شیوەنی ناوێت. روداوێکە و رویداوە. شتێك کە روویدا ناتوانرێ بگەڕێنرێتەوە دوا. دەبێ ملی بۆ کەچ بکرێت. بە هەمان سادەیی. دەبێ خەبەر بە کەنیشك و زاواکانی باجی گورگە بدرێت. دەبێ رۆژی پرسەکەی دیاری بکرێ و ئاگاداریی بۆ رۆژنامەکان بنێردرێت. باوکم دەچێتە ژووری کارەکەیەوە و تێماندەگەیەنێ کە دەبێ ئاقڵ و سەبوور بین و بزانین کە مردن روداوێکی سادەیە.

باجی گورگە لەم دونیایەدا نییە و ئەم قسانەی بە ئەقڵدا ناچن. چ لە رێ و رەسمی پرسە و تەشریفاتی تازیە بکات؟ لەسەر عەردەکە دانیشتووە و جەستە قورسەکەی، وەك بەندۆڵی کاتژمێر، بە چەپ و راستدا دەڕوات و دەگەڕێتەوە. کەس ناوێرێت لێی نێزیك بێتەوە. دکتۆر کەوسەری، بە

حەپەساویی دەگاتە جێ. دایکم خەبەری داوەتێ. دەیەوێ شرینقە لە باجی گورگە بدات. دەترسێت. ئاخر باجی گورگە دەناسێت. بە واق وڕماوی شرینقەکەی بەدەستەوەیە و راوەستاوە. دایکم روخسار و چاوە فرمێسکاوییەکانی شتوون و جلکی رەشی پۆشیوە. بۆ یارمەتیی دانی دکتۆر کەوسەریی دەچێت. سەر و دەستی باجی گورگە ماچ دەکات. لێی دەپاڕێتەوە. دکتۆر کەوسەریی دادەنەوێتەوە. هێشتا دەستی نەگەییوەتە قۆڵی باجی گورگە، خۆی و شرینقەکە بۆ گۆشەیەك تووڕ دەدرێن. باجی گورگە دەلوورێنێ و لەسەر عەردەکە خۆی دەگەوزێنێ.

وازی لێ دێنین. بە درێژایی رۆژ، دانیشتوو لەسەر عەرد، خۆی دەلاوێنێتەوە. چاوانی لێکناون. ناگری، تەنانەت یەك دڵۆپە فرمێسکیش لە پێڵووەکانییەوە نایەتە دەرێ و لەگەڵ خۆیدا دەدوێ. برژانگەکانی هەڵدەکەنێ، لێوی دەجوێ یاخود گاز لە چمکی سەرپۆشەکەی دەگرێ. ئەژنۆکانی بریندارن. چنگ لەخۆی دەگرێ و بە مشت یە سینگیدا دەکوتێ. حەز دەکات خۆی عەزاب بدا و خۆی لەت و کوت بکات. رقی لە ناز و نەوازشت و میهرەبانیی دەبێتەوە و تا ئێستا دوو جار گازی لە دەستە میهرەبانەکەی دایکم گرتووە.

دایکم بە نیگەرانیی تەماشای من دەکات. بینینی عەزاب و رەنج و گریان و شیوەن بۆ من قەدەغەیە، هەمان جۆر رۆیشتن بۆ سەرقەبران و رێ و رەسمی پرسە. بەلای دایکمەوە، مردن روداوێکی ناسروشتییە کە نابێ

قسانی لەبارەوە بکرێ، نابێ ناوی مردوو بە زوباندا بهێنرێ یان وێنەکەی بە ژوور ئاگردانەوە هەڵواسرێ. دەبێ مردووان لەبیر ببرێنەوە و قسەیان لەبارەوە نەکرێ. بەتایبەتیی منالان نابێ لەبارەی مردنەوە وەئاگابن و تێبگەن کە ژیان پڕ لە دەرد و عەزاب و بەدبەختییە.

من بۆ ماڵی یەکێك لە خاڵۆکان دەنێرن و کاتی دەگەڕێمەوە باجی گورگە لەوێ نییە. دایکم دەڵێ باجی گورگە بێ خواحافیزیی رۆیشتووە و هیچ کەس هەواڵی نازانێت. کاك حوسام هەر یەکسەر بە بیستنی هەواڵی مردنی ئەمیر خان، رەنگ پەڕیو و نەخۆش، بۆ سەردانی ئێمە دێت. دەڵێ کە ئەمیر خانی وەکو کوڕی خۆی خۆش ویستووە و ئیدی هۆن هۆن دەداتە کوڵی گریان. دەڕوات بۆ ئەوسەری باخەکە و دوور لە چاوی ئێمە، کوڵێك گۆرانیی خەمین دەچڕێت. باجی نازی لەگەڵ نییە. من دەگرێتە باوەش و بە خەیاڵێکی ئاسوودە سەر و روخسارم ماچ دەکات.

مانگێك دواتر، لە شار دەگەڕێتەوە تا دەرمان و قوماش و پێلاو و کولاتووە تایبەتییەکانی ژنەکەی لە بازاڕی تاران بکڕێت. دەڵێ باجی گورگەیان لە کۆلانە دوورەکان، لەوپەڕی شاردا بینیوە. قسانی لەگەڵ خۆیدا کردووە و سەر و وەزعێکی دێوانە ئاسای هەبووە.

من ئیتر باجی گورگە نابینمەوە. جار بەجار هەواڵیمان بەر گوێ دەکەوێ. بۆ دیدەنی کەنیشکەکانیشی ناچێت. باوکم تاقە کەسێکە کە دەزانێ ئەو لەکوێیە. بەلام بە ئێمە نالێت. سەری هەموو مانگێك، بە

کەسێکدا کە ناوەکەی بە ئێمە نالێت، پارەی بۆ دەنێرێ و من دڵنیام کە ئەو کەسە کاك حوسامە.

هاوینی داهاتوو، باجی ناز پەیام دەنێرێ کە بە نیازی سەفەری دەرەوەیە، رەنگە بۆ بەلژیکا بچێت. ناتوانێت بۆ دیدەنیی ئێمە بێت. ئەمە دەیەمین جارە کە باجی ناز بڕیار دەدا سەفەر بۆ دەرەوە بکات و پاشان، لە دوایین لەحزەدا، بە بەڵگەیەکی نادیار، لە سەفەرەکەی ژێوان دەبێتەوە. بەلژیکا لەو جێگایانەی دونیایە کە کە لە خەیاڵی باجی ناز دەرناچێ و هیچ کەسێك نازانێت پەیوەندی وی بەو مەملەکەتەوە چییە. گەر لێی بپرسن بەلژیکا دەکەوێتە کوێوە، بە دڵنیاییەوە وەڵامێکی هەڵە دەداتەوە. بەڵام ئەمجارەیان مەسەلەکە جیدییە. کاك حوسام هەموو شتێکی براندۆتەوە، کاروبارەکانی خۆی و باجی نازی جێبەجێ کردوون و بەراستییانە و بۆ بەلژیکا دەچن. یەکەم جار باوەڕمان نەکرد تا کاك حوسام بلیتی فرۆکەکەی پیشانماندا و سوێندی خوارد کە ئەمجارەیان هەر بە راستیی سەفەر دەکەن. دایکم بۆ فڕۆکەخانە رۆیشت و تەیارە سوار بوونەکەیانی بە چاوی خۆی بینی.

من دڵم بە کاك حوسام خۆشە و دەزانم ساڵەهای ساڵ حەکایەتی ئەم سەفەرەیمان، بە تین و تاوە وە بۆ دەگێڕێتەوە. بڕیارە یەك مانگ لەوێ بمێننەوە و لەوێشەوە سەرێکی پاریس بدەن. بەڵام چەند رۆژێك دواتر دەبیستین گەڕاونەتەوە. باجی ناز هەمان رۆژی یەکەم، لەسەر

قالدرمەیـــەكی كارەبـــایی بەربۆتـــەوە و قاچـــی شـــكاوە. دوو رۆژ لـــە نەخۆشخانە كەوتووە، دوو رۆژیش لە ژوورەكەیدا لە ئوتێل حەپس بـووە. بەوەشەوە، لە سەفەرەكەی بەلژیكای قاییلە. لەبارەی جاددەی پان و پۆڕ و پڕ درەختی ئەوێوە قسان دەكا. لەبارەی پاك و تەمیزیی شار و راستگۆیی خەڵكەكەیەوە. گێڕایەوە كە چاكەتەكەی لەسەر سەكۆیەك لـە پاركێكـدا داناوە، سەعاتێك دواتر گەڕاوەتـەوە و بینیویـەتی چـاكەتەكە هـەر لـە شوێنی خۆیدا بووە. تا ئێستا سەد جار ئەم شتەی گێڕاوەتەوە. لـەبارەی ژووری ئوتێلەكەشـییەوە قسـان دەكـا — ئـەوێ تـەنها جێگایەكـە كـە بینیویەتی - لەبارەی كاغەزی دیواریی گوڵ گوڵیی و چەرچەفی سپیی و پەردەگەلی مەخمەلیی رەنگ سەوزەوە، لەبارەی كاتژمێری ئاڵتونیی كـە هەمووسەری سەعاتێك زەنگ لیێ دەدات، لـەبارەی كلێسـای ئەوسـەری جاددەكەوە بە پەیكەری مەریەم لە ژوور دەرگاكەیـەوە و ناقوسـێك كـە تەواوی شەو لەسەری هەموو سەعاتێكدا لیێ دەدا و لەبارەی خزمەتكاری قژ زەرد و چاو شینی ئوتێلەكەوە - كە كەمێك لەخۆی چووە — و قـژی وەك گنـدۆرە بـۆ سـەرەوە هەڵبژانـدووە، بەركۆشـی سـپیی بەسـتووە و زانیویەتی تاران دەكەوێتە كوێوە.

باجی ناز دوای ئەو روداوە، بەنازتر و مناڵ تر بۆتەوە. لـە رێ رۆیشـتن دەترسێت، بەهەر چـوارپەل خـۆی بـە كـاك حوسـامەوە دەچەسـپێنێ و روخسەت نادا تەنها دەقیقەیەك لیێی دوور كەوێتەوە. ئیتر بۆ ماڵی ئێمە

نایەت. خانوویەکیان لە ناوەڕاستی شار بەکرێ گرتووە و بوونەتە نیشتەچێی تاران. ئێمە جەژناو جەژن بۆ سەردانی دەچین. هەموو جارێك خۆی نەخۆش دەخا و لە جێگاکەی بەرز نابێتەوە. مەحاڵە بەرزبێتەوە و خەوشە جەستەییەکانی خۆی وەدیارخات. قژیشی ڕەنگ کردووە، زەرد زەرد — وەکو خزمەتکاری بەلژیکایی — و روخساری بە پۆدرەیەکی سپیی وەك گەچ دەساوێت. هێشتا هەر لەکاتی قسان کردندا ناز و مەکر دەکا و خۆی وەك کیژانی جحێڵ دەنوێنێ. کاك حوسام، بە پێچەوانەوە، بە یەکجار پیر بووە و دەستی راستی دەلەرزێ. سمێڵ و مووی سەری، بە فەرمانی ژنەکەی بۆیاخ کردوون و بۆیباخ دەبەستێ، بۆمیباخێکی کۆنە، هی زەمانی زوو. کاتێ میوانیان نییە، کلاش لە پا دەکات، بەلام کاتێ ئێمە بۆ سەردانیان دەچین، پێلاوی چەرم لە پا دەکا و قۆپچەکانی چاکەتەکەی دادەخات. باجی ناز، دوای شووکردنی، نازناوی حوسام لسەلتەنە ی داوەتێ و ئادەمیزادێکی بەڕێز و گرینگی لێ دروست کردووە، ئادەمیزادێك لە ئاستی موعاشەرەت کردن لەگەڵ وەزیری جەنگدا.

چوار ساڵ دواتر، کاتێ تەمەنم بووەتە پانزە ساڵ، بۆ خواحافیزیی و رۆیشتن بۆ ئەمەریکا، بۆ بینینی باجی ناز دەچم. کاك حوسام لەماڵەوە نییە.

باجی ناز دەڵێ:" بۆ چارەسەری نەخۆشیی بۆ دەرەوە چوون."

هێشتا لێم زویره. دەست رایەڵ دەکات تا قاپی چوالەی سەر مێزەکە هەڵگرێ، ئاوێنە گچکەکەی ژێر باڵشتی کورسیەکەی دەکەوێتە خوارەوە. هەمان ئاوێنەکەی جاران، هەڵی دەگرێتەوە. خۆی تێدا تەماشا دەکات. هەناسە هەڵدەکێشێ و دەڵێ:"ئاوێنە.... هێی ئاوێنەی دێرین!"

نەنە خانم ی کارەکەری پیری وی، چا م بۆ دێنێ و قاپی برمەکەم بۆ رادەگرێ. تا هەڵینەگرم واز ناهێنێ. تا ئێستا سێ دانەم خواردووە و ناو قورگم دەبرژێتەوە. هێشتا ئەوەم قووت نەداوە قاپێکی ترم بۆ رادەگرێ و رۆحم دەردێنێ. دەزانم ئەگەر نەخۆم، دەبێ لەگەڵ باجی نازدا بیکەمە هەرا. حەوسەڵەی قەهر و گلەییەکانیم نییە. دووایین برمە لە دەستمدا دێڵمەوە و کاتێ باجی ناز ئاگای لێ نییە، فڕێی دەدەمە ئینجانەکەوە. دەستم گۆج بووە و پەنجەکانم پێکەوە نووساون. دەبێ دەستم بشۆم. دەزانم کە دەستشۆریی تایبەتیی باجی ناز لەودیو ژووری نوستنەکەیەتیی و بەبێ ئەوەی چاوەڕێی رانومایی ویی بم، دەرگای ژووری نووستنەکەی کە بە پاڵ ژووری دانیشتنەوەیە، دەکەمەوە و خۆم دەگەیەنمە دەست شۆرییەکە. ناڕەزایەتی کپی باجی نازم دێتە بەر گوێ. نەنە خانمیش وەك بڵێی دەستەپاچە بووبێت، دوو هەنگاو بەدوامدا دێ و ئەوسا دیارنامێنێ. دەزانم باجی ناز دردۆنگە و حەز ناکات کەس بچێتە دەست شۆرییە تایبەتییەکەیەوە. بە لامەوە گرینگ نییە. خێرا دەستم دەشۆم و دێمە دەرەوە. گلۆپی ژووری نووستنەکە کوژاوەتەوە. پەردەکان دادراونەتەوە.

بەرپێی خۆم نابینم. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدام و دەنگێك دێتە بەر گوێم. دەنگی جۆرە چپە چپێکی لەرزۆك. سێبەرێك لـە دوورەوە ئیشـارەتم بـۆ دەکات. کەسێکی گچکەی هێنـدەی منـداڵێك، لەسـەر تـەختێکی پـاڵ دیوارەکە راکشاوە. دەچـمە پێشـتر، پیـاوێکی کەچـەڵ، بـە چـاوانێکی ئاوساوەوە، تەماشام دەکات. پەنجەی بە ئاماژەی بێدەنگ خستۆتە سـەر لێوی.

دەڵێ:" باجی ناز بزانێت توورە دەبێت."

ئەوە کاك حوسامە. کاك حوسامێك کـە پووکاوەتـەوە و قـژی سـەری رووتاوەتەوە. دەستم دەگرێ، دەستی دەلەرزێ. دەستم دەگوشێ و دەیەوێ روخسارم مـاچ کـات. بـۆنی بـرین و دەرمـانی لـێ دێـت، بـۆنی تـا و نەخۆشیی. هەناسەبڕکێی پێدەکەوێ. خرۆشاوە . دەست بـە روخسـارمدا دێنێ.

دەڵی:" بەه بەه. ماشەڵڵا. چەند گەورە بووی. ئەرێ هێشتا هەر پیانۆ دەژەنیت؟"

دەمەوێ پەردەکە لادەم، دەمەوێ روخساری ببینم.

دەپرسم:" بۆ لەو تاریکییەدا دانیشتوویت؟"

دەڵێ:" بە باجی ناز مەڵێ. نایەوێ کەس من بـەم شـێوەیە ببینێـت. رەنگە حەقیشی بێت."

دەمەویٚ هاوارکەم. دەمەویٚ گلۆپەکە داگیرسێنم و بڵێم کە ئـەم پیـاوە بەم شێوەیە، لە هەموو ئێوە باشتر و جوانترە. بەڵام لێکدا لێکدا ئیشارەتم بۆ دەکا بێدەنگ بم.

دەپرسێت:" دایکە گیانیشت لێرەیە."

سەر رادەوەشێنم.

هەواڵی باوك و براکەم دەپرسیٚ و خـەم دایـدەگریٚ. چەرچـەفەکە بەسـەر روخساریدا دەدات و کۆکینەکەی، لە ترسی باجی ناز، قووت دەداتەوە. بە دەست ئیشارەت دەکا برۆم و خێراکەم و بۆ دووایەمین جـار، بـە تونـدی سەرپەنجەکانم دەگوشێت.

باجی نـاز، بـە نیگایـەکی شـەرمین، لـە سـەراپام ورد دەبێتـەوە و چ قسەیەك ناکات. رەنگە تێگەیشتبێت کـە بـۆ دووەمـین جـار فێڵەکـەیم کەشف کردووە. سەری لەژێرەوە دەنیٚ و بۆ ساتێك دەبێتـەوە بـە خـودی واقیعیـی خـۆی، خۆیـەك بـەبیٚ دەمامـك، دەبێتـەوە بـە خـۆی پـیر و پەککەوتەی، بەبیٚ خۆ نوواندن و مەکر و ناز.

کە دەگەمەوە ماڵەوە، دەبینم مامۆستای نوێی پیانۆ چاوەڕێمە و ئیدی دڵم دەگیرێت. خاتوونی پۆڵەندایی هەمان ساڵی یەکەم شووی بە پیاوێکی موسوڵمان کرد کە چل ساڵ لەخۆی گەورەتر و لەگەڵیدا لە ئێران رۆیشت. مامۆستای دووەم رێك و رەوان، بە دایکمـی گـوت کـە مـن تۆزقاڵێـك

ئامادەییم بۆ فێر بوونی پیانۆ نییە و باشترین شتیش ئەوەیە ئەم پیانۆیە بە خۆڕایی بە یەکێك بدرێ.

شەو لەسەر سفرەی شێو، دایکم دەپرسێت:" کاك حوسامیش لەوێ بوو؟"

دەڵێم:" نا.. سەفەری کردبوو."

باوکم ڕۆژنامەکەی هەڵدەداتەوە. دەڵێ:" هەڵبەت لەگەڵ وەزیری جەنگدا بۆ بەلژیکا چووە." وا دەڵێ و پێدەکەنێ.

حەزم لە پێکەنینەکەی باوکم نییە و منیش وەك باجی ناز، قاپی خواردنەکەم بەدەست دەنێمە لاوە و تووڕە و نیگەران سفرەی شێو جێ دێڵم.

باوکم دەڵێ:" چ بوو؟"

دەنگی دایکم دەگاتە گوێم کە دەڵێ:" خۆزیا ئیدی بۆ سەردانی باجی ناز نەدەڕۆیشت."

چەند ساڵ دواتر، باجی ناز هەواڵی مردنی کاك حوسامی بە هۆی نەخۆشییەوە، لە دەرەوەی وڵات ( لە کوێ؟) بە هەمووان ڕاگەیاند. قلافەتی شازادە حوسامی ڕاوچیی، لە تاریکایی ژووری نووستنەکەی باجی نازدا، دێتەوە پێش چاوم و دڵم بۆی دەسووتێ. دواتر، دایکم پێی

گوتم کە کاك حوسام چەندین ساڵ لە خانەی پیر و پەککەوتان بووە و هیچ کەس هەواڵی لێی نەبووە. کاتی مردنەکەشی هەر تاك و تەنیا بووە و خودا دەزانێ کە لەو دووایین لەحزەیەدا بیری لە چیی کردۆتەوە.

نازانم بۆچی پێشبینیی دەکەم کە کاك حوسام، سەرەڕای تەنیایی لە خانەی پیر و پەککەوتووان، لەنێو خەڵکانی پیر و خەمیندا، هەستی بە ئارامیی و جۆرێك لە خۆشییەکی شاراوە کردووە. ئاخر ناچار نەبووە بۆ راوی مار و دوو پشك بچێ یان موعاشەرەتی درۆیینەی وەزیری جەنگ بکات. ناچار نەبووە ناوی خۆی بگۆڕێ و لەودیو دەرگای ژووری ژنەکەیەوە، وەك فەڕاشێکی ئەبەدیی، چاوەڕوانیی بکێشێ. ناچار نەبووە قژی بۆیە بکا و بە نەزاکەت و بەڕێز بێت. دەیبینم لەسەر تەختێك، لەژێر چەرچەفی کۆنەی چڵکن و پڵکن و لەپاڵ پەنجەرەدا راکشاوە و بێ باك لە سەرزەنشتی باجی ناز، دەداتە کوڵی چریکە و لە قوڵایی دڵەوە ستران دەبێژێ. رەنگە لەو ساتەوەختەدا، لەو دوایین دەرفەتەدا، بۆ قەرەبووکردنەوەی تەواوی ساڵە لەدەست چووەکان، سەمایەکیشی کردبێ و بە چەقەنە لێدانەوە بەرەو پێشوازی مەرگ چوو بێ.

*

# ئەودیو دیوار

چوارده ساڵیی، پەنجە تووتەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی پڕ لە وەسوەسەگەلی بەچێژە، لە بنی ڕۆژە گەرم و تەپ و تۆزاوییەکانی هاویندا دانیشتووە و بۆ بردنی من هاتووە. دەترسم و بە هەر چوار پەل بە بەرماوەی ئاسودەیی و ئارامیی مناڵییەوە دەنوسێم.

خەڵکیی هەمان روخساری پێشوویان نییە و بۆنێکی سەیریان لێدێ — بۆنی ئارەقەی جەستە و چێشتی ترشاو، بۆنی گۆشت و خوری مەڕ. شەوانی تەمبەڵانە و بێ خایلەی جاران ( ڕاکشان لەسەر تەختەنوێن بەدەمدا ، قونە و تلۆر، بە دەست و دەمی نەشۆراوەوە و ئاسوودە) گۆڕاوە بە شەوانی گەرم و سەرگێژکەر، تەژیی لە چپە چپی ئازاردەر و خەونی تێکەڵ پێکەڵ.

چواردە ساڵەیی وەك سەفەر وایە بۆ سەرزەمینێکی نەناسراو و خودان یاسای خۆیەتی. پاسکیل ئاژووتن لە کۆڵانە چۆڵەکاندا، بە پێی پەتی لەنێو باخدا گەڕان، پیاسە کردن لە شەقامگەلی گوماناویی و گاڵتەکردن لەگەڵ خزمەتکارە جحێڵەکانی ماڵدا، قەدەغەن. لەبری ئەوە، جلکێکی

کچانەی بە سەرقۆڵی فوو دراو و یەخە تۆڕیی سپییان بۆ کڕیوم و لەم جلکە نارِەحەتەدا، جەستەی نوێم دەناسم و هەست دەکەم پێی نامۆم.

نامەوێ گەورە بم و هیچ کەس لەم قسەیە تێناگات.

تا دوێنێ جەستەم نەبینراو و لە جوانیی و ناشیرینیەکەی بێ ئاگا بووم. ئەلعان، دەستەپاچەو خەمین، قۆپچەی بلوسەکەم دادەخەم و شەرم لە رووتیی قۆڵە لاوازەکانم دەکەم. باجی ناز سەرپۆشێکی رەشی نوێژی بۆ هێناوم و پێمدەڵێ دەبێ وەك گەنجینەیەکی پیرۆز پارێزگاریی لە جەستەم بکەم، خۆم داپۆشم و بزانم کە پاکیژەیی کیژانی جحێڵ گەورەترین سەرمایەی ژیانیانە.

پێنجەشەموان پاش نیوەڕۆ وانەی پیانۆم هەیە ( بە زۆری زۆردارەکیی ) و دایکم ئەمجارە لە کلاسی ژنێکی ئەرمەنیی ناونووسی کردووم. ئەم کلاسە – کلاسی بەدبەختیی – خانوویەکی وێرانەی ئەوسەری کۆلانێکی داخراوە. پێپلیکانەکانی بۆنی ئاودەست و دیتۆڵیان لێدێ، بۆنی خەستەخانە و شتگەلی گەنیو و پیر. ژوورەکان نیوە تاریك و تۆز و خۆڵاویی و پەنجەرەکان هەمیشە داخراون. خانمی مامۆستا پیرێژنێکی ناشیرینە کە لە حەژمەت خەم و تووڕەیی، نینۆکەکانی دەخوا و بە دارێکی درێژ بە لێواری پیانۆکەدا دەکێشێ. ژێر چاوانی رەش دەچنەوە و بەردەوام کەپووە تیژەکەی دەلەرزێ. وەك ئەوەی بیەوێ بپژمێ یان بۆنێکی گوماناویی کردبێ. کە چاوی بە من دەکەوێ، حاڵی خەراپ دەبێ. تا

ئێستا دوو جار، لەتاو تووڕەیی لە بەری دەستی داوم و فرمێسکی لە چاوانم هێناوە. ئەم کلاسی ئەشکەنجەدانە، لە نزیك ماڵی خزمێکی دایکمەوەیە. کێ؟ نازانم. هەر کێیەك بێ، خزمێکی بێ کار و خانەنشین و بێ پارەیە و لە باڵەخانەیەکی گچکە، لە بینایەکی کۆنی چیمەنتۆیی و لە ناوەڕاستی شاردا دەژی. ژنێکی لاواز و گچکەی هەیە، چاوانی چکۆڵە و خۆڵەمێشیی و لێوی باریك. لای خۆمەوە ناوم ناوە باجی مشك و لێی دەترسم. هەفتەی رۆژێك، دەمەو نیوەڕوان، لە قوتابخانەوە بۆ ماڵی ئەم خزمەمان دەچم، شتێك دەخۆم و لەوێوە بەرەو کلاسی پیانۆ بە ڕێ دەکەوم. دراوسێکانی باجی مشك و مێردەکەی خەڵکانێکی سەیر و سەمەرەن، بە بیجامە و سۆڵەوە لە نهۆمێکەوە بۆ نهۆمێکی تر دەچن. قاپ و قابلەمە و پانکە و گسك لەیەکتری قەرز دەکەن، شۆربا و ترشیات و چێشت بۆ یەکتری دەنێرن و لە پەنجەرەی ژوور یان بانیژەکانیانەوە لەگەڵ یەکتریدا دەپەیڤن. دراوسێی دەستە راست، پیاوێکی تەمەن مام ناوەندییە و بە تەنیا دەژی. لە بێوەژنانێکی خەمین دەچێ و ئیشی دورینی جلکی ژنانە یان چنینی مل پێچی درێژە. لە پاس یان تاکسیشدا هەر دەچنێ و گرینگیی بە سەیرکردنی پەیجۆرییانە و زەردەخەنەی گاڵتەجاڕییانەی خەڵك نادات. بۆ ئەوە لەماڵ دێتە دەرێ، تا قوماش یان گلۆڵە خوریی ڕەنگاوڕەنگ بکڕێت. مەکینەی دروومانەکەی لە بانیژەکە داناوە. دادەنیشێ و قوماش دەدورێ. زەمیلەیەکی گەورەی پڕ لە گلۆڵەی

ڕەنگاوڕەنگی خوریی هەیە، ئەمە جگە لە شیشی چنین و قولاپی تۆڕ تەنین و سوژنی باریك و ئەستوور بۆ گوڵ چنین. دراوسێکەی سەرەوە ژنێکی قەوقازییە و بە تورکیی و فارسیی و روسی قسان دەکا و هیچ زوبانێکیشیان بەباشیی بەڵەد نییە. تەمەنی نەنکمی هەیە، بەڵام یەك دونیا سووراو و سپییاو لە روخساری دەساوێ و هەمیشە خەریکی لوول کردنی قژە بۆیاخ کراوەکەی، یان بۆیە کردنی نینۆکە درێژەکانێتی. بانیژەی ماڵەکەی پڕە لە مێز و کورسیی و سەماوەر و پانکە و جلکی هەڵواسراو بە تەناف و ئینجانەی گوڵە شەمەدانیی و هەزار جۆر خرتکە و پرتکەی تر. بە ماکسییەکی درێژی تەنکی خەوەوە — نایلۆنێکی پەمەیی ڕەنگ — و گوارەی زل و قورسەوە، کە قەت لەگوێیان داناکەنێ، لەبانیژەکە دادەنیشێ و قاوە دەگرێتەوە. قاوە گرتنەوەکەی بۆ دراوسێکان بە خۆڕاییە، بەڵام لە خەڵکی تر پارەی نەقد وەردەگرێت. بەردەوام جگەرەیەکی نیوەکێشراوی بەلالێوەوەیە. بەو گوارانە و بەو جگەرە نیوە کێشراوەوە دەنوێ و وەئاگا دێتەوە. لەگەڵ دراوسێکانی دەستە چەپدا — بێوەی خەمین یان هەمان کاکی بەرگدروودا — پەیوەندیی هاوڕێیانەی هەیە. کوپە قاوەکەی وی، بە زەمیلەیەکی گچکە، کە بە پەتێکی درێژەوە بەستراوە، بۆ سەرەوە هەڵدەکێشێ. هەر هەموو ئەو شتە خەراپ و باشانەی بڕیارە بەسەریدا بێن، هەر لە سەفەرەوە تا دەگاتە وەرگرتنی پارەیەکی چاوەڕوان نەکراو، تا دەگاتە ناسینی ژنێکی جحێڵ و تا مردن،

هەر هەمووی لەسەر کاغەزێکی کایی دەنووسێ و نامەی داخراو بە هەمان زەمیلەدا بۆ نهۆمی دووەم دەنێرێتەوە. گێتیی خانم دراوسێی دەستە راستە، هاوسێی دیوار بە دیوار، دیوارگەلی باریکی تەنك وەك توێکڵی پیاز. دەتوانرێ دەنگی قسە، تەپەی پێ، خوڕەی ئاوی ئاودەست، کۆکە و پژمین و پێکەنینی ئەم دراوسێیە بە هاسانی بژنەڤرێ. من هەقم بەسەر دراوسێکانی ترەوە نییە و تەواوی ئەقڵ و خایلەم بەدوای ویدا رادەکات. گەورەترەکان ( ژنانی خۆ نوێن و سەر لەسەر بەرماڵی خێزان ) لە کاتی قسان کردندا لەبارەی ئەوەوە، ئاخ هەڵدەکێشن و تف دەکەن و شین و مۆر دەبنەوە. بەڵام کە سەری قسان لەبارەی ئەوەوە دادەمەزرێنرێ، گوێیان تیژ دەکەنەوە و چاوە پەیجۆرەکانیان بریسکە دەدات. بە گوێی یەکدیدا دەچرپێنن و قولاّیی دەنگیان پڕ دەبێ لە ویتە ویتی خۆشی ژنانە. دایکم ئەهلی چپە چپ نیە و رێك و رەوان نەفرەتی خۆی بەرامبەر ئەم ژنە بە گوێی هەمووان رادەگەیەنێ. گێتیی خانم، لە چاوی ئەوەوە، ژنێکی خەراپە و ئەم ( خەراپ ) ەش، وەك وشەیەك کە بە مەرەکەبی سوور و پیتی گەورە نووسرابێ، لە قولاّیی رستەکانییەوە دێتە دەرێ و گۆ کردنی زبر و ئەستووری ئەو وشەیە، بە زرنگەیەکی تایبەتیی بەنێو گوێچکەدا دەچەقێ. خەراپیی گێتیی خانم لە دونیایەکی نهێنیی ئامێزەوە دێ و تام و بۆیەکی ناخۆشی هەیە. دەبینم لێوی دایکم کاتێ بەر ئەو وشەیە دەکەوێ، بە تایبەتیی ئەو ( خەراپ ) ە، وەك بەرکەوتنی لەگەڵ تەنێکی

شەرمهێندا، گرد دەبێتەوە، پەڕەکانی کەپووی ڕاست دەبنەوە و گرژییەکی تاڵ لەسەر روخسارە مۆنەکەی دەنیشێ. من ئەو گرژییە ماناداره دەناسمەوە و دەزانم چەند مۆچیاریی و هەڕەشە و ئەبێ و نابێی تێدا حەشار دراوە. لەگەڵ ئەو وشەیەدا گەورە بووم و خووم پێوەی گرتووە. بەڵام خەراپیی گێتیی خانم لە جینسێکی ترە و وەك مەرەکەبێکی چڕ لەسەر پێستی پاکژی شتەکان پەخش دەبێ و پەڵەی ڕەش لەدوای خۆیەوە جێدێڵێ. ئەو خەراپییە بێوەی و بێ رەنگەی کە دایکم من و براکەمی پێ سەرزەنشت دەکات، پووچ و هەوانتەیە و وەك بڵقی ئاو لە هەوادا دەتەقێ. من شتێکی نەفرەتاویی لەم ژنەدا نابینم. لە هەموو ژنانێکی شەکەت و خەمینی دونیا دەچێ. لە دەمی باجی مشکەوە دەبیستم کە چەند کەسێك لە دراوسێکان لەگەڵیدا تێکچوون، بەتایبەتیی دراوسێی بەرامبەر کە بەڕێوەبەری قوتابخانەیە و چاوی بە بینینی گێتی خانم هەڵنایە. بڕیاری داوە، بە هەر نرخێك بووە، لەم گەڕەکەی بکاتە دەرەوە.

ئەمڕۆ لەو ڕۆژانەیە کە گێتیی خانم جنێو بە دارو بەرد دەدات. دەنگی لەبەر دەرگای حەوشەوە دێ. لەگەڵ خانمی بەڕێوەبەری قوتابخانەدا دەمیان لەیەك گیر بووە.

دەچمە بانیژەکە و سەیرێك دەکەم. ئەفسەری پۆلیسیش هاتووە. دراوسێکان لەبەردەرگا کۆبوونەتەوە. قەرەباڵخییان کردووە. بەرز بەرز دەدوێن.

یەکێکیان دەڵێ:" دەیانەوێ لە گەڕەك دەری بکەن. خانمی بەڕێوەبەر گوتوویەتی لێرە خێزانی بەڕێز دەژین. ژن و مناڵیان هەن. چووە بۆ پۆلیسخانە و شکاتی لێکردووە."

باجی مشك، کە بە رووالەت لەگەڵ گێتیی خانمدا هاوڕێیە و بە تاسووقەوە ترشیات و مرەبای دەستی وی خواردووە، لەگەڵ خانمی بەڕێوەبەردا دەبێتە هاودەنگ و پشتی دەگرێ. ئەوانی تریش بە دەرکردنی گێتیی خانم قاییلن.

باجی مشك دەڵێ:" وەرە ژوورەوە. هەقت نەبێ. سەیر مەکە."

- بۆچیی سەیر نەکەم؟

- وەرە ژوورەوە.

لە جێگاکەم ناجولێم. گەر بمتوانیبا یەك لەقەم لە پێ و پووزە قەڵەوەکەی خانمی بەڕێوەبەر دەدا چونکە بەچاوی خۆم بینیم کە چۆناوچۆنیی لە کارەکەرە جحێڵەکەیانی دەدا و لە بەخیلیدا قژە درێژەکەی رادەکێشا.

بانیژەکە جێدێڵم و دەچمە سەر پێپلیکانەکان. گێتی خانم دەبینم بە هەناسەبڕکێوە، دێتە سەرەوە. لەژێر لێوەوە شتگەلێك دەڵێ و ئارەقە بەسەر و روخساریدا چۆڕاوگەی بەستووە. زەمیلە گەورەکەی پڕە لە سەوزە و نان و میوە. وەك بڵێی ئاگای لەوە نەبێ کە دەیانەوێ وەدەری بنێن. خۆ گەر ئاگاشی لێبێ ئەوا نایهێنێتە سەر خۆی. دەچمە خوارتر، نزیکی

رادەوەستم. گێتی خانم لەسەری پێچەکەدا راوەستاوە و لەگەڵ کەسێکی نەبینراودا دەدوێ. بلوسەکەی چڵکنە. زنجیری تەنورەکەی هەڵتلیشاوە. لەسەر پێپلیکانەکە دادەنیشێ و پێو پلی دەشێلێ. وەزعی باش نییە. هەناسە برکێیەتی. زەمیلەکەی قلّپ دەبێتەوە و چەند سەلکە پیازێك و چەند پەتاتەیەك بەسەر پێپلیکانەکەدا خلۆر دەبنەوە خوارەوە. جگەرەیەك دەنێتە لا لێوی و لەگیرفانەکانیدا بەدوای شقارتەدا دەگەڕێ. نایدۆزێتەوە. دڵ و ریخۆڵەی جانتاکەی لەسەر پێپلیکانەکە بەتاڵ دەکات. تیوبێکی سووراو بەبێ قەپاغ بەدوای پەتاتەکاندا خلۆر دەبێتەوە. پارە وردەکانی بڵاودەبنەوە. چەند وێنەیەك و چنگێك قاقزی لوول کراو و برێك گوڵەبەرۆژە و بنێشت و وردە پسکیت لە جانتاکەی دەکەون. یەکێك لە بنێشتەکان دەنێتە دەمی و تەماشای من دەکات. چاوانی میهرەبانن. بنێشتێکی تر لەسەر پێپلیکانەکە هەڵدەگرێتەوە، فووی لێدەکا، بە داوێنی دەیسرێ و بۆم رایەڵ دەکات. حەپەساو تەماشای دەکەم. دەزانم کە مافی قسان کردن یان نێزیك بوونەوەم لێی نییە. ئاخر هەرکەسێك شت لەم ژنە ( خەراپ ) ە وەرگرێ، بەتایبەتیی شتی خواردن، ئەوا وەك ئەوی لێدێ.

توبا خان دەڵێ گەورەترەکان دەتوانن خۆیان بپارێزن. بەڵام منالان یان کیژانی گەنج، ناسك و هەستیارن. دڵیان کراوەیە و شەیتان بە هاسانی خۆی بە مێشك و رۆحیاندا دەکات.

دەستی گێتیی خانم بەرەو لای من رایەڵ بووە و چاوەڕێیە. دەستی سپی و بۆن خۆشە، وەکی دەستی دایکم. بنێشتەکەی لێ وەردەگرم. دەینێمە ژێر زوبانم و پاشان، کاتێ کە ئاگای لێ نییە، دەری دێنم و بە سووچی دیوارەکەوەی دەنووسێنم. هێشتا هەر بەدوای شقارتە ون بووەکەیدا دەگەڕێ. هیلاکە. پاڵ بە دیوارەکەوە دەداتەوە و بۆ ماوەیەك چاوانی لێکدەنێ. لەنێوان هەرتك برۆیدا هێڵێکی قووڵ دەنیشێ و دوو لای لێوی بەرەو خوارەوە دەکشێن. دەستی بۆ ژێر تەنورەکەی دەبا و ئەژنۆکانی دەخورێنێ.

هەندێ رۆژ، وەك ئەمڕۆ، گێتی خانم شۆخ دەبێت. وەك بڵێی شەڕ و شۆڕی پێوەبێت. کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕاون و سەرلێوی ئارەقەی کردۆتەوە. ددانە سپییەکانی دەبریسکێنەوە و پێستی، سەرەڕای نەخۆشیی و شەکەتیی، تەڕ و تازە و ساخە. من حەقم بەسەر قسە و چپە چپ و دوو زمانیی خەڵکانی گەورەوە نییە و لەقوڵایی دڵمدا دەزانم کە گێتیی خانم لە هەموو ئەو کەسانە باشترە، چونکە ناڕەسەن و درۆزن نییە. ئەوەیە کە هەیە، ئیتر باش بێت یان خەراپ. ناترسێ و گرینگیی بەو قسانە نادات کە لە پاشەملە پێی دەدرێن. هەمووان دەزانن چ کارەیە. کچەکەیشی هەر دەزانێت. حەرەسەکەی جاددەش دەزانێت. کاك عەلی قەساب یش هەر دەزانێ و قاقا پێدەکەنێ. مادام یش دەزانێ و ژیانی ئەوی لە فنجانی قاوەدا بینیوە. باجی مشك یش هەر دەزانێ بەڵام

خۆی گێل دەکاو وەکو کیژانی دڵپاك وا دەنوێنێ کە ئاگای لە هیچ شتێك نییە. بەڵام درۆ دەکا و هەر خەریکی وتی وتیی و دوو زوبانییە. ئاگای لە تەواوی هات و چوونەکانی گێتی خانمە و بە تین و تاوەوە بۆ خەڵکی دەگێڕێتەوە. بەڵام هیچ کەس بە ئەندازەی من لەو شتانەی کە لە ماڵەکەی گێتی خانمدا روودەدەن، وەئاگا نییە. لەوسەری ڕاڕەوەکەدا ئەمبارێکی گچکە هەیە کە بە رووکەش دەرگاکەی قوفڵ دراوە، بەڵام بە پاڵێك دەکرێتەوە. لەناوەڕاستی دیوارەکەدا، لای راستەوە، کلاورۆژنەیەکی بازنەیی و تۆزو خۆڵاوی هەیە کە پەردەیان پێدا داکوتیوە و شوشەکەیان بە رۆژنامە گرتووە. بەڵام لە درزێکی باریکییەوە دەتوانرێ نیوەی حەوشە و بەشێك لە موبەقەکەی گێتی خانم ببینرێت. هەندێ رۆژ، باجی مشك بۆ بازاڕ کردن لە ماڵ دەچێتە دەرەوە. دوو منالە دووانە هارو هاجەکەشی لەگەڵ خۆیدا دەبات چونکە دەترسێت ماڵەکە ئاگر تێبەردەن یان بەڵایەك بەسەر باوکە کەفتەکارەکەیاندا بێنن. باوکیان بە ئاخری پیرییەوە بۆتە خاوەنی منالٚ و دووانەکەی لە کوڕەزا و کچەزاکانی گچکەترن. کاری وی بریتییە لە راکشان لەسەر تەختەنوێن و حەل کردنی خشتەی رۆژنامەکان. کاتێ بیانەوێ ماڵ بتەکێنن، ئەوا ناچار رایدەکێشن، بەدەم ناڵە ناڵ و ئاخ و ئۆفەوە، لە ژوورەکە دەیهێننە دەرەوە. ترسی لە حەمام کردنیش هەیە. بەتایبەتیی لە سیسرك و جاڵجاڵۆکەکانی حەمامەکە دەترسێ. هەرجارێك مێروویەك لە فەزای نیوە تاریکی حەمامەکەدا دەفڕێ یان دڵۆپە ئاوی

ساردی دوشەکە بەر لەشی دەکەوێ، دەکەوێتە باوکەڕۆ و لەدەرگای حەمامەکە دەدات.

چەندین جار بەخۆم گوتووە ئیتر بۆ ماڵی ئەم پیاوە و باجی مشك ناچم یان ئەگەر بشچم، پێم ناخەمە ئەمبارەکەوە. بەڵام دوو رۆژ دواتر بەڵێنەکەم دەشکێنم. بیانوویەك دەدۆزمەوە و خۆم بە ماڵەکەیان دەگەیەنم. ئارام دەگرم تا ماڵەکە چۆڵ بێ و ئەوسا وەك خەڵکانێکی جنۆکە دەست لێوەشێنراو، خۆم دەگەیەنمە ئەمبارەکە و چاوم بە درزی کلاورۆژنە نەفرەتییەکەوە دەنووسێنم.

ئەمڕۆ بەختەوەرم. باجی مشك و منداڵەکانی لە ماڵەوە نین. دەچمە ئەمبارەکە و دەرگاکەی دادەخەم. ئازایەتیم زیاتر بووە و پارچەیەکی گەورە لە رۆژنامە چەسپێنراوەکە لێ دەکەمەوە. هەنووکە باشتر و زیاتر دەتوانم ببینم. گێتی خانم لەگەڵ کیژەکەیدا تەنهایە. لە موبەق دانیشتوون و نان دەخۆن. گێتی خانم پەنجەکانی دەلێسێتەوە و بە ئیشتیایەکی فرەوە پاروو دەگلێنێ. پارچە کەبابی چەور هەڵدەبژێرێ و دەینێتە قاپی کیژەکەیەوە. کیژەکەی نایەوێت. قاپەکەی دەنێتە لاوە بەڵام دایکی واز ناهێنێ و بە حیرسەوە پلێك گۆشت لەبەر دەمیدا رادەگرێ. بە عیشقەوە سەرپەنجە چەورەکانی بە گۆنا و قژی کیژەکەیدا دێنێ و کیژەکەیشی بە بێزارییەوە گۆنای پاك دەکاتەوە. چ کیژێکی تووڕە و تڕۆیە. لەتەواوی ئەو ماوەیەدا یەك وشە قسەی نەکردووە. سەری لەژێرەوە ناوە و پارووەکانی

بە خۆخواردنەوە و خەفەتەوە دەخوات. رەنگە لە ئیمتیحاندا دەرنەچووبێت، رەنگە شتێکی خەراپی لێ روودابێت. گێتی خانم بۆ کیژەکەی دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە. بەردەوام نازی دەداتێ و نەوازشتی دەکات. تەواوی خواردنەکانی سەر سفرە لەبەردەم ویدا دادەنێ. پەرداخەکەی پڕ لە دۆ دەکات. قاشێك کاڵەك لێدەکاتەوە و لەپاڵ قاپەکەیدا دایدەنێ. هەرجارێك بەلایدا تێدەپەڕێ، دەستێك بە سەر یان پشتیدا دێنێ و کیژەیش بە بێزارییەوە دەستی لادەبات. پاڵی پێوەدەنێتە ئەولاوە. گەر من وا لە دایکم بکەم سزا دەدرێم. بەڵام گێتی خانم هەر گوێشی ناداتێ. بەپێچەوانەوە، نووشتاوەتەوە و دەیەوێ بەزۆر گۆنای کیژەکەی ماچ بکات. قاقا پێدەکەنێ و نەوازشتی دەکات. کیژەکەی دەبینم لە دایکی ورد دەبێتەوە. قسەیەکی خەراپ لەسەر لێوێتی. لەبەرخۆیەوە شتێك دەڵێ. گێتی خانم سوور دەبێتەوە و رووی وەردەگێڕێ. پاروویەك دەپەستێنێتە دەمی و توند توند دەیجوێت. کیژەکەی، بەهێواشیی و بەهەمان سەیرکردنی سارد و نارەسەنانەیەوە، هەمدیس قسەکەی دووبارە دەکاتەوە. خۆزگە گوێم لە دەنگی با. حەزم دەکرد بمزانیبا چ دەڵێ؟ هەرچییەك بێ قسەیەکی خەراپە چونکە گێتیی خانم بەو قسەیە سپیی هەڵدەگەڕێ و مات دەیباتەوە. دەستی بێ جووڵە لە هەوادا راگرتووە و بە واقوڕماویی لە کیژەکەی دەنۆڕێ. تا ئێستا گێتی خانم بەم شێوە گێژ و زەندەق چوویيە نەبینیوە. وەك بڵێی مردبێ. دەنگی

دەرنایەت. زۆر لەخۆی دەکات پێبکەنێ، بەڵام ناتوانێ. دەمی داپچڕاوە و پێکەنینە درۆیینەکەی بووەتە جۆرێك لە دەم داپچڕین. دەستی بە ترس و لەرزەوە رایەڵ دەکا و سەر پەنجەکانی بە یەخە و ملی کیژەکەیدا دێنێ. کیژەکەی لە جێگەکەی رادەپەڕێ. بە مشت بە مێزەکەدا دەکێشێ و پەرداخە دۆکەی دەڕژێ. بە لەقە بەردەبێتە کورسییەکەی. دایکی دەنێتە لاوە و دەنگی بەیەکدادانی دەرگای ژوورەکەی دێت. گێتی خانم تەنانەت یەك وشەش بە کیژەکەی ناڵێ. بەڵام روخساری لە حەژمەت خەفەت چرچ و لۆچ بووە و لێو دەکرۆژێ. پاڵ بە دیوارەکەوە دەداتەوە. دەستی دەنێتە سەر سینگی وناڵەیەکی هێور دەکات. دەنگی کەوتن و وردو خاش بوونی شتگەلێك، وەك قاپ و پەرداخی شووشە، دێتە گوێم. گێتی خانم بە لاسارییەکانی کیژەکەی راهاتووە. نارەزایەتیی نانوێنێ و ناو چاو گرژ ناکات. دەچێت بۆ موبەق و قاپەکان دەشوات.

سەعاتێك دواتر، هەمدیس دێمەوە لای کلاوڕۆژنەکە. دەبینم خەریکی ئوتووکردنی جلکی کیژەکەیەتی. دەزانم ئەوە جلکی کیژەکەیەتی چونکە رەنگی جلکەکانی وی، خۆڵەمێشی و رەش و سپین، بە یەخەی داخراو و قۆڵی درێژەوە، وەك جلکی پیرێژنانی خەمین. جلکەکانی گێتی خانم خۆی، بە پێچەوانەوە، سوور و زەرد و ئاڵ و واڵا و بێ قۆڵ و یەخە کراوەن. روخسەت نادا کیژەکەی تەنورەی کورت یان جلکی تەسك لەبەرکات. مۆڵەت نادا بەبێ خەبەر یان بەبێ قاییل بوونی وی پێ لەماڵ بنێتە

دەرەوە. بە چوار چاو چاودێریی دەکات. گەر کەسێك لە دەرەوە بە خەراپ تەماشای کیژەکەی بکات، یان تانوتێکی لێبدات، بە توندی لەسەری دێتە دەنگ. کاتێ مەسەلەکە پەیوەندیی بە کیژەکەیەوە هەبێت، وەك گورگی لێدێ و غیرەتی دێتە کوڵ. گەر ببیستێتەوە کەسێ لە پاشەملە قسەیەکی ناجۆری بۆ کیژەکەی هەڵبەستووە، قیامەت هەڵدەسێنێ. تەنانەت مۆڵەت نادا مادام یش فاڵی بۆ بگرێتەوە.

لەگەڵ مندا میهرەبانە و پێی خەراپ نییە بە کیژەکەیم بناسێنێ یان کیژەکەی جار جار لەگەڵ من و باجی مشکدا بۆ قاوەخانەی شەهرەداری یان سینەما بنێرێت. بەڵام کیژەکەی تووڕە و مۆنە و لە بونیادەم هەڵدێت. یەك دوو جار گێتی خانم سەری قسەی لەوبارەیەوە لەگەڵمدا دامەزراندووە، ناو و تەمەنی پرسیوم. چەند جارێکیش لەسەر پێپلیکانەکان گرتوومی و لەگەڵمدا قسەی کردووە. پێی گوتووم دەتوانم لەگەڵ کیژەکەیدا ببمە هاوڕێ و بۆ ماڵمان داوەتی کەم، منیش وەك خەڵکانێکی کەڕ و لاڵ، زەق زەق سەیریم کردووە و دەنگم دەرنەهاتووە. هەرجارێك ئەم ژنە لەپاڵمدا رادەوەستێ و بۆنی جەستەی دەگاتە کەپووم، سەیرم لێ بەسەر دێت. دەست و پێم لێ ون دەبێ. داخ دەبم و جەستەم دەنیشێتە سەر ئارەقە. هێشتا تامی ئەو بنێشتەی کە پێیداوم، لەژێر زوبانمدایە و ئازارم دەدات — ئازارێکی خۆش، وەك زوبان هێنان بە ددانێکی بریندار و لەقدا.

هەفتەی پێشوو خۆم کردە نەخۆش و لە ڕۆیشتن بۆ کلاسی پیانۆ بوورام. ئیدی ناچار نەبووم بۆ ماڵی باجی مشك بڕۆم و نەڕۆیشتنیش بۆ ئەو ماڵە، واتە راکردن لە دونیای سەرگێژکەری گێتی خانم. تەواوی هەفتە، وەك کەسێك کە لە نەخۆشییەکی درم چاك بووبێتەوە، پەنام بۆ ژوورە رووناك و پاك و تەمیزەکانی شەمێران برد و لەوێ هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا. خایلەم هاوسەنگ و رێك و پێك و خەونەکانم گچکە و بەبێ مۆتەکە بوون. رەنگەکان میهرەبان و دڵگیر بوون و بۆنە سەر گێژکەرەکانی ماڵی گێتی خانم بە عەترێکی سووك و ئاشنا گۆڕدران. لە ماڵە رووناکەکەی شەمێران بووم و خەیاڵم ئاسوودە، تا رۆژێك مامۆستا مەزاحیمەکەی پیانۆ جوابی نارد کە ئەگەر جارێکی تر نەچمەوە کلاس، ئەوا ناوم لە لیستی ژەنیرەرانی کۆنسێرتی کۆتایی ساڵدا دەکوژێنێتەوە. هەڵبەت لەخودام دەوێ، بەڵام دایکم هەر لە ئێستاوە خاڵ و پوور و تەواوی هاوڕێیان و ناسیاوانی بانگێشت کردوون و جا نائومێدکردنی ئەویش بۆ شتێکی ئاوها، شتێکە بێ ئەندازە مەحاڵ. گەرچییش دەزانم کە چ بەدبەختییەکی گەورە چاوەڕێی من و مامۆستای پیانۆ و دونیای مۆسیقایە. مەزەندە کردنی ژەنین ( بەم دەست و پەنجە بێ بەهرەیەمەوە) لە بەرامبەر پێرێك خەڵکی غەریبەدا، جەستەم دەهێنێتە لەرزین. هەموو شەوێك، خەون دەبینم کە هیچ دەنگێك لە کلیلەکانی پیانۆکەوە نایەتە دەرێ و منیش بە هەناسەبڕکێ و شەڵاڵ لە ئارەقە، وەئاگا دێمەوە. هیچ

کەسێك لە خێزانەکەی ئێمەدا ئەهلی مۆسیقا نییە — نە مۆسیقای ئێرانی، نە بیانیی، نە نوێ و نە کلاسیك. هیچ کەسێك بەر لەمن پەنجەی بەر کلیلی پیانۆ نەکەوتووە. هەبوونی پیانۆ روداوێکی نوێیە و سەرسامیی و ستایش و بەخیلیی هەمووانی وروژاندووە. کاك حەسەن لەم مەخلۆقە دلەڕاوکێ وروژێنە، کە وەك ئەسپێکی ئەفسانەیی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا راوەستاوە و لەتوانایدایە باخەکەی شەمێران هەڵلوشێت، دەترسێ و بە رێزێکی هەڵگۆزراو لە سەرسوڕمان، سڵاوی لێدەکات و وەك بەخێرهێنانی شاژنێکی ئینگلیز، زەماوەندی بۆ دەگێڕێ و بە شانازیی و ستایشەوە تەماشای دەکات. گەر منیش وەك ئەو بیرم کردبایەوە یان هەمان هەستم هەبا، ئەوا رەنگە دواجار، دوای هەفتەو مانگان هەوڵدان، دواجار بمتوانیبا پارچەیەك مۆسیقای سادە بژەنم. بەڵام بە عەمەلی ئەوە نایەم و تێناگەم بۆچ بەزۆر منیان ناچاری ئەم ئیشە بێ مانایە کردووە.

پێنج شەممەی نەفرەتیی دێ. دەبێ فراوین لە ماڵی باجی مشك بکەم و دوو سەعات دواتر بەرەو کلاسی پیانۆ بچم. باجی مشك لای دکتۆر وادەی بۆ دووانەکە گرتووە و مێردە جەربەزەکەشی دوای حەمام کردن، لە حەژمەت شەکەتیی و خەم، لەهۆش خۆی چووە. هەر لەگەڵ تەنها بوونمدا فیلەکەم کەڵکەکەی هیندستان دەیداتەوە لە کەللەی و وەسوەسەی ئازار وروژێن، دەکەوێتەوە گیانم. بەخۆم دەبێژم نا، سەیر ناکەم. ژیانی ئەودیو دیوارەکە چ پەیوەندیی بە منەوە نییە. گوو بە گۆڕی باوکی گێتی خانم و

کیژەکەی و ئەو خەڵکە غەریبانەی کە بۆ ئەو ماڵە دێن. هەرلێرەدا دادەنیشم و ناجوڵێم. خۆم بە کتێب و گۆڤارەوە خەریك دەکەم. فیکە دەکێشم. گۆرانیی دەڵێم، دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، دەچمە کۆڵان. نا. نا. نا. پێ نانێمە ئەمبارەکە. مەحاڵە.

شتێك بووە. دەنگە دەنگێکی گوماناویی لەماڵی گێتی خانمەوە دێ. وەك بڵێی شەڕ بێ. گرینگیی پێ نادەم. پەیوەندیی بە منەوە نییە. بەڵام هەموو هۆش و گۆشم دوای ئەو دەنگانە دەکەوێ. چ روویداوە؟

دەنگی گێتی خانم دەگاتە گوێم و ئەم دەنگە، وەك موگناتیس، جەستە بێ هێزەکەم بەرەو لای خۆی رادەکێشێ. دەرگای ئەمبارەکە دەکەمەوە. دەچمە ناوەوە و چاو بە درزی کلاوڕۆژنەکەوە دەنێم. کیژەکەی گێتی خانم لە حەوشەیە. دانەویوەتەوە و قەیتانی پێڵاوەکەی دەبەستێ. دەیەوێ بەرەو جێگایەك بچێت، بەڵام پەلەی نییە. رادەکاتە موبەق. دەرگای یەخچاڵەکە دەکاتەوە و بە بتڵەکە ئاو دەخواتەوە. خەیارێك هەڵدەگرێ و گازێکی لێدەگرێ. دەنگی گێتیی خانم دێتە گوێ. دەنەڕێنێ، هاوار دەکا و بە کیژەکەی دەڵێ گورجکات. پاشان خۆیشی وەدیاردەکەوێ و ئیتر من ئەم گێتی خانمە میکیاژ کردووە ناناسمەوە. قژە زەردەکەی لوول کردووە و سێبەرێکی سەوزی لەسەر پێڵووەکانی ساویوە. لێوی وەنەوشەییە و خاڵێکی گەورەش لەناوەڕاستی کوڵمیدا دەدرەوشێتەوە. تەماشای کاتژمێرەکەی دەکا و بەسەر کیژەکەیدا هاوار دەکات:" بۆچیی ماتڵی؟

زووکە. بڕۆ دەرەوە." کیژەکەی منجە منج دەکات. وەك ئەوەی بیەوێ بە ئەنقەست خۆی ماتڵ کات. بەدوای خوێدانەکەدا دەگەڕێ. خەیارەکەی بە خەیاڵێکی ئاسوودە، هێور هێور پاك دەکات. گێتی خانم کلاّفەیە. هەمدیس سەرزەنشتی کیژەکەی دەکات کە گورجکات. قۆڵی دەگرێ و رایدەکێشێ. کیژەکەی دەقیژێنێ و هێند بە توڕەییەوە دەستی دایکی رادەتەکێنێ و هێند بە بوغزەوە تەماشای دەکا کە دڵم دادەکەوێ. گێتی خانم لێی دەپاڕێتەوە. بەقوربان و بەسەدەقەی دەبێت. تا دواجار، کیژەکەی خەرامان خەرامان، بەرەو لای دەرگاکە دەچێ. گێتیی خانم دەبینم شەکەت و بێچارە، پاڵی بە دیوارەکەوە داوە و ماتی بردۆتەوە. هەرجارێك لەگەڵ کیژەکەیدا شەڕی دەبێ، پیر و گرمۆڵە دەبێ. گێتی خانم واز لێدێنم و بەرەو لای کیژەکەی دەچم. دەزانم لە ڕاڕەوەکەیە. لەسەر پێپلیکانەکان دانیشتووە و دەرس دەخوێنێ. وادەنوێنێ من نابینێ و سەرگەرمی خوێندنەوەی کتێبەکەیەتی. بەلاّم فێڵ دەکا و زەینی لای منە. دڵنیام. بەقلاّفەتیدا دیارە. خێرا خێرا چاو دەتروکێنێ و بیلبیلەی چاوی ناجوڵێ. کوتوپڕ بەنیگایەکی خێرا و دەستەپاچە لێمدەنۆڕێ و هەمدیس تەماشای کتێبەکەی دەکاتەوە. پەڕەکانی هەڵدەداتەوە. کەمێك خۆی بۆ دواوە دەکشێنێتەوە و بە توڕەییەوە قۆپچەی داخراوی یەخەکەی دەکاتەوە. نیگا لاسارەکەی من ئازاری دەدات. پەڕەی کەپووی دەلەرێ. دراوسێکان سۆزی بەرامبەر دەنوێنن و کاریان بەسەرییەوە نییە. کاکی

بەرگدروو ملپێچێکی سێ مەتری بۆ دووریوە و مادام دوور لە چاوی گێتیی خانم، فاڵی بۆ گرتۆتەوە. کەسێك مەزاحیمی نابێت. هیچ کەسێك جگە لە من کە لەبەر پێپلیکانەکاندا راوەستاوم و زەق زەق تەماشای دەکەم. ئەم کچە دەیەوێ تێمبگەیەنێ کە من نابینێ، یان ئەگەر بیشمبینێ، چ گرینگییەکم پێنادا و منیش، بە نارەسەنییەکی سەیر کە بەدەست خۆم نییە، بە نیگایەکی موزی و بە مانا تێی دەگەیەنم کە لە نهێنیی خۆی و دایکی ئاگادارم و دەزانم بۆچی لەوێدا دانیشتووە. دەبینم رەنگی سپیی هەڵگەڕاوە و لێوی دەلەرزێ. کتێبەکەی پەڕە پەڕە هەڵدەداتەوە. دایدەخات. دەینێتە سەر ئەرزەکە. دەفتەرەکەی هەڵدەگرێ. لەجانتایەکی گچکەدا بەدوای قەڵەمدا دەگەڕێ و هەمدیس بە تیلەی چاو نیگایەکی خێرام تێدەگرێ. بە خێرایی روو وەردەگێڕێ و سەری قەڵەمەکەی دەجوێ. تووڕەیە. شتگەلێك دەنوسێ. خەتی بەسەرا دێنێ و دەیکوژێنێتەوە. گریانی دێ. دڵم توند توند لێدەدات. خەمی گەورەی وی بۆ منیش گوێزراوەتەوە. حەز دەکەم قسەیەکی هاوڕێیانەی لەگەڵدا بکەم، لەناکاوێکڕا لە جێگاکەی رادەپەڕێ. دەفتەرەکەی دەکەوێ. یەك دوو پلیکانە دێتە خوارەوە و پەنجەی دەنێتە سەر زەنگی دەرگاکەیان. زەنگ. زەنگ. زەنگ. کۆڵ نادات. گێتی خانم وەڵام ناداتەوە. هێشتا میوانەکەی نەهاتووە. من نەمبینیوە چ کەسێك بچێتە ماڵەکەیانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەرگاکە ناکاتەوە. کیژەکەی گێتی خانم بە مشت و لەقە بەردەبێتە

دەرگاكە. شێت بووە. لێی دەترسێم. هەمدیس پەنجەی دەنێتەوە سەر زەنگی دەرگاكە. سەری دەكێشێ بە دنگەی دەرگاكەدا و خوڕ خوڕ كوڵی گریانی بەردەبێ. من رادەكەم. دەچمەوە ژوورەوە و دەرگاكە دادەخەم. وەزعم خەراپە. دڵم بەیەكدا دێت. دڵم هێندەی كێوێكی لێهاتووە و هێند هەستی ژێوانیی دایگرتووم كە حەز دەكەم دیارنەمێنم. باجی مشك دێتەوە ماڵەوە. كلاسی پیانۆم بیرچۆتەوە.

دەپرسێ:" وەزعت باش نییە؟ بۆچی رەنگت سپیی هەڵگەڕاوە؟"

وەلامی نادەمەوە. لەم ماڵە، لەم ژینگەیە و لەم خەڵكانە بێزارم. گەرەكمە بۆ باخە ئازیزەكەی شەمێران بگەڕێمەوە، بۆ دونیای خەڵكانی ئاقڵ و كارقاییم، خەڵكانی بێزەوەر بەلام ئاشنا.

هەر لەگەڵ گەیشتنندا، جلكەكانم دەگۆڕم. دەچمە نێو نوێنەكەم. چەرچەفەكە بەسەر روخسارمدا دەدەم و دەنووم. دەبوورێمەوە. سەرەتای خۆراوابوونە. دایكم شەكەتییەكەم بە حیسابی كلاسی پیانۆ لێكدەداتەوە و بە شانازییەوە تەماشام دەكات. دەرگای ژوورەكەم دادەخا و بە رێزێكی ئاوێتە بە ستایش مۆڵەتم دەداتێ بنووم. كە وەئاگا دێمەوە، دونیا تاریك داهاتووە. شەوێ میوانمان هەیە. گڵۆپەكانی باخ داگیرساون و ئاوی فوارەكان بەسەر گوڵە ئەتڵەسییە سپییەكاندا دەپرژێت. هەوا تەژییە لە گەردیلەی بۆن خۆش، ئەم بۆنە، وەك سەرپۆشێكی تەنك بەسەر خایلە تۆزاوییەكانما دەدرێ و لەژێر ئەم پەردە پاكیژە بۆن خۆشەدا، وێنەی گێتی

خانم و کیژەکەی لەسەر تەختەی زەینم دەسڕدرێتەوە. باوکم لەسەر کورسییە هەمیشەییەکەی خۆی شانی داداوە و لەفەراوان بوونی زەوی و زارەکانی مەحموودییە و کەرەج قاییلە و خۆشنوودیی خۆی بە گێڕانەوەی داستانی مێژوویی و مەسەلی پێکەنیناویی، بە گوێی هەمووان دەگەیەنێ. سەرتیپ ( شەکەربییان ) یش بە ژن و (ئاتەش ئەفروز) ی کچیانەوە بۆ ماڵمان دێن. سەرتیپ پیاوێکی کورتە بنەو خرتۆڵە و لە سنوقێکی چوارگۆشە دەچێ. ملی نییە و شانی بەرجەستەی چاکەتە سەربازییەکەی، لەگەڵ چنگێك ئەستێرە و ریشاڵی ئاڵتونیی، تا نزیکی گوێی گەیشتووە. لەنێوان نوکی کڵاوەکەیدا کە برۆکانی دادەپۆشێ و یەخە رەق و تەقەکەیدا، کە تا ژێر کەپووی بەرزدەبێتەوە، مەودایەکی باریك هەیە کە لە قوڵاییڕا دوو دانە چاوی ورد و رەش دەبریسکێنەوە. خاڵە کەشخەکان، کە بە دونیا رادەبوێرن، لەنێوان خۆیاندا سەرتیپیان ناوناوە دەبابە و ژنە باریك و درێژەکەشیان ناوناوە باجی چنار. کاك دەبابە، بێ ئاگا لە نیگای گاڵتەجاڕییانەی ئەوانی تر، بە شانازیی و لەخۆبایی بوونەوە بە بەردەم خەڵکیدا تێدەپەڕێ و بە قەناعەتی سەرکردەیەکی سەرکەوتوو، بەدەم دونیاوە پێدەکەنێ. باجی چنار، بەمیهرەبانترین چاوەکانی دونیا، لەو سەرەوە تەماشای هەمووان دەکا و لەحەژمەت خۆشەویستیی، هەر ددانە جیڕێیەتی. هەر بۆیە هەمیشە ئاخ و ئۆفی لە ئێشی ددان هەیە. ئاتەش ئەفروز ی کچیان چوار ساڵ لەمن

گەورەترە، ( ناوە راستەقینەکەی شوعلە ) یە و خۆی لە ناوەکانی خەراپترە. شێت و کەتن دەرە و هاتنی کەمتر لە بوومەلەرزە یان هەورە گرمە، نییە. رۆژ نا رۆژێك عاشق دەبێ و تا ئێستا سێ دەسگیرانی گۆڕیون. دایکی پێڕستێکی درێژی لە تەواوی پیاوانی زگورتی، دکتۆر و ئەندازیار هەیە و دەڵێ بەو زووانە گەورەترین زەماوەندی قەڕن بۆ کیژەکەی ساز دەدات.

هاوین بە هەزار بەڵینی شیرینەوە دێت و کلاسی پیانۆ بۆ ماوەی دوو مانگ تاتیل دەبێ. وادەی کۆنسێرتی پیانۆ پانزەیەمی مانگی میهرە و تا ئەو کات خودا گەورەیە. رەنگە تا ئەو کاتە موجیزەیەك روودات. رەنگە مامۆستای پیانۆ بمرێت، رەنگە شەڕ هەلایسێ، رەنگە بەر لە هاتنی مانگی میهر، بۆ ئەمەریکام بنێرن و بۆ خۆم قوتار بم. هەموو شتێك بۆی هەیە. گەرمای بێ هۆشکەری مانگی میهرداد دەگاتە چل نمرە. وەك سالانی تر دەچین بۆ هاوینەهەوار. نیوەی هاوڕێیان و خزم و خوێش لەگەڵماندا دێن. ماڵە گەورەکەی کوێخا لە لادێ، بە ئێمە دەدرێت. کاروانێك لە مندالانی سەرکەو بنکە، داپیرەگەلی نیوەگیان، خالۆیانی کەشخەی هەندەران دیو، سەرەڕای ژنگەلی ناشیرین و جوان و قەڵەو و لاوازی بنەماڵە، بەلۆرییەك قاپ و قابلەمە و دۆشەك و پەردە کوللە و فەردە برنج و تەنەکە رۆن و چرا و تاوڵە و وەرەقی کاغەزێن و گرامافۆنەوە، بەرەو چیا و رووبار بەڕێ دەکەوین. تا سەر رووبارەکە بە

ترومبێل دەڕۆین و لەوێوە بەدوا، دەبێ بە وڵاخ بڕۆین. زیاتر لە بیست وڵاخیان بۆ هێناوین. دۆشەکەکان لەسە وڵاخەکان دادەنێین و سوار دەبین. باوکم وەك سەرکردەیەکی ئازا، لە پێشەوە و ئێمەیش لەدوای ئەوەوە. وڵاخەکەی کاك حەسەن هەمیشە ریتمی کاروانەکە بەیەکدا دەدا و دەیەوێ لە دوای وڵاخەکەی باوکمەوە بڕوات. مان دەگرێ، جووتە دەهاوێژێ و هێندەی نامێنێ هەمووممان بۆ نێو دۆڵەکە هەڵدێرێ. وڵاخەکەی خاڵە سەرهەنگ لەجێگەی خۆی ناجوڵێ، گەرچی بە نوکە پێ و بە نووکی تیژی دار، نەقیزەی تێوە دەژەنرێ، بەڵام سوودی نییە. لەنیوەی رێ، نەنە گیان خەوی لێدەکەوێ و لەسەر وڵاخەکەی بەردەبێتەوە. کەپووی بەر بەردێك دەکەوێ و چاویلکەکەی دەشکێ. تەواوی ئەو ماوەیەی لە لادێین، چاوی نابینێ و خۆی بە دار و دیواردا دەدات.

دەگەین، هەتاو لێدراو و گێژ و وێژ. سێ سەعات بەڕێوە بووین. خانووەکەی کوێخا بە بەرزاییەکەوەیە، لە کەناری رووبارەکە. بۆ فراوین میوانی وین: برنج و شلەی باینجان و نان و ماستی لادێ. سفرە لە هەیوانەکە رادەخەن. پەتۆکان دەخەنە سەر تاقی ژوورەکە. پشتی و باڵشتەکان بە ریز بەدیوارەکەدا هەڵدەپەسێردرێن. داپیرەی بەستەزمان دوچاری چارەنووسێکی خەراپ بووە. پێ باریکەکانی بەهۆی دانیشتن بەسەر وڵاخەوە، وشك بوون و بۆی ناجوڵێنرێن. هێور هێور دەڕوات. خاڵەکان لەباوەشی دەگرن و دایکم بە پەلە دۆشەکێك لەعەردەکەدا

دادەخات. خەوتوو لەسەر دۆشەکەکەش هەر توانای جولاّندنی پا ی نییە و لنگە بێ هێزەکانی وەك دوو پەلکی هیشك بە حەواوەیە. توبا خانمی جادووگەر کە ئێمە سەرگەرم دەکا و دەمانهێنێتە پێکەنین، بووەتە پیرێژنێکی پیسکە و خەیالاّتیی. هەموو خواردنەکان دەبا و دەیانشارێتەوە. وا دێت بە خەیالّیدا کە بەو زووانە دەبینە سوالّکەر و بەدبەخت و نەهاتیی و وشکە سالّیی بەڕێوەیە. کیسەی شەکری لەنێو ئەمبارەکە و قوتووە چاکەی لەژێر پشتییەکاندا داناوە و گونییە برنجەکەی لە شوێنێکی نادیاردا شاردۆتەوە.

خۆراوابوون، چراکان بە پەلکەکانەوە هەلّدەواسرێن. شنەیەکی فێنك دەیدا لە پێستی بونیام و خوڕە خوڕی ئاوی روبارەکە، وەك چیرۆکێکی خەون هێن، دەڕژێتە نێو گوێچکەوە و هاوڕێ لەگەلّ هەستێکی تەمبەلّ و واق وڕمانێکی شیرین، هەمووان لەجۆرێك فەرامۆشیی کاتیی و بێدەنگییەکی خۆشدا رۆدەبات.

دوو هەفتە تێنەپەڕیوە کە کاك دەبابە وخێزانەکەشی دەگەن. دەبابە و ئاتەش ئەفروز بە سواری ئەسپەوەن. دوو سەرباز جلّەوی ئەسپەکانیان گرتوون. باجی چنار بە سواری ولاّخێکی گچکەوەیە و نوکی پێی لە عەردەکە دەدات. لەودیویانەوە، دەسگیرانە تازەکەی ئاتەش ئەفروز، بە چاکەت و بۆیمباخەوە، قەلّەو و کورتەبنە، شەلاّلّ لە ئارەقە، بە پای پیادە دێ. ئەم دەسگیرانە دکتۆرێکی خوێندن تەواو کردووی هەندەرانە و خودا

بۆ خۆی دەزانێ ئاتەش ئەفروز لەکوێی دۆزیوەتەوە یان لە دەستی چ کیژێکی شەرمن و دەست و پێ سپیی رفاندووە. خۆ گەرچی ئەمەش شایستەی رفاندن نییە و ئەوپەڕی تا سەری مانگ بڕکا و ئیدی بۆ خۆی مەرەخەس دەکرێ.

شەو دوای شێو، هەمووان یاری کاغەزێن دەکەن، هەمووان جگە لەباوکم کە کتێب دەخوێنێتەوە و وەنەوز دەدات. کەسێك گرامافۆنەکەی خستۆتە ئیش و قەوانێکی فەرەنگیی خستۆتە سەر. کاك دەبابە لەگەڵ ژنەکەیدا سەما دەکات. توبا خاتوون و نەنە گیان لەپاڵ یەکدا نوێژ دەکەن. وەك بڵێی پێشبڕکێ بکەن. خێرا خێرا دەچەمنەوە و راست دەبنەوە و چاویان لای سەماکەی باجی چنارە. ئاتەش ئەفروز لەوسەرمایەدا ( ئاخر شەوان هێند سارد دەکات کە لە حەژمەتا چاکەتی خوری لەبەر دەکەین ) چۆتە کەلی شەیتان و دەیەوێ لە روبارەکەدا مەلە بکات. هەرچیی مۆچیاریی دەکەن سوودی نییە. فەرمان دەداتە دەسگیرانە دکتۆرەکەشی کە لەگەڵیدا بچێت. کاکی دکتۆر جلکی مەلەی پێ نییە. بیجامەیەك قەرد دەکا و لە سەرمادا هەڵدەلەرزێ. کوێخا دەڵێ ئاوی روبارەکە بەخوڕە و ئیدی رەنگی باجی چنار سپیی هەڵدەگەڕێ. گوێچکەی ئاتەش ئەفروز کەڕە و پاڕانەوەکانی دایکی بە گوێدا ناچن. لەسەر بڕیاری خۆی سوورە و دەستگیرانە هەڵلەرزیوەکەی، کە هەمیشە خەریکی نوکە نوکە، بۆ ناوەڕاستی ئاوەکە کێشدەکات. گوێ و کەپووی

رادەکێشێ، ختوکەی دەدا و هێند ئاو بە دەم وچاویدا دەکات کە کاکی دکتۆر دەکەوێتە کۆکە کۆك و دووچاری تەنگەنەفەسی دەبێ و خەریکە نوقوم بێت. کاك دەبابە و باجی چنار بە عیشق و ستایشەوە تەماشای کیژە شێتەکەیان دەکەن و پەلەقاژێی دەسگیرانە خوێندن تەواوکردووەکەیان نابینن. خۆشبەختانە شتێکی خەراپ روونادات. تەنها ئەوەیە کە کاکی دکتۆر سینەی هەو دەکا و بە لەرز و تاوە، سواری ولاخێکی دەکەن و رەوانەی تارانی دەکەنەوە.

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، تەنانەت یەك جاریش بیرم لە گێتیی خانم نەکردەوە. تەنها یەك شەو نەبێ کە خەونم پێوە بینی. لەخەونەکەدا، بە گەورەیی ئەژدیهایەك بوو، بە جۆرە کولکێکەوە کە وەکو قەوزەی زەریا لە دەست و پێمەوە دەئالا و جۆرە دەمێك کە بۆ هەڵلوشینم دەکرایەوە و دادەخرا. وەئاگا بوومەوە و تا چەندین رۆژ وەزعم خەراپ بوو. دڵم تێکەڵ دەهات. خۆم دوو جار تەنیا و دوور لەهەمووان بینییەوە.

لادێ، بەو هەموو شیرینیی و جوانییەیەوە، لادێکەی جاران نییە. رەنگەکان چاوم ئازار دەدەن و جریوە جریوی مەلەکان بێزارم دەکەن. تەماشای ئاتەش ئەفروز و دەسگیرانەکەی دەکەم و لەخۆم دەپرسم چۆن دەبێ غەریبەیەك خۆش بویسترێ و لەگەڵیدا بەرەو چارەنوسێکی نادیار سەفەر بکرێت؟ جێگایەکی دوور، لەودیو هێڵی نارنجیی ئاسۆوە. ئایندە،

لەگەڵ ناکۆتا ئەگەری پەرتەوازە و هەزار ڕێگەی پێچاو پێچ، لە چاوەڕوانیی مندایە و هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاست لە ئەستۆی خۆمدایە و دەترسم. ئەدی ئەگەر هەڵە بکەم؟

چەند هەفتەیەك زیاتر بۆ کۆنسێرتی پیانۆ نەماوە. بڕیارە هەفتەی دوو ڕۆژ بۆ کلاسی ئەشکەنجە بڕۆم. مامۆستای پیانۆ بۆ سەدەیەمین جار دووبارەی کردۆتەوە کە من تەپۆترین قوتابیی ویم و دایکم بەگەشبینییەکی سافیلکانە، باوەڕ بەو قسەیە ناکات. دەبێ لەبەر خاتری وی، هەموو توانای خۆم بخەمە کار. دەبابە و باجی چنار و خاڵەکان و هاوڕێیانی گرینگی خێزان هەر هەموویان بۆ بینینی هونەر نواندنی من بانگێشت کراون. وای چ بەدبەختییەکی گەورەیە! دەزانم شکست دێنم و ریسوا دەبم. بۆ ڕۆیشتن بۆ کلاسی پیانۆ، وەك جاران، یەکەم جار بۆ ماڵی باجی مشك دەچم و ڕۆیشتنیش بۆ ئەو ماڵە، واتە بیرکردنەوە لە ماڵەکەی ئەودیو دیوار. مەودام لەو دونیایە گرتبوو، ئارامیی مناڵییم بە شێوەیەکی کاتیی، بۆ گەڕابۆوە. خەڵکانی باخەکەی شەمێران، باش یان خەراپ، لە قەبیلەیەکی خۆمانەن و خایلەکانیان راشکاوانە و ماقووڵن. بیروباوەڕیان بەدەوری ناوەندێکی دیاریکراودا دەسوڕێتەوە و کارەکانیان بە ئەخلاقیێکی کۆنینەوە پابەندە. لەگەڵ ئەواندا حەوسەڵەم چۆڕبڕ دەبێ و خەو دەمباتەوە. قسەکانیان دووبارە و بێزاریی وروژێنە، بەڵام جێگا و

کاریان دیاری کراوە و ئەم _ جێگا_ یە، دوای ئەوان بە ئێمەی گچکەترەکان دەبڕێ و خەیاڵمان لەم رووەوە ئاسوودەیە.

کاك دەبابە دەڵێ:" هەریەکێك لە ئێوە نموونەی تەواوی کیژی شایستەیە و کیژی شایستەش نوێ و خوێندەوارە. کیژی شایستە رۆژنامە دەخوێنێتەوە، پیانۆ دەژەنێ و رۆژێکیش بە ئەگەرێکی بەهێز، دەبێتە ئەندام پارلەمان. ئەوانەی کە یاخیی و خوێن ساردن، دوچاری چارەنوسێکی نادیار دەبن و لە دونیای بەختەوەری خەڵکانی سەرکەوتوودا، جێگایان نابێتەوە."

ئەمڕۆ رۆژی کۆنسێرتەکەیە. هەموو شتێکم بیر چۆتەوە. کلیلی سۆڵ لە کلیلی فا جیاناکەمەوە. سەرەتا و کۆتایی نۆتەکانم بیر ناکەونەوە. دڵنیام ئەمڕۆ هەڵەی گەورە دەکەم و دەنگە دەنگی نەشاز لەم پیانۆیەوە هەڵدەگۆزمە دەرێ. دەستەکانم دەلەرزن و لێکدا لێکدا نزگەرە لێدەدەم.

لە قوتابخانەوە یەکڕاست بەرەو ماڵی باجی مشك دەچم. دەبێ یەکەم جار بۆ کلاسی پیانۆ بڕۆم — بۆ دوا پرۆڤە — و پاشان، لەگەڵ هەموو قوتابییەکاندا، بۆ هۆڵی کۆنسێرت دەچین. من دووەمین کەسم. پێش من منالێکی شەش سالان دەژەنێ و مۆسیقایەك دەژەنێ کە مامۆستا بۆی هەڵبژاردووە، مۆسیقاکەی سەد جار لەوەی من قورسترە. بەرنامەکە سەعات حەوت دەست پێدەکات. دڵم پێچ دەخوات. خەریکە دەڕشێمەوە.

کەس نییە پێم بڵێ ئەرێ کچێ نەخۆشیت؟ بڵێم نا، نامەوێ لەم کۆنسێرتەدا بەشدار بم. خۆ بەزۆر نییە. گوو بە گۆڕی کیژی نموونەیی.

سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆیە، پێچەوانەی هەمیشە، زەمەن وەك با تێدەپەڕێ و دەقیقەکان، خێراتر لە دڵی من، بە تەپ و کوتێکی شپرزانە بەدوای یەکتریدا دێن. بۆ یەکەمین جار بەخیلیی بەمێردەکەی باجی مشك دەبەم کە لەسەر تەختەنوێنەکەی راکشاوە و سەرگەرمی حەل کردنی خشتەی رۆژنامەکانە.

باجی مشك لە خەیاڵی لوولکردنی قژ و هەڵگرتنی برۆیدایەتی. ئەویش بۆ کۆنسێرتی پیانۆ داوەت کراوە و بێ ئەندازە خرۆشاوە. نازانێ چ جلکێك لەبەرکا و چ جانتایەك بەدەستەوە بگرێت. پێدەچێ روداوێکی سەیر چاوەڕوانی بێت. وەزعی کەسێکی هەیە کە بەرەو سەفەری فەرەنگستان دەچێ و پەلەی گەیشتنە فڕۆکەخانەیەتی. پەیتا پەیتا تەماشای کاتژمێری سەر مێزەکە دەکات.

دەنگی قسە و دەنگە دەنگ لە کۆڵانەوە دێ. مادام، بەرز بەرز لەبانیژەی ماڵەکەیەوە لەگەڵ کاکی بەرگدرووداا قسان دەکا و کاکی بەرگدرووش، لەکۆڵان بەسەر کەسێکدا هاواردەکات. پەردەی پەنجەرەکە لادەدەم. دەیبینم بە بیجامەیەکی رەنگاو رەنگ و بەپێی پەتیی لە بانیژەی ماڵەکەی راوەستاوە و روخساری لە تورەییدا سوور هەڵگەڕاوە. ئەم پیاوە ئەهلی شەڕ و دەمەوقاڵێ نییە و تا ئێستا هیچ کەسێك دەنگی

وی بە بەرزیی نەژنەڤتووە. دانەویوەتەوە و لە کۆڵان دەنۆڕێ. دەستی خستۆتە لاکەلەکەیەی و لە فیکرەوە چووە. پاشان دادەنەوێتەوە و سەتڵێکی پڕ لە ئاو بەسەری کەسێکدا دەڕێژێ. دەنگی قیژەی بەرزی ژنێك دێ و باجی مشك، کە گوێی هەموو دەنگەکان دەناسێتەوە، قاقا پێدەکەنێ.

دەڵێ:" ئەوە خانمی بەڕێوەبەرە ..!" وادەڵێ و ئیدی چاوە بچووکەکانی لە خۆشحاڵییدا دەدرەوشێنەوە. دەچێتە بانیژەکە و سەرێك دەکێشێت. هەردووکمان تەماشا دەکەین. جیپێك لەبەردەرگا راوەستاوە. پۆلیسێکی غەوارە لەپاڵیدا دێت و دەچێت. خانمی بەڕێوەبەر، شەلاڵ لە ئارەقەیە و جنێو بە دار و بەرد دەدا. هەڕەشە لەهەمووان دەکات. مادام یش لە بانیژەی ماڵەکەی راوەستاوە. هەرکاتێك دەخرۆشێ یان تووڕە دەبێ، زوبانەکانی تێکەڵاو دەکا و بەو هۆیەش کە هیچ زوبانێك بەڵەد نییە، وشەگەلێکی دەست و پێ شکاو، تێکەڵەیەك لە فارسی و تورکی و روسی، ئامێتەی یەکدی دەکا و سەری دەسوڕمێ کە بۆچیی کەس لەمانای قسەکانی تێناگات.

کەسێك لە خوارەوە هاواردەکا:" پیرێژن مەسەلەکە پەیوەندیی بەتۆوە نییە. بڕۆرەوە ماڵەوە. دەنگە دەنگ مەکە. کەس کاری بە بەسەر تۆوە نییە."

مادامیش، بەهەمان زوبانی تێکەڵ پێکەڵ، شتگەلێك دەڵێ. یەك چنگ خۆڵ لە ئینجانەی گوڵە شەمەدانییەکەی هەڵدەگرێ و بەسەری خەڵکەکەیدا دەکات.

دەڵێ:" خاك بەسەری هەمووتان." وا دەڵێ و ئاماژە بۆ خانمی بەڕێوەبەر دەکات.

کەسێك بە دەنگی بەرز دەڵێ:" ئێرە بووەتە شێتخانە." وا دەڵێ و باجی مشك بە لەقاندنی سەری قسەکەی دەسەلمێنێ.

کوتوپڕ سەرلەنوێ کۆنسێرتی پیانۆ دەکەوێتەوە بیرم و دڵم دادەکەوێ. بە پەنجەکانم پرۆڤە دەکەم. هیچ شتێك، تەنانەت نۆتەیەکی سادەم بیرناکەوێتەوە. دۆ، می، سۆل؟ هەرا و زەنای کۆڵان مێشکی داگیر کردووم. کەللەم بەتاڵە. تەنها دڵمە کە تەپ و کوت لێدەدات.

دەنگی هەنگاوانی پەلە لە ڕاڕەوەکەوە دێ. کەسێك یان کەسانێك بە توندی لە دەرگای ماڵی گێتی خانم دەدەن. باجی مشك دەزانێ مەسەلەکە چییە، بەڵام گوێی لێ خەواندووە و نایهێنێتە سەر خۆی. وەك بڵێی هەر ئێستا دەرگای ماڵە دراوسێ لە گرێژنە دەبەن. کەچی باجی مشك خوێن سارد و بێباك بە ژوورەکاندا دەسوڕێتەوە و بە تیلەی چاو لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆی دەکات.

لە زەنگی دەرگای ماڵی گێتیی خانم دەدەن. کەس وەڵام ناداتەوە. دەنگێکی ناقۆڵا و گڕ فەرمانی شکاندنی دەرگاکە دەدات. خۆم دەگەیەنمە

دەرگای حەوشە، دەرگاکە بە ئەندازەی یەك چاو کەلا دەکەم. دوو پۆلیس و ئەفسەرێك لە ڕاڕەوەکە ڕاوەستاون. ئەفسەرەکە چاوە پەیجۆرەکەی من دەبینێ.

دەپرسێ:" ئێوە ئەم خانمە دەناسن؟"

دەمەوێ پێی بڵێم بەڵێ ... هەڵبەتە و بۆی باسکەم کە ئیدی باجی مشك خۆی هەڵدەقورتێنێتە مەسەلەکە. من بە ئانیشك بۆ دواوە دەگەڕێنێتەوە. منگە منگ دەکا و بە چاوانێکی ترسناك و جولاندنی کەپووە پیرەکەی، تێم دەگەیەنێ بێدەنگ بم.

یەکێك لە پۆلیسەکان لاواز و منداڵکارەیە. سمێڵی گووگرەو دەنگەزیقنەکەی وەك سوژن بە گوێدا دەچەقێ. نیازی خەراپە و بەچاوانێکی نەوسن تەماشام دەکات.

دەڵێ:" هەر ئێستا دەرگاکە دەشکێنم." وا دەڵێ و بۆکسێکی توند لە دەرگای ماڵی گێتی خانم دەدات. دەچێتەوە دوا. گوڕ دەخواتەوە. رادەکا و ئەم جارە بە جووتە پێ، لە دەرگای ماڵەکە دەدات.

هاواردەکا:" سەگباب دەرگاکە بکەوە. هەی بێ ئابڕوو. گاڵتە بە جەنابی ئەفسەر دەکەیت؟"

ئەفسەرەکە دەڵی:" سۆزانییەتی مەکە. وڵاخ. ئەدی نابینی ئەم گەڕەکە ژن و منالی خەڵکی لێیە؟"

پۆلیسی دووەم، کە پیر و قەڵەوە. دەڵێ:" من پێم باشە لە پەنجەرەکەوە بچینە ژووری."

کاکی ئەفسەر بێ حەوسەڵەیە. هاوار دەکات:" کام پەنجەرە هەی دەبەنگ؟" وا دەڵێ و پۆلیسی یەکەم قاقا پێدەکەنێ.

مادام بە هەناسەبڕکێوە لە پێپلیکانەکان دێتە خوارەوە. جگەرە کوژاوەکەی بە لا لێوێوەیەتی. قاقای پێکەنینی پۆلیسە جحێڵەکەی بیستووە و زیاتر ئاگری گرتووە.

دەپرسێ:" بە بەدبەختیی خەڵکیی پێدەکەنیت، هەی جوجەڵەی جیکن؟"

پۆلیسەکە دەڵێ:" هەر لەم ڕۆژانەدا فەرمانی گرتنی تۆیش دەردەکرێت."

مادام دەڵێ:" گوو دەخۆن."

ئەفسەرەکە بە من دەڵێ:" کیژە خان. تۆ بڕۆ ژوورەوە. باش نییە." وا دەڵێ و باجی مشك قۆڵم رادەکێشێ. سڵاو لە مادام ناکات. دەنگی خانمی بەڕێوەبەر لە کۆڵانەوە دێ. پۆلیسەکان بانگ دەکات. ئەفسەر و پۆلیسەکان لە قالدرمەکانەوە دێنە خوارەوە. من و باجی مشك هەمدیس خۆمان دەگەیەنینەوە بانیژەکە. خانمی بەڕێوەبەر جلکە تەڕەکەی گۆڕیوە و ئەمجارە مێردەکەیشی هێناوە. جەنابی ئەفسەر سڵاو دەکا و خەبەر دەدات

که دەرگاکە ناکەنەوە. بەڵام بە مۆڵەتی بەڕێوەبەری پۆلیسخانە دەرگاکە لە گرێژنە دەبەن.

خانمی بەڕێوەبەر ئاگری گرتووە. دەیەوێ هەمووان تەمبێ کات. کەپووی شین هەڵگەڕاوە و زوبانی لەکاتی قسان کردندا دەگیرێت.

دەڵێ:" ئەدی کەواتە بۆچی هێند لەسەری دەڕۆن؟ ئابڕووی منداڵەکانمان لە خەتەردایە."

بەڕێوەبەر لەفیکەرەوە چووە. سەر کەپووی دەخورێنێ. وەك بڵێی دوو دڵ بێت. پۆلیسەکان تەماشای دەکەن. حەوسەڵەی نییە. ئەوە ژنەکەیەتی کە دوژمنی باوەکوشتەی گێتی خانمە. ئەفسەرەکە وەلادەنێ. شتێك بە گوێیدا دەچرپێنێ. مادام یش لە کۆڵانە. دەیەوێت لەگەڵ بەڕێوەبەردا قسان بکات، بەڵام خانمی بەڕێوەبەر بوار نادات. وەلای دەنێ. پۆلیسی جحێڵ قۆڵی مادام دەگرێ. مادام دەزریکێنێ و بە سینگ و شانی پۆلیسەکەدا دەکێشێ. بەڕێوەبەر ترسی لە هەرا هەرا هەیە و بە پەلە دەڕوات. چاوی بە دراوسێی بەرگدروو دەکەوێ. لەبانیژەکە راوەستاوە و هەمدیس دەستی خستۆتەوە لاکەلەکەیەی و لە فیکرەوە چووە. تەماشای کۆڵانەکە دەکات. دادەنەوێتەوە. سەتڵێك ئاو کە لە پاڵ دیوارەکەدایە، بەرز دەکاتەوە و بەسەر سەری خانمی بەڕێوەبەردا دەیرێژێ. پۆلیسەکان لە جێگاکانیان رادەپەڕن. مادام لە خۆشییدا چەپڵە لێدەدا و کاکی بەرگدرووش ئارام و خوێن سارد، دیارنامێنێت.

بەڕێوەبەری پۆلیس پێکەنینەکەی قووت دەداتەوە. ژنەکەی لەحەژمەت تووڕەیی شێت بووە. هەڕەشە لە هەمووان دەکات. قەستێتی چاوی مێردەکەی دەربێنێ. بە هەمان جلك و سەر و رووی تەڕەوە، لەگەڵ ئەفسەر و پۆلیسەکاندا، بە دەنگە دەنگ و هاوار هاوار، بە پێپلیکانەکاندا دەچێتە سەرەوە. من و باجی مشك کۆنسێرتی پیانۆمان بیرچۆتەوە. هەمدیس بەرەو لای دەرگای حەوشە رادەکەین و دەچینە راڕەوەکە. پۆلیسەکان دەیانەوێ دەرگای ماڵی گێتی خانم لە گرێژنە بەرن. پاسەوانە لیکن، لێکدا لێکدا جنێو دەدات. ئاو بەسەر سەر و رووی خانمی بەڕێوەبەردا دەچۆڕێتە خوارەوە. باجی مشك گەرەکییەتی خۆی شیرینکا، دەچێت خاولی بۆ دێنێ. خاولییەکە ناگرێت. لەگەڵ هەمووواندا دوژمنە. دەلەرزێت. تووڕەیی و رقی خۆی لەسەری مادام دا بەتاڵ دەکاتەوە. فەرمان بە پۆلیسەکان دەدا کە یەکەمین کەس مادام بگرن و بۆ پۆلیسخانەی بەرن.

باجی مشك ئاگای لە من نییە. دەچمە ئەمبارەکە و لە درزی کلاوڕۆژنەکەوە تەماشا دەکەم. پیاوێك بە کلاوێکی رەشی خورییەوە، پشت لەمن راوەستاوە. دەچێتە موبەق و دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخات. دێمە دەرێ، دەگەڕێمەوە شوێنی خۆم، لەپاڵ باجی مشکدا رادەوەستم.

ڕێك هەر لەو کاتەدا، دەرگای ماڵی گێتی خانم دەکرێتەوە. گێتی خانم سەر دێنێتە دەرەوە. ڕەنگی وەك گەچ سپیی هەڵگەڕاوە.

دەپرسێ:" چیتان لێم دەوێ؟" بواری قسەکردنی نادەنێ. دەیانەوێ بەکۆمەڵ بچنە ماڵەکەیەوە. لێی ناگەڕێن. پێشیان دەگرێ. دێتە دەرێ و دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخات. کلیلی دەرگاکەی پێیە. تکایان لێدەکا و دەپاڕێتەوە. دوو مانگ مۆڵەتی دەوێ. خانمی بەڕێوەبەر چەپۆکێکی توند بە گوێیدا دەکێشێ. مادام دەپەڕێ و قژی خانمی بەڕێوەبەر رادەکێشێ. ئەفسەرەکە ژنەکان لەیەك جیادەکاتەوە. ڕوو لە گێتی خانم دەڵێ:" بەڕێکەوە بچینە پۆلیسخانە. لەوێ قسەکانت بکە."

باجی مشك کێشم دەکاتە ژوورێ و دەرگاکە دادەخات. تەماشای کاتژمێر دەکات.

دەڵێ:" زووکە. درەنگ کەوتین. دەبێ بڕۆیت."

توانای جووڵەم نییە. لەناوەڕاستی ژوورەکەدا رادەوەستم و واقوڕماو تەماشای دەفتەری مۆسیقا و بڕگەیەك دەکەم کە دەبێ ئەمشەو بیژەنم. گێژم. دڵم لای گێتی خانمە. ترومبێلێك دەڕوات. دەنگە دەنگەکەی کۆڵان دەنیشێتەوە.

باجی مشك هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵدەکێشێت. خۆشحاڵە.

دەڵێ:" رزگارمان بوو. ژنەی نالەبار." وا دەڵێ و پاشان ڕوو لە من، هەمدیس دەڵێ:" زووکە. ئەمشەو هەمووان چاوەڕێی هونەرنمایی تۆن."

دەفتەر و نۆتەی مۆسیقاکە دەنێتە بن هەنگڵم و دەرگای حەوشە دەکاتەوە.

دەڵێ:" بیر لە کۆنسێرتەکەی ئەمشەو بکەوە. دیمەنی ئەم جۆرە شەڕانە هی خەڵکانی گەورەیە. بەڕێکەوە و بڕۆ. ئەمشەو چەپڵەیەکی درێژت بۆ لێدەدرێ."

هیچ کەس لە ڕاڕەوەکە نییە. هێز لە ئەژنۆمدا نەماوە. بە پەلە بە نهۆمەکاندا دێمە خوارەوە. دەچمە ئەوبەر جاددەکە و لەژێر سێبەری درەختێکدا ڕادەوەستم. دڵم پێچ دەخوات. گەرمامە. وەك بڵێی تا م لێهاتبێ و خەریك بێ بسووتێم. پەیمان بەخۆم دەدەم کە ئیتر هەرگیز هەرگیز هەرگیز پێ نەخەمەوە ئەم ماڵە و ئەم گەڕەکە نەفرەتییە. دەرگای دەرەوەی ساختمانەکە دەکرێتەوە و پیاوێك دێتە دەرەوە کە کڵاوە ڕەشە خورییەکەی هێناوەتە خوارەوە. دەم و چاوی دیار نییە. پەلەیەتی و پێکانی شپرزەن. یەخەی چاکەتەکەشی بەرزدەکاتەوە. نایەوێ کەس بیناسێتەوە. شەقام چۆڵە. ژنێك بە منداڵێکەوە تێدەپەڕێ. پاسێك تێدەپەڕێ. کاکی بەرگدروو لە بانیژەکە دانیشتووە و ئەوەی کە دووریوویەتی هەڵی دەوەشێنێتەوە. مادام یشیان بردووە. فاڵی بۆ گێتی خانم گرتۆتەوە و پێی گوتووە کە ڕوداوێکی خەراپت لەپێشە. چەند حەزم دەکرد فاڵی بۆ منیش گرتبایەوە و پێی گوتبام ئەمشەو چ ڕوودەدات. من پێویستم بە فاڵ نییە. خۆم دەزانم.

ئەو پیاوە بەڕێزەی کە کڵاوی ڕەشی خوری بەسەرەوەیە، لەبەر دەرگای حەوشە ڕاوەستاوە و حەپەساو بەملاو لادا دەنۆڕێ. چاکەت و پانتۆڵەکەی کەشخە و ئوتوو کراوە. بەلایەکی تری شەقامەکەدا دەڕوا و سواری پاس دەبێ. دەم و چاوی نابینم. بزری دەکەم. پاسەکە پڕە لە خەڵك. ناجولێ. ماتۆڕەکەی هەستاوە. ژمارەیەك لەنەفەرەکان دادەبەزن. هەڵمێکی چڕ لە پێشی پاسەکەوە دێتە دەرێ. هەمدیس چاوم بە کابرای کڵاو ڕەش دەکەوێتەوە. لای پەنجەرەکەوە دادەنیشێ. جامەکە دادەگرێت. سەری تا نیوە لەجامەکەوە دێنێتە دەرێ. سەر هەڵدەبڕێ، ڕووەو ماڵی گێتی خانم، ڕووەو من، تەماشای دەکەم و نیگام پێشڤەتر ناچێت. وەك بڵێی من و کابرای کڵاو ڕەش و پاسەکە و موسافیرەکان و تەواوی خەڵکانی شار لە یەك لەحزەدا بزمارکوت و بە شەختە بووبێتین. هیچ شتێك ناجووڵێت. دونیا لەگەڵ نیگای واقوڕماوی مندا، لە جووڵە کەوتووە.

ڕەنگبێ خەون ببینم؟

من ئەم پیاوە دەناسم. لە ئاشنایانی بنەماڵەکەی ئێمەیە. زۆر کەللە پوت و لەخۆڕازییە. هەمیشە نوتق دەدا و دەستوری ئەخلاقیی بەم و بەو دەدات. ژنەکەی هاوڕێی دایکمە و کیژەکەشی لەقوتابخانەکەی منە. هەبێ و نەبێ ئەمیش بۆ کۆنسێرتەکە داوەتکراوە و لە ریزی یەکەم دادەنیشێ. باجی مشك ئاگای لەهەموو هات و چوونەکانی گێتی خانم هەیە. دڵنیام.

بڵێی دایکیشم ئاگای لێی بێ. ڕەنگە ئاگای لێبێ. ڕەنگیشە ئاگای لێ نەبێ. گرینگ نییە. گەورەکان لەیەك دەچن. درۆزن و خۆنوێن و ئاگری بن کان. هەست دەکەم کڵاو نراوەتە سەرم و تووڕەم. کۆنسێرتی پیانۆ. ترِحێو. درۆیەکی زلتر لە درۆکانی تر.

دەزانم درەنگ بووە. بەڵام نیگەران نیم. تا سەری چوار ڕای پەهلەوی، خەرامان خەرامان بە پێ دەڕۆم و بۆ خۆم پیاسە دەکەم. قلافەتی خەمینی مامۆستای پیانۆ دەبینم کە تەماشای کاتژمێری سەر پیانۆکە دەکا و تێناگات چ بەڵایەك بەسەر قوتابییە بێ بەهرەکەیدا هاتووە.

دایکم، باجی مشك، کاك دەبابە و باجی چنار. هاوڕێیان و ئاشنایانی بەڕێز، بە نائارامیی چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی کیژە خانمی هونەرمەندن. چاوەڕێی کیژە نموونەییەکەی بنەماڵەن.

کتێبی مۆسیقاکە توورِ دەدەمە جۆگەلەیەکەوە، هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵدەکێشم. بەلای دەستە ڕاستا دادەگەڕێم. بەردەمم کۆڵانێکی باریك و درێژە کە پڕە لە درەختی سەوزی جوان. ئەم کۆڵانە ناوی نییە و ئەوسەری بە کۆڵانێکی ترەوە رایەڵە. بۆ خۆم دەسووڕێمەوە و دڵم خۆشە. حەز دەکەم نەزانم لەکوێم.

لە خواردەمەنی فرۆشێك سەندەوچێکی زل دەکڕم و قەپاڵی پێدا دەکەم، لە هەمان ئەو قەپاڵە خۆش و بێ ئەدەبانەیەی کە گێتی خانم لە پارووی

کەبابی دەگرێ. پەنجەکانم دەلێسمەوە و دەستم بە تەنوورە پاك و تەمیزەکەم دەسڕم.

پیرێژنێك بە لەچکێکی سپیی و جووتێك سۆڵەوە، بەردەمم دەگرێ. لێم دەپرسێ سەعات چەندی رێکە. سەعات حەوت و دە دەقیقەیەی رێکە. کۆنسێرتی پیانۆ دەستی پێکردووە و کوڕە منالێکی شەش سالانە، لەپشت پیانۆوە دانیشتووە و خەریکی ژەنینە. دایکم دەهێنمە پێش چاوم کە بە لەخۆبایی بوون و شانازییەوە، بە کاك دەبابە دەڵێ:" دوای ئەوە نۆرەی کچەکەی خۆمە." باجی مشك، بە ئەگەرێکی زۆر، خەوی لێکەوتووە و حەوسەڵەی لەسەردا نەماوە. مامۆستای پیانۆ، کلاڤە و تووڕە، بە نیگەرانیی تەماشای دەرگای هاتنە ژوورەوە دەکا. رەنگە لە قولایی دلێدا بە ئامادەنەبوونی قوتابییە تەپۆ و بێ بەهرەکەی خۆشحاڵ بێت و بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە ئاماژە بۆ ژەنیارێکی تر بکات.

❊

# گوڵەکانی شیراز

خاتوو یەلینا مامۆستای سەمایە و کلاسەکەی دەکەوێتە شەقامی نادریی، بە تەنیشت شیرینیی فرۆشی خوسرەوییەوە. لەم کلاسەدا دەتوانرێ تەواوی سەماکانی دونیا فێربیت. بالییەی کلاسیك بە پێلاوی تایبەتیی لەسەر نوکی پێ، سەمای لەزگی*، ئەرمەنیی، ئێرانیی، عارەبیی، سەمای مۆدێرنی ئەمریکایی ( بە سەبکی فرێد ئاستەر ) سەمای ئەفریقایی، سەمای هیندیی و سەمای ئیسپانیایی بە کەوچکی دارین و باوەشێنەوە. گوڵەکانی شیراز ناوی کۆنسێرتێکی سەمایە کە بڕیارە لە تەلاری کلتوور نومایش بکرێت – یەکەم جار لە تەلاری کلتوور و پاشان، رۆژانی هەینی لە سینەمای میترۆپۆل. من و هاورێ گوڵە شیرازییەکانم، گوڵی قەڵەو، لاواز، درێژ، قژ مێشیی، رەش داگەڕاو و خڕتۆڵ، گوڵگەلێك لەهەموو رەنگ. رۆیشتن بۆ ئەم کلاسە بۆ کات بەسەر بردنە. لە پۆلی دووی ناوەندیین و ساڵ ساڵی **1332** ە. شار قەرەباڵخ- خۆپیشاندان، رەشبگیریی، گوللەباران. دەڵێن دکتۆر موسەدەق لەگەڵ تودەییەکانا پێکهاتووە. دەڵێن شا لە کۆشکەکەیدا زیندانییە. دەڵێن شاژنە سورەییا لە ئێران دەرچووە. راست بێ یان درۆ، هەر رۆژە و هەواڵێکی نوێ بلاودەبێتەوە و هەموو ئەم روداوانە، لە گەرمای چل

* تایەقەیەکن لە خەڵکی قەوقاز، کە لەکۆنەوە نیشتەجێی قەوقاز بوون و زوبانیان تورکییە و بە شێوەزاری جیاواز دەپەیڤن. ئەو خەڵکانە بە سەماکانیان بەنێوبانگن.

دەرەجەی هاویندا، شۆر و خرۆشانی گوڵەکانی شیرازی تا رادەی شێتیی، بەرزکردۆتەوە. باوك و دایکانمان نیگەرانن و ئیدی روخسەتمان نادەنێ پاسکیل لەسەر گردۆڵکەکانی ئیلاهییە بئاژووین و لە شەقامەکانی ئیسلامبول و لالەزاردا بسورێینەوە. بەڵام دەرەقەتمان نایەن و بە قسەیان ناکەین. ئاخر ئیدی گەورە بووین و هەزاران جۆر هەوا و هەوەسمان هەن.

لە شەڕی کلاسی پیانۆ رزگارم بووە و خۆشحاڵم. پیانۆ پیر و نیوە گیانەکەیان وەك فیلێکی نەخۆش، نازانم بۆ کوێ بردووە و گیانمیان لێ قوتار کردووە. گیانی من و گیانی مامۆستایانی پیانۆ و گیانی دونیای مۆسیقا. رۆیشتن بۆ کلاسەکەی خاتوو یەلینا بیانوویەکی باشە بۆ لەماڵ چوونە دەرەوە. جاددەکانی ئەسلامبول و لالەزار، دوو جاددەی بەهەشتیین کە بەنێو خەون و خەیاڵەکانی ئێمەدا رەت دەبن و تەژیی لە بەڵێنی خۆش و روداوی ئەفسوونکەرن: دوکانەکانی جلك فرۆشتن ( دەرپێی ژێرەوەی ژنانە، جلکی ئاڵ و واڵا، رەنگا و رەنگ و تۆڕیی و بە گوڵێنکە) سینەماکان، وێنەی ئەکتەرە فەرەنگییەکان، کۆڵانی بەرلین و هات و باتەکەی، شەقاوەکان، تانووتدان، نوقورچ، کتێب فرۆشی مەعریفەت لەوسەری شەقامی لالەزار، ناوەندی شیعرو ئەدەبیاتی دونیا، ئەو هەموو کتێبە، ئەو هەموو وشەیە، ئەو هەموو فیکرە و ئەو هەموو بەختەوەرییە! کلافە و گێژو دەستەپاچەین و پەلەی ئەوەمانە زوو گەورە بین.

سەعاتێك بەر لەدەستپێکردنی کلاسی سەما، لەسەر سوچی چوارڕای پەهلەوی کۆدەبینەوە و لەوێوە خەرامان خەرامان خۆمان دەگەیەنینە سەندەویچ فرۆشیی ئەندریە. گوڵەکانی شیراز ئیشتیایەکی سەرسوڕهێنەریان هەیە و هەربەڕێوە دوو دانە سەندەویچی کاڵباس هەڵدەلووشن. ڕەنگە سێ دانەش. بە پێی پیادە بە شەقامی شا نادریی دا دەڕۆین و بە هەراو زەناوە خۆمان بە شیرینیی خوسرەوییدا دەکەین. ناکرێ لەو دوکانی شیرینییە لانەدەین. دواپین برمە، بە نەجوراویی قووت دەدەین و بە هەناسەبڕکێوە، خۆمان دەگەیەنینە کلاسی سەما. درەنگ دەگەین و مادام یەلینا تووڕەیە. بە پەلە خۆمان دەگۆڕین و بە بۆنی سیر و بۆنی خەیاری سوێر و کاڵباسەوە، خۆمان بەهۆڵی سەمادا دەکەین. خاتوو یەلینا دەڵێ دەبێ گوڵەکانی شیراز بۆنی خۆشیان لێ بێ و کەچی ئێمە بۆنی ناخۆشمان لێدێ. جگە لە ئێمە، گوڵی تر هەن کە پەیوەندییان بە سەما و ڕاهێنانی جەستەییەوە جیددییە. دەتوانن پێیان تا نێزیك سەریان هەڵبڕن. دەتوانن لە دوواوە خۆیان بنوشتێننەوە و سەریان بگەیەننە ئەژنۆیان. دەتوانن لەسەر نوکی پێ بسوڕێنەوە و دەستیان بۆ سەرەوە و خوارەوە بەرن. من و هاوڕێکانم فڕمان بەو شتانەوە نییە. گەدەمان پڕە و هەناسەمان دەرنایەت. نە دەتوانین بنوشتێینەوە و نە دەشتوانین قاچمان هەڵبڕین. میترا نزگەرەی زل زل لێدەدا و مادام یەلینا بە تورەییەوە قاچ بە عەردەکەدا دەکێشێ. بە دەسەسڕێکی تۆڕیی کەپووی دەگرێ،

دەسەسرە تۆڕییەکە دەپەستێنێتە نێو یەخەی کراوەی کراسەکەیەوە و هاواهەنگ بە ئاوازێکی ئەرمەنیی کە کیژەکەی بە پیانۆ دەیژەنێ، دەچڕێ:

سەماکە دەی کچێ سەما

ناز بنوێنە دەی کچێ ناز

ئێمەیش، گوڵەکانی شیراز، بە زگی پڕ لە شیرینییەوە، دەڕەقسین و بەدەوری خۆماندا دەخولێینەوە.

خاتو یەلینا جلکێکی لە قوماش و مقەبا، بەهاوگونجاندنی لەگەڵ ئەو گوڵەدا کە هەین، بۆ هەریەکەمان دووریوە. من گوڵە لالەم. تەنوورەکەم تا سەر ئەژنۆیە و دەواندەوری نێوقەدەکەی، بەپەڕی گوڵە لالە، لەماددەیەکی مقەبا دووراوە. سەرم بەزەحمەت لەنێو ئەو پەڕانەوە دێتەدەرێ. جلکێکی تابڵێی قۆڕە. هەست دەکەم زیندانیم و ناتوانم هەناسە بدەم. میترا بە ملی درێژ و قژە کلك ئەسپییەکەیەوە، گوڵە مێخەکە. پەڕەی گوڵەکانی جلکەکەی کورتن و تا خوار ملی دەگەن. دەڵێی قازێکە تازەکیی سەری لە هێلکە جوقا بێ.

خاتوو یەلینا بڕیاری داوە کۆنسێرتی گوڵەکانی شیراز، بە ساز و ئاواز و شیعرەکانی جەنابی کاك ( رەهی موعیریی ) ەوە نومایش بکرێت. ئێمە، گوڵەکانی شیراز، ئەهلی شیعر و کتێبین و هەر کە ناوی رەهی موعیریی مان بەر گوێ دەکەوێ، ئیدی دەخرۆشێین. ئەو رۆژەی کە جەنابی دێتە

پۆلەکەمانەوە، سوور و سپیی هەڵدەگەڕێن و هەزار جار هەناسە هەڵدەکێشین. پەریوش خۆی دەبوورێنێتەوە و میترا کوڵی گریانی بەردەبێ. من دوو کتێبی ئەستووری ویم لەگەڵ خۆمدا هێناون. کتێبەکان دەنێمە بن هەنگڵم و بە بەردەمیدا دەڕۆم. کاك موعیریی چاوانێکی سەوز و باڵایەکی بەرزی هەن و جۆرێك تەماشای ئێمە دەکات کە وەك بڵێی عاشقی هەمووومان بێ. لانی کەم ئێمە وا بیر دەکەینەوە. گوڵەکانی شیراز لە حەژمەت غیرە و بەخالەت گینگڵ دەدەن. بڕیارە شیعرەکانی کاك موعیریی، پیاوێك لەبەر میکرۆفۆندا بیانخوێنێتەوە کە ناوێکی قەبە و قورسی هەیە. ئەم کابرایە چاوانێکی گچکە و رەشی هەن و هەرجارێك کە بەلاماندا تێدەپەڕێ، نوقورچێك لە قۆڵ یان نێو قەدمان دەگرێت. گوڵەکانی شیراز ناوێرن نێزیکی کەونەوە.

خاتوو یەلینا، سەرەڕای سەما، کلاسی فێربوونی شەڕە شمشێریشی کردۆتەوە. مامۆستای شەڕە شمشێر کوڕێکی گەنجە کە پێڵاو و گۆرەوی سپیی لە پا دەکا و پانتۆڵەکەی هێند تەسکە کە ئیدی ناتوانێ پێوەی دانیشێ. کاك موعیریی مان لەیاد دەچێ و هەمووومان بە کۆمەڵ عاشقی ئەو کوڕە دەبین.

گوڵەکانی شیراز ئەهلی بەحس و سیاسەتیشن. من و دوو کەسی تر لایەنگیری دکتۆر موسەدەقین. سێ کەسی ترمان لایەنگیری شا ن. (میم) تودەییەو لایەنگیری هەژارییە. دەڵێ باوکی کرێکاری کانە و دایکیشی بە

تۆمەتی بڵاوکردنەوەی بەیانات دژی دەوڵەت، زیندانییە. درۆ دەکا. وادەزانێ ئێمە کەرین. ناو پێڵاوەکانی کون کردوون — خۆی کونی کردوون — دامێنی تەنورەکەی دڕاندووە. دەیەوێ بچێت بۆ روسیا و هاوکاریی تیپی بالەی سۆڤێت بکات. خاتوو یەلینا باس و خواسی سیاسەتی لەپۆلدا قەدەغە کردووە. بێدەنگ دەبین، بەڵام لەیەکەمین دەرفەتا، دەکەوینە گیانی یەکتر. شا ییەکان لە ریزی دوواوە رادەوەستن و لقەمان لێدەدەن.

کیژێکی مۆن و کەم قسەش لەم پۆلەدایە کە ناوە راستەکەی گوڵ مەریەم ە. بەرلەدەستپێکردنی سەما، نیو سەعاتێك وەرزش دەکەین. گوڵ مەریەم لەم بەشەی بەرنامەکەدا بەشداریی دەکات، بەڵام ئەهلی سەما نییە. لە گۆشەیەکدا رادەوەستێ و تەماشا دەکات. خاتوو یەلینا حەقی بەسەرییەوە نییە. ئەم کیژە ئەهلی کتێب و رۆژنامەیە. جانتاکەی پڕە لە کاغەز و گۆڤار. حەز دەکەم مەتەڵی ئەم کیژەم بۆ هەڵبێ، بەڵام رێگە نادات. بە ترومبێلی شەخسیی و شۆفێر دێت و دەڕوا و بەشداری وتووێژە سیاسییەکانمان ناکات. شیرینیش ناخوات. گوڵەکانی شیراز ئەویان خۆش ناوێ و تەماشای ناکەن. ئاخر کەسێك کە بە ترۆمبێل و شۆفێر بێت و بچێت، کەسێك کە ئەهلی هاوار هاوار و شەڕەشەق نەبێت، کەسێکە جیاواز لە ئێمە و سەر بە قەبیلەیەکی ترە.

هەر نیو سەعاتێك و دە دەقیقە ئیسراحەتمان هەیە. گوڵ مەریەم لە قوژبنێكدا دادەنیشێ و كتێب دەخوێنێتەوە. كاتێ دەخوێنێتەوە، لێكدا لێكدا پێڵووی دەتروكێنێ و گۆشەی نینۆكی دەجوێت. لاواز و رەنگ پەڕیوە و چاوی گەورە و رەش و برژانگی درێژی هەن. جوانە و جوانییەكەی لە جۆرێكی تایبەتە. لەوە دەچێ نیوە ئەوروپایی بێت، نیوە فەرەنسی، نیوە روسی. ناوێكی خۆشیان لێناوە. پێستی سپیی وەك پەڕەی گوڵ مەریەم و پێچەوانەی گوڵەكانی شیراز، بۆنێكی خۆشی لێدێت. خاتوو یەلینا عاشقی وییە و نازانێ بۆچی ئامادە نییە بەشداری لە كۆنسێرتی سەمادا بكات. حەز دەكەم ئەم مەتەڵەم بۆ هەڵبێ. زۆر بێدەنگە. زۆر تەنیایە.

بەخۆم دەڵێم دەبێ ببمە هاوڕێی ئەم كیژە، بە هەزار و یەك بیانوو سەری قسەی لەگەڵدا دادەمەزرێنم. بەڵام چۆن؟ لە سەعاتێكی دیاری كراودا دێت و لە سەعاتێكی دیاری كراودا دەڕوات. كەس ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانی ماڵەكەیان نازانێت. سەرنجمداوە سەبارەت بە قسە، گاڵتە و چیرۆكگەلێكی پێكەنیناویی كە من دەیانگێڕمەوە، بێ باك و بێ كاردانەوە نییە. پێكەنینەكەی قووت دەداتەوە و كتێبەكەی لەبەر روخساریدا رادەگرێت. لەدڵم چەسپیوە كە ئەم كیژە بە زوویی دێتە ژێر بار. مەزەندەكەم راست دەردەچێت.

لای چوار ڕای پەهلەوییەوە چاوەڕێی پاسەکەی شەمێرانم کە ترومبیلێك لەبەردەممدا ئیستۆپ دەگرێ. گوڵ مەریەم لای جامەکەوە دانیشتووە و سەری بە ئاماژەی هاوڕێی دەلەقێنێ ( ئەم کچە بەڵەد نییە زەردەخەنە بیگرێ). داوام لێدەکات سواربم. لەخوام دەوێ. ڕێگەمان یەکە. ئێمە لەگەڕەکی مەحموودییە دەژین و ماڵەکەی ئەوانیش لای بەرەو خوارکەی باخی فیردەوسەوە. سەد جار بە پاسکیل لەو سەرەوخوارکەیەوە تێپەڕیوم کەچی ئەوم نەبینیوە. وابزانم قەت پێی لە ماڵ ناباتە دەرەوە. کچ و کوڕەکانی هەردوو گەڕەك لەگەڵ مندا هاوڕێ و ئاشنان. هومایۆن و پەرویز، کوڕانی کەشخە و ناسراوی گەڕەکی باخی فیردەوسن. نیشانەی گوڵ مەریەمیان بۆ هەڵدەدەم.

دەڵێن:" نا ... نایناسین." وا دەڵێن و ناوچەوان گرژ دەکەن.

دەڵێم:" من و کوڕە خاڵەکانم و چەند دانەیەك لە گوڵەکانی شیراز، پاش نیوەڕوان پاسکیل لێدەخوڕین. لە باخی فیردەوسەوە دەکەوینە ڕێ. بەسەر گردەکانی ئیلاهییەدا دەڕۆین و دەشتەکانی دەوروبەری قەدبڕ دەکەین، تا پردی رومی دەڕۆین و دەگەڕێینەوە."

بێدەنگ دەبێ. لەگیرفانیدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێ. ترومبێلەکەی لایەوە هۆڕن لێدەدات. ترومبێلەکە پڕە لەکوڕی چڵێت و ناشیرین. تەماشای من و گوڵ مەریەم دەکەن و پێدەکەنن. دەستیان لە جامەکانەوە هێناوەتە دەرێ. جگەرە دەکێشن و دوکەڵەکەی بە ئێمەدا دەکەن. گوڵ

مەریەم خۆی دەکشێنێتەوە دواوە و بەسەر شانی شۆفێرەکەیاندا دەکێشێ و داوای لێدەکات خێراتر بئاژوێ. کوڕەکان فیکەمان بۆ لێدەدەن و دەست رادەوەشێنن. پا دەنێن بە بەنزیندا، دوور دەکەونەوە و بەرەو گیانی ترومبێلەکەی پێشیان دەچن.

دەپرسم:" دەتەوێ لەگەڵ ئێمەدا بۆ پاسکیل ئاژووتن بێیت؟"

دەڵێ:" نا، باوکم روخسەتم ناداتێ." وا دەڵێ و رەنگی سوور هەڵدەگەڕێ.

دەپرسم:" ئەدی سینەما؟ سینەمای بەهار، لەسەر پردەکەی تەجریش، فیلمی ئەمریکایی لێدەدات."

سەر دەلەقێنێ. نازانێ سینمای بەهار کەوتۆتە کوێوە و هەر ناشزانێ دونیا بەدەست کێوەیە.

دەڵێم:" جا قەیچێکا. بەباوکت مەڵێ."

بە واقوڕماوی تەماشام دەکات. وەك بلێی خەراپترین قسەی دونیا لەزارم هاتبێتە دەرێ.

تێمدەگەیەنێ کە باوکی باشترین باوکە لە دونیادا و فەرمایشتەکانی راستن. لە تەمەنیدا درۆی لەگەڵ نەکردووە و درۆشی لەگەڵ ناکات. پاسکیلیشی نییە. ناشیەوێ هەیبێ. کوڕانی گەڕەکەکەی، بێ حەیا و گێلۆکەن. گردۆڵکەکانی ئیلاییە چۆڵ و خەتەرن. پڕ لە خەڵکانی شێت و شەقاوەن. حەزی لەم وشەیەیە و دووجار دووبارەی دەکاتەوە.

دەڵێم:" کەیفی خۆتە. ئێمە دەڕۆین و کاتێکی زۆر خۆش دەبەینەسەر."

ماڵی ئێمە ناگەیتە وێستگەی مەحمودییە، سەر شەقامی پەهلەوییە. پیشانی دەدەم. بە گۆشەی چاو سەیر دەکات. رەنگە چاوەڕوانی ئەوەبێت بڵێم دابەزە. نا، حەوسەڵەیم نییە. ئەم کیژە لە قوماشێکی ترە. زۆر بەمشوور و ترسنۆکە. گوڵەکانی شیراز بەدارو دیواردا هەڵدەگژێن، عاشقی ژیانن و هەوا و هەوەسی گەورەیان هەن.

شار قەرەباڵخ. هات و بات، دەنگی هۆڕنی سەرسوڕهێنەری ترومبێل. گروپێك بە لایەنگیریی دکتۆر موسەدەق هوتاف دەکێشن. خاتوو یەلینا دەرگای دەرەوە دادەخا و روخسەت نادا کەسمان بچینە دەرێ. دایك و باوکان تەلەفۆن دەکەن و سۆراخی کیژەکانیان دەکەن. هیچ کەس لەرۆیشتنی ئێمە بۆ کلاسی سەما و سووڕانەوە بە شەقامەکاندا، بە تایبەتییش لەو رۆژانە و لەو هەل و مەرجەدا، قاییل نییە. قسە و هەڕەشە ناخۆن. کۆنسێرتی گوڵەکانی شیراز روداوێکی گرینگە و دەبێ بەشداری تێدابکەین. گوڵ مەریەم چاوەڕێی ترومبێل و شۆفێرە و چ خەبەرێکی لە کاك جەواد ی شۆفێر نییە. تەلەفۆن بۆ باوکی دەکا و پێی دەڵێ کە رێی شەمێران بۆ شار گیراوە. جگە لە ئارام گرتن چ رێگەچارەیەکی تر نییە. دەترسێت. نیگەرانە و خۆی لە من و کیژەکانی

تر نێزیك دەكاتەوە. هەر شتێك بکەین ئەویش دەیکات. خاتوو یەلینا رادیۆی ژوورەکەی دادەگیرسێنیٚ. دەبیستین لە مەیدانی بەهارستان تەقە بووە و چەند کەسێك بریندار بوون. رەنگە کوژرابێتن. لایەنگیرانی شا تفمان لێدەکەن و خەریکە ببێتە شەڕمان. میترا ( گوڵەمێخەك ) رۆژنامەیەك لە جانتاکەی دەردێنیٚ، پڕە لە وێنەی دکتۆر موسەدەق. رۆژنامەکە لوول دەکا و بە توندی دەیکێشیٚ بە سەری پەریۆش دا. پەریۆش لایەنگیری شا یە. سوود لەو دەرفەتە وەردەگریٚ و لەقەیەکی قایم بە قۆزینگی پا ی گوڵ مەریەمدا دەدا. من لەسەر گوڵ مەریەم دەکەمەوە و یەخەی پەروێش دەگرم و پاڵی پێوە دەنێم. خاتوو یەلینا دەستی بەیەکدا دەدا و دەستەسڕە تۆڕییەکەی رادەوەشێنیٚ. هاواردەکا:" بێدەنگ!" وا دەڵیٚ و لە حەژمەت توڕەیی، دەکەوێتە کۆکە کۆك.

لە دەرگای دوواوە دەدەن. کاك جەواد ی شۆفێری گوڵ مەریەمە. ترومبێلەکەی لەجێگایەکی دوور داناوە و بە پا هاتووە. گوڵ مەریەم بە مادام یەلینا دەڵیٚ منیش بگەیەنن. تەلەفۆن بۆ دایکم دەکەم. پێی دەڵێم تەنیا نیم و چ جێی نیگەرانیی نییە. دایکم لەگەڵ کاك جەوادا قسان دەکا. یەك دونیا راسپاردەی هەیە. هەرا و زەناکە نیشتۆتەوە و شەقامی ئەسلامبول ئارامە. تا ترومبێلەکەی گوڵ مەریەم رێگایەکی درێژمان لەپێشە. بە پا ی پیادە دەڕۆین. شیرینی فرۆشیی خوسرەویی داخراوە. زوربەی دوکانەکان دەڕابەکانیان داداوەتەوە. پیٚ هەڵدەگرین و هێشتا

نەگەیشتووینەتە شەقامی لالەزار، هەمدیس گروپێك بە دار و تێلاوە، بەسواری لۆریی یان بە پێی پیادە، رێگاکە دەگرن. لەبەردەم سینەمای مایك داین. کاك جەواد دەڵێ:" خۆتان بکەن بە سینەماکەدا." وا دەڵێ و من و گوڵ مەریم دەپەستێنێتە رارەوەکە. سێ دانە بلیت دەکڕێ و دێت. سینەما قەرەباڵخە. جێگا بۆ دانیشتن نییە. فیلمەکە دەستی پێکردووە. کوێرە کوێر بۆ پێشەوە دەخزێین و لە ریزی دوواوە پشت لەدیوار رادەوەستین. زوربەی خەڵکەکە راوەستاون و دژی ئینگلیز هوتاف دەکێشن. فیلمەکە فیلمێکی سیاسییە. دەربارەی ژیانی چەرچڵ ە. ئەو ئەکتەرەی دەوری چەرچڵ دەبینێ، لە بەراز دەچێت. لەودیو مێزەوە دانیشتووە و شت دەخوات. کوتە گۆشتی گەورە لەبەردەم سەگەکەیدا دادەنێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکی ئینگلیستان برسیین. بینەرەکان مشتی وێکهاتوویان رادەوەشێنن. هاواری یان موسەدەق یان مردن هۆڵی سینەماکە دەلەرزێنێ. گوڵ مەریەم هەڵدەلەزێت. بە توندی دەستی گرتووم. دەبینێ وا من و کاك جەواد یش هەر هوتافی بژی و بمرێ دەدەین و نازانێ چ بکات. ترسنۆك و شەرمنە و جورئەتی ئەم جۆرە خۆپیشاندانانەی نییە. کورسییەکی چۆڵ پەیدادەکات و دادەنیشێت. سەربازەکان فیکە لێدەدەن. دێنە ناو هۆڵەکەوە. گڵۆپەکان دادەگیرسێنرێن. فیلمەکە دەبڕن. خەڵکیی نارەزایی دەردەبڕن. خەریکە ببێتە شەڕە تێلا. کاك جەواد دەستی من و گوڵ مەریەم دەگرێ و دێینە

دەرەوە. روومەتی گوڵ مەریەم سوور هەڵگەڕاوە و روخساری ئارەقەی کردۆتەوە. نیگەرانی باوکییەتی و پەلەی ئەوەیەتی زوو بگاتەوە ماڵەوە. باسی دایکی ناکات. بەترس و واقوڕمانەوە تەماشای وێنەی ئەکتەرەکان، خەڵکیی، هەرچییەك لە دەوروبەریدایەتیی، دەکا. ژنان شانی لێدەدەن و منالاّن پێ بەپێیدا دەنێن. بەڵەد نییە بەرگریی لەخۆی بکات. بەڵەد نییە بە زۆر و فشار پێش خەڵکیی بکەوێ یان وەلاّمی تانووت و نوقورچی شەقاوەکان بداتەوە. گوڵەکانی شیراز سوژنی درێژیان هەن، ئەگەر پیاوێك دەستی بەر قۆڵ یان کەمەریان بکەوێت، سوژنەکە بە جەستەیدا رۆدەبەن.

عەسرێکی پڕ لە بەزم و روداوە. دونیا خەریکە تاریك دادێت. بە زوویی دەبێتە شەوو من لە خەیاڵی بەرنامەی شەوانە و رۆیشتنندام بۆ سەر پردی تەجریش. جێژوانی من و هاورێکانم بەردەم دۆندرمەخانەی ڤیلایە. بە گوڵ مەریەم دەڵێم دەتوانێت لەگەڵ ئێمەدا بێت. چۆن؟ لەگەڵ کێ؟ سەر دەلەقێنێ. دەڵێ:" نا. باوکم بەتەنیایە." کاتێ دەگەین و سواری ترومبێلەکەی دەبین، هەمدیس دووبارەی دەکاتەوە کە باوکی حەز ناکات ئەو لەگەڵ خەڵکانی بێگانەدا هەستێ و دانیشێ، حەزناکات کەس مەزاحیمی ژیانی ئارامی ئەوان بێت، حەزناکات کاتیی بێهودە بەهەدەر بدات و و ... تەواوی رێگە، لە شارەوە تا شەمێران، لەبارەی ئەو باوکەوە قسان دەکات. خرۆشاو و کلاّفەیە. رووداوەکانی ئەمرۆ بەلایەوە تازەن و گەرمایی لەشیان بەرزکردۆتەوە. دەستی گەرم داهاتووە و

هەناسەبڕکێیەتی. زوبانی کراوەتەوە و دەیەوێ تا نەگەیشتووینەتە وێستگای مەحموودییە، ژیانیم بۆ باسکات. خۆی ژیانێکی سەرنجڕاکێشی نیە. قسەکان هەر هەمووی دەربارەی باوکین. ئەم باوکە، کە باشترین باوکی دونیایە، پزیشکە. بەڵام ساڵانێکە دەرگای عەیادەکەی داخستووە و پێشوازی کەسی نەکردووە. هەر لەیەکەمین ڕۆژەوە حەزی لەکاری پزیشکیی نەکردووە، ویستوویەتی فەلسەفە بخوێنێت. بەڵام باوکی ( باپیری گوڵ مەریەم ) ناڕازیی بووە. ساڵانێك لە دەرەوە بووە، لەفەرەنسە، لە سویسرا و بەلژیکا ژیانی بەسەر بردووە. چەند زوبانێك بەڵەدە و هەزاران کتێبی خوێندوونەتەوە. کە لە پاریس دەگەڕێتەوە، نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەیان دەکاتە عەیادە، بەڵام شتێکی خەراپی لێ ڕوودەدات. زۆر خەراپ. یەکێك لە نەخۆشەکانی کە کیژێکی گەنجە، نەخۆشیی دەروونیی هەیە و خواردن ناخوات. خەوی لێناکەوێت، بەردەوام دەگری. شەوێکیان، هەموو حەبەکانی دەخوا و دەمرێت. ئیدی جەنابی دکتۆر شێت دەبێت. سەرزەنشتی خۆی دەکات. پرسە دادەنێت. دەرگای عەیادەکەی دادەخا و خانەنشین دەبێ. هەموو شەوێك خەون بەو کیژەوە دەبینێ. وا مەزەندە دەکات دەنگی ویی دێتە گوێ و لەگەڵ ویدا بە ڕۆح لە پەیوەندیدایە. یەکێك لە خزم و ناسیاوەکانی پیاوێك دەناسێت کە ڕۆح ئامادەدەکات. ئەو پیاوە دەهێنێ و ڕۆحی کیژەکە ئامادە دەکەن. کیژەکە دەڵێ: وەزعی باشە و لە جێگایەکی بەرزدایە.

باوەڕناکەم. لەماڵی ئێمە کەس قسەی وا ناکات. کاك حەسەن باوەڕی بە خێوو جنۆکە هەیە، بەڵام براکەم گاڵتەی پێدەکا و منیش چیرۆکەکانی بە جیدیی وەرناگرم.

دەپرسم:" مەگەر رۆح قسان دەکات؟"

دەڵێت:" هەڵبەتە قسان دەکات. ئاماژە دەدات. پرسیاری لێدەکەیت، وەڵامت دەداتەوە."

گێژ بووم. دەپرسم:" بە چ شێوەیەك؟ چۆن؟"

دەڵێ:" مێز دەجووڵێت. دەسووڕێتەوە. گڵۆپی ژوورەکە دەکوژێتەوە و دادەگیرسێت. یان دەرگایەك بەیەکدا دەدرێت. هەزار جۆر شت رووددەدات."

ناتوانم جڵەوی زوبان و پەیجۆرییم بگرم. تەواوی قسەکانی ئەم کیژە لەبارەی باوکییەوەیەتی. ئەدی ئەی دایکی کوا؟"

دەڵێ:" دایکم مردووە. بە روداوی ترۆمبێل مردووە." هەرئەوەندە. بێدەنگ دەبێ و خەمێکی گەورە لەسەر روخساری دەنیشێت. دڵم تەنگ دەبێ. خۆشحاڵم کە تا چەند دەقیقەی تر دەگەین و دادەبەزم.

دایکم لەبەردەرگا راوەستاوە و بە نیگەرانییەوە تەماشای ترومبێلەکان دەکات. دەزانم درەنگ کەوتووم و سزا دەدرێم. سزای من لەم تەمەنەدا،

مانەوەیە لەماڵ و مەحرووم بوونە لە ڕۆیشتن بۆ تەجریش یان قەدەغەکردنی پاسکیل لێخوڕینە لەگەڵ منالانی گەڕەك.

دوو هەفتە دواتر، گوڵ مەریەم بۆ ماڵەوە داوەتم دەکات. ئەدی بڕۆم ... نەڕۆم؟ دەچمە ژێر بار. ئاخر پەیجۆرم. گەرەکمە لەنێزیکەوە ئەم باشترین باوکی دونیایە ببینم. ئێوارەی هەمان ڕۆژ، گوڵ مەریەم بە ترومبێل و شۆفێرەوە لەدووم دێ. ترومبێلی نوێیان کڕیوە. کادیلاکێکی ڕەش کە لە ترومبێلی شا یان کەسێکی گەلێك گرینگ و پایەبەرز دەچێت. شووشەی جامەکانی تاریکن و لە دەرەوەڕا، ناوەوە نابینرێت. نازانم جەنابی دکتۆر لە کێ دەترسێ و بۆچ دەیەوێ لەودیو جامی تاریکەوە کەس نەیبینێت. گوڵ مەریەم پێی گوتووم باوکی ساڵی یەك جاریش ناچێتە دەرەوە، کەسیش بۆ سەردانی نایەت. کارەکانی هەمووی بە کاك جەواد سپاردووە. ژیانی، دوای خۆکوشتنی ئەو کیژە گەنجە و مردنی دایکی بە روداوی ترومبێل، گۆڕاوە. بەتایبەتی دوای بەزمی ئامادەکردنی ئەرواح.

دەڵێ:" باوکم پزیشکە. زوربەی ژیانی لە دەرەوە بووە، لە فەرەنسە. هەمیشە زانستیی و مەنتیقییانە بیری کردۆتەوە. وەك فەرەنگییەکان. تا کاتێك کە ڕۆحی دایکم ئامادەکراو مێزەکەی بەیەکدادا."

دەگەین. هومایۆن و پەرویز، کوڕانی گرینگ و خۆش تیپی باخی فیردەوس. لەیەکەمین سەربەرەوژوورکەدا راوەستاون. دراوسێی گوڵ مەریەمن. هاورێی منن و لە دوورەوە سڵاو دەکەن.

لە گوڵ مەریەم دەپرسم:" ئەمانە دەناسیت؟"

سەر دەلەقێنێ. تەماشا ناکات.

دەڵێم:" هەر لەم گەڕەکە دەژین. دوو ماڵ ئەولاتر. ئەندامی پێڕی پاسکیل سواریی ئێمەن."

گوڵ مەریەم دادەبەزێت. کاك جەواد دەرگای ماڵەکەی بۆ دەکاتەوە. دەچێتە ژوورەوە و تەماشای دوواوە ناکات.

کوڕەکان خۆیانم دەگەیەننێ. گوڵ مەریەم دەناسن و دەزانن کەس بە هیچ نازانێ، بەتایبەتی ئەم دوو نەفەرە.

دەپرسن:" تۆ لێرە چ دەکەیت؟ هاوڕێی ئەو کیژەیت؟ هاوڕێی ئەم کێوە سەهۆڵەیت؟"

هومایۆن دەڵێ:" من رقم لێی نییە. حەز دەکەم کەپووی بادەم."

پەرویز دەڵێ:" پێی بڵێ با بێت بۆ پاسکیل سواریی."

کاك جەواد لەبەر دەرگاکە چاوەڕێمە. دەچمە ژوورێ. ماڵی گوڵ مەریەم، پێچەوانەی ماڵی ئێمە، بێدەنگ و نیوە تاریکە. دەوراندەوری حەوشە، دار کاجی بەرزیان رواندووە و دیوارەکان بە گیایەکی نیوە وشك پۆشراون. ئاوی حەوزەکە رەنگێکی ناشیرینی هەیە، وەك بڵێی ساڵانێك

بێ ئاوەکەیان نەگۆڕیبێ. پڕە لە ماسی گەورە گەورە، ماسی خۆڵەمێشیی، لەوانەی کە لەبازاڕ دەیانفرۆشن.

گوڵ مەریەم بانگم دەکات. لە دالانەکەیە، لای پێپلیکانەکانەوە راوەستاوە. لای چەپەوە ژووری پێشوازیی و هۆڵی نان خواردنە. چەرچەفێکی سپییان داوە بەسەر کەرەویتەکاندا. وەك بڵێی خاوەن ماڵ لەسەفەر بێت یان خانووەکەی خستبێتە سەر فرۆشتن. حەز دەکەم گڵۆپی دالانەکە داگیرسێنم یان پەردەی پەنجەرەکان هەڵبدەمەوە.

بەخۆم دەڵێم:" ئەم جێگایە ماڵی رۆحەکانە، ئەگەر دەرگایەك بدرێت بەیەکدا، یان گڵۆپێك داگیرسێ و بکوژێتەوە، ئەوا تێی دەقووچێنم."

گوڵ مەریەم پەلەی بینینی باوکییەتی. بە پێپلیکانەکاندا دەچینە سەرێ. دەرگای ژوورەکەی باوکی داخراوە. گوڵ مەریەم، بەکاوەخۆ، چەند جارێك لە دەرگاکە دەدات. دەنگ نایەت. پەنجەی بە ئاماژەی بێدەنگ لەسەر لێوی دادەنێ.

بە گوێمدا دەچرپێنی:" نووستووە."

دەمانەوێ بگەڕێینەوە، دەنگی کۆکەی جەنابی دکتۆر دەگاتە گوێمان. دەنگێکی خەواڵوو دەڵێ:" ئازیزم... وەرە ژوورەوە."

ئازیزم! قسەیەك کە تا ئەلعان لەزاری باوکم نەمبیستووە. دەمەوێ بگەڕێمەوە. ئەم قسە و پەیوەندییانەم پێ نائاشنان. نارەحەتم. دەستەپاچە و نارەحەتم . بلوس و پانتۆڵی کوڕانەم لەبەردایە و پێڵاوەکانم تۆزاویین.

دڵنیام جەنابی دکتۆر خۆشیی لێم نایەت. گوڵ مەریەم خۆشحاڵە. دەستەکانی دەکاتە ملی باوکی و لەسەر ئەژنۆی دادەنیشێ.

دەڵێ:" فەرموو. ئەمەش هاوڕێکەم. گوڵە لالە!" وا دەڵێ و قاقا پێدەکەنێ.

جەنابی دکتۆر روخسارێکی میهرەبان و چاوانێکی ئاوساوی هەن. جلکی ماڵەوەی لەبەردایە- بلوس و پانتۆڵی ئاوریشمیی، سورمەیەك بە یەخەی زەرد. ژوورەکەی بۆنی قۆڵۆنیا و جگەرەی چرووتی لێدێت. پەرداخە ویسکسیەکەی نیوەیە. خۆیشی هەر نیوە نوستوو و نیوە مەستە. هەموو جێگایەك پڕە لە کتێب و گۆڤار. لە عەردەوە تا میچی ژوور. کتێبخانە، کتێبخانە، هەر چوارلای دیوارەکان. لەسەر مێزەکە، بەژوور تەختە نوێنەکەیەوە، وێنەیەکی گەورەی دکتۆر موسەدەق لەچوارچێوە گیراوە و چەند وێنەیەکی گچکە و ناوەنجیی ژنێکی گەنج لە چوارچێوەی برۆنزییدا. لە گوڵ مەریەم دەچێ. هەمان چاو، هەمان کەپووی ناسك، هەمان روانینی بڕندە و سارد.

گوڵ مەریەم دەڵێ:" وەرە ئەم ژوورەیش ببینە."

" ئەم ژوورەی تر " هەردەڵێی مۆزەخانەیە. چ خەبەرێك لە کتێب نییە، بەڵام تا چاو بڕکات، لەسەر مێز و لەنێو قەفەسە شووشەییەکاندا، جۆرەها کاتژمێری دێرین، بەردی گەورە و گچکە، کریستاڵی

ڕەنگاورەنگ، عەتردانی شووشەیی، دراوی بیانیی و پایپی جۆراو جۆر — سەد جۆر پایپ و چرووت و سەبیل. یەك قەفەسە پڕە لە شریتی کۆن.

گوڵ مەریەم دەپرسێ:" باوکم ئاشقی کتێبی پۆلیسی و مۆسیقایە. هەر لەبەر ئەوەیە لەماڵ ناچێتە دەرەوە."

دەپرسم:" ئەی تۆ چیی؟ تۆیش حەزدەکەیت لەماڵەوە بمێنیتەوە؟"

شان دەلەقێنێ. دەڵێ:" بینیت دەرەوە چۆن بوو. یەك پیرێ تێلا بەدەستی لات خەریك بوو دارکاریمان کەن. نامەوێ باوکم بە تەنیا جێبێڵم. خۆشم دەوێ. پێکەوە کتێب دەخوێنینەوە. پێکەوە قسان دەکەین. کاتمان خۆش لێ دەگوزەرێت."

دەڵێم:" جارێك وەرە بۆ پاسکیل لێخوڕین. یان بۆ سینەما. سینەما ئێران ی سەر لالەزار، سینەما ریکس. باشترین فلیم پیشان دەدەن. شەوانی هەینی، سەر پردی تەجریش. نازانیت چەند خۆشە."

تەماشام دەکات. قسان ناکات. نا. باوکی بەتەنیا جێناهێڵێت. مەحاڵە. ئەوە لە روانینی سارد و قلافەتی مۆنییەوە تێدەگەم.

شێو لە ژوورەکەی باوکی و لەگەڵ ویدا دەخۆین. مێزێکی گچکە بە سێ دانە کورسییەوە لە گۆشەی ژوورەکەدا. جەنابی دکتۆر گیاخۆرە. زەڵاتە و سەوزەی کولاو دەخوات. شێوی من و گوڵ مەریەم ماسی کولاو لەگەڵ پەتاتەیە ( وابزانم لە هەمان ئەو ماسیانەی حەوزەکەیە) بەبێ خوێ، بەبێ تام.

نەنەخانمێکیش لەوماڵەیە کە قاپەکان دەهێنێ و دەبا و پرتە و بۆڵەی دێ. جەنابی دکتۆر چیرۆکی خۆش لەبارەی تافی خوێندن و گەنجێتیی خۆیان لە فەرەنسە بۆ دەگێڕێتەوە. من دڵنیام گوڵ مەریەم، سەد جار گوێی لەم بەسەرهاتانە بووە، گەچی بە لەزەت و بە وردیی گوێ رادەدێرێ و بەرزتر لە من پێدەکەنێ. بەرنامەی ئەو شەوە لە دوای شێوکردن، تەماشاکردنی ئەلبومی وێنەیە. وێنەکانی جەنابی دکتۆر لە شارگەلی جیاوازی دونیادا، بە چەتر و کڵاو و پاڵتۆوە لەبەردەم کلێسادا، بە جلکی مەلەوە لەکەناری زەریا، بە چاکەتی رەش و درێژ و کراسیی فەرمیی، قۆڵ لە قۆڵی ژنێکی قژ زەرددا، بە سواری پاسکیلەوە، بەسواری ئەسپەوە، لەپارکدا، لە باخچەی ئاژەڵان، لە مۆزەخانە، خەوتوو، راوەستاو، دانیشتوو. گوڵ مەریەم لەم وێنانەدا سەفەردەکات. ئەو خەڵکانە دەناسێ کە لە تەنیشت باوکییەوە راوەستاون: ئەمە پرۆفیسۆر ژان میشیل لاتورە، سەرەك شارەوانیی گەڕەکی شەشە. ئەمەیان خانم ژاکلین مرسێ یە، مامۆستای کیمیایە. ئەمەشیان ژاکە، هێشتا زیندووە، نیشتەجێی ئەمەریکایە. ئەمەیان مردووە، ئەمەیان نیوە زیندووە، ئەمەیان بزر بووە، ئەمەیان سێ جار ژنی هێناوە. ئەمەیان هەشت منداڵی هەن، ئەمەیان، ئەمەیان، ئەمەیان .... هەندێ جار گوڵ مەریەم وچان دەدات. ناوی کەسێك یان جێگایەك بە هەڵە دەڵێ و جەنابی دکتۆر قسەکەی پێ دەبڕێ. پێکەوە دەیەیڤن، تەماشای یەکدی دەکەن و ئاگایان لەوە نییە کە

منی بەدبەخت، سەرم ئاوساوە و ماجەرای مردن و ژیانی خەڵکانێك کە نایانناسم، پێم سەرنج راکێش نییە، ئەویش خەڵکانێکی پەنجا ساڵ لەمەوبەر کە زوربەیان مردوون. برسیی و تینووم. ئەو شێوەی کە خواردمان لە دوو پاروو زیاتر نەبوو – سارد و بێ خوێ. زگم کەوتۆتە قۆڕە قۆڕ، سەرم ئاوساوە، گوێ ناگرم. جەنابی دکتۆر چاو لەسەر کیژەکەی هەڵناگرێت. هەندێ جار قژی نەوازشت دەکات یان دەست بە گۆنا و شانیدا دێنێ. باوێشك دەدەم، حەوسەڵەم نەماوە، لەم هەموو وێنە و یادەوەرییە ماندوو بووم. گوڵەکانی شیراز هەر ئێستا لەسەر پردەکەی تەجریش سەرگەرمی خواردنی گەرمەکابە و دۆندرمەن. رەنگە چووبێتن بۆ بینینی فیلمێکی خۆش یان بۆ سەدەمین جار عاشق بووبێتن. لە دەرەوەی ئەم ماڵە، شەڕە، گوللە بارانە. عەروسیی کیژەکەی شەوکەت خانمە. کۆنسێرتی سەمای خاتوو یەلینا یە. دونیای خەڵکانی واقیعییە، خەڵکانی زیندوو. هەڵدەسم. تەماشای کاتژمێرەکەم دەکەم. دەڵێم درەنگە. دەبێ بڕۆم. گوڵ مەریەم هێشتا دەیان وێنەی بۆ پیشاندان و هەزار جۆر قسەی بۆ گوتن هەن- قسەکانی باوکی. دەبینێ توورە و کلافەم و تێدەگات کە ئەو شەوە – ئەو تاقە یەك شەوە – بەس نییە بۆ بینینی ئەوهەموو وێنەیە.

دەڵێت:" هەفتەیەکی تر کۆڕی ئامادەکردنی رۆحمان هەیە. دەتوانیت لەگەڵ رۆحی باپیرە گەورەتا، یان لەگەڵ رۆحی هەرکەسێکی تردا کە خۆت بتەوێت، قسان بکەیت."

بۆ رۆیشتن — تێقوچاندن — پەلەمە. کاك جەواد دەمگەیەنێ. شەقامی شەمێران قەرەباڵخە. رێگە گیراوە. شەوێکی گەرمە و ترومبێلەکان، لەخوت و خۆڕایی هۆڕن لێدەدەن. ژنە سواڵکەرێك دەست لەجامی ترومبێلەکەوە دێنێتە ژوورێ. دەپاڕێتەوە. وازناهێنێ. کاك جەواد دەستی لادەبا و ژنەکەش، لەژێر لێوەوە جنێو دەدا و بەرەو لای ترومبێلێکی تر دەچێت.

دەگەین و بەخۆم دەڵێم ئیتر بۆ ماڵی گوڵ مەریەم ناچم. بڕیارێکی تا سەر نییە. کۆڕی ئامادەکردنی رۆح وەسوەسەم دەکات. دوو رۆژ دواتر، تەلەفۆنی بۆ دەکەم. پێی دەڵێم دێم، بەڵام بە مەرجێك: دەبێ بەشداری لەگەمەکانی ئێمەدا بکەیت. منگە منگ دەکات. کام گەمە؟ لەکوێ؟ یەکەجار دەڵێ نا. پاشان دەڵێ رەنگە. بیردەکاتەوە. دوو دڵە. دەبێ پرس بە باوکی بکات. دواجار، بە ترس و لەرزەوە، قەبوڵی دەکات. دەڵێ زوو دێت و زوو دەگەڕێتەوە.

دەڵێ:" رەنگە لەگەڵ باوکمدا بێم."

دەڵێم:" بڕۆ بابە. شێت بوویت. باوکت سواری پاسکیل بێت؟ لەگەڵ ئێمەدا؟"

پێدەکەنێ و سەماعەکە دادەنێتەوە.

پاش نیوەڕۆی چوارشەممە، لەکاتی خۆیدا، لەگەڵ کاك جەواد دا لە شەقامی زەعفەرانییە ئامادە دەبێت. پاسکیلی نییە و چاری ناچارە. کاك جەواد مۆڵەت دەدا و وەك کەسێك کە هەرگیز جاددە و ترومبێل و بونیادەمی دوو پێی نەبینیبێ، لەلامەوە رادەوەستێ. لە جاددە دەترسێ و ناوێرێ بەنێو ترومبێلەکانا بپەڕێتەوە. دەقیژێنێ و دەست بەدوای پاسکیلەکەی منەوە دەگرێت. گروپەکەی ئێمە بریتین لەچەند هاوپۆلێك، دوو دانە لە گوڵەکانی شیراز هەر هەمووی کچ، دوو دانە کوڕە خاڵ و چەند دانەیەك لە کوڕانی گەڕەك ( هومایۆن وپەروێز ). گوڵ مەریەم هەست بە غەریبیی دەکات. لە هاتن ژێوانە و رێگەی ژێوان بوونەوەی نییە. لەگەڵ باوکی و وێنە و رۆحەکاندا بەختەوەرترە. سوعبەتەکان، گاڵتەبازییەکان، وتە وتی و قسەی ئەم گروپەی پێ تازەیە. زوبانی ئێمە بەڵەد نییە. خەراپتر لەوەش پاسکیلی نییە. لە پاشکۆی پاسکیلەکەی مندا دادەنیشێ و زەق دزەق دەنۆڕێ. دەترسێ. دەیەوێت دابەزێت، لەسەری پێچەکەدا، بەرلەوەی دەرفەتی راوەستانم هەبێت، دادەبەزێت. هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدا و دەکەوێتە سەر عەردەکە. رادەوەستین. کوڕە خاڵەکان دەبۆڵێنن. دەست و ئەژنۆی گوڵ مەریەم بریندار بووە و دەشەلێ. پەروێز دەچێتە ژێربالّی. دەسەسڕەکەی دەردێنێ و ئەژنۆی پێ دەبەستێ. گوڵەکانی شیراز پێدەکەنن و پێکەنینەکەیان لە رووی

نارەسەنیی و بەخیلییەوەیە. پاسکیلەکەی پەروێز گەورەیە. گوڵ مەریەم لەپاشکۆی پاسکیلەکەی ویدا دادەنێین. دەست و پێ سپیی و شەرمنە. نازانێ دەستی چ لێبکات. پێی دوور لە تایەکان راگرتووە و غیرەتی نووساندنی بە پەروێزەوەی نییە. دڵنیام ئەم کیژە شتێك بەسەر خۆی و پەروێزدا دێنێ. حەرەکەت دەکەین. دەنگی قیژەی گوڵ مەریەم دەگاتە گوێم. تەماشا ناکەم. توند توند بە سەرەولێژکەکەی باخی فیردەوسدا پایدەر لێدەدەین. بین دەگرین. پەروێز پێشی هەمووان دەداتەوە. گوڵ مەریەم بە چاوانێك کە لەحەژمەت ترس گرد بوونەتەوە و زارێك کە ئامادەی هاوارکردنە، تەماشای پێشەوە دەکات. دەستی بەدەوری نێوقەدی پەروێزدا هێناوەتەوە و توند و تۆڵ خۆی پێوە لکاندووە. با بەژێر قژ و تەنورەکەیدا دێت و گوڵەکانی شیراز، بە پێکەنینێکی نارەسەنانە، تەماشای دەکەن. کولان بە کۆڵانەکانی ئیلاهییە پڕ لە سێبەری بەختەوەرن. لەبەردەم باخی ئەمینیدا دەوەستین. جۆگەیەکی گەورە بەلای دیوار و ژێر درەختەکاندا دەڕوات. ئاوەکەی فێنك و زولاڵە. لە کەناڵی خاتوو فەخرولدەولە وە دێتەخوار. پێڵاوەکانمان دادەکەنین و دەست و دەم و چاومان دەشۆین. گۆناکانی گوڵ مەریەم سوور هەڵگەڕاون و هەناسەبڕکێی پێ کەوتووە. مشتێك ئاو بە روخساریدا دەکا و پاشان، بە لاسایی کردنەوەی ئەوانی تر، پێڵاوەکانی دادەکەنێ و پێی دەخاتە ئاوەکەوە. گوڵەکانی شیراز ئاو بەیەکدا دەکەن و بەدوای یەکدا رادەکەن. ئەوە

گەمەیەکی خۆشە و بۆ ئەو گەرمایە باشە. گوڵ مەریەم خۆی لەودیو درەختێکی گەورەوە دەشارێتەوە. لەبەرخۆوە دەڵێم کە هەر ئەلعان فرمێسك لەچاوانییەوە دەڕژێتە خوار. بەڵام نا. لەودیو ئەو درەختەوە دەچێتە ئەودیو درەختێکی دیکە. مشتێك ئاو بە روخساری پەروێزدا دەکا و پێدەکەنێ.

کە دەگەینە پردی رومی، دەور دەکەینەوە و دەگەڕێینەوە. وادەی شەوی هەینی لەسەر پردەکە دادەنێین. کاك جەواد چاوەڕێی گوڵ مەریەمە.

دەپرسم:" دێی؟"

نازانێت. تەماشای پەروێز دەکا و سوور دەبێتەوە. درەنگێتی. وادەی شێوی باوکییەتی. رادەکا و رادەکات.

پەروێز بە قژە زەرد و سمێڵە تەنکەکەیەوە دەنازێ و پێی وایە هەموو کیژانی شار و شەمێران عاشقی وین. خۆی بە پێشەوای منداڵانی گەڕەك دەزانێ و نوتقگەلی سیاسیی دەدات. باوك و دایکی وەك فەرەنگییەکان بیردەکەنەوە. مۆڵەتیان داوەتێ میوانداریی رێکخات، هەرکەسێکی بوێ داوەتی بکا و لەگەڵ کیژانی هاوتەمەنی خۆی یان لەخۆی گەورەتردا سەما بکات. پاش نیوەڕوانی هەینی لەماڵی ئەوان کۆدەبینەوە. کۆڕی ئەدەبیی و سیاسییمان هەن. پەروێز ئەو کتێبانەی کە خۆی خوێندوونییەتەوە، بە

قەرد دەمانداتێ و قسانێك دەكات كە لە مێشكە جحێڵەكانی ئێمە قەبەترن. وێنەی لینینی بەدیواری ژوورەكەیدا هەڵواسیوە و دەیەوێت دونیا بگۆڕێت. دایك و باوكی ئەندامی حیزبی تودەن و جگەرە دەكێشن. عاشقی پەروێزن و بەئێمە دەڵێن كە ئەم كوڕە، لە ئایندەدا دەبێتە كەسێكی گرینگ. پەروێز خەیاڵی لای گوڵ مەریەمە. تەلەفۆنی بۆ كردووە و پاشان دایخستۆتەوە. سێ جار تەلەفۆنی بۆ كردووە و هەر سێ جارەكە كاك جەواد تەلەفۆنەكەی بەرزكردۆتەوە. چ هەواڵێك لەگوڵ مەریەم نییە تا ئەو رۆژەی بۆ كلاسی سەما دێت.

بەگوێمدا دەچرپێنێ كە ئەمشەو، لە ماڵەوە كۆڕی ئامادەكردنی رۆحیان هەیە و وەبیرمی دێنێتەوە بەڵێنم داوە شەو لەلای بم.

وای. كۆڕی ئامادەكردنی رۆح! رۆیشتن بۆ ئەو ماڵە، ماڵی مردووان! پەیجۆرم. بڵێی هەر بەڕاستی مێزەكە بلەرێتەوە؟ ئەدی رۆح بوونی هەیە؟ ڤیروسیای لێدەكەم. قبوڵی دەكەم. سێ شەو لەهەفتەیەكدا مۆڵەتم هەیە لەگەڵ هاوڕێكانمدا شێو بكەم و پێش سەعات دە و نیو بگەڕێمەوە.

بە گوڵ مەریەم دەڵێم پێویست ناكات كاك جەواد بنێرێت بەشوێنمدا، خۆم ماڵەكەیان پێ دەزانم. بە پاس دێم. بە پەروێز دەڵێم و لەو قسەیەی خۆمی بێ ئەقڵ ژێوان دەبمەوە. پێمەوە دەنووسێ و پێ دادەگرێ كە لەگەڵمدا دێت.

دەڵێم:" ئاخر گوڵ مەریەم دەرت دەكات. رێگەت نادات. مەحاڵە." لێمنابێتەوە. دەڵێ:" تۆ حەقت نەبێ. خۆم لەگەڵیدا دەدەوێم."

دەبێتە هەرامان و بە دەنگە دەنگ، دەگەینە بەردەرگای ماڵی گوڵ مەریەم. كاك جەواد دەرگاكە دەكاتەوە. تەماشای پەروێز دەكا و رادەچڵەكێ. گوڵ مەریەم لەحەوشەیە. دێتە پێشەوە. كە چاوی بە پەروێز دەكەوێ رەنگی دەپەڕێ. دەستەپاچە دەبێ و توند توند پێڵوو دەتروكێنێ.

دەڵێم:" چ پەیوەندیی بە منەوە نییە. خۆی دوامكەوتووە. خۆت قسانی لەگەڵدا بكە. شەرمی ناوێت. پێی بڵێ نابێ. باوكت مۆڵەت نادات."

كاك جەواد دەخاڵەت دەكات. دەڵێ:" بەڵێ. ئەمشەو میوانمان هەیە. ئینشاڵڵا بۆ جارێكی تر."

گوڵ مەریەم لەبەردڵی گرانە. سەر لێوی ئارەقەی كردۆتەوە. تەماشای پەروێز دەكا و سوور هەڵدەگەڕێ.

دەڵێ:" بەڵێ. ئەمشەو میوانمان هەیە. بۆ شەوێكی تر."

دەرگاكە بەرووی پەروێزدا دادەخەم و بە گوڵ مەریەم دەڵێم نابێ زۆر روو بەم كوڕانە بدات. گەرچی كوڕێكی باشە، بەڵام زۆر لەخۆی رازییە.

گوڵ مەریەم دەزانێ پەروێز تەلەفۆنی بۆ دەكا و دایدەخاتەوە. دەزانێ هەمووو رۆژێك بە بەردەم ماڵەكەیاندا تێدەپەڕێت، تەماشای پەنجەرەی ژوورەكەی دەكات و لەسەر قاڵدرمەكەی بەردەرگا رادەوەستێ.

دەڵێ:" شتێکی زۆر خەراپ بوو. خۆزیا داوەتم کردبا. تەریق بۆوە. بەخۆیدا شکایەوە."

جەنابی دکتۆر چاکەت و پانتۆڵی رەشی پۆشیوە و چاوەڕێی میوانەکانێتیی.

پێمدەڵێ:" ئێوە کچان بچنە سەرەوە. میوانەکان غەریبەن. باش نییە ئێوە خۆتان تێکەڵاوی ئەوان کەن."

گوڵ مەریەم هەروا خەیاڵی لای پەروێزە. بە قسەی باوکی دەکا و بەگوێمدا دەچرپێنی:" لە درزی دەرگاکەوە تەماشا دەکەین. دەرگای ژوورەکەی دوواوە."

زەنگی تەلەفۆنە. گوڵ مەریەم پڕ بە سەماعەکەدا دەکا. رووی وەردەگێڕێ و پشت لە من رادەوەستێت. گوێ رادەدێرێ. دەنگی دەرنایەت. نەدەبوو تەلەفۆنی ئەم کیژەم بە پەروێز دابا. خەتای منە. تا ئەم کیژە عاشقی خۆی نەکا، دەست هەڵناگرێت. حەزدەکات هەمووان، لە کیژی کوێرو کەچەڵەوە تا کیژانی جوان، تا ژنانێك کە دە ساڵ، بیست ساڵ لەو گەورەترن، عاشقی بن. ناومان ناوە دۆن جوانی باخی فیردەوس. خودا دەزانێت هەنووکە چیی بە گوێی گوڵ مەریەمدا دەچپێنی. کارەکە بەڵەدە. ئەهلی دەسبازیی لەگەڵ کیژاندا نییە. ئەهلی ماچ و موچی نهێنییش نییە. حەز دەکات کیژان عاشقی بن، نامەی عاشقانەی بۆ بنووسن و لەحەژمەت بەخالەت بگرین.

دەپرسم:" چیی گوت؟ پەروێز بوو؟"

وەڵام ناداتەوە. لەزەنگی دەرگا دەدرێت. دەچینە سەرەوە. یەکەمین میوان جەنابێکە کە زوبانی دەیگرێ و پچڕ پچڕ دەدوێ.

گوڵ مەریەم دەڵێ:" ئەمە واسیتەکەیە. ئەوە کە ڕۆح ئامادە دەکات. قودرەتی هەیە."

میوانەکانی دواتر دوو خانمن. گوڵ مەریەم لە سەروو پێپلیکانەکانەوە دەچەمێتەوە. تەماشا دەکات.

دەڵێ:" ئەمانە کێن. نایانناسم."

میوانی سێیەم پیاوێکی پیر و قەڵەوە کە دەشەلێ. بە گۆچانەوە دێتە ژووری. هێشتا نەگەیشتووە، جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و دەکەوێتە کۆکە کۆك. گوڵ مەریەم وی دەناسێ و سەری بە خەمەوە دەلەقێنێ.

دەڵێ:" بەدبەخت. کیژەکەی لە زەریادا خنکاوە. هەموو چوارشەممەیەك دێت. بەردەوام دەگری. واسیتەکە دەڵێ نابێ بگریت. ئاخر ڕۆح ئازار دەچێژێ. قەهر دەکات. نایەت."

جەنابی دکتۆر دەرگای هۆڵی پێشوازیی دادەخات. گوڵ مەریەم ئاماژە دەکات بێدەنگ بین. لەسەر نووکی پێ دەچینە ژوورەکەی ئەودیو. دەرگاکەی نیوەکراوەیە. دەرگایەکی تری هەیە کە رووە و هۆڵەکە دەکرێتەوە. لەکونی کلیلەکەیەوە دەکرێت واسیتە و مێزەکە ببینرێت. گوێ ڕادەدێرین.

دەنگی واسیتە دەڵێ:" حەوت قول هو الله بخوێنن. ڕۆحگەلی گچکەی نارەسەن لە ژوورەکانا دەسووڕێنەوە. دەتوانن ئێوە ئەزییەت بدەن. بێ زەحمەت قسان مەکەن. بیر لەو ڕۆحە بکەنەوە کە دەتانەوێ ئامادەی کەن."

گوڵ مەریەم بە گوێمدا دەچرپێنێ:" جاری پێشوو ڕۆحی دایکم نەهات. قەهر بوو. باوکم گریا. پاڕایەوە. سوودی نەبوو. واسیتە گوتی ڕۆحەکە ڕەنجاوە. ئازاد نییە. خەفەت و گریان بۆ ڕۆح وەك زیندانە. ناتوانێت بفڕێت. منیان بانگ کرد. هەرکە لەودیو مێزەکەوە دانیشتم، ڕۆح ئامادەبوو. مێزەکە جووڵا."

ناو دڵم دەلەرزێ. جەستەم بووەتە شەختە. هەموو ئەم قسانەم پێ سەیرن و ناچنە ئەقڵمەوە. گوڵ مەریەم بەم کارانە و بەم ژیانە عادەتیی گرتووە. جۆرێك لەبارەی دایکییەوە دەدوێت وەك بڵێی زیندوو بێت. من بام، دەمردم. بە پەروێز بڵێم پێدەکەنێ. باوەڕ ناکات. خۆزیا لێرەبا و بەچاوی خۆی بینیبای. ئەو هەر بەڕاستی بە داوی عەشقی گوڵ مەریەمەوە گرفتار بووە و حەوسەڵەی ڕۆح و مەرگ و ئەم جۆرە قسانەی نییە.

میوانەکان لەودیو مێزەکەوە دادەنیشن. واسیتە لەدوورەوە ڕاوەستاوە و تەماشا دەکات. دەرگاکە، هێندەی یەك پەنجە دەکەینەوە.

یەکێك لە خانمەکان دەڵێت:" من حەز دەکەم رۆحی حەزرەتی زەردەشت ئامادەکەین."

واسیتە دەڵێ:" زۆر زەحمەتە. رۆحە گەورەکان شتی وا قەبوڵ ناکەن."

خانم دەڵێ:" من زەردەشتیم، گەر من بمەوێ، وی تەشریف دێنێ"

واسیتە دوو دڵە. دەڵێ:" دڵنیا نیم. دەبێ یەکەم جار رۆحێکی سوکەڵەتر بنێردرێت تا قسەیان لەگەڵ بکات."

دەستەکان لەسەر مێزەکەن. کەس ورتەی لێوە نایەت.

واسیتە دەڵی:" وابزانم هات."

جەنابی دکتۆر دەڵێ:" بەڵێ. مێزەکە داخ بووە."

خاتونی زەردەشتیی، لەناکاوێکڕا وەزعی خەراپ دەبێ. دەکەوێتە ناڵە و سەری بەسەر مێزەکەدا دەکەوێت.

خانمەکەی تر ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و توند توند قسان لەگەڵ رۆحی گەورەدا دەکات.

دەپرسێت:" جەنابی رۆح، جەنابی زەردەشت. بێزەحمەت بڵێ کێ فەرشەکانی دزیوم. ئەگەر پیاوە، با مێزەکە بەرەو لای چەپ لار بێتەوە. خۆ ئەگەر ژنە ..."

واسیتە قسەکانی پێدەبڕێ. تووڕەیە. دەستی بە تورڕەیی لە هەوادا تەکان دەدات.

دەڵێ:" پرسیاری تایبەتیی قەدەغەیە. پرسیارەکە دەبێ گرینگ و گشتیی بێت."

جەنابی دکتۆر رایدەگەیەنێ مێزەکە سارد بۆتەوە و رۆحەکە رۆیشتووە. خاتوونە زەردەشتییەکە هەڵدەگرن و لەسەر قەنەفەکە دەیخەوێنن. ئاوی بۆ دێنن.

جەنابی دکتۆر نیگەرانی دکتۆر موسەدەق ە. تکا دەکات رۆحی رەزا شا ئامادەکەن.

گوڵ مەریەم حەوسەڵەی نەماوە. دەڵێ:" ئەمانە کێن؟ ژنانی نالەبار. با بچینە دەرەوە. باوکم سەرگەرمە. بەتەنیا نییە."

بە کاك جەواد دەڵێ:" ئێوە لێرە بمێننەوە. من لەهەمان ئەم دەور و بەرەم. پێویستم بە پاسەوان و چاودێر نییە."

لە شەوە گەرم ودڵگیرەکانی هاوینە. گڵۆپەکانی شەقام داگیرساون. ترومبێلەکان، یەك لەدوای یەك، بەرەو تەجریش دەڕۆن. گوڵ مەریەم تەماشای ئەملاولا دەکات. حەجمینی نییە. دەپرسێت:" ئەدی هاوڕێکانت، مناڵە ورتەکەکان لەکوێن؟"

دەزانم مەبەستی لە پەروێزە.

مەزەندەکەم راستە. کاکی پەروێزخان، لەگەڵ چەند کەسێکی تردا، لەبەردەم دۆندرمە فرۆشیی ڤێلا راوەستاوە. سەر پردی تەجریش پڕە لە خەڵك.

شەقامی سەعداباد، چاوانی گوڵ مەریەمی بۆ لای خۆی کێشکردووە. خانمان، بە جل و بەرگی رەنگاو رەنگ و پێڵاوی پاژنە بەرزەوە، پاڵیان بە ترومبێلەکانیانەوە داوە، گەرمەکابە و گوێز دەخۆن. پیاوان بە چاکەتی چوارقۆپچە و پێڵاوی بریقەدارەوە، بە سەرەوژوورکەی سەعدابادا، بە پێ دەڕۆن و دەگەڕێنەوە. هەمووان یەکتری دەناسن. هەمووان تەماشای یەکتری دەکەن و زەردەخەنیان دێتێ، وەك بڵێی بۆ گەورەترین میوانداریی شار هاتبن و هەموو ئەم خواردن و خواردنەوانە بۆ پێشوازیی ئەوان ئامادە کرابێت. سەرپردەکە بە دوو بەش دابەش دەبێت. ئەوسەر، نزیك بە دەروازەی بازاڕ و سەرەو ژوورکەی دەربەند، نیوە تاریك و چۆڵ ترە. کەباب و جگەر ودڵ دەفرۆشن و شوێنی کۆبوونەوەی شۆفێری تاکسی و پاس و ژنانی پەچەپۆشە. هەندێ جار، لەولایەوە دەبێتە شەڕو هەرا. پیاوانێکی سمێڵ ئەستوور و کڵاوی مەخمەلیی لەسەر، سەرخۆش دەبن و هاواردەکەن. من و هاوڕێکانم مافی رۆیشتنمان بۆ ئەولایەوە نییە. جێژوانی گەنجان و هاوڕێیانی من بەردەم دۆندرمە فرۆشیی ڤێلایە. دۆندرمەی میوە دیاردەیەکی نوێیە و لە فەرەنگستانەوە هاتووە و بۆنی دونیایەکی تری لێدێت، دونیایەك لەوسەری سنوورەکانەوە. ئەوە یەکەمین

جارە کە دۆندرمەی ئالْبالْو بە تاران و سەر پرد گەیشتووە و ئیدی تامی ئەم دۆندرمەیە جیاوازی لەگەڵ هەموو ئەو تامانەدا هەیە کە چەشتوومن. شتێکە وەك تامی یەکەمین ئەشق، وەك تامی یەکەمین نمرەی دە لە دە. وەك تامی یەکەمین بە دزییەوە جگەرە کێشان.

گوڵ مەریەم حەپەساوو گێژە. پەرویز دۆندرمەی ئالْبالْوی بۆ کڕیوە و ئیدی بەکاوەخۆ، وەك کەسێك کە نوستبێت، هێور هێور زمان بە دۆندرمەکەدا دێنێت. ئاگای لێنییە وا دۆندرمەکە دەبێتە ئاو، لە بنی پسکیتەکەیەوە تکە دەکا و کراسە پاك و تەمیزەکەی پڕ لە پەڵەی سوور بووە.

تەماشای پەرویز دەکات، دۆندرمەکەی دەخواو پێڵووی دەنێشنێتە سەر یەکتر. دەبێ وەبیری بێنمەوە کە کاتی گەڕانەوەیە و میوانەکانی باوکی، بەزووی دەڕۆن. دەیەوێ بڕوات. دەبێ بڕوات. باوکی چاوەڕوانییەتی. نیگەرانیی گوڵ مەریەم بۆ ئەم باوکە خەمین و تەنیایە، منیشی گرتۆتەوە. بەڵام دوو دڵە. نیگای بەدوای پەروێزدا رادەکات. دونیای دەرەوەی ماڵ، دونیای خەڵکانی زیندووی کەشف کردووە و حەوسەڵەی گەڕانەوەی بۆ ئەو ماڵە خامۆش و چۆڵە نییە. کلافەیە. هەست بە گوناھ دەکات. مەودای لە خەڵکانی کاغەزیی لە ئەلبومی وێنەکاندا، لە یادەوەرییەکانی باوکیدا گرتووە. نازانێ چ بکات. دەڕوا و یەك سەعات دواتر، هەمدیس دەگەڕێتەوە. ئەمە ئەو گوڵ مەریەمە شەرمن و

گۆشەگیرە نییە کە دەمناسی. فێربووە پێبکەنێ. فێربووە خێرا خێرا و بەرز بپەیڤێت. فێر بووە فێڵ بکات، درۆ لەگەڵ باوکیدا بکا و لەماڵەوە هەڵبێ. فێربووە ڕووبەڕوی پەرویز ڕاوەستێ، چاو لەچاوانی ببڕێت، لە سینەماو لەناو پاسدا لە پاڵیدا دانیشێت.

کۆتایی مانگی مورداده. کۆنسێرتی گوڵەکانی شیراز یەکی مانگی میهر دەخرێتە سەر شانۆ. خاتوو یەلینا بڕیاری داوە سەمای ئیسپانیش بهێنێتە ناو بەرنامەکەوە. ئاخر ئێمە گوڵی نێو دەوڵەتیین، سەر لە ئیسپانیا و ئەفەریقاش دەردێنین و لەهەر خاکێکدا بمانڕوێنن، بە هاسانی سەوز دەبین. بەرگدرووە تایبەتییەکەی خاتوو یەلینا جلك و کڵاوی ئیسپانیایی بە سەرمان تاقی دەکاتەوە. گوڵ مەریەم لە دوورەوە تەماشامان دەکا و پێدەکەنێ. کڵاوەکانمان تاجێکی درێژی لە مقەبا دروستکراوە و دانتێلێکی سپیمان پێداداوە. داوێنی جلکەکە سێ لۆچە — لۆچی چیندار — دووایین چین، درێژە و لە ئەرزەکە دەخشێت. لە قاچ دەگیرێ و شتێکی بۆژۆکەرە. نرخی هەر جلکێك سەد تومانە. دایك و باوکانمان لەو خەرجییە زیادانە کڵافە بوون و پرتە و بۆڵەیانە. خاتوو یەلینا کەوچکی دارینیشی بۆ ئامادەکردووین کە دەیبەستین بە قامکەکانمانەوە. کەوچکەکان دەدەین لەیەك و هێند تەقە تەقی پێدەکەین کە وەك بڵێی بە دەسکی دەسکەوان لە پشتی قازان بدەین.

گوڵ مەریەم لە پێکەنیندا خەریکە بە پشتا دەکەوێت. فێربووە لە دڵەوە پێبکەنێ. سەرگەرمی قاچ بەئەرزدا دانین کە گوێمان لێیە وا کەسانێك لە شەقامەوە هاواردەکەن و رادەکەن. بەهەمان سەروسەکوتەوە رادەکەینە بانیژەکە. پێڕێك لات و لەوێر، بە دار بە جامی دوکانەکاندا دەکێشن. لۆری لۆری خەڵك بە بێڵ و تەورەوە بەرەو شەقامی شا دەڕۆن. ئەوانەی لەسەر شۆستەکەن چاویان بە ئێمە دەکەوێ، مات دەیانباتەوە. خودا دەزانێ بیر لەچ دەکەنەوە. ئێمە پیشانی یەکتری دەدەن و پێدەکەنن. خاتوو یەلینا سەراسیمە، هەموومان لە بانیژەکە دوور دەخاتەوە. پەردەکان دادەداتەوە و دەرگای دەرەوە دادەخات. بە پەلە جلکەکانمان دەگۆڕین و دادەنیشین چاوەڕێ دەکەین. گوڵ مەریەم تەلەفۆن بۆ باوکی دەکات. دەبیستم خەڵك بەربوونەتە گیانی یەکتر و گروپێك لایەنگری شا، لە لایەنگرانی موسەدەقیان داوە. سوپا رژاوەتە جاددە، تەقەی لە تودەییەکان کردووە. گوڵ مەریەم دەزانێ کە باوکی عاشقی دکتۆر موسەدەق ە و ئیدی وەزعی تێکدەچێ. چەند سەعات دواتر، هەرا و زەنای شەقامی ئەسلامبول دەنیشێتەوە. ماڵی نەنکم لە شەقامی سی مەترییە. دایکم لەوێیە. کاك جەواد چ هەواڵێکی نییە. ( پاشان دەزانم کە لە خۆپیشاندانەکەدا بریندار بووە و قاچی شکاوە.) گوڵ مەریەمیش لەتەکمدا دێت. بە راکردن خۆمان بە ماڵی نەنکم دەگەیەنین. خەڵکانێك

دەبینم مێز و کورسیی و چلچرایان بەسەر سەرەوەیە و تێدەپەڕن. دەبیستین کە ماڵی دکتۆر موسەدەق تالاّن کراوە.

تاکسی دەگرین، من و دایکم و گوڵ مەریەم. کە دەگەینە باخی فیردەوس، چاوم بە پەروێز دەکەوێت. دەزانم چاوەڕێی گوڵ مەریەمە. تاکسییەکە رادەگرین. دایکم ئارام دەگرێ تا من لەگەڵ گوڵ مەریەمدا بچمە ماڵیان و هەواڵی باوکی بپرسم.

جەنابی دکتۆر راکشاوە و گلۆپەکانی ژوور سەری کوژاونەتەوە. گوێی لە دەنگ و باس بووە و ئاگای لە داگیرکردنی ماڵی دکتۆر موسەدەقە. بە خۆم دەڵێم ئەرێ ئەم پیاوە گۆشەگیرە، ئەم پیاوەی کە سەروکاری لەگەڵ رۆحدا هەیە و غەرقی رووداوەکانی رابردووە، چ پەیوەندییەکی بە دکتۆر موسەدەقەوە هەیە؟ ئاخر ئەم پیاوە، پیاوێکە ئەهلی سیاسەت نییە. گوڵ مەریەم لەپاڵ تەختەنوێنەکەی ویدا دادەنیشێ و دەست بە نێوچەوان و قژی باوکیدا دێنێ. گلۆپەکانی ژوور سەری دادەگیرسێنێ. جەنابی دکتۆر، بە چاوانێکی تەڕ و کەپوویەکی سوور هەڵگەڕاوەوە، تەماشای کیژەکەی دەکا و رووی وەردەگێڕێ. ئیدی مانەوەی من بێ مانایە. دێمە دەرێ و دەبینم وا پەروێز، بە ئومێدی بینینی گوڵ مەریەم، لەسەری کۆڵاندا راوەستاوە و قۆپچەکانی کراسەکەی تا ناوەڕاستی سینگی کردوونەتەوە.

دۆن جوانەکەی باخی فیردەوس، وەکو تاوس بە کۆڵاندا دێت ودەچێ و خەون و خایلەکانی تەواو بوونیان بۆ نییە. تەمەنی شازدە ساڵانە و شازدە

هەزار بەرنامەی بۆ ئایندە هەن. دوو ساڵی تر دیپلۆم وەردەگرێ و بەرەو ئەمەریکا دەڕوات. دەیەوێ ببێتە مامۆستای زانکۆ. کام بەش؟ بەشی فیزیا یان ئابووریی، رەنگە فەلسەفە، یان ئەستێرەناسیی یان .... خۆیشی نازانێ. حەزیشی لە شانۆ و سینەمایە. گوڵ مەریەم پێدەکەنێ. دەپرسێت:" سینەمای هۆلیود؟" هەڵبەت پاڵەوانی مەلە و تێنس و پاسکیل سوارییشە. جیهان گەردیی، فەزاگەردیی، زەریا نەوەردیی، شاخ نەوەردیی یشی بیرناچنەوە. گوڵ مەریەم دێنێ و دەبێتە خاوەنی سێ منداڵ و ... و و و ...

ئارەزووەکانی بۆ خەڵکانی تریش گوێزراوەتەوە و هەریەکێك لە ئێمەیش، شەوانە بەر لەنووستن، لە پەلکێکەوە بۆ سەر پەلکێکی تر دەفڕین و بە دەوری گۆی زەوییدا دەسووڕێینەوە. ئایندە هەزار دەروازەی هەیە و کلیلی ئەو دەرگایانە لە گیرفانەکانی ئێمەدان. جیڕە جیڕی کردنەوەیان دەژنەڤین و نازانین داخۆ کام دەرگا، کەنگێ و لەکوێ بکەینەوە.

دە رۆژی بۆ یەکەمی مانگی میهر ماوە. دردۆنگین و بە دوو دەست بە بەرماوەی هاوینەوە نووساوین. وادەی پاسکیل سوارییمان هەیە و رەنگە

ئەوە دواپین وادەی ئێمە بێت. ئاخر دوای ئەوە ئیدی پاییزە و پاش ئەوەش زستان و خوێندن، خوێندن، خوێندن.

گوڵ مەریەم، هەروا، بەبێ پاسکیلە. لە پاشکۆی پاسکیلەکەی پەروێزدا سوار دەبێ و بە دوو دەست نێو قەدی وی گرتووە.

تەواوی منالآن — گوڵەکانی شیراز، کوڕە خاڵەکان، گوڵ مەریەم و کاك جەواد بە دارشەقەوە، پەروێز بەکراسی سپی و خەروارێك قژی زەرد — لە شەقامی زەعفەرانییە کۆبووینەتەوە. پەروێز پێشنیاری بەرنامەی پێشبڕکێی کردووە. بڕیارە گوڵ مەریەم تا بەردەم تەپۆڵکەکانی مەحمودییە و ئەمانییە لەپاشکۆی پاسکیلەکەی ویدا سواربێ و پاشان، لەکاتی دەستپێکردنی پێشبڕکێکەدا، دابەزێ و لە دوورەوە تەماشای پێشبڕکێکە بکات. گوڵە مێخەك و گوڵە وەنەوشە دەڵێن ئەوان بەشداریی لە پێشبڕکێکەدا ناکەن. هوماوێن و سوهراب یش لەوێن و ژمارەمان زیاتر لە جارانە. هەمووان دەبینن کە گوڵ مەریەم زنجیرەکەی ملی دادەکەنێ و دەینێتە مشتی پەروێزەوە. کوڕەکان فیکە لێدەدەن و گوڵە مێخەك لەحەژمەت خەفەت و بەخیلیی، بە پاسکیلەکەیەوە دەکەوێتە چاڵێکەوە، دەکەوێت بەئەرزدا و شووشەی چاویلکەکەی دەشکێ.

دەکەوینە رێ. پەروێز و هوماوێن دەستیان لە سوکانی پاسکیلەکانیان بەرداوە و بەپێوە پایدەر لێدەدەن. گوڵ مەریەم دەترسێ و هاوار هاوار دەکا. یەك دوو جار هاوسەنگییان تێکدەچێ و خەریکە هەڵدێررێن. خاتوو

یەلینا پێی گوتووین دەبێ ئاگامان لە سلامەتیی و بیچم و قلاقەتمان بێت. نەبا سەرمامان بێت، نەبا دەم و چاومان برینداربێت. گوڵەکانی شیراز دەبێ وەك گوڵ، تەڕ و تازە و دڵخۆش بن. کوڕە خاڵەکان لەدوواوەن و منیش، خنە خن پایدەر لێدەدەم. سەرکەوتن بە بەرزاییدا سەختە، هەناسەیەکی گەرەکە کە من نیمە. گوڵ مەریەم لە هەمووان بەختەوەرترە. روخساری بە پشتی پەروێزەوە داداوە، بە نێو قەدییەوە نووساوە و زەردەخەنەی دێتێ. رەوتی رێ ڕۆیشتنەکەمان گۆڕاوە. بەرەو لای چەپ دادەگەڕێین و تا ئەودیو تەپۆڵکەکانی مەحموودییە بە پاسکیل دەڕۆین. لەوێوە تا سەرەتای ئەمانییە دەشتێکی پان و بەرینە و بەرزایی و نزمایی و چاڵیی و چۆڵیی نییە. باشترین جێگایە بۆ پێشبڕکێ. پێشبڕکێکەران ریز دەبن. گوڵ مەریەم کامێراکەی باوکی هێناوە. وێنەیەکی بەکۆمەڵمان دەگرێت. پەروێز لە ناوەڕاستی هەمووواندا راوەستاوە و خۆی دەنوێنێ. دەستی لە لاکەلەکەی ناوە و پێدەکەنێ. پاشان وێنەیەکی من و پەروێز دەگرێ. پاشان وێنەیەکی تەنهای دۆن جوانی باخی فیردەوس. کامێراکە دەداتە کاك جەواد. لەپاڵ پەروێزدا رادەوەستێ و دەست بە بازووی وییەوە گرێ دەدات. پێشبڕکێکە دەست پێدەکات. بڕیاردەدەین تا ئەودیو تەپۆڵکەی بەرامبەر بڕۆین و بگەڕێینەوە. فیکەی دەست پێکردنی پێشبڕکێکە لای گوڵ مەریەمە.

ئامادە. فیکە. حەرەکەت. من دۆڕاوم و هەر لە سەرەتاوە ئەوە دەزانم. ئەدی دەکرێ پێش ئەم کوڕە درێژانە بدرێتەوە. هەڵبەتە بۆی هەیە هەزار شت رووبدات. رەنگە تایەی پاسکیلەکەی هومایۆن پەنچەر بێت. رەنگە سوهراب بە عەردا بکەوێ. رەنگە زنجیری پاسکیلەکەی پەروێز بپچڕێ. پەروێز پاڵەوانە. خۆی دەزانێ. زنجیرەکەی گوڵ مەریەمی لەگیرفاندایە. لەپێناوی ئەودایە کە پایدەر لێدەدا و پێشی هەمووانی داوەتەوە. ئاوڕیش ناداتەوە. لەخەیاڵی ئەوەدا نییە راوەستێ. بینی گرتووە. بانگی دەکەین. گوێی لێ نییە. یارییەکەی بەیەکدا داوە و حەوسەڵەی کەسی نەهێشتووە.

بەشی دووەمی بەرنامەکە پێشبڕکێی راکردنە. پاسکیلەکان دەنێینە لاوە. لەسەر عەردەکە پاڵیان دەخەین. هێڵی دەسپێکردن دیاری دەکەین. دواین وێستگە، ئەودیو سێیەمین تەپۆڵکەی بەرامبەرە. گوڵ مەریەمیش بەشدارە. بەخێرایی رادەکات. لاواز و سووکەڵەیە و پێشی پەروێزیشی داوەتەوە. من و کوڕەخاڵەکان لە ناوەڕاستا جێ دەمێنین. هومایۆن و پەروێز و گوڵ مەریەم لە پێشی هەمووانەوەن. لە تەپۆڵکەی یەکەم دەچنە سەرێ. بەرەو خوار دەبنەوە. گوڵ مەریەم بردوویەتییەوە. هومایۆن دووەمە، ئەدی پەروێز کوا؟ لە دوورەوە تەماشایم کرد. خەریك بوو دەگەیشتە لای گوڵ مەریەم و ئیدی لەناکاوێکڕا دیارنەما. گوڵ مەریەم سەیری دوواوە دەکات. رادەوەستێ. کوڕەخاڵەکان بەرەو پێشەوە رادەکەن. بانگی دەکەین. هومایۆن دەگەڕێتەوە و لەناوەڕاستی رێگەدا وشك

دەبێت. گوڵ مەریەم دەیگاتێ و دەزریکێنێ. لەنێوەڕاستی بیاباندا، لەبەردەم پێماندا، چاڵێکی قووڵ هەیە. رووەکەی پۆشراوە، بەڵام پۆشینێکی توند و تۆڵ نەبووە. رۆچووە و ئیدی پەروێز کەوتۆتە ناوییەوە. گوڵ مەریەم دەگری. رادەکات. دەگەڕێتەوە. هەموو ئێمە، گێژ و هەراسان، بە دەوری چاڵەکەدا راوەستاوین. نازانین چ بکەین. دەنگی پەروێز لە بنی چاڵەکەوە دێت. بانگی دایکی دەکات. دەبێ گەورەکان ئاگادارکەینەوە. عەمەلەیەك بەوێدا تێدەپەڕێت. هاوار هاواری ئێمە دەژنەڤێ. نێزیك دەبێتەوە. دەڵێ ئارامبگرن. بێڵ و گوریس و لایتمان پێویستن. لەدەرگای ماڵەکانی ئەو دەوروبەرە دەدەین. خەڵکیی خۆیان دەگەیەننە سەر چاڵەکە. نەفەرێك بە گوریسەوە شۆڕ دەکەنەوە بنی چاڵەکە. دەنگی پەروێز نابیسترێ. گوڵ مەریەم مەودای لەخەڵکەکە گرتووە و لە دوورەوە تەماشا دەکات. هەڵدەلەرزێت. هەرکەسە و پێشنیارێك دەکات.

کات تێدەپەڕێ. ماڵی خاڵە سەرهەنگ لەو نێزیکانەوەیە. سەر وکەللەی پەیدادەبێت. کەسێك بە بێڵ و گونییەوە دەچێتە نێو چاڵەکەوە. گونییەکە پڕ لە خۆڵ دەکا و رەوانەی سەرەوەی دەکات. خەڵکیی هات و باتیانە. هەواڵ دەدرێتە دایك و باوکی پەروێز. دەگەن و خەڵکەکە وەلادەنێن. دایکی پەروێز دەبورێتەوە و باوکیشی وەك خەڵکانی گێل، واقوڕماو و حەپەساو، تەماشای خەڵکیی دەکات. کات تێدەپەڕێت و گوڵ مەریەم

لەسەر عەردەکە دادەنیشێت و بە پەنجە ناسکەکانی چنگ بە خۆڵەکەدا دەکات. دڵی دەدەمەوە. دڵنیام پەروێز، پاڵەوانی مەلە، پاڵەوانی راکردن، پاڵەوانی شەڕە شمشێر، پەروێزی فەزاگەڕ، بە چیادا هەڵگژ، ناخودای کەشتی، دەتوانێ بەرگریی لەخۆی بکات. ئەو لەژێر خاکدا دانیشتووە و چاوەڕێیە دەریبێنن. چ شتێکی خەراپی لێ ڕوونادات. ئاخر تەمەنی لە شازدە ساڵ زیاتر نییە. ئاشقی گوڵ مەریەمە، مەحاڵە بمرێت، مەحاڵە شوێنێکی جەستەی بڕوشێ. هەموو ئەم قسانە، بە وشەی توند و پچڕ پچڕ بە گوڵ مەریەم دەڵێم. سەر دەلەقێنێ. دەنگی دەرنایەت، یەك وشە لە وشەکانمی بە ئەقڵدا ناچن. گونییە دوای گونییە خۆڵ لە چاڵەکە دەردێنن. دایکی پەروێز بانگی دەکات. وەڵام ناداتەوە. دونیا رووە و تاریکییە. چرا و فانۆسیان هێناوە. خەڵکەکە لە پڕێکدا پێکەوە هاوار دەکەن. جەستەی پەروێز دێننە دەرەوە. خاڵە سەرهەنگ بەردەم من و کوڕە خاڵەکان دەگرێت. ناهێڵێ تەماشاکەین. گوڵەکانی شیراز هۆن هۆن دەگرین. هیچ کەس زاتی ئەوەی نییە بدوێت. هیچ کەس جورئەتی ئەوەی نییە بڵێ پەروێز مردووە.

گوڵ مەریەم دەرگای ماڵەکەی بەرووی هەمواندا دادەخا و وەڵامی تەلەفۆنەکانم ناداتەوە. قوتابخانە دەکرێتەوە و وانە و مامۆستای تازە

جێگەی چۆڵی پەروێز دەگرنەوە. من و گوڵە مێخەك بە خاتوو یەلینا رادەگەیەنین کە لە کۆنسێرتی گوڵەکانی شیرازدا بەشداری ناکەین. کلاّسی سەما بە فەرامۆشیی دەسپێرین، بەلاّم بەرامبەر شیرینیی فرۆشی خوسرەویی وەفادار دەمێنینەوە. دڵم بۆ گوڵ مەریەم تەنگ بووە و زوربەی کات لە خەیاڵمدایە. رۆژێك لەرۆژان قیر و سیا دەکەم و دەڕۆم. کاك جەواد دەرگاکە دەکاتەوە. بە بینینی من خۆشحاڵ دەبێت. هەواڵی گوڵ مەریەم دەپرسم؟ حەزدەکەم بیبینم.

دەڵێت؟" جەنابی دکتۆر کۆڕی ئامادەکردنی رۆحیان هەیە. وەرە ژوورەوە. بەلاّم دەنگە دەنگ مەکە."

دەرگای هۆڵەکە داخراوە. دەچمە ژوورەکەی دوواوە. گوڵ مەریەم لەوێ نییە. چاو دەنێم بە کونی دەرگاکەوە. دەبینم لەودیو مێزەکەوە دانیشتووە و چاوانی لێکناوە.

واسیتە دەڵێ:" رۆح ئامادەیە. رۆحێکی سووکەڵە و جحێڵە. هێنانی هاسانە."

دەنگی گوڵ مەریەم دەگاتە گوێم. دەڵێ:" ئەگەر لێرەیت، ئەوا با مێزەکە بەرەو لای من لار بێتەوە."

دەرگاکە زیاتر دەکەمەوە تا باشتر ببینم. مێزەکە بەرەو لای گوڵ مەریەم لاردەبێتەوە. دەنگی قوڵپی گریانی گوڵ مەریەم دەژنەڤم. رادەکەمە

کۆڵان. تەواوی ڕێگە تا وێستگەی مەحموودیە، بە کوڵی گریانەوە هەر ڕادەکەم.

❊

# هاوڕێ گچکه

هاوینی هەزار و نۆسەد و هەشتا و چوار. کەناری زەریای سپیی ناوەڕاست پڕە لە خەڵك، دەرزی هەڵدەیت ناکەوێتە سەر ئەرز. لەبەر منداڵەکان بوو شانم دایە بەر ئەم سەفەرە، ئەگینا نەدەهاتم. زەریای پیرۆزەیی، لێڵ و خۆڵەمێشیی و هەوا گەرم و شێدار کە لەشی مرۆڤ دادەهێزرێنێ. کتێبەکەم دادەخەم و لە خەڵکانی دەوروبەرم دەنۆڕم. روانینم بێ جیاوازیی بەنێو خەڵکەکەدا دەڕوا، بەنێو خەڵکەکەدا دەگەڕێ، ئاوڕ دەداتەوە و لەسەر روخسارێکی نیوە ئاشنا دەگیرسێتەوە. نەختێك لەولا منەوە، ژنێکی تەنیا، هاوتەمەنی خۆم لەسەر لمەکە راکشاوە. هەستێکی سەیر پێمدەڵێ: من ئەم ژنە دەناسم. خایلەم تێکەڵ و پێکەڵ و یادەوەریی لێڵ وەك گوڵە ئەستێرە لەنێو سەرمدا دەدرەوشێتەوە. روو وەردەگێڕم، بەڵام دڵێکم لای ئەو ژنەیە و نارەحەتم و حەز دەکەم جێگەکەم بگۆڕم. منداڵەکانم بانگ دەکەمەوە. ( ئەو ) چاویلکە هەتاوییەکەی لەچاو دەکا و لە جانتاکەیدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێ. سەر هەڵدەبڕێ، دایدەگرێ. روو وەردەگێڕێ و لێم خورد دەبێتەوە. بە چاوانیا دەیناسمەوە، بەو دوو بازنە شینە گەورەیەدا کە هێشتا وەك رۆژانی منداڵیی قووڵایی دڵم رادەچڵەکێنێ. ( سیویتلانا !! ) ، بێ ئەوەی خۆم بمەوێ، ئەو ناوە لەزارم دەردەپەڕێ و هەمدیس برینێکی دێرین لە نێوەڕاستی سینەمدا دێتەوە سوێ. خۆیەتیی و خۆی نییە. شتێکی دلڕەقتر لە زەمەن قەشەنگیی و تەڕ

و بڕییەکەی کرۆژتووە، پیر و ناشیرین بووە، دلّتەنگ و عەزاب دیدە دێتە پێش چاوان، قژە درێژە ئالّتونییەکەی جارانیم بیر دەکەوێتەوە، کولّمە پەمەیی و ددانە سپییەکانی. دلّم دادەهێزرێ. دلّم دەگوشرێ و ناتوانم باوەڕ بێنم. سیویتلانا! هێشتا ناوهێنانی دەمترسێنێ و وەبیرهێنانەوەی دەمشلّەژێنێ. هەولّ دەدەم لەبیر خۆمی بەرمەوە، بەلاّم یادەوەرییەکان هوروژم دێنن. دلّم دەکەوێتە تەپ و کوت. زەریای باشوور و منالّەکانم بیر دەچنەوە، سەدان وێنەی پەرتەوازەی سیویتلانا وەك گێژەلّووکە لە سەرمدا لوول دەخۆن و پەردە تەنکەکانی زەینم دەدڕێنن. تەواوێك هەروەك ئەوەی دوێنێ بووبێ، هەروەك ئەوەی ئەمڕۆ بەیانیی بووبێ.

تەمەنم دوانزە سالاّنە و بەختەوەرترین منالّی سەر عەردم. هاوڕێیەکی گچکە هاو گەمەی منە و هاوڕێیەتی نێوانمان ئەبەدییە. دەنگی خۆش و منالاّنەی ئەو هاوڕێیە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە:" لەئێستا بەدواوە من و تۆ یەك کەسین، هەر بەلاّیەك بەسەر تۆدا بێ، بەسەر منیشا دێ، هەرکاتێك یەکێکمان بمرێت، ئەوا ئەوەی تریشمان دەمرێ. تا رۆژی قیامەت هاوڕێین ... هاوڕێ...!"

لە باخی مالّەکەی شەمێرانمان بوو کە من و هاوڕێ گچکە پەیمانی هاوڕێیەتی ئەبەدییمان بەیەکدا. چووینە ئەودیو دارچنارەکانەوە و ئارامان گرت تا کەس لەو دەور و بەرەدا نەما. کاك حەسەنی چێشتلێنەر سێ

مشکی گرتبوو، قاچی بەیەکەوە بەستن و نەوتی بەسەردا کردن و ئاگری تێبەردان، ئەوجا دوو مریشکی هێنا و لە لێواری باخچەکەدا سەری بڕین.

هاوڕێ گچکە لێی پرسیم:" ئامادەیت!"

ئامادەم و دڵم لە ترس و شادیدا کەوتۆتە تەپ و کوت. چاوان لێکدەنێم و دەست دەنێمە سەر روخساری وی، تیژیی دەمی گوێزانەکە لەسەر پێستم هەست پێدەکەم و زریکەی ناو گەرووم قوت دەدەمەوە. گەر بگریم ئابڕووم دەچێ، خوێنێکی گەرم لە دەستمەوە فیچقە دەکات، هەڵدەلەرزم و رەنگی خوێنەکە دڵم تێکەڵ دێنێ. گەر ببوورێمەوە، ئەوا هاوڕێیەتییەکەمان تێکدەچێ.

ئەو دوعایە لەژێر لێوەوە دەخوێنم کە نەنکم بۆ وەرگرتنی نمرەی زۆر فێری کردووم. زۆر لەخۆم دەکەم فرمێسك بەچاوانما نەیەتە خوار. نۆرەی هاوڕێ گچکەیە، بە ئازایەتییەکی سەیرەوە دەست هەڵێنێ و بە یەك جار پێستە ناسکەکەی خۆی دەبڕێ و ئاخێکیش ناکا. ئیدی برینەکانمان دەنێینە سەر یەك و خوێنمان ئاوێتەی خوێنی یەکدی دەبێ. هاوڕێ گچکە دەڵێ:" تا رۆژی قیامەت، هاوڕێین ... هاوڕێ!"

هەستدەکەم شتێکی سەیر لە جەستەمدا روویداوە. هەستدەکەم تەواوێك لە هاوڕێ گچکە دەچم. هەست دەکەم نیوەی ئەو لە مندایە و دوو دانە دڵ لەودیو قەفەسەی سینگمەوە لێدەدەن. شەوانە لەخۆشحاڵییدا خەو لە

چاوانم ناکەوێ و لە دەفتەری ئینشادا دەنووسم: من ئاشقی هاوڕێ گچکەم و بەبێ وی دەمرم.

هاوین بۆ هەموو منالآنی قوتابخانە وەرزی لێکجیابوونەوەیە، بۆ من و هاوڕێ گچکە نا. هەموو رۆژێکی هاوین یەکتری دەبینین و پێکەوە قوژبنە تاریکەکانی باخ بەسەر دەکەینەوە، لای پنچکە تەماتەکانەوە رادەکشێین و گوێ بۆ زیکەزیکی سیسرکەکان رادەدێرین کە بەو دەنگانەیان مالّەکەیان لیّ ناخۆش کردووین.

جۆگەی قەراغ دیوارەکە پڕە لە بۆق. تا بەیانی دەقیڕێنن و خەونی دایکم دەزڕێنن. هەرکامێکمان بۆقێك بگرێ، دایکم بەخشیشێکی دەداتێ. پڕ کارتۆنێك کرمی ئاوریشممان هەیە، قۆزاخە رەنگاو ڕەنگەکان دەدەینە منالآنی گچکە و لەبری ئەوە شیرینییەکانیان لێدەسەنین. پەڕی گولّە شەمەدانیی بە لێومانەوە دەنووسێنین و پێکەوە وەك خەلّکانی گەورە سەما دەکەین. هەندێ جار مژ لە ئاغزە جگەرەی کێشراو دەدەین و چەند شتێك بە ئینگلیزییەك کە هەر خۆمان تێی دەگەین، بەیەك دەلّێین. عەسران سواری پاسکیل دەبین و تەواوی گەڕەکی مەحمودییە تەی دەکەین. زستانان شا و شاژنە ( سورەییا ) لەسەر ئەو بەرزاییانە خلیسکێنەی سەر بەفر دەکەن و ئێمە لەدوورەوە تەماشایان دەکەین.

مالّی ئێمە لە شەمێرانە و لەوێوە هەتا قوتابخانەی فەیروز کۆیی هەزار فەرسەخ رێگەیە. ترومبێلەکەی باوکم لەسەعات حەوت و نیوی رێکدا

حەرەکەت دەکا و هەرکەسێ دوا بکەوێ، جێ دەمێنێ، جا خوای دەکرد ئەو کەسە دایکیشم بێ. منیش هەموو ڕۆژێك خۆم درەنگ دەخەم، ئاخر هاوڕێ گچکە بەیانیان، لەچوار ڕای ( ئاشیخ هادی ) چاوەڕێم دەکا، بەبێ من ناڕوا و هەربەهۆی منەوە لە قوتابخانە سزا دەدرێ. هەربۆیە هاوڕێ گچکەم خۆش دەوێ، لەبەری دەمرم و هەر شتێکم پێبڵێ بۆی دەکەم.

لەپۆل لەلای یەکەوە دادەنیشین. ریحلەکەی ئێمە هی دوو منالّە بەیەکەوە نووساوەکەیە. هەمووان ئەوە دەزانن. تەواوی قوتابی و مامۆستاکان. لە پۆلی یەکەوە تا ئەمساڵ هەر پێکەوەین، وەکی دوو منالّی جمك. هاوڕێ گچکە هەر لەکوڕ دەچێ، قژی کورت و رەشە و رقی لە کچی پاك و تەمیز و ڕێك و پێك و سەدرییە ئوتوو کراو و یەخە سپییە. من بۆ خۆیشم یەکێکم لەو کیژە پاك و تەمیزانە، بەڵام بەرلەوەی بگەمە قوتابخانە، قردێلە ئاورێشمێکەی قژم لێدەکەمەوە، پێڵاوە بۆیاخکراوەکانم خۆڵاویی دەکەم و دەستم بە مەرەکەبی شین پیس دەکەم. هاوڕێ گچکە بێ سەعی کردن هەموو ساڵێك یەکەمە، جانتا و دەفتەری نین، لە پۆلیشدا گوێ لە مامۆستا ناگرێ و لەژێر ریحلەکەیەوە ئەو کتێبانە دەخوێنێتەوە کە خۆی حەزیان پێدەکا، کەچی زوربەی نمرەکانی بیست لە بیستن. من حەز دەکەم وەك ئەو بم و لە هەموو شتێکدا لاسایی ئەو بکەمەوە. هیچ شتێك لەم دونیایەدا گرینگتر نییە لە هاوڕێیەتیی کردنی وی. هەندێکجار پێموایە کە لە دایکیشم خۆشتر دەوێ.

له دەفتەری ماتماتیکدا و بۆ ئەوەی کەس تێنەگا، بەزوبانی زڕگەریی دەنووسم:" مزنز عزا زشزا قریز هراز زو زر زێ زێ چز زۆ زك زۆ لژ هز."[5]

هاوڕێ گچکە دایمەی خوا پارەی پێیە، بەتاقی تەنیا بۆ قوتابخانە دێ و بە تاقی تەنیاش دەڕواتەوە. گەر حەز بکا بۆ ماڵی ئێمە دێ و شەویش لەوێ دەمێنێتەوە. بە ئارەزووی خۆیەتی. من نازانم ماڵیان لەکوێیە و لەگەڵ کێدا دەژی، بەڵام دەزانم کە دایکی تەڵاقی وەرگرتووە، بۆ فەرەنگستان رۆیشتووە و باوکیشی قوماربازە.

هەندێ جار ئەو باوکە سەیر و سەمەرەیە، عەرزە و باخ و خانوو بە قومار دەباتەوە، پاشان هەموو ئەوانە دەدۆڕێنێتەوە و ئیدی هاوڕێ گچکە دەچێتە ماڵی ئەم و ئەو، دەچێتە ماڵی خەڵکانی غەریبە، خەڵکانێك کە نازانم کێن و لەکوێ دەژین.

کاتێ بیر لە هاوڕێ گچکە دەکەمەوە، سەرە سوڕەم پێدەکەوێ و خەیاڵم پەرت دەبێ. لە ماڵی ئێمەدا هەموو شتێك لەجێی خۆیدایەتی. شتەکان یاسا و بنەمای خۆیان هەن و چ شتێکی نامۆ روونادات. هاوڕێ گچکەش لە جێگایەکەوە کە نازانم کوێیە، دێت و لەودیو تاریکاییەکانەوە، لەودیو کارە قەدەغەکانەوە، لە دونیایەکی ترەوە دێ. لەگەڵ ئەوەدا هەموو ئەو کارانە سانان کە نابێ بکرێن: خۆ دزینەوە لە قوتابخانە، ناخونەکی

---

[5] واتە من ئاشقی هاوڕێ گچکەم.

چەرەسی دوکانی سەر سوچەکە، سووڕانەوە بە کۆڵانەکانا ( بێ قاییل بوونی دایك یان بێ مۆڵەت خواستن لە گەورەکان ).

هەندێك عەسر، دوای ئیزن بوونی قوتابخانە، خۆمان لەودیو تانکییەکانی ئاوەوە دەشارینەوە و ئارام دەگرین تا هەموو منداڵەکان ئیزن بن. هیچ قوتابییەك بۆی نییە دوای دەوام بە تەنیا لە قوتابخانە بمێنێتەوە، کەچی من و هاوڕێ گچکە دەمێنینەوە. سەرپێچیی کردن لە فەرمانی بەڕێوەبەر و مامۆستا جێی شانازیمانە. ( هەڵبەت هاوڕێ گچکە وا دەڵێ و منیش بە قسەی ئەو دەکەم ) وای! بەتەنها مانەوە لە پۆلی چۆڵ و هۆڵدا چ لەزەتێکی هەیە! وەك بڵێی پێمان نابێتە جێگایەکی ترسناك و نامۆوە، چووبینە جۆرێك لە خەونی شیرینەوە، یاخود ( تا ) یەکی چێژ بەخشمان لێهاتبێ. تا یەکی پڕ لە ڕەنگی تۆخ و شێوەی نادیار و رووداوی کوت و پڕ. قوتابخانە دوای ئیزن بوونی قوتابیان دەبێتە شتێکی تر، ڕاڕەوەکان درێژتر خۆ دەنوێنن و پێپلیکانەکانیش پێچاوپێچ تر. پڕ لە تارمایی سەیرو سەمەرە و چپە چپی دڵەڕاوکێ وروژێن. بێدەنگیی ناو پۆلەکان بونیادەم دەخاتە سەر کەڵکەڵەی ئیشی خەراپ، ڕەنگی کورسی و ریحلەکان دەگۆڕێن، درەختەکانی حەوشە درێژ دەبن و بۆنێکی تایبەتیی لە گەنجینە تاریکەکانەوە دێ. بەنێو پۆلە چۆڵ و هۆڵەکانا دەسوڕێینەوە و هەر شتێکمان پێخۆش بێ ئەوە دەکەین. من لە دڵەوە لەم ئازادییە دەترسم و وا هەست دەکەم چاوێکی نەبینراو تەماشای ڕەوتارەکانم

دەکات، بۆیە بەر لە بیر و ئارەزووەکانم دەگرم. ئەوە هاوڕێ گچکەیە کە بەدوای خۆیدا کێشم دەکات، ئەوە وا دەکات کە سەرلەبەری موچیارییەکانی دایکم و ترسم لە هەڕەشە و سزای باوکم بیربچێتەوە.

هەندێ جار لە دەرسی دروومان یان ئاییندا خۆمان لە قوتابخانە دەدزینەوە و سەرێك لە شەقامی ئەسلامبول دەدەین، لە دوکانی شیرینیی فرۆشەکان ناخونەك لە تووی هیشك و نوقوولێ دەدەین و ئەوجا تێی دەقوچێنین. زوربەی جار ( سینەمای ستارە ) فیلمی روسیی پیشان دەدات. هاوڕێ گچکە بە گوێمدا دەچرپێنێ و دەڵێ:" ئەم سینەمایە هی تودەییەکانە." منیش نازانم تودەیی چ جۆرە بونیادەمێکن. براکەم بۆتە ئەندامی حیزبی ( سومکا ) و کوڕە خاڵەکانیشم پان ئێرانیستن. هیچ کەسێك لە بنەماڵەکەماندا تودەیی نییە. هاوڕێ گچکە لایەنگری خەڵکانی هەژارە و لە لەپی دەستی نووسیوە ( بمرێ شا ). گەر دایکم ئەوە ببینێ داخم دەکا، یاخود دەچێ بە بەڕێوەبەرەکەمان دەڵێ کە لە قوتابخانە دەرمکەن.

رۆژانی هاوین وەك ( با ) و بروسکە تێدەپەڕن. یەکەمین شەوی مانگی میهر [°°] دەڵێی شەوی جەژنە و ناکرێ ئاسوودە و بێ خایلە بنوویت. پۆلی نوێ، جانتا و کتێبی نوێ، وانەی نوێ و هەنگاوێك بۆ پێشەوە. سیازدە ساڵیی نێزیکە و لەودیویشییەوە چواردە ساڵیی وەستاوە. وشەی چواردە

---

°° [°°] شەشەمین مانگی ساڵی هەتاویی کە لە 23 ی ئەیلوولەوە دەست پێدەکات تا 23 ی تشرینی یەکەم.

دەرگای چوونە ژوورەوەیە بۆ دونیای گەورەکان، دەروازەی چوونە ژوورەوەیە بۆ سەرزەمینێك نامۆ و نهێنیی ئامێز و ترسناك. قسەی ناوێ هەردووکمان بیرمان لای نێزیك بوونەوەی ئەو رۆژە تایبەتەیە و دەستمان لەسەر دڵمانە کە نەبا لەیەکتر دابڕێین.

پۆلی شەش لە نهۆمی سێیە. لە پەنجەرەی ڕاڕەوەکەوە دەتوانین کوڕانی قوتابخانەی فەیروز کۆیی ببینین. هەندێ کچ نامەی بێ ناو و ئیمزا دەنووسن و بێ سرتە لە لێواری پەنجەرەکەوە بۆ ئەوبەر هەڵیدەدەن.

وانەی یەکەم ئیملامان هەیە، من و هاوڕێ گچکە وەك هەمیشە لەلای یەکەوە دانیشتووین. ناومان بە نووکی قەڵەم لەسەر ریحلەکە هەڵدەکۆڵێن. قەڵەمەکانمان لەگەڵ یەکدا دەگۆڕینەوە، پێدەکەنین، خۆشحاڵێن و گیرفانەکانمان پڕن لە بەردی خەتخەتێن.

دەرگای پۆل دەکرێتەوە. خانمی بەڕێوەبەرە. لەبەری هەڵدەسین. هەموو قوتابییەکان روو بەلای خانمی بەڕێوەبەردا وەردەگێڕن. هیچ کەسێ فزەی لێوە نایەت، لەناو چوارچێوەی دەرگای پۆلدا، کیژۆڵەیەکی باریك و باڵابەرز راوەستاوە. کیژۆڵەیەك کە لەهیچ قوتابییەکی قوتابخانەکە ناچێت، لە من و لە هاوڕێ گچکەش ناچێ. خاوەن قژێکی درێژ و ئاڵتوونیی و دوو چاوی گەورەی شین. خانمی بەڕێوەبەر بانگی دەکات، ناوی سیویتلانا یە. خانمی بەڕێوەبەر دەڵێ سیویتلانا رووسە و وەك ئێمە ناتوانێ فارسیی بخوێنێ و بنووسێ. پێویستە یەکێ لە قوتابییەکان بە

درێژایی ساڵ یارمەتیی بدات. کێ؟ خانمی بەڕێوەبەر چاو بەدەم و چاوەکانا دەگێڕێ، خانمی بەڕێوەبەر بانگم دەکات. من؟ دەڵێ:" جانتاکەت هەڵگرە و بڕۆ لە دواوە دانیشە." تێناگەم. سەرم گێژ دەخوا. لە هاوڕێ گچکە دەنۆڕم. دەبینم واقوڕماو و پەیجۆر لە قوتابییە تازەکە ورد دەبێتەوە. ئاخر جێگای من پاڵ ئەوە، ئەوە یاسای هاوڕێیەتیی ئێمەیە و هەمووانیش ئەمە دەزانن.

قاچم بە عەردەکەوە نووساوە. نازانم چ بکەم. هاوڕێ گچکەش بە نیگەرانیی لە من و لە خانمی بەڕێوەبەر دەنۆڕێت. جانتاکەم هەڵدەگرم، دایدەخەم. نا ... ناتوانم ... مەحاڵە. بۆچی ئەم گێل و گەمژانە تێناگەن کە من و ئەو پێکەوە نووساوین و پەیمانی هاوڕێیەتیی ئەبەدییمان بەیەکتر داوە؟

خانمی بەڕێوەبەر بەرزتر قسەکەی دووبارە دەکاتەوە و جۆرە هەڕەشەیەك لە دەنگیدا هەیە کە بەرەو دوواوەی پۆلم دەنێرێت. لەلای کچێکەوە دادەنیشم کە نە ناوەکەی دەزانم و نە دەشمەوێ بیزانم. دادەنیشم و گریانەکەم قووت دەدەمەوە، هاوڕێ گچکەش ناڕەحەت و تووڕەیە، نوکی قەڵەمەکەی بە ریحلەکەیدا دێنێ و گۆشەی نینۆکی دەکرۆژێ. تەمای هەستانییەتی، وەك بڵێی بیەوێت بەرپەرچ بداتەوە، بیەوی شتێك بڵێ. ئاوڕ دەداتەوە و تەماشای من دەکات. سیویتلانا! لەسەر جێگەکەی من لەلای ئەوەوە دادەنیشێ. مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێ کە هەموو شتەکان

چەند خێرا تێدەپەڕن. خانمی بەڕێوەبەر داوا لە هاوڕێ گچکە دەکا بە درێژایی ساڵ یارمەتیی سیویتلانا بدات. باشە واتە دەبێ تەواوی ساڵ ... دوور لە هاوڕێ گچکە بم؟ ئاخر لە ریحلەکەی منەوە تا ریحلەکەی ئەو، مەودای نێوان من و ئەوپەڕی دونیایە. وەك بڵێی هەزار دیواریان لەنێوانمانا هەڵچنیبێت، هەزار دانە شار و چیا و زەریا. یەکەمین جارە جیا لە یەکتری دانیشین. سیویتلانا شتێك بە هاوڕێ گچکە دەڵێ. بڵێی چیی پێ بڵێ؟ رەنگە ناوەکەی خۆی فێرکات. یان ناوی خێزانیی. ( ناوە خێزانییەکەی زۆر قورسە و تا ئێستا فێری نەبووم ) چ زوو پێکەوە بوونە هاوڕێ؟ دەڵێی سالأنێکە یەکتری دەناسن. سیویتلانا شتێك لەسەر ریحلەکە دەنووسێ. حەزدەکەم بزانم چیی نووسیوە. بەتاسەوەم گوێم لە قسەکانیان بێ. ئەو کچەی لامەوە دانیشتووە ئانیشك بە لاکەلەکەمدا دەدا، پێدەکەنێ. وای ... خۆشم ناوێت. ناشیرین و کەرو تەمبەڵە. دێمە ئەملاوە. یەك دونیا وێنەی باڵندەی بە کتێبی ماتماتیکەکەیەوە نوساندووە. پیشانم دەدات. چ ناشیرین و دزێوە. رقم لێیەتی. دێمە ئەملاترەوە. نیگەرانی هاوڕێ گچکەم. دڵم لایەتی. چ دەڵێ؟ چیی؟ چیی؟ چیی؟ داخ بووم، وەك بڵێی تایەکی قورسم لێهاتبێ. ئەو کچەی لامەوە بۆنێکی ناخۆشی لێدێ. راسبی پارە و شەرم دەکەم لایەوە دانیشتووم. من دڵنیام سیویتلانا بۆنێکی خۆشی لێدێ و زۆر شتیش دەزانێ کە ئێمە لێیان بێ ئاگاین. دڵم لە بەخیلییدا ژان دەکا، پێچ بە ریخۆڵەمدا دێ.

ئەمە کێ بوو؟ لەکوێوە هات؟ دەزانم روداوێکی خەراپ چاوەڕێمە. لە زامەکەی سەر دەستم دەنۆڕم و بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە. ئەدی باشە بۆچی هاوڕێ گچکە هەڵناسێتە سەر پێ و بەرپەرچ ناداتەوە؟ بۆچی قاییل بوو ئەم غەریبە بێ ئەسڵ و فەسڵە لایەوە دانیشێ و جێگا تایبەتییەکەی من بگرێ؟ سەرم بەجارێك ئاوساوە. هەڵدەسم. رادەوەستم. قوتابییەکان واقوڕماو تەماشام دەکەن. مامۆستا لە کتێبەکەیدا خەریکی نووسینی شتێکە و سەری داگرتووە. دەڵێ:" بنووسن ... وەرنە سەری دێڕ."

قوتابییەکان ئامادەن بنووسن. دەفتەرەکانیان دەکەنەوە. هاوڕێ گچکە تەماشا دەکات. ئاماژەم بۆ دەکات دانیشم. خەمی منییەتی. سیویتلانا قەڵەم و کاغەز لە جانتاکەی دەردێنێ. نا ... دانانیشم. نانووسم. دڵم کەوتۆتە تەپ و کوت. هەستێکی گەورەتر لە ئازایەتیی، دەشێ جۆرێك لە دێوانەیی، جۆێك لە کەرێتیی، هەستێك کە تا ئێستا نەمبووە و نەمزانیوە چییە، لەناو سەر و دەست و پێمدا لوول دەخوات. دەکەومە رێ. ئەرێ گەرەکمە چ بکەم؟ نازانم . بیرناکەمەوە. نووستووم و گوێم لە ناوی خۆم دەبێ. ئەوە خانمی مامۆستایە کە خەریکە دەقیژێنێ. دەساکێم. چ شتێك ناتوانێ بەرم بگرێ. چاوانی وردی خانمی مامۆستا لێکتر نێزیك بوونەتەوە. دەنگی لە سەرمدا لوول دەخوات:" وڵاخ ... بگەڕێوە جێگای خۆت." ئەم مامۆستایە منی خۆش ناوێ و وا دەزانێ هەمیشە قۆپێی لێ دەکەم. جووڵە ناکەم. ئەژنۆم دەلەرزێ.

= له پۆل بچۆره دەرەوە. ونبه."

هاوڕێ گچکه دێت لەسەرم بکاتەوە. مامۆستای ماتماتیك هاوڕێ گچکەی خۆش دەوێ. بەڵام لەچاو قایمی ئێمه کەللەیی بووە.

هەڵدەسێت. بەرەو لام دێ و پرچم رادەکێشێ. پاڵم پێوە دەنێ. خەراپترین سزای پۆل چاوەڕێمه. لەبەردەم قوتابییەکانا دەوەستم. خانمی مامۆستا داوایان لێدەکات سێ جار بە دەنگی بەرز هوهام لێ بکێشن.

= هوها

= هوها

هاوڕێ گچکه هەڵدەسێ. دێت و لامەوە رادەوەستێ. دەستی یەکتر دەگرین.

= هوها

خۆمان بۆ شەپازللەیەکی توند ئامادە دەکەین. ئەوەی من توندترە و سەرم لەگێژەوە دەبا. سیویتلانا بەخوێن ساردیی تەماشا دەکا. مێش میوانی نییە. هێند نارەسەنه هەر وێنەی نییە. خانمی مامۆستا هەڕەشە دەکا کە ئەگەر نەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان ، ئەوا هەردووکمان لەپۆل دەکاتە دەرەوە. قاییلم و تەنانەت خۆشحاڵیشم. بەس نییە هەردووکمان بووینەتە قارەمانی قوتابخانە و تەواوی پۆل بە سەرسوڕمانەوە تەماشامان دەکەن. بۆ جێگاکەم دەگەڕێمەوە و بەخۆم دەڵێم:" هەمدیس هەموو شتێك وەك جارانی لێدێتەوە... هەموو شتێك."

چپە چپەکانی سیویتلانا درێژەی هەیە. رقم لێیەتی. شێوەی لە ئێمە ناچێ. سپی و جوان و بالاّ بەرزە. هەست بە باشتریی وی دەکەم و ئیدی سوێ دەچێتە دڵمەوە. دەزانم ئەم غەریبەیە، ئەم کچە چاو شینە هاتووە لێرە بمێنێتەوە و گەمەکانی من و هاوڕێ گچکە تێك و پێك بدات.

تەواوی هەفتە سیویتلانا لە جێگاکەی من دادەنیشێ. لەکاتی زەنگیشدا لە کۆڵ هاوڕێ گچکە نابێتەوە. لە دەرسەکانا باشە و ماتماتیك بیست لە بیستی هێناوە. لە هەموو یارییەکانا دەیباتەوە. من نامەوێ یاریی لەگەڵدا بکەم و دێمە ئەملاوە. حەز لە یاریی سێ قۆڵیی ناکەم. هاوڕێ گچکە پێمپێدەکەنێ. دەڵێ هاوڕێیەتییەکەمان هەمیشەییە. سەرلەنوی پەیمانی خوشکایەتیی دەبەستین و پەیمانی خوشکایەتییش یاسا و رێسای خۆی هەیە: نابێ خواردنی کەسی تر بخۆین، نابێ یاریی لەگەڵ کەسی تردا بکەین. هاوڕێ گچکە سیویتلانا شی هێناوەتە ئەو پەیمانەوە. دەڵێ بەزەیی بەم کچەدا دێتەوە و داوام لێدەکات لەگەڵیدا میهرەبان بم. نا ... ناتوانم. سیویتلانا دوژمنمە. ئاخر جێگاکەی منی گرتووە و وەك دێو هاوڕێکەی لێ دزیوم. سیویتلانا رووسە، سیویتلانا تودەییە، سیویتلانا بۆ سینەمای ستارە دەچێ، سیویتلانا ئازادە، خۆی هات و چۆ دەکا، سیویتلانا دەتوانێت شەوانە لە ماڵی ئەم وئەودا بنوێ. سیویتلانا دایکی نەماوە و لەلای پووری دەژی. سیویتلانا تەواوی ئەو شتانەی هەن کە من نیمن. سیویتلانا تەواوێك وەك هاوڕێ گچکەیە. ئەدی چۆن بتوانم

پێشی بدەمەوە؟ نا ... دەرەقەتی نایەم. شەوانە لەنێو نوێنەکەمدا دەگریم و لە خودا دەپاڕێمەوە کە سیویتلانا بمرێنێ. لە خواردن کەوتووم و دایکم نیگەرانمە. تووشی کۆکە بووم. هاوڕێ گچکە لە جاران میهرەبانترە لەگەڵمدا. خواردن و کێکم بۆ دێنێ. ناوی منی لە لەپی هەرتك دەستی نوسیوە. پاش نیوەڕوانیش کاتی خواحافیزیی، ماچم دەکات ( شتێك کە لەوەوبەر نەیکردووە ) تەنانەت لێدەگەڕێ لە یاری خەتخەتێندا بیبەمەوە. بەڵام جۆرێك لە فرتوفێڵ لەودیو رەوتارەکانییەوە هەیە، وا خۆی دەنوێنێ کە بەزەیی پێمدا دێتەوە.

لێی زویرم و هەرچی زیاتر نازم بکێشێ وەزعم خەراپتر دەبێ. دەزانم خەریکە درۆم لەگەڵدا دەکا، بەڵام ناتوانم بیسەلمێنم. هەموو رۆژێك دەڵێ:" ئەم سیویتلانا گووە هاوڕێی من نییە، من تەنها دەبێ لە دەرسەکانا سەعی پێبکەم." وا دەڵێ و پاشان گاڵتەم پێدەکا، پێدەکەنێ و دەڵێ:" حەسوود ... حەسوود ..."

توبا خاتون سیحر و نوشتە بەڵەدە، هاوڕێی جنۆکانە. پێیدەڵێم:"کچێکی زۆر زۆر نارەسەن هاتۆتە پۆلەکەمانەوە، لەودیو کێوەکانەوە هاتووە، کچێکی جادوو گەرە، جادووی لێکردووم و ناهێڵێ نمرەی بەرز بێنم. دەمەوێ بۆ شارەکەی خۆی بگەڕێتەوە و لەکۆڵم بێتەوە."

توبا خاتون شتێکی ئەوی پێویستە. لاستیکی خەت کوژانەوەکەی سیویتلانا دەدزم. توبا خاتون لاستیکەکە ورد ورد دەکات، چەند وێنەیەك لەسەر پارچە کاغەزێك دەکێشێ، وێنەی بۆق و وێنەی مار و وێنەی ژنێکی شاخدار. دەچینە ئەوسەری باخەکە، لای تەلانەکان بەدوای گویژان و گەلای گەزنەدا دەگەڕێ. تۆوی چەند جۆرێك گوڵ ورد دەکا و هەمووی دەکاتە دەسەسرێکەوە و گرێی دەدا. مانگ چواردەیە. دەسەسرەکە لەژێر تریفەی مانگدا رادەگرێ و دوعا دەخوێنێ. لێی دەترسم، دەخوازم راکەم. دەسەسرەکە لە چاڵێك دەنێ و ئیدی تا خوا رۆژ دەکاتەوە من لە نێو نوێنەکەمدا هەڵدەلەرزم و دەکۆکم. خەونی ناخۆش ناخۆش دەبینم. خەونی مردن و کەوتنە ناو چاڵ و ون بوون لەشارێکی نەناسراودا. خەون بە هاوڕێ گچکە و سیویتلانا وە دەبینم. دەبینم دەستی منیان گرتووە و دەسووڕێینەوە، دەسوڕێینەوە، دەسوڕێینەوە... دەزریکێنم، نامەوێ گەمەیان لەگەڵدا بکەم. حەز لە یاریی چەند کەسیی ناکەم. ئاخر هاوڕێ گچکە هی خۆمە، هی خۆم. لە خەودا دەگریم و بەیانیانیش درەنگ لە خەو هەڵدەسم. بە پەلە خۆم دەگۆڕم. بەرچایی ناکەم و بەدوای ترومبێلەکەی باوکمدا رادەکەم. درەنگ دەگەم. جێیان هێشتووم. هەمووان لەگەڵم بوونەتە دوژمن، تەنانەت باوکیشم. رقم لە هەموویانە. جانتاکەم تووڕ هەڵدەدەم. دەزریکێنم و شەق لە قولە پێی کاك حەسەن هەڵدەدەم. شێت و هار بووم. شتێك بە قورسایی گابەردێك لەسەر سینگم

رۆنیشتووه. گیانم ژان دەکا و ئەم ژانە جیاوازی لەگەڵ هەموو ژانەکانی تردا هەیە. چ شتێك لەدەستی خۆمدا نەماوە، نە رەوتار و نە قسە. دایکم شیر و هەنگوینم بۆ دێنێ و هەوڵ دەدا هێورم کاتەوە. نامەوێ، ناخۆم. لەسەر جێگاکەم رادەکشێم و دەگریم. هەزار ساڵ دەبێ ئاوها نەگریاوم، دایکم نازم دەکێشی و نەوازشتم دەکا. سەرم ماچ دەکا. نازانێ چ بووە، بەڵام دەبینێ کە دڵم تەنگە و ئەمەش بۆ ئەو بەسە.

خۆزیا بمتوانیبا پێیم گوتبا، لەگەڵیدا دووا بام. خۆزیا هێشتا هەر منداڵێکی گچکە بام و لەنێو ئامێزیدا جێگەم بایەتەوە. دەبینم کە گەورەبوون چ سەختە و ئیدی دڵم دادەهێزرێ.

دوای نیوەڕۆ تاقیکردنەوەی ماتماتیکمان هەیە. بە تکا و رەجای دایکم شتێك دەخۆم. دڵم ژان دەکا، کاك حەسەن پێڵاوەکانی لە پا دەکا و بەڕێدەکەوین.

هاوڕێ گچکە لەگەڵ سیویتلانا دا سەرگەرمی خەتخەتێنە، کاتێ من دەبینێ، بەرەو پیرم دێ و گەرەکییەتی تا زەنگ لێی نەداوە، یاری قەڵا قەڵا بکەین. هەمیشە گروپەکەی ئێمە لەم گەمەیەدا براوەیە. دەبێ دەستە جیاکەینەوە، گەمەی قەڵاندۆشکان بکەین. ( دە ) کەسین، دڵم توند توند لێدەدا، هاوڕێ گچکە سەردەستەیە، ئەوە کە یەکەمین دەستە جیا دەکاتەوە.

هەمووان دەزانن کە یەکەمین کەسێك جیای بکاتەوە منم. ئەمە یاسای گەمەکەمانە. ئەدی سیویتلانا چیی؟ ئەو بەر گروپی دوژمن دەکەوێ. چیی لەوە چاکتر؟

هاوڕێ گچکە ناچار دەبێ هەڵبژێرێ، ناچار دەبێ لەنێوان من و سیویتلانا دا هەڵبژێرێ. ئەمە گرینگترین ساتەوەختی ژیانی منە. یان من یان ئەو. هاوڕێ گچکە ئامادەیە. دەڵێ:" ئەمڕۆ دوو دوو جیای دەکەینەوە" چیی؟ هەمووان دەکەونە هاوار هاوار. چۆن؟ دوو دوو نابێ. وەڵام دەداتەوە:" نا ... زۆر باش دەبێ... سێ سێش دەبێ." هاوڕێ گچکە ڕەییسە و سەرکردەی هەموو گەمەکانە. بە قسەی دەکەن و لە فەرمانی دەرناچن. من و سیویتلانا جیا دەکاتەوە. من یاری ناکەم. دەڵێم نەخۆشم و سەرم دێشی. دەچمە ئەولاوە. هاوڕی گچکە زویر بووە. دەڵێ:"نازنازیی پیس." وا دەڵێ و شان هەڵدەتەکێنێ، لەسەر پێپلیکانەکان دادەنیشم و تەماشا دەکەم. خودایە ئەدی ئەو جادووە نەفرەتییەی توبا خاتون هیچی بە هیچ نەکرد؟

تاقیکردنەوەی ماتماتیکمان هەیە و دڵم لەسەر خۆی نییە. لە وانەی ماتماتیکدا خەراپم. هاوڕێ گچکە لێم پڕە و تەماشام ناکات. هێند خەم لە دڵما کۆ بۆتەوە کە دەترسم هوروژم بێنێ و قەفەسەی ناسك و لاوازی سینگم شەقارکات.

سێ پرسیارمان بۆ هاتۆتەوە. لە یەکەمیان تێناگەم. دەچمە سەر دووەم. یان من یا سیویتلانا. ئای توبا خاتونی ئازیز، توبا خاتوونی جادووگەر، توخودا کارێك بکە ئەم کچەتیوە غەریبە، ئەم دێوەی کە لەوپەڕی دونیاوە هاتووە، بۆ شارەکەی خۆی بگەڕێتەوە. هەموو قوتابییەکان پەلە پەل شت دەنووسن. دێمە سەر پرسیاری سێیەم. ئەم کەرە تەمبەڵەی لامەوە، دەیەوێ لە کاغەزە سپییەکەی منەوە شت نەقڵکات. بە لاکەلەکەمدا دەکێشێ. دەپرسێ:( شەش کەڕەت نۆ؟) سەر دەلەقێنم. ( هەشت کەڕەت حەوت؟) مێشکم وەستاوە. لە پۆلی سێوە خشتەی لێکدانم وەك ئاو و دۆ ئەزبەرە، کەچی ئێستا هەرچەند دەکەم هیچم بیرنایەتەوە. ژمارەکان لە سەرم چوونەتە دەرێ، لە هەوادا دەخولێنەوە، لە یەکتر نادرێن. کچەکەی لامەوە دەنووسێت، خەت دەکێشێ. پەنجەکانی مەرەکەباویی بوون، نووکی قەڵەمەکەی بە مێزەکەدا دێنێ، سەری قەڵەمەکەی دەجوێ. دەپرسێ:" نۆ کەڕەت حەوت؟" وا دەڵێ و سەری قەڵەمەکەی دەجوێ. نازانم ... نازانم ... نازانم. هەمووان خەریکی وەڵامدانەوەن. کات تێدەپەڕێ و دڵم هێند بەیەکدا دێ کە ئیتر لەوەدایە بڕشێمەوە.

هەرکەس لە تاقیکردنەوەکە تەواو بێ دەتوانێت بڕوات. مامۆستا تەماشای کاتژمێرەکەی دەکات. هاوڕێ گچکە و سیویتلانا پێکەوە تەواو بوون. هەڵدەسن. وەرەقەی تاقیکردنەوەکەیان لەسەر مێزەکە دادەنێن و دەڕۆن. هاوڕێ گچکە لێم زویرە. تەماشام ناکات. قوتابییەکان یەکە یەکە

لێ دەبنەوە و دەڕۆن. هەندێکیان خەریکی پاکنووس کردنن و وەك با دەنووسن.

کچەکەی لامەوە خەریکی قۆپێ کردنە، وەڵامی پرسیارەکانی لەسەر ئەژنۆی نووسیون. قۆپچەی تەنورەکەی دەترازێنێ و بەدوای هەشت کەڕەت نۆدا دەگەڕێ. پۆل چۆڵ بووە. کاغەزەکەی من سپییە. ناوی خۆم لە سەرەوە نووسیوە. زەنگ لێدەدا. هەمووان رۆیشتوون و پۆل چۆڵ و هۆڵ. مامۆستا کاغەزەکە لەبەردەمم هەڵدەگرێ و دەڕوات. بەخۆم دەڵێم:" هەشت کەڕەت حەوت؟ شەش کەڕەت پێنج؟ هەزار کەڕەت هەزار؟" وا دەڵێم و هۆن هۆن فرمێسك لە چاوانمەوە دەڕژێتە خوار. دەتکێتە ناو یەخەکەمەوە، بەسەر مێزەکەدا دەتکێ، بەسەر کتێبی ماتماتیکدا دەتکێ و هەرکامیان دەبێتە یەك سفری تووڕەهات.

شەو خەو لە چاوم ناکەوێ. دایکم پێی وایە هەموو ناڕەحەتییەکانم بەهۆی لاوازیی و کەم خوێنیی و کەمیی ڤیتامینەوەیە. رۆژی سێ کەوچك رۆن ماسیی بە قوڕگما دەکا. خەوم لێناکەوێ و دەنگی هاوڕێ گچکە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە:" لەمڕۆ بەدواوە من و تۆ دەبینە یەك کەس... هەر شتێك بەسەر تۆدا بێ، بەسەر منیشدا دێ."

لەجێگاکەم دێمە دەر. دەخوازم بمرم و هاوڕێ گچکەشم لەگەڵدا بمرێ. گوێ رادەدێرم. هەمووان نوستوون و بێدەنگییماڵەکە دەمترسێنێ. دێمە راڕەوەکە، پێم پەتییە. دڵم توند توند لێدەدا، هێشتا زستان نەهاتووە

کەچی دونیا سلردی کردووە. دەرگای هۆڵەکە دەکەمەوە. جیڕەی دەرگا دێ. هەموویان نوستوون. گریانم دێ. بۆ ساتێك بیر لەدایکم دەکەمەوە کە دەبێ مردنی من چەندێك دڵتەنگ و خەمباری بکات. لە حەژمەتا ئەژنۆم دەلەرزێ. توبا خاتون لە هۆڵەکە دەنوێ و وەك دێو دەپرخێنێ. توبا خاتونی درۆزن بەو سیحرە قۆڕەیەوە. حەز دەکەم شەقێك لەو سمتە قەڵەوەی بدەم. دێمە دەرەوە. خەریکە لەسەرمادا رەقهەڵبێم. رووتم و جلکی نووستنەکەم تەنك و بێ قۆڵە. درەختەکان خەراپ سەیرم دەکەن، بەرز و رەشن و پەلکەکانیان لە قامکی درێژی جادوو گەران دەچن. تەکان دەدەنە خۆ. پاش و پێش دەکەون و بەگوێی یەکدیدا دەچرپێنن. لای حەوزەکەوە رادەوەستم. وێنەی مانگ لە ئاوەکەدایە و پەیکەری پەری زەریایی لێواری حەوزەکە تەماشام دەکات. هەموو ئەوانە دەزانن کە من دەمەوێ بمرم و گەرەکمە هاوڕێ گچکەشم لەگەڵ بمرێ. ئەمە تەنها گەمەیەکی نێوانمانە کە سیویتلانا ی تێدا نییە. ئەمە تەنها گەمەی من و هاوڕێ گچکەیە. سیویتلانا لە بەخیلییدا دیق دەکا. لە زامە دێرینەکەی سەر دەستم دەنۆڕم، دەنگێکی خۆش بە گوێمدا دەچرپێنی:" هەر شتێك بەسەر تۆدا بێ، بەسەر منیشا دێ." چ باشتر. چ چاکتر. سیویتلانا ی نەفرەتیی. ئاخر ئەم گەمەیە هی ئێمەیە. هی هەردووکمانە. پەلکێکی باریك لە تەلاّنی گوڵە باخەکە دەکەمەوە، نوکەکەی دەچەقێنمە ناو زامە دێرینەکەی سەر دەستم، توند پێیدا دەچەقێنم، تا بنەوە. دەزوولەیەکی

باریکی خوێن فیچقە دەکات، تا لەپی دەستم دێ. خوێنی هاوڕێ گچکەیە. هەڵدەلەرزم و لەتاو سەرما چۆقەی ددانم دێ. بوومەتە سەهۆڵ و سەرما بە جەستەما، بە ئێسکەکانما، بە سەرمدا و بەهەناسەکانما دەسوڕێتەوە. چاوانم لێکدەنێم و تا سەد دەژمێرم. حەسحەسەکەی کۆڵان فیکە دەکێشێ و سەگی دراوسێکەمان دەوەڕێ. گڵۆپەکانی ژوورەکەی سەرەوە دادەگیرسێن. یەکێك خەبەری بۆتەوە. ڕەنگبێ باوکم بێ. بوومەتە سەهۆڵ، قاچم لە دووم نایەت. ڕەنگە مردبم؟ هێند لە مردن دەترسم کە ئیدی بێ ویستی خۆم رادەکەم، دێمەوە ژوورەوە. دەرگای هۆڵەکە بەیەکدا دەدرێ و توبا خاتون بە خەواڵوویی دەپرسێ:" کێیە؟" وا دەڵێ و هەمدیس لە پرخە پرخی خۆیدا نوقم دەبێتەوە. لەنێو نوێنەکەمدا رادەکشێم. خۆم دەخزێنمە ژێر لێفەکەمەوە. دەزانم نەخۆشییەکی قورس چاوەڕێمە. هەمدیس دکتۆر کەوسەری، هەمدیس حەپ و شرینقە، هەمدیس نیگەرانییە پرزە لێبڕەکانی دایکم، هەمدیس هەناسەتەنگیی و کۆکەی درێژ کە هەمووان دەترسێنێ. هاوڕێ گچکە بۆ سەردانم دێ. لێی زویرم و چەرچەفەکە بەسەر خۆمدا دەدەم. پێدەکەنێ. قسان دەکا. وەك بڵێی هیچ نەبووبێ و هاوڕێیەتییەکەمان تێك نەچووبێ. دڵم پڕ دەبێ. ددان بەخۆدا دەگرم و روو بەلای دیوارەکەدا وەردەگێڕم. پێی گرینگ نییە. هەمدیس دێتەوە. ڕۆژ نا ڕۆژێك دەرسەکانی قوتابخانەم بۆ دێنێ. چ شتێك لەبارەی سیویتلانا وە ناڵێ. شێوەی خۆی وەرگرتۆتەوە، وەك

جاران، ورده ورده لەگەڵی ئاشت دەبمەوە، پێکەوە دەکەوینەوە پێکەنین و قسان، بەدرێژایی رۆژ چاوەڕێی هاتنیم و دڵم لە خۆشیدا دەکەوێتە تەپ و کوت. هەندێ جار ناوی سیویتلانا م لەسەر زارە، گەرەکمە بپرسم لە کوێیە و چ دەکات، بەڵام ناوێرم. دەزانم لەکوێیە. قوتابییەکانی تر هەواڵی قوتابخانەم بۆ دێنن، بەڵام وەك بڵێی بووبێتە هاوڕێی کەسێکی تر و لەکۆڵ ئێمە بووبێتەوە. خۆشحاڵم. خۆشحاڵم و بەخێرایی با و بروسکە چاك دەبمەوە، خواردن دەخۆم، دەنووم و حەز دەکەم زووتر بۆ قوتابخانە بگەڕێمەوە.

دووبارە هەموو شتێك دەچێتەوە شوێنی خۆی. وەك جاران. ئیدی جوانترین ئینشای پۆل دەنووسم و بیست لە بیست وەردەگرم. هەست بە سەرکەوتن دەکەم.

زستان دێ و چەند رۆژێکی دی یادی لەدایك بوونمە. من یادی لەدایك بوونەکانم لەگەڵ هاوڕێ گچکەدا ئاهەنگ دەگێڕم، تەنها لەگەڵ ئەو. ئاخر ئەو کەسانەی کە پەیمانی هاوڕێیەتیی ئەبەدییان بەیەکداوە، شتی گرینگ لەگەڵ کەسی تردا دابەش ناکەن، تەنانەت خواردنەکانیشیان.

سیویتلانا وەك جاران لە جێگاگەی مندا دانیشتووە. بەڵام گرینگ نییە. تەنانەت جارێکیان پێی گوتم دەتوانم بچمە جێگاکەی ئەو، من گوتم نەخێر و بە فیزێکەوە شانم هەڵتەکاند و رۆیشتم. دڵم لەسەر خۆیەتی، هەمدیس هاوڕێ گچکەم وەدەست هێناوەتەوە و دەزانم لەسەر قسەی

خۆیەتیی و هاوڕێیەتییەکەمان ئەبەدییە. من ئیدی لە سیویتلانا، لەو جادووگەرە قژ زەردە ناترسم. بەڵام هێشتا حەزم لە گەمەی سێ قۆڵیی نییە و ئامادە نیم هاوڕێ گچکە لەگەڵ هیچ کەسێکدا دابەشکەم. هاوڕێ گچکە دەڵێ:" دەکرێ سێ کەس یان دە کەس پێکەوە خۆش بویسترێن." باوەڕ ناکەم. فێل دەکا و دەیەوێ هەم من و هەم سیویتلانا یش بۆ خۆی بێ. من دەزانم ئەگەر باوکم سەیری ژنێك بکا ئەوا دایکم حیسابی بۆ دەکا، یاخود ئەگەر خاڵە گیانی دکتۆر، ئاشق بێ، ئەوا ژنەکەی لە خەفەتا دەمرێ. کاك حەسەن بەڵێنی داوە بۆ شەوی لەدایك بوونم چێشتی قەیسی لێنێ و دایکیشم یەك سینی گەورە ئەزبەریدی بۆ کردووین.

لە ڕۆژی لەدایك بوونمدا بەفر دەبارێ و ئەمە یەکەمین بەفری ساڵە. هەمووان لە کۆڵانن. بەفر ماڵەکان هات و باتیانە و ترومبێلەکان دەخزێن و ڕێگا دەگیرێ. شار بە جۆرێکی سەیر قەرەباڵغ و بەختەوەرە، وەك بڵێی هەموو دونیا لەو ڕۆژەدا جەژنی لەدایك بوونی من بگێڕێت.

لە پۆلدا، هەروەك خەڵکانی سەرخۆش، وەنەوز دەدەم و تەواوی ژمارەکان لەنێو سەرمدا دەبنە مۆمی جەژنی لەدایك بوون. دڵم لای سەعات چوارە و دەقیقە دەژمێرم. هەموو شتێك تەواو بەو جۆرەیە کە دەمویست. بەرادەیەك خۆشحاڵم کە شەرم دەکەم. لە سبەینێوە دەبمە سیازدە ساڵان و یەك هەنگاو زیاترم بۆ چواردە ساڵیی نامێنێ. وشەی ( چواردە ) لە سەرمدا زرنگەیەکی سەیری هەیە، داخ دەبم و لە گوێمدا

دەنگدەداتەوە. ئەو وشەیە لەبەر خۆمەوە دووبارە دەکەمەوە و لە خۆشیدا لە پێستی خۆمدا جێم نابێتەوە. دێتە بەر چاوم ئاشقم و لە خەیاڵمدا توند توند کوڕێك ماچ دەکەم کە لەهیچ کەسێکی تر ناچێ. بڕیارە دوای قوتابخانە هاوڕێ گچکە بۆ ماڵی ئێمە بێت و شەویش لەوێ بمێنێتەوە. بەتاقی تەنها هەردووکمان، بێ سیویتلانا. مامۆستا لە کۆتایی دەرسی پێنجەمدا ناوی حازر و غیاب دەنووسێت. کە گوێم لە ناوی خۆم دەبێ، هاوار دەکەم بەڵێ و قوتابییەکان پێدەکەنن. بەڵێ ... بەڵێ.. بەڵێ و ئیدی لە جێگاکەم دەردەپەڕم. جانتکەم لە هەوادا هەڵدەدەم و دەیگرمەوە. هاوڕێ گچکە لەگەڵ سیویتلانا دا دەدوێ. سیویتلانا نێوچەوانی گرژ دەکا، ئاخر دەزانێ هاوڕێ گچکە منی هەڵبژاردووە و پێ چەقێنیی دەکا. کەیفم هەیە. لەدڵی خۆدا دەڵێم:" بەخیل ... بەخیل."

رادەکەمە دەرەوە و لەسەر بەفرەکە دەخلیسکێم. کاك حەسەن لەبەر دەرگای قوتابخانە چاوەڕێی ئێمەیە. هاوڕێ گچکە لەملاو لا دەنۆڕێ، لە گیرفانەکانیدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێ، وەك بڵێی وەزعی تەواو نەبێ، قسە ناکات. دەڵێم:" خێراکە ... بکەوە رێ ... با بڕۆین." وەڵامم ناداتەوە، خۆشحاڵ نییە و قسەیەکی نهێنیی ئامێز لە چاوانیدایە. دەستی دەنێتە سەر رومەتیی و لەتاو ددان ئێشە دەناڵێنێ. سیویتلانا لە دەرگای قوتابخانە دێتەدەر، تەماشای ئێمە دەکا، سەرپۆشێکی سووری داوە بەسەریدا،. تێدەپەڕێ. جزمەی رەشی لەپێدایە، بە تەرزێکی سەیر و

قەشەنگ جوان پۆشە. هەمدیس هەست دەکەم کە ئەو لە من باشترە و ئیدی لە دڵەوە رادەچڵەکم. ئەدی چۆن پێشی بدەمەوە. خۆزیا نەبایە، خۆزیا دیار نەمایە. هاوڕێ گچکە تەماشای دەکا، دەیبینم، بە نیگایەکی قورس و سەرسەختانە تاقیبی دوورکەوتنەوەی سیویتلانا دەکا. قەستمە لەباوەشی بگرم و گۆنای سڕ و دەستە سپییەکانی ماچ کەم. هەست دەکەم تەواوی ددانەکانی منیش دێشێن و بەوەش خۆشحاڵم. ئاخر من و هاوڕێ گچکە یەکێکین. هەر بەلایەك بەسەر ئەودا بێ، بەسەر منیشا دێ.

پاسەکەی شەمێران دیار نییە. هاوڕێ گچکە دەیەوێ تەلەفۆن بۆ باوکی بکا. یەکەمین جارە دەبیستم کە دەبێ مۆڵەت لە باوکی وەرگرێ.

دەڵێ:" تۆ بڕۆ ... من دوایی دێم."

قایل نابم و ناوچەوانی گرژ دەکا. دەست دەنێتە سەر رومەتیی و لەتاو ئازاری ددان دەناڵێنێ.

دەڵێ:" دەبێ بچمە لای دکتۆر... دوو کۆڵان لەولاترەوەیە، تۆ بڕۆ دوایی خۆم دێم."

دەمەوێ بڵێم نا، دەمەوێ بەرپەرچ بدەمەوە، دەمەوێ لەگەڵیدا بم. بەڵام لەچاوە نارەسەنەکانی دەترسم. دەزانم کە دەبێ قایل بم.

شتێك وەك سەهۆڵ لەنێو دڵمدا دەنیشێ. هاوڕێ گچکە دەڕوات. رادەکا. بۆ دووەم کۆڵان دادەگەڕێ و دیار نامێنێ. تەواوی بەرنامەکانم ئاوەژوو بوونەوە. کاك حەسەن دەبۆڵێنێ و بەفر لەسەر سەری نیشتووە.

دەڵێ:" هەی مناڵە هار و هاجەکە... بکەوە رێ بابڕۆین."

دڵم لای هاوڕێ گچکەیە، دەبوو لەگەڵیدا رۆیشتبام، گەر دگانی بکێشن، گەر ئێشی زۆر زۆر بێ، ئەی نابێ کەسی بەدیارەوە بێ؟ دەبێ من لای بم، دەستی بگرم، یارمەتی بدەم."

بە کاك حەسەن دەڵێم:" لێرەبە، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە." هاوار دەکا، دەکەوێتە دووام. دەڵێ:" راناوەستم." دەڵێ:" هەر ئەمشەو بۆ گوندەکەی خۆمان دەگەڕێمەوە." دەڵێ: " بۆ دایکتی دەگێڕمەوە." و شتی تریش. پێ هەڵدەگرم. کۆڵانەکە دەرناچێ و بەفر هەموو شوێنێکی لێ پڕ بووە. لای دەستی راستەوە کەلاوە و ئاپارتمانێکی تەواو نەکراو و ئەولاتریش دیوارێکی نزم. هەڵدەلەرزم. بوومەتە شەختە. دەکۆکم. دەسکێشم لەدەستا نییە و سەر پەنجەکانم تەزیون. بە دوای عەیادەی دکتۆردا دەگەڕێم. تەنها دەنگێك کە دەیژنەڤم دەنگی بارینی بەفرە، دەنگێکی یەك ریتم و درێژ، وەك چپەچپێکی خەوهێن. هەموو شتێك لەهەوادایە. دەبینم بەرەو ژوور هەڵدەفڕم و سەرم گێژ دەخوا، وەك بڵێی لە شارێکی تر یان لە دونیایەکی تر بم، دونیای خەو و سپێتیی هەمیشەیی. هاوڕێ گچکە دیار نەماوە، لەنێو بەفردا رۆچووە. حەزم دەکرد کاك حەسەنم لەگەڵ با، کاك حەسەنی ئاقڵ، کاك حەسەنی دڵپاکی میهرەبان، روناکی لە پەنجەرەیەکەوە دیارە، پەنجەرەکە دەکرێتەوە و سەری ژنێك کە سەرپۆشێکی گوڵگوڵیی بەسەرەوەیە، وەدیاردەکەوێ. لەگەڵ خەڵکانی نێو

حەوشەکەدا دەدوێ. بە زوبانێکی بیانیی دەدوێ، ئەو ژنە لە سیویتلانا دەچێ. پەنجەرەکە دادەخا. بەیەك جار دڵم دەکەوێتە مەراقەوە.

دەمەوێ بگەڕێمەوە. دەترسم، سەرم گێژ دەخوا. دەچمە پێشتر، ددانم دێشێ و دڵنیام کە ئەوە ددانی هاوڕێ گچکەیە کەوتۆتە ئێش. بەخۆم گوتبوو ئەمشەو یادی سیانزەیەمین ساڵەی لەدایك بوونمە و جارێکی تر لەگەڵ هاوڕێ گچکەدا دەستمان بریندار دەکەین و برینەکانمان دەنێینە سەر یەك تا سیویتلانا دیار نەمێنێ، وەك ئەوەی کە هەرگیز نەبووبێ، نە لە ئێستا و نە لەرابردوودا، هیچ کاتێك نەبووبێ، هیچ کات.

بەردەم زوربەی ماڵەکان حەوشێکی گچکەیە بە پێپلیکانەی ئاسنین. لەدوایەمین حەوشەدا مرۆڤە بەفرینەیەك دروستکراوە بە دوو چاوی رەشی گەورەوە، قەڵەمێکی سەوز وەك جگەرە بە لالێوییەوەیەتی، سەرپۆشێکی سووری بەسەرەوەیە. تەماشای من دەکا، وەك ئەوەی ببینێ. سەرمایەتی و بەزەییم پێیدا دێتەوە، رومەتی ئاوساوە و وابزانم ئەویش ددانی دێشێ. لە جێگایەکەوە دەنگی ئاخاوتن و پێکەنین دێ. لەودیو دارکاجەکانی ئەوسەری حەوشەوە، چەند منالێك سەرگەرمی یارین، من نایانبینم، تۆپەلێك بەفر بەر سەری مرۆڤە بەفرینەکە دەکەوێ و سەرپۆشەکەی لەسەر دەخزێ. لەنێوان تووڵی شیشەکانەوە تەماشای دەکەم، بەفر دەپرژێتە چاوانمەوە، دەچێتە یەخەی چاکەتەکەمەوە. دەمەوێ بگەڕێمەوە، بەڵام قاچم بە ئەرزەکەوە نوساوە. خۆزیا کاك حەسەنم لەلا با. ئای ... وا

دوو کەس، وەك با و بروسکە لەمبەری حەوشەکەوە رادەکەنە ئەوبەر، دەپەڕنە پشت مرۆڤە بەفرینەکەوە، لەسەر ئەرزەکە خلۆر دەبنەوە، بەدوای یەکدا رادەکەن و دەنگی قیژە و هاواریان لە کۆڵانەکەدا دەنگ دەداتەوە. سیویتلانا بەرامبەرم راوەستاوە بەڵام نامبینیّ. روخساری لەتاو سەرما سوور هەڵگەڕاوە و قژە زەردەکەی بەسەر شانیدا پەخش بووە. هێند جووانە کە لێی دەترسم. ئاخر دەتوانیّ هەموو شتێك بکا ... هەموو شتیّ. ئەو جادووگەرە و گەر بمبینیّ ئەوا بەڵایەکم بەسەر دێنیّ. هاوڕیّ گچکە لە نزیکییەوە راوەستاوە، تۆپەڵە بەفرێکی بەدەستەوەیە، دەیگرێتە سیویتلانا، پێدەکەنیّ. رادەکا، دەکەونە دوای یەك، بیّ ئەندازە بەختەوەرن.

خودا بتباتەوە توبا خاتونی ناڕەسەنی وڵاخ بۆ خۆت و جادوویەك کە بۆت کردم. چاوانم بەدوای هاوڕیّ گچکەدا رادەکەن. هەی هاوڕیّ گچکەی درۆزن، ناڕەسەن، بیّ وەفا. من فریوم خوارد و ئیدی ئەمە یەکەمین و گەورەترین فێڵێکە کە لێمدەکریّ.

پەنجەکانم بە تولّی شیشەکانەوە رەق هەڵگەڕاون و هۆن هۆن فرمێسك لەچاوانمەوە دێتەخوار. جێگایەك لە جەستەمدا ژان دەکات، ئەو جێگایەش سەر یان ددان یاخود دڵم نییە، بەڵکو جێگایەکە لەنێو ئەندێشەمدا، لە قسەکانمدا، جێگایەك لەودیو دڵمەوە، جۆرە ئازارێکی

نویٚ و جۆره خەفەتێکی ئاشنایە، لەو خەفەتانەیە کە دایکم لەبارەیەوە بۆ پووره ئازەر دەدویٚ و ئیدی هەردووکیان دەدەنە پڕمەی گریان.

توبا خاتون دەڵێ:" ئاگاداری خۆت بە. سیازده ساڵیی شوومە، هەموو شەوێك لەبەرخۆتەوه نزا بکە و فوو بکە."

باوکم دەڵێ:" پێویستە بچیت بۆ ئەمەریکا دەرس بخوێنیت، پاره یەپداکەیت، ببیتە ئینسان."

دایکم لەبارەی ئایندەوه بۆم دەدویٚ. لەبارەی ئەشق و شوو کردن و نهێنییە ژنانەکانەوه.

لە هاوڕیٚ گچکە زویرم و هەر بە زویرییش دەمێنمەوه. تا ئێستا چ شتێکم بە روویدا نەداوەتەوه. بەڵام ئەو خۆی دەزانیٚ. جارناجار تەماشام دەکا و لەودیو روانینەکانییەوه قسەیەك هەیە کە قوڵایی دڵم رادەچڵەکێنیٚ. دەشیٚ بیەویٚ ئەو بەڵێنەم بیر بێنێتەوه کە بەیەکترمان دابوو، باوەڕی پیٚ ناکەم. دڵم لەحاستیدا بووەتە بەرد و هەرواش دەمێنمەوه.

قوتابخانەی فەیروزکۆیی سەرەتایی تەواو بوو، براکەم بۆ هەندەران دەنێرن و منیش لە ئامادەیی نەوشیروان دادگەر ناونووس دەکەن.

هاوڕێی نویٚ پەیدا دەکەم. هاوڕێی هەڕەمەکی. چەندین جار ئاشق دەبم و بۆ ئەشقەکانم دەگریم و پاشان هەموویانم بیر دەچنەوه. زامەکانی دڵم دێنە سویٚ و زەمەن جێگە رووشانە ناسکەکانی رۆحم هەتووان دەکا، جگە

له جێگه روشانێكی دێرینی سەر دەستم و ئازارێكی منالأنەی ئەودیو یادەوەرییەكانی منالّییم.

*

دوای سالأنێكی زۆر دووبارە سیویتلانا دەبینمەوە. ئەمجارەیان وەك كۆترێكی تەرە، شەكەت و پەڕ و بالّ وەریو و لاواز كە تازەكیی نیشتۆتەوە. تەماشای دەكەم و دەبینم جادووەكەی توبا خاتون كاری خۆی كردووە و ئیدی دلّم دادەهێزرێ. چاوە شین و گەورەكانی چۆلّ و هۆلّن لە یادەوەرییە دوورەكان، لە حەژمەت هوروژم و شالأوی هەزارەها ئەزموونی تالّ و شیرین و لە تێپەڕینی سەرسوڕهێنەری رۆژان و رووداوەكانا، قوتابخانەی فەیروز كۆیی و هاوڕێ گچكەی لەبیركردووە.

كوڕەكەم لەدوورەوە بانگم دەكات. لە قەراغ ئاوەكەدا لەگەلّ منالأنی تردا سەرگەرمی یارییە. هەناسە هەلّدەمژم، بارێكی قورس لەسەر شانم لادەچێ، قورسایی بەخیلییەكی دێرین، بەخیلییەكی تالّ و وێرانكەر. خۆزیا گەمە سێ قۆلّییەكانمان قەبولّ بان. لەلای منالّەكانەوە دادەنیشم، كەسێك لەناوما لوول دەخوا، كەسێك دزە دەكاتە ژێر پێستمەوە و دەنگێ بەگوێما دەچرپێنێ:" هاوڕێ .. هاوڕێین، هەتا رۆژی قیامەت هاوڕێین."

❊

## باوك

یەکەمین ماڵی ئێمە لە شەقامی بەختەوەرییە. باوکم ناو لە کۆڵانەکان دەنێ. لەم ماڵەدا، خوشکەکەم دەمرێ و دایکم دەڵێ:" ئێمە لە شەقامی بەختەوەریدا بەدبەخت بووین."

بۆ شەمێران دەگوێزینەوە، گردۆڵکەکانی ئیلاهییە، ئەمانییە، دەشت. خەڵکیی خانەگومان و واقوڕماو، بەگوێی یەکدیدا دەچپێنن و دەڵێن: باوکم شێت بووە، ئاخر شەمێران لە بناری چیا و لەوپەڕی دونیایە. ئەوانەی باوەڕیان بە ئەقڵیی خاکیی و زیرەکیی قومییانەی بابم هەیە، بەدوای ئێمەدا دێن و دەبنە دراوسێمان. خانوویەکی گەورە، بە باخ و ئەستێرك و فوارەوە، لە بەری شەقامی پەهلەوییدا رۆدەنێین. بابم دەڵێ:" ئەمە هەمان ئەو خانووەیە کە من گەرەکم بوو، خانووی خۆم."

خۆی نەخشەی خانووەکەی کێشاوە، ژوور، ژوور، ژوور ، ژوور، ژوور، ژوور، ژوور- لە ریزی یەکەوە وەکو قیتار. هۆڵی پێشوازیی لە نهۆمی سەرەوەیە. هیی رۆژانی جەژن و بۆنە تایبەتیی و میوانداریيە بەشکۆکانە. جار جار پەنجەرەکانی دەکرێنەوە، پەردەکانی هەڵدەدرێنەوە، بەڵام زوربەی کات دەرگاکەی داخراوە و کەل و پەلەکەی لەژێر چەرچەفدا حەشار دراوە. موبەقەکەی کاك حەسەن کەوتۆتە ناوجەرگەی ماڵەکەوە،

رووه و باخه و هەتاوی تێدەکەوێ و وەك ئاتەشگەیەکی پیرۆز، تەژییە لە ژیان و نیعمەت و بەرەکەت.

ماڵەکەی شەمێران بە رۆژانی روناك و سێبەری نهێنیی ئامێزی درەختەکانییەوە، بە شەوی تەنکی ئەفسانەیی و چپەچپی خۆشی کوڕانی گەڕەکەوە لەودیو دیوارییەوە، بە ساتەوەختگەلی پڕ لە بەهرەی منالّیی و نەوازشتگەلی دایکانەیەوە، بە دڵەڕاوکێگەلی دەروونیی و خەفەتەکانییەوە، بە سەخاوەتگەلی ئاشکراو توندوتیژییە شاردراوەکانییەوە، بە جەژن و خۆشییە زوو تێپەڕ و دوو دڵییە درێژخایەنەکانییەوە، بە خزمەتکار و خزم و خوێش و ئەیل و تەبارییەوە، وەك زگێکی دووگیان، لەژێر سامالّترین ئاسمانی دونیادا دانیشتووە. بابم بۆ سەدەیەمین جار دەڵێ:" ئەمە هەمان ئەو خانووەیە کە من گەرەکم بوو، خانووی خۆم."

باخەکەی شەمێران پڕە لە پەیکەری ئاژەڵان. لەبەر پێپلیکانەکانی هەیواندا، دوو شێری زل بە دەمی کراوەوە ئامادە بۆ هەڵلوشینی میوانەکانمان، دانیشتوون. لە باخچە و لە لێواری جاددەی لمیندا، لەقلەقگەلی کانزایی و ئاسکگەلی لەڕو لاواز لە هەوڵداندا بۆ بازێکی ناکام، قنج و قیت راوەستاون. لەبەر ئەستێرکەکەدا، پەرییەکی زەریایی خرتۆڵ، قەڵەو و گۆشتن، رێك وەك خاتوو فەخرولئەعزەم، لەسەر کلکە

ئالّتونییەکەی راوەستاوە و چرایەکی گەورە لەسەر سەری دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە.

هاوینان لەژێرزەمینێکدا دەژین، نیوە تاریک و شێدار و لەژێر چەرچەفەکاندا رەق هەڵدێین. لای سەرەوە جێگای بابمە. لەپاڵ دیوارەکەدا، ئەستێرکێکی کاشیی هەیە کە ئاوەکەی دەڕژێتە پاشۆرەکەوە و دەنگی خوڕە خوڕی دێتە گوێ. کاك حەسەن شفتی و کاڵەکەکان لە ئەستێرکەکەدا دادەنێ تا سارد بن. دایکم ئاوو گوڵاو بە حەسیری بەردەم پەنجەرەکەندا دەکا و شنەیەك کە لە روخسارمان دەدات، پڕە لە گەردیلەی تەڕ و بۆنی گوڵەباخ. خەوی پاش نیوەڕوان بۆ هەمووان بەزۆرە (بەدبەختیی گەورە بۆ ئێمەی منالاّن). بیجامە لەبەردەکەین و گۆش تا گۆش، لەسەر چەرچەفی شین و ئەستووری ئوتووکراوی لەعەردەکەدا راخراو، رادەکشێین. بابم، دوور لەوانی تر، لەبەر ئەستێرکەکەدا دەنوێ. دۆشەك بۆ وی رادەخەن و چمکی پۆپەشمینێکی تەنك، وەك پەردەکوللە، لە قەراغی کورسییەکەی ژوورسەرییەوە گرێ دەدەن، تا مێش بێزاری نەکات. دایکم دەرمانی مێش بە دەوری دۆشەکەکەیدا دەکا و گەر دەنگێکمان لێوە بێت، بەتوندیی بە مێشکوژ بە سەر و قاچماندا دەکێشێت. سەعاتی خۆشی ئازادیی، بە کردنەوەی پێڵووەکانی بابم رادەگەیەنرێ. حەسیرەکان هەڵدەگیرێن. چەرچەفەکان کۆدەکرێنەوە، دەنگەکان لە گەروو دێنە دەرێ و ئیدی کاك حەسەن، بە سینیی و چەقۆ و

قاپەوە، بۆ قاشکردنی کاڵەکەکان دێتە ژوورێ. یەکەمین قاش، کە نیوەی کاڵەکێکە، لەبەردەم بابمدا دادەنێ و بە زەردەخەیەکی دڵەڕاوکێ ئامێز لێی دەنۆڕێ. ئەگەر بێ رەنگ و بێ تام بێت ئەوا دوو تومان غەرامە دەکرێت. سزای بابم غەرامەی پارەیە. لە ماڵی ئێمەدا، هەمووان پارە لەو وەردەگرن: کارەکەر و خزمەتکار، دایکم و من و براکەم و پوورەکان، مامۆستاکانی ماڵ و غەریبەگەلێك کە هەموو سەری مانگێك دێن. پارەکەیان وەردەگرن و دەڕۆن. باوکم غەرامەکان لە دەفتەرێکی تایبەتیدا تۆمار دەکات، کۆتایی مانگ کۆیان دەکاتەوە و لە مووچەکانی دەبڕێت. من و کاك حەسەن زوربەی کات قەردار دەبین و لە موچەی مانگی داهاتوومان دەبڕدرێت. کاك حەسەن دەکەوێتە هات و هاوار و پاشان هەڕەشە و خۆ زویرکردن، چاکەتەکەی لەبەردەکات، بار و بنەی لە جانتایەك دەنێ و دەڵێ کە هەر ئەلعان ماڵی ئێمە جێدێڵێت. بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە بەر دەرگاکە، بە بیستنی دەنگی بابم، هەموو هاش و هوشەکانی بیردەچنەوە. وی دەستەمۆ و گیانفیدای ئەم پیاوەیە، گا بە عیشقەوە، گا بە بوغز و توڕەیی و دوژمنایەتییەوە. گیانفیدایی وی نە لە هۆشیارییەوەیە و نە لە حیساب یان ترس و ناچاریی و ئەقڵەوە، بەڵکو وەك پەیوەندی حەتمیی و نائاگایانەی جەستەیە بە سێبەرەکەیەوە، وەك پاشکۆیەتیی ناچارانەی ماددەیە لە یاسای کێش.

ماڵەکەی شەمێران پێگەی ژیانی یەك قەبیلەیە و ئێمەی منالانی سەرکەو بنکە، بەختەوەر و بێ ئاگا، پێ بە پێی دارچنارە جحێڵەکان باڵادەکەین و بەقای چیمەنی سەوز و بەری دارمیوەکان بە ئەبەدیی دەزانین.

هیچ کەس لە ماڵەکەی شەمێراندا بیر لە ڕۆیشتن و مردنی خەڵکیی ناکاتەوە و من و دایکم و کاك حەسەن و ئەوانی تر، لەژێر چەتری جادووگەرێکی گەورەدا، خۆمان بە پارێزراو لە گورزی زەمەن و زامی چارەنووس دەزانین. باوکم دەڵێ:" من پۆلام و پۆلاش هەرگیزاو هەرگیز ژەنگ هەڵناهێنێت."

درۆ ناکات. هیچ کەس تا ئێستا وی بە نەخۆشییەوە نەبینیوە. ئیرادەی لە ئاسنە و ئەعسابیشی لە بەرد. بڕوای بە سێ شت هەن: دادوەریی، زانست، نوێگەریی — هەڵبەتە سەروەتیش. سەروەت بۆ گەیشتن بە قودرەت و قودرەتیش بۆ ڕەهایی لە لاوازیی و ڕەزالەت و موحتاج بوون. سەروەت بۆ ڕەهایی لە حەسرەت و پێداویستیی.

هەندێ شەو کە دڵی خۆشە، من و براکەم بانگ دەکات. پێدەکەنێ. دەست دەنێتە سەر سەرم و ئیدی لەو دەستە پتەوە دڵنیایەیەوە، هێزێکی ئەفسانەیی دزە دەکاتە جەستەمەوە و لە بنی ڕۆحمدا دەنیشێت، هێزێکی دێرینە، دەست بەدەست گوێزراوە لە باوو باپیرانەوە، وەك ئەمانەتێکی

پیرۆز، توێشەبەرە بۆ رۆژانی رەش، بۆ ساتەکانی دڵەڕاوکێ و نائومێدیی، بۆ رۆژە تاریکەکان و بۆ ئاییندە.

دەپرسێت:" لەپۆلی چەندی؟"

دەڵێم: " حەوت." درۆ دەکەم. پۆلێك ژوورترم.

دەپرسێت:" کە گەورە بوویت، گەرەکتە ببیتە چیی؟" تا ئێستا سەد جار ئەم پرسیارەی لێکردووم.

دەڵێم:" نووسەر."

دەڵێ:" نووسەرێکی بە شعور یان شاعیرێکی بێ باك؟"

دەڵێم:" نووسەرێکی پارەدار." وا دەڵێم بۆ ئەوەی دەستم لێ هەڵگرێت.

پێدەکەنێ. قایلە. چەندین جار پێیگوتووین کە بۆ لای من مەیەن، دینارێکتان نادەمێ. هەنووکەش کە گەورە بووین، ئاگاداری کردووینەتەوە کە بەزوویی لە زگی بەهەشتی قەبیلە دێینە دەرێ و لە جێگایەك کە نازانین کوێیە – ئەوپەڕی دونیا – ناچاری خوێندن و کارکردن دەبین.

دەڵێ:" جووانووەکان دەبێ بچنە دەرێ، لەسەر پێی خۆیان راوەستن و ببنە ئینسان." ئیدی لەدوای ئەم قسەیەوەیە کە میستەر غەزنی، مامۆستای ئینگلیزیی دێتە ژیانی ئێمەوە. ئەو پیاوەی کە فێری هەموو شتێکی کردین، زوبانی ئینگلیزیی نەبێت.

وادەی فراوینە کە باوکم لەگەڵ مامۆستای ئینگلیزییدا بۆ ماڵەوە دێتەوە. هەمووومان بانگ دەکات. جانتاکەی بە کاك حەسەن دەدات. پێڵاوەکانی لەبەردەرگا دادەکەنێت. چاکەت و بۆینباخەکەی دەداتە دایکم و ئاماژە بۆ پیاوێکی چرچ و چەوێڵ و رەش داگەڕاو، کەلەبەر دەرگا راوەستاوە، دەکا و دەڵێ:

**Come in. Mr. Ghazni**

هەموو ئێمەیش، مات و واقوڕماو، تەماشای ئەم میوانە ناوەختە ناشیرینە دەکەین و لەترسی بابم جورئەتی پێکەنین یان پرسیارکردنمان نییە.

میستەر غەزنی هەژارێکی هیندییە، هەر لە دێو دەچێ، چاوانی زەق و سوور، زەرد هەڵگەڕاو، کەپوو پان و لێو شین داگەڕاو. سەری لەژێرەوە ناوە و چاو لە عەردەکە هەڵنابڕێت. ناشیرینیی خۆی لە چاوانی واقوڕماوی ئێمەدا دەبینێ و بەخۆیدا دێتەوە. ئارەقەی جەستەی، ئاوێتە بە عەتری هیندیی، لە هەوادا شەپۆڵ دەدات. هەست بەوە دەکا و ئیدی وەك ئاژەڵێکی دیل لەنێو رەوێکی پەلاماردەردا، بە تکا و لالانەوەوە لە دەرگای دەرەوە دەنۆڕێ.

سفرەی فراوین ئامادەیە. باوکم دادەنیشێت. قاپەکەی بۆ لای خۆی رادەکێشێ و بەبێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ، ئاماژە بۆ میستەر غەزنی دەکات. دەڵێ:"

# Come. Sitt. Eat

میستەر غەزنی یش، وەك مرۆڤێكی قورمیشكراو، بە قسەی دەكات. چەند هەنگاوێك دێتە پێشێ. سەری هەروا لەژێرەوە ناوە. لەسەر لێواری كورسییەكە دادەنیشێ و وەئاگا لە بۆنی ئارەقە و بۆنی تیژی عەترە هیندییەكەی، خۆی گرمۆڵە دەكات تا كەمترین جێگا لە فەزادا داگیركات. دەستی لێ بووەتە تەوق. نازانێ لە كوێی دانێ.

كاك حەسەن، بە فەرمانی باوكم، بەڵام بە نابەدڵیی و بۆڵە بۆڵێكی شاراوەی ژێر لێو، قاپێك و پەرداخێك ئاو دێنێ و تەواوی جووڵەی سەر و روخساری، ئەو واقیعییەتە خەمینە پیشان دەدەن كە ئەم غەریبە هیندییە، نرخ و بەهای مامۆستای ئەرمەنیی یان خەڵكانی فەرەنگیی نییە. میستەر غەزنی یش وەك بڵێی، هەست بەوە بكات كە ئەم چێشتلێنەرە لەخۆباییە، لەو باشترە، بە بەبێ ئیرادە لەبەر كاك حەسەن هەڵدەسێتە سەر پا و سوپاسی دەكات. من و براكەم پێدەكەنین و میستەر غەزنی دەمانبینێت. چاوە سوورەكانی، وك چاوی منالآنی شەیتان، دەبریسكێنەوە و ناشیرینییە موزییەكەی روخساری، بۆ ساتێك دەدرەوشێتەوە. وەك بڵێی دەمامكێكی مقەبایی بۆ ترساندنی ئێمە لە روخسار نابێ و ئیدی لەودیو ئەو دەمامكەوە، روخسارێكی ساكار و ئێسك سووك هەبێ. باوكم تەنها كەسێكە كە ئەوی بە بێ دەمامكە مقەباییەكەی بینیوە و دەزانێ كە ناوەوەی میستەر غەزنی، وەك عەردی

سەوزی ئەوسەری دیوارە بەرزەکان، پڕە لە بۆنی خۆش و لە بۆنی گژوگیای تەڕ و بڕ.

دەڵێ:" ئەمە مامۆستای ئینگلیزیی ئێوەیە. هەرکەسێك بە فارسی قسانی لەگەڵدا بکا غەرامە دەکرێت." پاشان لە میستەر غەزنی دەپرسێت:

## What is your name?

میستەر غەزنی دەستەپاچە وەڵام دەداتەوە:

## My name is Ghazni, sir

براکەم قاقا پێدەکەنێ و هەمدیس دووبارە، چاوانی ساکاری مامۆستای ئینگلیزیی لە خۆشحاڵیدا دەدرەوشێنەوە. شتێکی جوان و شیرین لە نیگایدایەتی، نیگایەك کە دەترسێ و بە تیلەی چاو لە شتەکان دەنۆڕێت، نیگایەك کە لە دووی قسەگەلی رۆژانە و پەیوەندیی گەرم و گوڕە. هەست دەکەم دەکرێت بونیادەم متمانە بەم غەریبە هیندییە بکات، دەکرێت لەگەڵیدا ببیتە هاورێ و خۆشت بوێت.

لەپاڵ موبەقەکەی کاك حەسەندا، ئەمبارێکی نیوە چۆڵ هەیە. پاکی دەکەنەوە، فەرشێکی کۆنی لێ رادەخەن، تەختەنوێن و مێز و گلۆپی لێ دادەنێن و دەیدەنە مامۆستای ئینگلیزیی. میستەر غەزنی دەبێتە ئەندامێکی قەبیلەکە و ئیدی لە ماڵی ئێمە دەژی. باوکم فەرمان دەدات کراسی سپیی و پانتۆڵی نوێی بۆ بکڕن و جووتێك لە پێڵاوەکانی خۆیشی

دەداتێ. میستەر غەزنی بۆ حەمام و بۆ لای سەرتاش دەبرێ. بەکارهێنانی عەتری هیندیی لێ قەدەغە دەکرێت. سەراپای جەستەی بە دەرمانی دژە بۆن و دژە مێروو چەور دەکرێ و ئیدی مامۆستای ئینگلیزیی، ئارایشتکراو وەکی زاوایەکی پاك و تەمیز و بۆنخۆش، دەم بەپێکەنین ( بەڵام هەر لەشێوەی دێودا )، لەسەر سفرەی بەرچایی ئامادە دەبێ و بە روویەکی خۆشەوە سڵاومان لێ دەکات، سڵاوەکەی بە فارسییە. پێنج تومان غەرامە دەکرێت.

کە باوکم لەماڵەوە نییە، وانەی ئینگلیزییمان بیردەچێتەوە. مامۆستای ئینگلیزیی لە نەبوونی بابمدا دەبێتە کەسێکی تر. هەموو شتێك دەزانێ و هەموو کارێك بەڵەدە، دەبێتە هاوکار و شاگردی کاك حەسەن.

لە موبەق دادەنیشێ و برنج و لۆبیا دەبژێرێ. کاتێ میوانمان هەن، چاکەتێکی سپیی لەبەردەکا و چا و شەربەت بۆ میوانەکان دێنێ. دایکیشم، بە لەخۆبایی بوون و زەردەخەنەوە، تەماشای خاتوو شەوکەت ئەعزەم و کیژە فەقیرۆکەکانی فەخرولسەلتەنە دەکا و بە کورتە رستەی وەك ( برۆ) یا ( وەرە) بە ئینگلیزیی، میستەر غەزنی دەدوێنێ و بە ئیشارەتی دەست مەرەخەسی دەکات.

میستەر غەزنی دەبێتە هاوگەمەی ئێمەی مناڵان و هاورێی نێزیکی کاك حەسەن. شەوانە کە بەتەنێین، لەبارەی خۆیەوە قسانمان بۆ دەکات، لەبارەی شتە سەرسوڕهێنەرەکانی هیندوستان و ئازایەتی خۆیەوە لە

جەنگی دژە ئینگلیزدا. یەك كتێب یادەوەریی هەیە و چیرۆكەكانی لە حەكایەتەكانی هەزارو  یەك شەو خۆشترن. رەنگە ئەو چیرۆكانە خۆی دروستیانكات. دەشێ شاعیرێكی خەیاڵ پڵاو بێ و خەون ببینێت. هەرچییەك بێت میستەر غەزنی، رەنگ و بۆیەكی نوێی بە ماڵە خەمینەكەی شەمێران ( كاتێ دایكم لە ماڵەوە نییە ) بەخشیوە. تەنانەت چێشتلێنەری فیز زل و لەخۆبایی كە مێشكێكی هێندەی مێشكی چۆلەكە و دونیایەكی بە فەراوانی گوڵە شێلمێك هەن، وازی لە هاش و هوشەكەی هێناوە و بووەتە مورید و هاوڕێی میستەر غەزنی.

باوكم دڵنیایە كە رۆژانە ( ئەویش رۆژانی هاوین ) خەریكی فێربوونی زوبانی ئینگلیزین و ئاگای لێ نییە كە لە نەبوونی ئەو و گەورەكانی تردا، منداڵانی خزمان و دەرو دراوسێ بانگ دەكەین، لە باخەكە كۆدەبینەوە، چاوی میستەر غەزنی دەبەستینەوە و داوای لێدەكەین بماندۆزێتەوە. میستەر غەزنی دەستەمۆیە.  چێژ لە هەموو گەمەكانی ئێمە وەردەگرێت. كوڕەخاڵەكان لەدواوە پاشقولی لێ دەگرن. بەزۆریی، سەری لە پەلكی درەختێك دەدات یان پەلكێك روخساری دەڕوشێنێت. دەنگی لێوە نایەت. ئاه و ناڵە لە مەزەبیدا نییە. بەرزتر لە ئێمە پێدەكەنێ و زیاتر لە ئێمە كاتەكەی خۆش لێ دەگوزەرێ.

مۆڵەتمان هەیە دوای وانەی ئینگلیزیی ( كام وانە؟) لە ئەستێركەكە مەلە بكەین. میستەر غەزنی، بە چاكەت و بۆینباخەوە بە دەوری

ئەستێرکەکەدا پیاسە دەکا و چاودێرییمان دەکات. رەخنە لە تەرزی مەلەکردنی یەکە بە یەکەمان دەگرێ و تەرزە راستەکەمان فێردەکات. بە کاك حەسەنی گوتووە کە جاران وی پاڵەوانی مەلەوانیی بووە.

باوکم، هەر لەگەڵ هاتنەوەیدا، پێش فراوین و وەنەوزی دوای نیوەڕۆ، مەلە دەکات. دەبێ ئەستێرکەکەی بۆ جێبێڵین. رێ و رەسمی مەلەی وی، وەك راهێنانی سەربازیی وایە. هەموو جوڵەکانی حیساب بۆ کراو و رێك و پێکن. وەك بڵێی پاشکۆی رووداو و بەرنامەکانی رۆژانە بن. بە هەنگاوی ئەژماردە بەرەو لای ئەستێرکەکە دێ و بە بێ وچان یان خۆ دواخستن، دەچێتە ناوییەوە. بە پێی چەپ بە ئاوەکەدا دەکێشێ و هاوسەنگ هەناسە دەدات. چوار جار بە درێژایی ئەستێرکەکە دەڕوا و دەگەڕێتەوە. دێتە دەرەوە. خاولییەکە لە دەستی کاك حەسەن وەردەگرێ، دەچێتە ژێر زەمینەکە، جلکەکانی دەگۆڕێت، نانەکەی دەخوات. دەنوێ. تەواوی ئەو کارانە بە یەك ئاست و بەیەك ریتم دەکات، وەکی ژماردنی یەك تا بیست.

پلان دادەنێین میستەر غەزنی بە جلکەوە بخەینە ئەستێرکەکەوە. ئارام دەگرین تا بابم بەرنامەی رۆژانەی مەلەی تەواوکا و بۆ ژێر زەمینەکە بگەڕێتەوە، نانەکەی بخوا و بنوێت. میستەر غەزنی برسییەتی. ئارەقە بەسەر و روخساریدا دێتەخوارەوە. کە باوکم لە ماڵەوە بێت، لە ترسی غەرامە کردن، بە ئینگلیزیی قسان دەکات.

دەڵێ:

**I am hungry**

کەس وەڵامی ناداتەوە. براکەم لەدوایەوە دەڕوات. میستەر غەزنی ئاگای لێ نییە. هەمدیس ئاماژە بۆ زگی دەکا و بە ئەسپایی، بەجۆرێك کە باوکم نەشنەڤێت، دەڵێ زۆرم برسییە. وەرنە دەرێ.

یەکێك لە کوڕە خاڵەکان وەڵامی دەداتەوە:

**No lunch. Water good**

براکەم ئاماژەمان بۆ دەکات چما پاڵی پێوەنێت؟ ئێمەیش بە پێکەنین و تەکاندانی سەرمان، هانی دەدەین. میستەر غەزنی دەیەوێ شتێك بڵێ، دەیەوێ قسەیەك گۆ کات، کە یەکەندەردوو پێی لە عەرد هەڵدەکەندرێ. دەنگێکی سەیر لە گەروویەوە دێتە دەرێ و بە دەمدا دەکەوێتە ئاوەکەوە. دەستەپاچە پەل دەکوتێ و نوقوم دەبێ. یەك دوو لەحزە درێژە دەکێشێ، ئەوسا سەر ئاو دەکەوێ، هەناسە دەدات، شڵپە شڵپییەتی، سەرئاو دەکەوێ و هەمدیس ئاو هەڵیدەلوشێتەوە، پێکەنینەکەمان دەبێتە بێدەنگیی. بانگی دەکەین. لە مانای جووڵە گێلۆکەکانی ناگەین. یەك دەقیقە، دوو دەقیقە، سێ دەقیقە تێدەپەڕێت. چ هەواڵێکی نییە. بە ئەقڵماندا ناچێت مەلە نەزانێت. ئاخر هێند بە دەوری ئەستێرکەکەدا هاتووە و چووە و رانومایی وەرزشیی پێداوین کە ئیدی وامانزانیوە پاڵەوانی مەلەوانییە. واقوڕماو راوەستاوین و تەماشای ئەستێرکەکە

دەکەین. نا. نابێت. خەون دەبینین. دەنگێك لە گوێمدا دەڵێت هەی دەبەنگ، میستەر غەزنی مەلە نازانێ و وەڵامی منیش زریکەیەکی بەرزە کە هەمووان وەئاگا دێنێتەوە. براکەم لەجێگاگەی رادەپەڕێ و رادەکا و خۆی هەڵدەداتە ئەستێرکەکەوە. یەك لەحزە دواتر، سەری میستەر غەزنی، وەك سەری بە شکۆی ئەسپێکی زەریایی ، لە ئاوەکەوە دێتە دەرێ. بە زەحمەت هەناسە دەدات. لە ئاوەکەدا دەمێنێتەوە و هەمدیس، دەستێك لە بنی ئاوەکەوە، بۆ قوڵایی ئەستێرکەکەی رادەکێشێت. کوڕە خاڵەکان خۆیان هەڵدەدەنە ئاوەکە و بۆ یارمەتیی دانی براکەم دەچن. هەمووان جەستە قورسەکەی میستەر غەزنی یان گرتووە و رایدەکێشن. دەرەقەت نایەن. من هەڵدەلەرزم. هاوار دەکەم و داوای یارمەتیی دەکەم. کاك حەسەن دەگات. ئەویش مەلەوانیی نازانێت. دەست رایەڵ دەکات. سەری میستەر غەزنی لەنزیك لێواری ئەستێرکەکەوەیە. قژە ماش و برنجییەکەی میستەر غەزنی دەگرێ و رایدەکێشێ. خەریکە خۆیشی بکەوێتە ئاوەکەوە. دەڕوا و بە گسکێکی دەسك درێژەوە دەگەڕێتەوە. گسکەکە دەنێتە ژێر چەناگەی میستەر غەزنی و سەری بەرز دەکاتەوە. بۆ ساتێك، دەمی میستەر غەزنی دەکرێتەوە.، قرخە قرخ دەکات، چنگ دەکات بە گسکەکەدا، نیو مەترێك دێتە پێشێ کە لەو کاتەدا گسکەکە لەدەستی کاك حەسەن بەر دەبێ و ئیدی هەمدیس میستەر غەزنی دیارنامێنێ.

پەنجەرەی ژێرزەمینەکە دەکرێتەوە. دەنگی توورەی دایکم، وەك شیشی سوورەوە بوو، بە گوێماندا دەچەقێ:" چ بووە؟ شێت بوون؟"

کاك حەسەن دەڵێ:" خانم، میستەر مرد. خنکا. کەوتۆتە ئاوەکەوە." مورتەزا ی باخەوان لە باخەکەیە. هاوارهاوارەکەی ئێمە دەژنەڤێ و بە پێمەڕەیەکەوە دەگاتە لامان. هەرکە سەری میستەر غەزنی لەئاوەکە دێتە دەرێ، پێمەڕەکە لە پشت ملی گیردەکا و رایدەکێشێت. وەك ئەوەی ماسیی بگرێت. کوڕەکان سەرئاو دەکەون، هەناسە وەردەگرنەوە و سەر و ملی میستەر غەزنی دەگرن. سوودی نییە. مامۆستای ئینگلیزیی مردووە و ئەوەش خەتای منە. لەسەر عەردەکە دادەنیشم و کوڵی گریانم بەردەبێ. دایکم و دوای ئەویش باوکم، لەدەرگای ژێرزەمینەکەوە دێنە دەرێ. دایکم شپرزە و توورەیە. تێناگات چ رویداوە و سەرزەنشتی کاك حەسەن دەکا کە هاوار هاوار نەکات. راڤەی گەرەکە و کەس جورئەتی زار هەڵێنانەوەی نییە.

چاوی بە بیچمی بێ گیان و روخساری شین هەڵگەڕاوی میستەر غەزنی دەکەوێ و دەم دادەپچڕێ. میستەر غەزنی سەر ئاو کەوتووە، بەڵام ناجووڵێت. کوڕەکان لەژێرەوە گرتوویانە. چ شتێکیان لەدەست نایەت. باوکم ئارامە. سۆڵەکانی دادەکەنێ و بە جلکیماڵەوەوە دەچێتە ناو ئاوەکە، خۆی دەگەیەنێتە میستەر غەزنی و سەری وی لەبن هەنگڵ دەنێ. ئەم پیاوە رزگارکردنی خەڵکانی خنکاو بەڵەدە و ئێمە نەمانزانیوە!

دایکیشم هەر واقوڕماو تەماشای بابم دەکات. دەستەکان بەرەو لای ماموستای نیوە گیان رایەڵ دەکرێن. وی کە وەك کێو قورس بووە، بەرەو دەرەوە رادەکێشین. بەدەمدا پاڵی دەخەین. دەیشێلین تا ئەو ئاوە بێنێتەوە کە قووتی داوە. هەناسەی تێدا نەماوە. دایکم فەرمان دەدا بیخەینە سەر پشت. ئەوجا لەپاڵ میستەر غەزنیدا دادەنیشێ و چەند جارێك فوو دەکات بە دەمیدا. کابرای هیندیی دەکەوێتە کۆکە و یەك دنیا ئاو لە قوڕگییەوە دێتە دەرێ. چەپڵە لێدەدەین و هەڵهەلە دەکێشین و ئیدی میستەر غەزنی لەژێر سێبەر و لەپاڵ دیواردا دەخەوێنین. هەڵدەلەرزێت، دایکم فەرمان دەدا بەتانییەکی پێدادەین.

هەنووکە نۆرەی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەیە. کاك حەسەن خاولییەکی گەورە دەهێنێ و بەسەر شانی باوکمیدا دەدا.

- " ئیشی کێ بووە؟"

کەس فزەی لێوە نایەت. جورئەتمان نییە تەماشای باوکم بکەین. چاوەڕێی نەڕەیەکی ئەوین کە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕێ دەکرێ، یەك قاقا لێ دەدا. تەنانەت دایکشیم دەحەپەسێ. رەنگە قلافەتی داماوی میستەر غەزنی، بە چاکەت و پانتۆڵە تەڕەکەیەوە، خستبێتییە پێکەنین یان دەشێ بەزەیی بەئێمەدا هاتبێتەوە. خودا دەیزانێ. هەرچیی هەیە، ئەوە مانای رزگاربوونی ئێمەیە لە سزایەکی گەورە. ئیدی گیانێکی نوێ وەبەر ئێمەی نەوجەوانانی دەبەنگدا دێتەوە.

بابم هەموو شەوێك بەر لە نووستن، خۆی فێری ئینگلیزی دەكات. ئەمەش ڕێ و ڕەسمی خۆی هەیە. هەموو شەوێك لاپەڕە بە لاپەڕە لەسەر فەرهەنگی ئینگلیزیی سی چل وشە ئەزبەر دەكا و دواتر میستەر غەزنی وشەكانی لێ دەپرسێتەوە.

من لە بڵاوبوونەوەی ئەم زوبانە بیانییە، وەك بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەكی بێ هەتوان ترسم هەیە و دەزانم كە هاتنی ئەم میوانە نەبینراوانە، ئەم دەنگ و شێوە تازانە، بە مانای جوێ بوونەوەیە لە ڕۆژانی بێ خایلە و خۆشی منداڵیی و پاسپۆرتی چوونە ژوورەوەیە بۆ ئایندە.

ساڵێكی دی براكەم بۆ ئەمەریكا دەنێرن و دوای ئەویش نۆرەی من دێت. لەچاوەڕوانیی ئەم چاوەڕێ بوونە شیرین و دڵەڕاوكێ وروژێنەدا، ڕۆژانی دڵڕفێنی هاوین بە خێراییەكی بە سوێ تەواو دەبن و بابم هەشتا و سێ لاپەڕەی لە فەرهەنگە ئینگلیزییەكە ئەزبەر كردوون.

میستەر غەزنی هەفتەی ڕۆژێك بۆ سەردانی خێزانەكەی دەچێ و ئێمە هیچ لەبارەی ژیانی ئەوەوە نازانین. ئاخر ئەو هەمیشە لەبارەی رابردوویەوە دەدوێت، لەبارەی ڕۆژانی جحێڵیی و سەفەرەكانی بۆ ئەملاولای دونیا. چ شتێك لەبارەی ئەمڕۆیەوە نابێژێت. كە لەو بارەیەوە پرسیاری لێدەكەین، زەق زەق تەماشامان دەكا و مات دەیباتەوە. وەك بڵێی چ شتێكی بیر نەما نەبێ و زەینی لە زەمەنێكی تایبەتیی — بیست

ساڵ لەمەوبەردا — لەکار کەوتبێ. دوایین جار کە دەڕوات، لەکاتی خۆیدا ناگەڕێتەوە و غەرامە دەکرێت. لاواز و ریوەڵە دێتە پێش چاو و لەکاتی قسە کردندا هەناسەی تەنگ دەبێ، دەکۆکێ و کۆکەکانی لەترسی دایکم قووت دەداتەوە. جاری دووەم سێ هەفتە دیار نامێنێ و هەواڵ دەنێرێ کە نەخۆشە. کاتێ دەگەڕێتەوە، ئێمە نایناسینەوە. ژێر چاوانی هێند رەشە کە لێی دەترسین. گۆناکانی بە قوڵدا چوون و دەمی زل تر بووە.

باوکم پارەی زیاتری دەداتێ و مەرەخەسی دەکا تا بحەوێتەوە.

رۆیشتنەکەیم بیرناچێتەوە، دەستی لەسەر دەسکی دەرگاکە بوو، بە چاوانێکی خەمین، چاوانێکی میهرەبان، تەماشای ئێمەی دەکرد. دەمی نیوە کراوە و پەڕەکانی کەپووی دەلەرین. یەکەمین رۆژی هاتنیم بیردەکەوێتەوە، قاچی کە بۆ دواوە دەکشانەوە و دەستە نامۆکانی کە نەیدەزانی لەکوێیان دانێ. دەنگی لەگوێمدا دەزرنگێتەوە:

**My name is Ghazi, sir.**

مانگێك تێدەپەڕێ. چ هەواڵێك لە میستەر غەزنی یەوە نییە. ئادرێسی ماڵەکەیمان لا نییە. جێگای دیارە. وەك بڵێی دیارنەمانی کوتوپڕی وی، بەرایی دیارنەمانی تر بێ و وەك تەپ و تۆزێکی بۆر لە ژوورە روناکەکانی ماڵەکەی شەمێراندا خوول دەخوات. سەرەتای زستانە کە ژنەکەی بۆ سەردانمان دێ، ژنێکی لاواز و رەش داگەڕاو. بە شێوەگۆی هیندیی، بە زوبانی فارسیی قسان دەکا و قسەکانیشی پڕن لە گریان. دایکم تێدەگات.

باوکیشم تێدەگات. ئاخر گەورەکان لە هەموو روداوە خەراپەکان دەگەن. دەچین بۆ سەردانی، من و بابم و کاك مەحموودی شۆفێر، لەگەڵ خاتوونی هیندیدا. ماڵەکەیان لەوپەڕی دونیایە. لەودیو کەلاوەکانی دەرەوەی شارەوە، لەوسەری حەوشێکی بەردیندا کە پڕە لەزبڵ و تەنەکە قیر و تایەی کۆنی ترومبێل، دەژین. لە ژوورێکدا کە لەبنەڕەتدا گەراژ بووە، حەوت هەشت منالّی هیندیی، سەرکەو بنکە، بەیەکەوە چەسپاو، بێدەنگ وەك پەیکەر لەپاڵ دیوارەکەدا راوەستاون. دۆشەکەکەی میستەر غەزنی لەناوەڕاستی ژوورەکەدایە. مەقەڵییەکی پڕ لە ئاگر بە ژوور سەرییەوەیەتیی و جامێکی تەنەکەیان لەسەر مەقەڵییەکە داناوە. شتێکی بۆن ناخۆشی لەسەر دەکولێت. روناکیی گلۆپی ساپیتەکە بە ئەندازەی مۆمێکە و خەڵکەکە لە تارمایی بێدەنگ دەچن. وەك بڵێی چووبێتنە دونیایەکی ترەوە، دونیای مردووان و ئاسەواری سێبەری رابردوو.

میستەر غەزنی، نیوە زیندوو لەسەر دۆشەکەکە کەوتووە. کە گوێی لەدەنگی بابم دەبێ، گیانی بەبەردا دێتەوە. زۆر لەخۆی دەکات تا دانیشێت. دەنگی دەرنایەت. ئارەقە بەسەر و روویدا دێتە خوارەوە.

کورسیی بۆ بابم دێنن، کورسییەکی لەق و قاچ شکاو. خانمی هیندیی، بە دەستەسڕ، سەر و روخساری مێردەکەی وشك دەکاتەوە. منداڵەکان ناجولێن. میستەر غەزنی تەماشای من دەکات — هەمان چاوانی گەشی بزێو بە دووایین پریشکی ژیانەوە.

باوکم شۆفێرەکە بەدوای دکتۆر کەوسەرییدا دەنێرێت. دادەنەوێتەوە و دەست بە نێوچەوانی میستەر غەزنی دا دێنی. خانمی هیندیی لەپاڵ مێردەکەیدا، لەسەر ئەژنۆ لەسەر عەردەکە دادەنیشێت. کەس قسان ناکات. تەنها منم کە دەگریم، گریانێکی بێدەنگ و پەنهان. لە ترۆمبێلەکەدا دادەنیشم. چاوەڕوان و دردۆنگ و گێژ. روانینم لە تاریکایی دەرەوە بڕیوە، لە تاریکیی گەورە، لە ویسعەتی تەواوی دونیا، وەك ئۆقیانوسێکی رەش، بێدەنگ و ترسناك.

باوکم لەدوورەوە دێت. ئارام و بەهێواشیی بەرێگادا دەڕوات. لەترومبێلەکەدا دادەنیشێت. حەپەساو و هیلاکە. دەڵێ:" هەنووکە نۆرەی کابرای هیندیی و بلێی کەنگێ نۆرەی ئێمەیش بێت." وا دەڵێ و کوڵی گریانی بەردەبێ. باوەڕناکەم. هێشتا باوکم نەبینیوە بگری. ( من پۆڵام و پۆڵاش هەرگیزاو هەرگیز ژەنگ هەڵناهێنێت.)

بەڵام پۆڵا دەگری و ئەمەش لە چاوی منەوە، لە ژەنگ هەڵهێنان بەسوێ ترە. دەترسم و ئەم ترسەش ترسێکی تایبەتییە. خۆ رەنگە ترسیش نەبێ و شتێکی تر بێ و من ناوی نەزانم. هەستێکی تازەیە، وەك جۆرێك ئازار کە لە جەستەدا نییە بەڵام بوونی هەیە، لە هەوادایە، لە دونیادایە، لە تاریکایی دەرەوەدایە، جۆرێك برین یان ئازارە کە هی هەمووانە، هی بابم و هی میستەر غەزنی و شەوکەت ئەعزەم خانم و کاك حەسەن و تەواوی خەڵکانی دونیایە — تەنانەت هی خەڵکانی پارەداریشە، هی

هونەرمەندانی قەشەنگی نێو گۆڤارەکانی مۆدە، تەنانەت هی باوکم و تەنانەت هی شا یشە.

شەو خەون بە میستەر غەزنی یەوە دەبینم. پێی پەتییە و بە بەفردا رادەکا. خۆشحاڵە، گەمە دەکات، خلیسکخلیسکێنە دەکات. نەنە گیان و بابیشم لەوێن. ئەوانیش هەر پا یان پەتییە. سەرمایان نییە. تا چاو بڕکات دەشت سپیی. لەکوێن؟ وەئاگا دەیمەوە و لەژێر چەرچەفەکەدا دەلەرزم. خەونێکی ناخۆش بوو. خەون بە خەڵکانی مردووەوە. ئەدی بابم لەوێ چ دەکات؟ دەنگی لەگوێمدا دەزرنگێتەوە:" کەنگێ نۆرەی ئێمەیش دێت؟"

قەت. بابم پۆڵایە و پۆڵاش هەرگیزاوهەرگیز ژەنگ هەڵناهێنێت. وی دوژمنی خەڵکانی دەم بە پرتە و بۆڵە و ترسنۆك و خۆپارێز و خەیاڵ پڵاوە. دوژمنی نەخۆشیی بێ پاساو و دڵەڕاوکێی هەوانتە و خەونی ناخۆشە. وی دوژمنی تەمبەڵیی، کەمتەرخەمیی و کات بەهەدەردانە.

" جووانووەکان دەبێ ئیش بکەن، ئیش، ئیش، ئیش، ئیش. جووانووەکان دەبێ ببنە ئینسان، لەسەر پا ی خۆیان راوەستن، شەڕ کەن، زۆران بگرن و بیبەنەوە."

خۆیشی هەر ئاشقی زۆرانبازیی و رووبەڕوو بوونەوەی روداوەکانە.

دەڵێ:" ڕۆژێك كە لە قوم ەوە هاتم دینارێكم پێ نەبوو، بەڵام شعور و ئیرادە و متمانەم هەبوون. لە هیچەوە، ئەمڕۆ هەموو شتێكم هەن. بێن بۆ لام دینارێكتان نادەمێ."

لە كەنگێوە نەخۆشیی كوت و پڕی بابم دەستی پێكرد؟ لە كەنگێوە مەرگ ئامادەیی خۆی لە ماڵەكەی شەمێراندا بە ئێمە ڕاگەیاند؟ نازانم و باوەڕ ناكەم. زەمەن لەو پشێویی و شپرزەییەدا، لەو جێگۆڕكێی ناماقووڵەی شتەكاندا، لەو پێكهاتە و دابەش بوون و لێدەركردنە بەدەر لە یاسا و بنەمایەدا، مانای هەمیشەیی خۆی نییە و بەسەر ڕۆژ و سەعات و دەقیقەدا دابەش نابێت. وەك بڵێی گەیشتبێتینە ئەو دوایین لەحزەیە، ئەو كاتە نهێنیی ئامێزەی كۆتایی، تەژی لە هیچ، لێو ڕێژ لە بێدەنگیی و تاریكیی، ئەو دەقیقە بێدەنگ و چەسپاوە ئەبەدییە، لەوسەری تەواوی دەقیقە گەلی بوونەوە، لەودیو ژیان و مێژووەوە.

نازانین چ ڕۆژێكی هەفتەیە و چ ڕۆژێكە لە ساڵ. نازانین چما خۆر هەڵاتووە یاخود هەروا درێژەی تاریكییەكەی دوێنێ شەوە. دوێنێ و پێرێمان بزر كردوون و ئایندە بە ژماردنی هەناسە شپرزەكانی باوكم دەژمێردرێن.

چ كەسێك بۆ قەبوڵ كردنی نەخۆشییەكەی باوكم ئامادە نییە. تەنانەت خۆیشی. بیر دەكەینەوە كە ئەوە ڕوداوێكە و تێدەپەڕێت. ئاخر پۆڵا داربییەك نییە كە بەم با یانە بلەرزێت. نەخۆشیی وەك میوانێكی

ناوەخت، ناشیرین و راشکاو و شەڕانگێز، پەلاماری باوکم دەدا و بە هەمووومان رادەگەیەنێ کە هاتنی بۆ هاودەمیی و وێران کردنە. تیرەکەی لە پێی بابم دەچەقێنێ و ئیدی کارەساتەکە لەو برینە گچکە ژەهراوییەوە دەست پێدەکات، تەشەنە دەسەنێ، ئازار و ئاوسان و کێم تا ژێر ئەژنۆی دەگات. گانگرین! ناوێك کە نەمانژنەفتووە و لەزەینی ئێمەدا نەخۆشییەك بەو ناوەوە نییە. تەنها دایکمە کە دەزانێ چ خەتەرێکی گەورە سەرۆکی قەبیلەی خستۆتە بەر هەڕەشەوە. ئەوانی تر حەپەساو و دردۆنگن. تەماشای یەکدی دەکەن و لە روانینیاندا ترسێکی کپ و بەرایی شەپۆڵ دەدات. ئەم مەرگە جیاوازی لەگەڵ مەرگەکانی تردا هەیە. ئەم مەرگە ژەنگ هەڵێنانی پۆڵایە، کۆتایی سەردەمێك و داڕووخانی ئاکارە دێرینەکانە.

باوکم پیاوێکی خاکییە. لە پزیشکیی نوێ و داو و دەرمانی فەرەنگیی بێ خەبەرە و بڕواشی بە دکتۆر و دەرمان نییە. پێ چەقێنە و قەناعەت پێکردنی کارێکی زەحمەتە. تەنها بەگوێی دایکم دەکات، بەڵام تا ئەو شوێنەی کە دەتوانێ بەرگریی دەنوێنێ و پێ لەسەر قسەی خۆی دادەگرێت. هاوار دەکات:" هیچ نییە. بۆچیی ئێوە کێچێك دەکەنە کێوێك؟ پێم بریندار بووە، چڵکی کردووە. خۆ ئیتر ئەمە کۆتایی دونیا نییە."

نیگەرانی باوکم زیاتر بۆ کارەکەیەتی و بۆ سەر وتارێك کە دەبێ بۆ گۆڤارەکەی بینووسێت. تەلەفۆنەکەی لێکدا لێکدا لێدەدا و لەگەڵ جۆرەها خەڵکدا وادەی هەیە.

دکتۆر کەوسەری دێت. بۆنی کێم دەگاتە کەپویی و دایکم دەباتە ئەولاوە. پێکەوە قسان دەکەن. چپە چپ دەکەن. دکتۆر کەوسەریی دەڵێت کە دەبێ باوکم بخەوێنرێت. هەرچیی زووتر. هەر ئەمشەو، تا درەنگ نەبووە.

" تا درەنگ نەبووە!" ئەوە دەبەنگانەترین قسەیەکە کە گوێم لێبووە و نامەوێت ماناکەی راڤە بکەم. لەگەڵ خۆمدا دووبارەی دەکەمەوە هیچ شتێك روونادات. متمانەم بە پۆلا هەیە. بە برینێکی کێماویی پۆلا نابووت نابێت. مەحاڵە.

دایکم لە راڕەوەکە دێت و دەچێ. لە بەربەرەکانیی کردن لەگەڵ ئەم پیاوە پێ چەقێنەدا، شەکەت بووە. باوکم نوستووە و چەرچەفەکەی بەسەر روخساریدا داوە. ئەو راست دەکات. نیگەرانییەکانی ئێمە لەڕووی ترس و لاوازییەوەن. ئەو خۆی دەناسێ و دەزانێ کە زۆر لەوە بەهێزترە. بەڵام نیوەشەو وەزعی تێکدەچێت. دایکم چاوەڕێی ئەم روداوەیە و تەلەفۆن بۆ نەخۆشخانە دەکات. باوك دەلەرزێ و لە حەژمەت ( تا ) وڕێنە دەکات. توانای بەربەرەکانیی کردنی لەگەڵ دایکمدا نییە. ئاوی دەوێت، سەهۆڵاو. ئازاری هەیە و هاوار دەکات. پەرداخە ئاوەکەی

لەدەست دەکەوێتە خوارەوە. دەناڵێنێت. دایکم وەکو فەرماندەیەکی بەهێز، فەرمان دەردەکا و کارەکانی ڕێك و پێك و وردن. دەنگیشی گۆڕاوە و ئاوازە مەحکەم و دڵنیاکەی هەمووان هێور دەکاتەوە. بە شێوەیەکی کاتیی، جێگای سەرەك قەبیلەی گرتۆتەوە و باوکم دەزانێ کە جگە لە ملدان، چ ڕێگەچارەیەکی تری نییە.

نەخۆشخانە، دکتۆری نەناسیاو، فەحس، هێڵکاریی دڵ و سی و گورچیلە. هەموو ئەو کارانە بە ڕۆحییەتیی لادێیانە و ئیرادەی ئاسنینی باوکم ناکۆکن و بۆی ئەشکەنجەن. نەخۆشییەکەی سەختە، سیستەرەکان لەخۆی دوور دەخاتەوە و مۆڵەت نادات جگە لە دایکم کەسی تر لێی نێزیك بێتەوە. هەر لەگەڵ دوور کەوتنەوەی ویدا، لوولەی ئۆکسجینەکە لە کەپووی دەردێنێ و کاك حەسەن بانگ دەکات تا بۆ ماڵەوەی بەرێتەوە. دکتۆرەکان هیوایان بەچاکبوونەوەی بڕیوە. هیچ کەسێك ئامادەی نەشتەرگەریی و بڕینەوەی قاچی وی نییە.

داو و دەرمانی ئارامبەخش و تا شکێن، وەزعی باوکمیان باشتر کردوون و وا مەزەندە دەکات مەترسییەکە بەسەرچووە. دەیەوێت بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە و بچێتەوە سەر ئیشەکەی، بچێتەوە سەر نوسینی سەروتار و وەکالەت و سیاسەت و شەڕ و زۆران. پێ وەرەم کردووەکەی نابینێت. نیگای هەراسان و دەستە لەرزیوەکانی ئێمەیش نابینێت. لە بیری بەرنامەکانی ئایندەدایە، بەرنامە بۆ دە ساڵی تر. وەك بڵێی ئیتر

پێویستی بە پا ی نەبێت. وەك بڵێی بتوانێ بە یەك پا، بە یەك دەست و بە یەك چاو درێژە بە کارەکەی بدات.

ئیش لە پێناوی ئیشدا، وەك پەرۆشیی چیا هەڵزنێکی شێت بۆ گەیشتن بە ترۆپکە بەرز و عاسییەکان. فرمێسکەکانی من نابینێ و پێدەکەنێ.

دەڵێ:" هێشتا هەر باوەڕ ناکەن کە پۆڵا ژنگ هەڵناهێنێ؟"

کە سەیری قلافەتی دەکەم، ترسەکەم دەڕەوێتەوە. هەروەك هەمیشەیە، هەمان چاوانی هۆشیارو بڕندە، هەمان کەپووی بەرجەستەی تۆکمە، هەمان نێوچەوانی بەرز و بەرجەستە، هەمان دەستانی پڕ لە رەگ، هەمان نیگای بێ باکی خۆویست.

دکتۆرەکان مشورەت بە یەکتر دەکەن و لەوپەڕی نائومێدییدا بە دایکم دەڵێن کە تاقە رێگەی رزگار بوون ( ئەگەر رزگار بوونێك هەبێت ) بردنی باوکمە بۆ هەندەران.

کەنگێ؟ چۆن؟

هەرچیی زووتر. دایکم داوا دەکا کارەکانی سەفەری بۆ راپەڕێنرێن. خەو و خۆراکی ناوەتە لاوە. روخساری بەرەو سپیی هەڵگەڕان دەچێ و لەژێر چاوانیدا بازنەی شین نیشتوون. گوێ بە شەکەتیی نادا و ئامادە نییە بحەوێتەوە. هەرگیز تا ئێستا ئەوم هێند پرکێش و بەئیرادە نەبینیوە. هەمووان بە پەلە لەدووی ئامادەکردنی بلیتی تەیارە و پاسپۆرت و پێداویستییەکانی ترن. دەوروبەر، پوور و خاڵەکان، خەمین و نائومێد.

مەزەندەیان دەخوێنمەوە: باوکم لە ڕێگە دەمرێت. تەنها دایکمە کە لەگەڵ خایلەی ڕەشدا دەجەنگێت. بەسەر سیستەرەکاندا دەزریکێنێ و لەگەڵ دکتۆرەکانا قسان دەکات. مەحاڵ شتێکە بوونی نییە و هیچ دکتۆرێك بۆی نییە نەخۆشەکەی خۆی جوابکات.

بە ئێمە دەڵێ:" من باوکتان ساخ و زیندوو دەهێنمەوە. باوەڕبکەن."

ئێمە ئیدی ئەم دایکە نوێیە ناناسین. نیگەرانی تەندروستیی ئەوین. تا بەیانیی، لەپاڵ تەختەنوێنەکەی باوکمدا دانیشتووە و بۆ خۆی تەواوی کارە پزیشکییەکانی وی ئەنجام دەدات. لەوێوە کە وانەی مامانیی خوێندووە، شرینقە لێدان و گرتنی گوشاری خوێن و خوێندنەوەی ناوی دەرمان بەڵەدە. خۆی یەك سیستەرە. داوای یارمەتیی لەکەس ناکا و هیچ کەس بە بێ مۆڵەتی وی، مافی نێزیکبوونەوەی لە باوکم نییە. من متمانەم بە فیکری روناك و قسەی شیرینی وی هەیە، بۆیە کەمتر لەوانی تر دەترسم.

ڕۆژی ئۆغر کردن دێت. ئامبۆلانس لەبەر دەرگا چاوەڕێیە. مەقسەد لەندەنە. خواحافیزیی کورت و خێرایە. بەر لە حەرەکەت کردنی ئامبۆلانسەکە، دایکم دەستم دەگوشێت.

دەڵێ:" ئاگاتان لەخۆتان بێت. هێندەی چاوتروکانێکە و بە سەلامەتیی دەگەڕێینەوە."

ماڵەکەی شەمێران ساردو چۆڵە. زستانێکی سەخت بەڕێوەیە. پەرییە زەرییاییەکە لەژێر پۆششێکدا لە بەفر، دەڵێی پیرێژنێکی چەماوەیە و چراکەی ژوور سەری کوژاوەتەوە. دراوسێکان، پەیجۆر و حەپەساو، بە خەمێکی درۆیینە، بەلاماندا تێدەپەڕن و قوڵایی چاویان دەبریسکێتەوە. بریسکانەوەی دوژمنایەتییەکی دێرین. ئاخر شکستی پیاوی پۆڵایین سەرکەوتنی ئەوانە، سەرکەوتنی هەموو خەڵکانی ناسك و کاغەزییە.

هەموو شەوێك بەفر دەبارێ و هەموو رۆژێك چاوەڕێی هەواڵی ناخۆشم. بەخۆم دەڵێم کە ( تەواو ) و وشەی ( تەواو ) یش مانایەکی کپ و بزری هەیە و لەزەینمدا جێی نابێتەوە، وەك واتای نەبوون یا لێکدانی ژمارەیەك لە توانی ناکۆتا.

زیاتر لە هەمیشە هەست بە غەیبەتی مامۆستای ئینگلیزیی دەکرێ. وەك بڵێی لەگەڵ رۆیشتنی ئەودا بووبێت کە رواداوە خۆشە سروشتییەکان لە رەوتی خۆیان لایاندابێ و دەرگایەکیان بەرووی نەخۆشیی و مردندا کردبێتەوە. زوربەی شەوان، خەو و بێدار، خۆم بە وێنە خەیاڵییەکەیدا هەڵدەواسم و بەخۆم دەڵێم کە هەموو شتێك لەجێگەی خۆیدایەتیی و تەمەنی باخی شەمێران هەمیشەییە. یەکەمین رۆژی هاتنی مامۆستای ئینگلیزییە بۆ ماڵی ئێمە. وی بەرجەستە دەکەم حەپەساو و شەرمین، لەبەر دەرگای دەرەوە راوەستاوە و چاکەتێکی کورتی بە بۆینباخی کۆنەوە لەبەردایە. چەند ناشیرین و دزێو هاتە پێش چاوان و دواتر چەند ئازیز و

خۆشەویست بوو. وی دەبینم کە لەودیو مەکینەی درووومانەوە دانیشتووە و خەریکی دوورینی چمکی چەرچەفەکانە. نمرەی دروومانی بیست لە بیستە. بۆ من تەنوورەیەك و بۆ کاك حەسەنیش یەك چاکەتی کەتانی سپیی و بەربەرۆکێکی جێشتلێنەریی دووریوە. هەمووشەوێك وانەی حیساب و ئەلفبای فارسیی دەداتە کاك حەسەن، وانەیەك کە بریتییە لە لێدەرکردنی دوو لە چوار و نووسینی سێ پیتی یەکەمی ئەلفبا. میستەر غەزنی هیندیی، بە قژی چەور و بۆنی زەیتی نارگیلەوە! میستەر غەزنی منالّ کە کە باوەڕی بە هەموو قسەیەك دەکرد و زوو کولّی گریانی بەر دەبوو، میستەر غەزنی نازەنین کە لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوە.

بەخۆم دەڵێم لێرەیە، لەسەر فەرشەکە دانیشتووە، نزیك لە تەختەنوێنەکەی من. کاك حەسەن یش دێنمە نێو گەمە خەیاڵییەکەی خۆمەوە. پێی دەڵێم میستەر غەزنی زیندووە، باوکم لەژوورەکەیەتی و دایکم بۆ کڕین لە ماڵ چووەتە دەرەوە و بەزوویی دەگەڕێتەوە. چما بەراستیی باوەڕ دەکات یان دڵی پێم دەسووتێت! هەرچییەك هەیە، باش ڕۆڵی خۆی دەبینێ و پێ بە پێی من درێژە بە گەمەکە دەدات.

بەم تەرزەیە کە بەرگەی سەرمای زستان و تەنیایی ماڵەکەی شەمێران دەگرین. تا ڕۆژێك بروسکەیەکی کورتمان لە دایکمەوە پێدەگات و ئاگادارمان دەکاتەوە کە بەزوویی دەگەڕێنەوە. ڕەنگە خەون ببینم؟ باوەڕ ناکەم. دایکم بۆی نووسیووین کە قاچی ڕاستی باوکمیان بڕیوەتەوە و

قاچی دەسکردیان بۆ داناوە. چاوەڕێی باوکێکی شەل و گێڕم کە دەبێ بچنە ژێر باڵی و کۆمەکی بکەن، کەچی پێچەوانەی چاوەڕێ بوون، چاوم بە پیاوێك دەکەوێ کە بە هەنگاوی پتەو لە دوورەوە دێ، گۆچانێکی بەدەستەوەیە و کڵاوێکی ئینگلیزیی لەسەردایە. نە دەشەلێ و نە خۆیشی بە باسکی دایکمدا هەڵواسیوە. پۆڵا ساخ و سەلیم بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، بە گۆچانەکەی بە قاچی کاك حەسەندا دەکێشێ و هەر لەڕێوە مورتەزای باخەوان غەرامە دەکات.

ماڵەکەی شەمێران هەمدیس گیانی دێتەوە بەبەردا و موبەقە بێدەنگەکەی کاك حەسەن، سەرلەنوێ، پڕ دەبێتەوە لە دەنگە دەنگ و هامشۆ. قابلەمەکان لە ئەمبارەکە دەردەهێنرێن. زڕەی پیاڵە لێوار ئاڵتونییەکان و هات و باتی زیندووی کەوچك و چەنگاڵەکان لە رارەوەکە دەنگ دەدەنەوە. خاڵەکان بە چەپکە گوڵەوە دەگەن و هاوسێکان، بە زەردەخەنەیەکی بواردووی سەر لێو، بۆ سڵاوکردن و پیرۆزبایی کردن دێن. وەك بڵێی لە بوومەلەزرەیەکی گەورەمان تێپەڕاندبێ و یاسای ژیان، دووبارە، جڵەوی چارەنووسی جەستە و یەك لەدوای یەکی رووداوەکانی بەدەستەوە گرتبێتەوە.

کاك حەسەن، هەموو شەوێك، پێ دەسکردەکەی باوکم بە وریایی و رێزەوە دەکاتەوە و لەپاڵ تەختەنوێنەکەیدا دایدەنێ. تێناگات کە ئەوە، پێی واقیعیی باوکم نییە. لای ئەو هەروەك یەکن. لەنێوان ئەندامی بزۆز

و زیندووی باوکم و ئەوەی هی ئەوە ( پێڵاو، کڵاو، گۆچان، جلك و عەبا) جیاوازیی نابینێت. هەرچییەکی موڵکی وی بێ و لە خزمەتی ویدا بێت، ئەوا وەك خودی ئەو، پڕ لە هێزێکی شاراوەیە، ترسناك و خەتەرناك و شیفا بەخشە و توانای دەستخستننە نێو چارەنووسی خەڵکانی هەیە، ئەمەش تەنها کاك حەسەن تێیدەگات و باوەڕی پێیەتی.

بە هاتنی بەهار، هەناسەیەکی تازەمان دێتەوە بەر. زەماوەند دەکەین. بۆ باخی کەرەج دەڕۆین و هێند گێلاسی نەگەییو و تەماتەی کاڵ دەخۆین کە بە کۆمەڵ خەریکە بمرین. هێشتا هیلاکییمان لەجەستە دەرنەچووە کە هەمدیس نەخۆشیی هوروژم بۆ باوکم دێنێتەوە و ئەمجارەیان هێرش بۆ چاوی دەبات. هەمدیس پشێویی و شپرزەیی، هەمدیس ترس و وشەی پچڕ پچڕی سەر لێوان، هەمدیس نیگای گومانوایی و پرسیارگەلی بێ وەڵام.

ڕووداوەکانی پێشوو سەرلەنوێ دووبارە دەبنەوە: هەمان نەخۆشخانە و دکتۆر و سیستەر، هەمان قسە و نیگای شپرزە، هەمان دڵەڕاوکێ و بیری ڕەش. دەرفەت بۆ هەندەران چوون نییە. بە پەلە باوکم ڕەوانەی ژووری نەشتەرگەریی دەکرێ. دکتۆرەکان، بە دوو دڵیی و دردۆنگیی، ئومێدەواریی دەردەبڕن، بەڵام دڵنیا نین. دە ڕۆژی تر لەفافەکان لە چاوی دەکەنەوە و تا ئەو ڕۆژە جگە لە بێدەنگیی و نەزر و نزا، چ شتێکی تر ناکرێت.

بۆ سەردانی دەچم و ترسم لەم دیدارە هەیە. ئاخر نەخۆشییەکەی باوکم، زیاتر لەوەی کە ئازارم دەدات، هەست کردن بەسوکایەتیم تێدا دەوروژێنێ. وەك بلێی سوکایەتیم پێ کرابێ و کلاو نرابێتە سەرم. واقیعییەتی مەرگ، بیر و خەیاڵمی تێك و پێك داوە و ژێر پێی چۆڵ کردووم. باخی هەمیشە سەوزی شەمێران، یەکەندەردوو، پیر و کاتیی بووە و پۆلا، کە بڕیار نەبوو ژەنگ هەڵبێنێ، لە ناوەوەیڕا وێران. لای دەرگاکەوە رادەوەستم. تەماشای دەکەم. کاك حەسەن خواردنەکەی لە ماڵەوە هێناوە. کەوچکێك بەدوای دەفرێك شۆربادا بە جامە ماستەکەدا دەکا و خەریکە سینییە خواردنەکە قلّپ کاتەوە. بەڵام مۆڵەت نادا کاك حەسەن یارمەتیی بدا و بە هاوارێکی بەرز مەرەخەسی دەکات. کاتێ دایکم لەوێ نییە دەبێتە منالێکی گڕۆز و گوێ لە قسەی کەس ناگرێت. هەست بە ئامادەبوونم دەکات. بۆن دەکات. بانگم دەکات و دەستی بەرەو لام رایەڵ دەکات. بە ئەسپایی دەچمە پێش. لەم باوکە کوێرە دەترسم. باسکم دەگرێت. دەست بە شانمدا دێنێ. گۆنا و روخسارم نەوازشت دەکا.

دەڵێ:" بوویتەتە کیژێکی گەورە!"

بەخۆم دەڵێم:" ئێستا دەپرسێت لە پۆلی چەندیت؟"

نا، ناپرسێت. لەبیری قسەی نوێدایە. بە دەست دەدوێ و دەنۆڕێ و بەردەوام دەستی ئاماژە بۆ جێگایەکی دوور دەکات، جێگایەك کە بەچاوی نابیناوە دەیبینێت.

دەڵێ:" بۆ ئەمەریکات دەنێرم. دەخوازم ئابووری بخوێنیت یان ببیتە دکتۆر. هەر شتێك حەزت لێیە ببەرە ئەوە. تەنها مەهێڵە، لەبەرئەوەی کە ژنیت سەرکوتت کەن."

دەستی راستی، هەروا، بەسەرو روخسارمدا دەسوورێتەوە. وەك بڵێی یەکەمین جار بێ  پەی بەوە بردبێ کە کیژێکی لە عومری مندا هەبێ و بە قامکە پەیجۆرەکانی هەوڵ دەدات تا لە واقیعییەتی بوونم دڵنیا بێت. ئەم باوکە میهرەبان و شیرین ( شیرین ! ) ە ناناسم. سۆزێکی دایکانەی تێدا وەدیارکەوتووە کە جیاوازی لەگەڵ رواڵەتە دڵڕەقەکەیدا هەیە.

دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە و دکتۆرێکی تەمەن مام ناوەنجی، بە قژی لوول و ورگێکی زلەوە، بە فیکەلێدانەوە دێتە ژوورێ. ئەم پزیشکە لە نەخۆشیی شەکرەدا تایبەتمەندە و دکتۆری چارەسەری باوکمە. شەڕەکانی ئەو و باوکم گەییوەتە گوێی هەمووان. ئەم دوو کەسە شەڕیانە و دەڵێی دوژمنی خوێنەخۆری یەکترن. باوکم رقی لە فیکە لێدانی وی هەڵدەسێ و ناوی ناوە دکتۆر هوتوتو. دەڵێن دکتۆر هوتوتو لەحەژمەت خۆشەویستیی و نیگەرانیی لە نەخۆشەکانی دەدات. لە مردنی نەخۆشەکانیدا، پرسە دادەنێ و دووچاری خەمۆکیی دەبێت. نەخۆشەکانی نەخۆشیی شەکرەیان هەن و ناچارن رێسای خۆراکی وی پەیڕەوکەن. خواردنی شتی شیرینیان لێ قەدەغەیە. کارێکی زەحمەتە. دکتۆر هوتوتو دڵنیایە کە باوکم، دوور لە چاوی وی، پارێز ناکات. کاتێ دەبینێ خواردنی باوکمیان لە ماڵەوە

هێناوە، ئیدی هاواری لێ بەرزدەبێتەوە. سینی خواردنەکەی لەبەردەمدا لادەبا و پەتاتە و نانەکە دەکاتە تەنەکەی زبڵەکەوە. باوکم کوێرە کوێرە بەدوای گۆچانەکەیدا دەگەڕێ تا بەسەر دکتۆرەکەیدا بکێشێت.

دەڵێ:" باشە. تا دڵت دەخوازێت فیکە بکێشە. منیش کاتێ پارەی حیسابەکەتم لەبەردەمت دانا، ئەوکات فیکەیەکی بولبولییت بۆ لێدەدەم."

دکتۆر هوتوتو پێدەکەنێ. گوێ بەم قسانە نادات.

دەڵێ:" بەم پەتاتە و نان و برنجەی کە دەیخۆیت، باوەڕ ناکەم چاوت بەو ڕۆژە بکەوێت." ژوورەکەی دەستە چەپیش نەخۆشێکی دووچار بوو بە نەخۆشیی شەکرەی لێیە و چاویان بۆ نەشتەرگەریی کردووە. نابێ بجووڵێ و سەری لەسەر باڵشتەکە هەڵبڕێ. بەڵام بەدەست خۆی نییە. هەر کە یەکێك بۆ سەردانی دێت، ئیدی خۆی هەڵدەبڕێ و سڵاو دەکات. شوکولاتەیان بۆ هێناوە و نیوەی قوتووەکەی خواردووە. دکتۆر هوتوتو پێ دەزانێت، کەللەیی دەبێ و گوێی با دەدات. قوتووە شوکولاتەکە دەکێشێت بە سەریدا و فەرمان دەدا دیدەنیی کردنی لێ قەدەغە بکرێت.

لە ژوورەکە دەچمە دەرەوە. چاوم بەدایکم دەکەوێ کە بە پەلە لە دوورەوە دێ و ئیدی هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵدەکێشم.

دوو هەفتەی تر، لەفافەکان لەسەر چاوی باوکم هەڵدەگرن. چاوی چەپی بینینی لەدەستداوە. بەلایەوە گرینگ نییە. چاوێکی بەسە، چاوێکی

بڕنده و هۆشیار له سه‌د چاوی خۆپارێز و ترسنۆك، جوانتر و باشتر شته‌كان ده‌بینێت.

خاڵه‌كان به چه‌پكه گوڵه‌وه ( چه‌پكه گوڵی گچكه‌تر ) دێن، دراوسێكان، كلاَّفه و مۆن، بۆ سه‌ردانی بابم دێن. كاك حه‌سه‌ن، وه‌ك مردوویه‌ك كه له خه‌وێكی درێژ هه‌ستابێته‌وه، هه‌مدیس رۆچۆته‌وه ناو پێسته دێرینه‌كه‌ی و گیانی به‌به‌ردا هاتۆته‌وه. زه‌میله گه‌وره‌كه‌ی ده‌نێته بن هه‌نگڵ و به په‌له به‌ره‌و بازاڕ ده‌كه‌وێته رێ. ته‌نها له په‌یوه‌ند به پێگه‌ی موگناتیسیی باوكمه‌وه‌یه، كه واقیعییه‌تی بوونی شێوه ده‌گرێ و ناسنامه‌كه‌ی له پله و پایه‌ی ( چێشتلێنه‌ری دێرینه ) دا وه‌دیار ده‌كه‌وێت.

باوكم له بیری رۆنانی شارگه‌لی گچكه و به‌رفه‌راوان كردنی كاره‌كه‌یدایه. ئاماده‌یی زه‌مه‌ن زیاتر له رابردوودا هه‌ست پێده‌كا و به‌رامبه‌ر هه‌ر له‌حزه و هه‌ر ده‌قیقه‌یه‌ك پێ چه‌قێن تر بووه. ماڵه‌كه‌ی شه‌مێران، وه‌ك شارێكی نیوه گیان، دوای كۆتایی هاتنی جه‌نگێكی سه‌ركه‌وتووانه، پڕه له جووڵه و راچه‌نین. وا دێته پێش چاو كه هه‌موو شتێك هه‌مدیس بۆ ریتمی پێشووی گه‌ڕابێته‌وه و یاسای ( باوك ) جڵه‌وی چاره‌نووسی عێل و عه‌شره‌تی به‌ده‌سته‌وه گرتبێته‌وه. به‌لاَّم وه‌ك بڵێی برغوویه‌كی گچكه له‌و قه‌ره‌باڵخیی و پشێوییه‌دا، له جێگای سروشتیی خۆی ده‌رچووبێ و ئاماده‌ییه‌كی هه‌ڕه‌شه‌كه‌ر له ژووره خۆش باوه‌ڕه‌كانا ده‌سووڕێته‌وه و جار

جار، لێواری دڵەڕاوکێ وروژێنی باڵە ساردەکانی بەر پێستی سەر و روخسارمان دەکەوێ. مەرگ لەودیو درەختە سەوزەکانی باخەوە خۆی لە بۆسە ناوە و لە تاریکایی شەودا، ناجوامێرانە هوروژم دێنێ. ئەمجارەیان مەرگ هێرش بۆ دڵی باوکم دێنێ. نەخۆش و نەخۆشیی، وەك دوو حەریفی ئاشنا، خوێناویی و شەکەت و بریندار، زۆرانەکەی جارانیان دەست پێدەکەنەوە و ئێمەیش، ناباوەڕ و هەراسان لە ئاکامی کارەکە، لە چارەنووس دەنۆڕین و بە عەزاب و ئەفسووسەوە، شاهیدی پەلەکوتێی پڕکێش و سرکی باوکمین.

چارەنووس، شەکەت بوو لە تۆکمەیی و پتەویی پۆڵا، لە دەرگایەکی ترەوە دێتە ژووری و ئەمجارەیان مەرگ، شالاو بۆ شوێنگەی ژیانی وی، بۆ ماڵەکەی شەمێران دێنێ. دەیانەوێ جاددە راکێشن، شا ڕێگەی شاهەنشایی، لەوسەری شارەوە تا ئەمسەر. باخی شەمێران لەسەر ڕێگەدایە. دە رۆژ مۆڵەتمان هەیە تا چۆڵی کەین. باوکم بۆ چارەسەر دەبێ بۆ هەندەران بچێ و ئێمەیش لەوە بێ تواناترین توانای بەربەرەکانیمان هەبێت. ئەگەر باوکم لە خەیاڵی رۆیشتنندا نەبایە، ئەگەر بمایەتەوە، ئەگەر ئاوها نەخۆش نەبا، رەنگ بوو بەربەرەکانییمان کردبا و بەو سانایییە ماڵەکەمان لەدەست نەدابا. گێژ و دەستەپاچە و ونین. پاشەکشێ دەکەین. کەل و پەلەکانمان کۆدەکەینەوە و کاك حەسەن، چاو بەگریان و زەندەق چوو، دەرگای موبەقەکەی دادەخا و مورتەزا ی باخەوان، بە خەمێکی

پشت شکێنەوە، داربییە بەرزەکان و چنارە سێبەر چڕەکانی باخەکەی، بە غەریبە گەلی شالاوبەر دەسپێرێ و دەڕوات.

کەمێك دوورتر، لە کۆلانێکی باریکدا، خانوویەکی گچکە کە هی بابمە، چۆڵە. پەنا بۆ ئەوێ دەبەین و ئارام دەگرین تا باوکم بگەڕێتەوە و لە گەڕانەوەی نائومێدین.

ڕۆژی وێرانکردن دێت. دەشێ خەون ببینین؟ دەشێ باخەکەی شەمێران خەونێکی خۆش بووبێ و ئیدی ئێمە بێدار بووبینەوە! ئەوەی بیرمان دەکردەوە پۆلایە و بەقای هەمیشەییە، بە یەك پەلەپیتکە هەرەس دێنێ. تەپ و تۆزێکی ئەستوور، وەك هەناسەیەکی هیۆلایی، باخچە ڕەنگین و چیمەنە تەڕەکان هەڵدەلوشێ و ماڵەکەی شەمێران، بە هەموو لاف و گەزاف و هاش و هوش و شکۆ و جوانییەکەیەوە، وەك وێنەیەکی خەیاڵیی، ئارام ئارام دیارنامێنێ و پەریی زەریایی، بە چرای بلوورینی ژوور سەرییەوە، لەژێر دونیایەك خشت و بەرد و خۆڵدا لە یاد دەچێتەوە. موبەقەکەی کاك حەسەن، وەك بڵقێکی تەنك لە هەوادا دەبێتە هەزاران گەردیلە و ئیدی لەگەڵ ئەودا، بۆنی خۆشی منالیی، تامی خۆشی جاران و بەهرەگەلی ساکاری رابردوو، وەك هێلگەلێکی هەڵچوو لە فەزادا، لە رووبەری ژیانی ئێمە دوور دەکەونەوە.

باوکم، نیوە گیان و بێ تاقەت، بەڵام زیندوو و هەمدیس زاڵ بوو بەسەر دوایین هێرشی دوژمندا، دەگەڕێتەوە و بە بێ نارەزایی، یاخود حەسرەت،

له جێگای چۆڵی ماڵەکەی شەمێران دەنۆڕێت. بێدەنگ دەبێ و بێدەنگییەکەی لەچاوی منەوە، بەسوێ تر لە هاوار و بەرخۆدانی چەندین ساڵەیەتی. دەتوانین خانوویەکی دی بکڕین بە موبەقی گەورە و دەرختی بەردارەوە، بەڵام باوکم قاییل نییە. رەنگبێ لەوە حاڵیی بووبێت کە ئیدی تافی وی و زەمەنی ماڵەکەی شەمێران بەسەرچوون. قایل و بێ باکە. هەم براوەیە و هەم دۆڕاو. هێشتا هەروەك جاران بەئارامیی دەنوێ و هێشتا سەری نەناوەتە سەر باڵشتەکە خەوی لێدەکەوێت. نە شپرزەیی هەیە و نە تۆزقالێك دلەڕاوکێ. نە ئیدی تاقەت و حەوسەڵەی جەنگینی هەیە و نە باوەڕیشی بە بردنەوە و سەرکەوتن. وەك بڵێی کارەکانی خۆی کردبێتن و ئیدی چ ئەرکێکی بەرامبەر بە خۆی یان دونیا نەمابێ.

رۆژانە کتێب دەخوێنێتەوە و وەنەوز دەیباتەوە. کاری تەواو و خەیاڵی ئاسودەیە. دەزانێ بەو زووانە دەمرێ و چاوەڕێیە. ئیدی نە قسە لە سیاسەت و وەکالەت دەکا و نە نیگەرانی چارەنوسی گۆوارەکەیەتی. هەست بە بەرپرسیاریی ناکات، نە بەرامبەر خێزانەکەی و نە بەرامبەر دونیا. ئاخر ئەو لە جێگایەکی ترە و هەزاران فەرسەخ لە ئێمەوە دوورە.

چوار دانە هاوڕێی هەن کە بەخۆیەوە دەبنە پێنج. ساڵەهای ساڵ ئەو پێنج کەسەم پێکەوە دەبینی. رۆژانی هەینی لە ماڵەکەی شەمێران گرد دەبوونەوە. لە جحێڵییەوە پێکەوە هاوڕێ بوون و هاوڕێیەتییان لەسەر بنەمای یادەوەریی هاوبەش بوو. تاوڵەیان دەکرد، شەڕیان دەبوو، وت و

وێژیان دەکرد، لەبارەی ڕۆژانی رابردووەوە قسانیان دەکرد و پێکەوە کاتیان بە خۆشیی دەبردە سەر. باوکم سەرگەورە بوو. قسانی دەکرد و حەکایەتگەلی مێژوویی دەگێڕایەوە. سەدان پەندی ئەزبەر و دەربڕینی رەوان و شیرین. ڕۆژێکیان بیستمان یەکێك لە هاوڕێکانی مردووە. بوونە چوار کەس و ئیدی ئەم ژمارەیە لەگەڵ مردنی کاك ئیسلامیی دا بووە سێ. ئاشکرا بوو کە ئەو هاوڕێیانە لە نۆرەی مردندا ریزیان گرتووە و پرسیارێکی بەسوێ لەزەینیاندا دووبارە دەبێتەوە:" نەفەری دوایی کامیان دەبێ؟"

هاوکات لەگەڵ وێرانبوونی ماڵەکەی شەمێراندا، کەسی سێیەمیش دیار نامێنێت. باوکم و کاك خاکسار مانەوە. لە ماڵە گچکەکەدایە کە ئەم دوو هاوڕێ دێرینە، بە خەم و خەفەتەوە، تەماشای یەکدیی دەکەن و نازانن یانسیبەکە بەناوی کامیانەوە دەردەچێت. قسەکانیان تەواو بوون. لە بێدەنگیدا بەرامبەر یەکدی دادەنیشن و لە ئەندێشەی خۆیاندا غەرق دەبن. جار جار یادەوەرییەك لەگەڵ یەکدیدا باس دەکەن و پێدەکەنن. هەندێ جار، پێکەوە وەنەوز دەیانباتەوە، یان باوکم حەکایەتێك دەگێڕێتەوە و کاك خاکسار، خەواڵوو، سەری کەوتوو بەسەر سینگدا، گوێ رادەدێرێ.

سەرەتای پاییزە کە دایکم بە خەمێکی قووڵەوە، بە باوکم رادەگەیەنێ کە وا کاك خاکسار یش مرد. باوکم، بە هەمان شکۆ و ساردیی

هەمیشەیی، شان دەلەقێنێ و بێدەنگ دەبێ. ئاخر مردن ئیدی ئەو حەریفە پڕکێشە دێرینەیە نییە. هاتنی بە بانگێشتنە، وەك هاتنی هاوڕێیەکی ئازیز لە سەفەرێکی دوورەوە، دوای ساڵانێك چاوەڕوانیی.

ئەمڕۆ؟ ئەمشەو؟ باوکم ئامادەیە. دەزانێ ئەم سەفەرە جیاوازیی لەگەڵ سەفەرەکانی تردا هەیە و بلیتەکەی یەك سەرەیە. گەڕانەوە لەمیانا نییە. دایکم، تەواوی رۆژ و شەوان، لەپاڵ تەختەنوێنەکەی ویدا دادەنیشێ و ئێمەیش، لە ژووری جیاواز، خەو و بێدار، ناباوەڕ و گێژ، بیر لە ئەگەری واقیعییەتێکی بەسوێ دەکەینەوە کە مەزەندە و بەرجەستەکردنیمان پێ دژوارە.

خەوتووم کە دایکم بانگم دەکات. نیوە شەوە. دەزانم شتێکی خەراپ روویداوە و نامەوێ باوەڕ بکەم. لە جێگاکەم ناجوڵێم. دەنگی تەپەی پا دێت، دەنگی هات و چۆ لە راڕەوەکە. دەرگای ژوورەکەم کەلا دەکرێ و دایکم، سەرلەنوێ بانگم دەکات:" زوو وەرە."

رستەکەی بۆ تەواو دەکەم:" تا درەنگ نەبووە." وا دەڵێم و رادەکەم. باوکم لەسەر تەختەنوێنەکەی دانیشتووە. چاوی لە خاڵێك لە فەزادا بڕیوە و پێڵوو ناتروکێنێ. دەستی لەنێو دەستی دایکمدایە. پزیشکێك لەلایەوە دانیشتووە و حەپەساو تەماشای دایکم دەکا و نیگای دایکم، لێو رێژە لە دڵەڕاوکێ و ئازار، چاوی لە پەنجەرەیەك بڕیوە. هەمووان بێدەنگ و بێ جووڵەن، وەك وێنەگەلی چەسپاو لە فیلمێکی کۆن و بێدەنگدا.

یەکەندەردوو وێنەکان دەکەونە جووڵە. سەری باوکم بۆ دوواوە دەکەوێ، دایکم لە جێگاکەی رادەپەڕێ و جەنابی دکتۆر هەناسە هەڵدەکێشێ و لەژێر لێوەوە دەڵێ:" خۆتان خۆش بن."

هەمووان بە بێدەنگیی و ئارامیی ژەنگ هەڵێنانی پۆڵا تەماشا دەکەن، هەمووان جگە لە چێشتلێنەری دێرینە کە ئامادەی قەبوڵ کردنی ئەم غەیبەتە ناماقووڵە نییە. بە ژوور سەری باوکمەوە دادەنیشێ و کوڵی گریانی بەر دەبێ. دەستی ماچ دەکا و لەکاتی چوونە دەرەوەدا لە ژوورەکە، قاچە دەسکردەکەی هەڵدەگرێ، تۆزی سەر پێڵاوەکە بەسەر قۆڵەکەی دەسڕێ و بەڕێزەوە لەپاڵ دیوارەکەدا دایدەنێ.

❊

ساڵانێك دواتر، لە سەرەتای شۆڕشدا، کاك حەسەن شکاتمان لێدەکا و بە تووڕەیی و بە پەرۆشەوە شکایەتەکەیمان پێدەگەیەنێ. دایکم، بریندار و دڵ شکاو، دەپرسێ: باوەڕ دەکەیت. کاك حەسەن، چێشت لێنەرە بەوەفا دێرینەکە؟"

باوەڕ دەکەم و تێناگەم بۆچی خەڵکی لەوە حاڵیی نابن کە کاك حەسەن ساڵانێك لەوەوبەر، هەمان کات کە موبەقەکەی وێران بوو، لێمان رەنجا و دڵی شکا.

له سالانی جەنگدایە کە ئەو دوای ساڵەهای ساڵ دەبینمەوە، ئەویش بە ڕێکەوت و بێ پێشینە. لە کەنار شا ڕێگەیەك ڕاوەستاوم، هەمان ئەو شوێنەی کە زەمانێك ماڵەکەی شەمێران بوو، ماڵێك کە هەنووکە بووەتە جاددەیەکی تەخت و خەڵکانی غەریبە و ترومبێل و عارەبانە و ولاخ بەنێو ژوورەکانیدا تێدەپەڕن، بەسەر درەختە سەوزەکانی باخەکەیدا، بەسەر موبەقی روناك و پەری زەریایی و یادەوەرییەکانیدا.

کاك حەسەن، چێشتلێنەری ئەبەدیی، بەلامدا تێدەپەڕێ. تەماشام دەکا و تەماشاکردنێکی سارد و چۆڵ. یەك تۆزقاڵ نەگۆڕاوە، هەمان روخساری بێ باك، هەمان قژی چەور و بژ ( هەنووکە ماش و برنجیی )، هەمان دەمی نیوە کراوەی بێ قسە، هەمان زەردەخەنەی ساکاری بێ پاساو.

ترومبێلێك دەوەستێ. کاك حەسەن سەردەکەوێ و لای پەنجەرەکەوە دادەنیشێ. لە پێشەوە دەنۆڕێ. وەردەسووڕێ و بۆ ساتێك، نیگای لەسەر من رادەگرێت. چاوانی دەکرێنەوە، دەمی دەکرێتەوە و روخساری دەکرێتەوە. دەمناسێتەوە. دڵنیام. هالاوی هەناسەی لەسەر شووشەی پەنجەرەکە دەنیشێ و چاوانی دیار نامێنن، بەڵام بەرلەوە، ساتێك پێش ئەوە، قسەیەکی هەزار واتا، کپ و مەنگ، لەنیکایدا وەردەسووڕێ، قسەیەکی ئاڵۆز، قسەیەکی خۆش و ئاشنا. نیگای بەدوومدا دێ و ئەم نیگایە لێوریژ لە هەزاران وێنەیە و ئاماژەیە بۆ یادەوەرییە دوورەکان: ئاماژەیە بۆ پاسەکەی شەمێران و سەفەرە تولانییەکانی بە لای دارهەنارە

بە بەفر پۆشراوەکانی لای شەقامی پەهلەویدا، ئاماژەیە بۆ غەرامەکانی باوکم و بەخشیشەکانی رۆژی جەژن، ئاماژەیە بۆ مردن و خەتم و زەماوەندەکان، ئاماژەیە بۆ میستەر غەزنی و کەوتنی بۆ ناو ئاوەکە، ئاماژەیە بۆ کافەی شەهرەداریی و سەرپردەکەی تەجریش و کوڕانی دراوسێ و عیشقەکان، ئاماژەیە بۆ وێران بوونی باخەکەی شەمێران و کۆتایی قۆناغەکان، ئاماژەیە بۆ مردنی باوکم و تەقەتەقی خۆشی پێڵاوەکانی دایکم لەسەر پێپلیکانەکان، ئاماژەیە بۆ رۆژانی خۆشی بزر و ئاماژەیە بۆ ناکۆتا یادەوەریی دووری پەرتەوازە.

❊

# دووایەمین رۆژ

چیرۆکی ( باوك ) به هەڵنوتان و هەستانەوەوە، به زەحمەت و ئازارەوە، به قەهر و ئاشتییەوە دەگەیەنمە کۆتایی. دوواین پیت دەنووسم، دوواین خاڵ دادەنێم و دەرگایەك رووە و ئایندە دادەخەم.

هەست دەکەم لە سەفەرێکی درێژ گەڕاومەتەوە، لە کۆتایی تاریکییەوە، لە هەڵگۆزانی بەهرەگەلی منداڵیی و ترسگەلی گەورەوە، لە تەماشای مەرگەوە. دەبوو جارێکی تر بۆ ماڵەکەی شەقامی بەختەوەریی گەڕامایەتەوە، سەرێکم بە ژوورە نیوە تاریکەکانیدا کردبایەوە، تام و بۆن و ترس و بەهرە گەلە خۆڕاییەکانی منداڵییم سەرلەنوێ هەڵگۆزی بان تا بتوانیبا وێنە پەرتەوازەکانم وەك هەیڤگەلی هەسارەیەکی ماقووڵ، بە دەوری ناوەندێکی یەکانگیردا جێگە کردبایەوە. وەك بڵێی پارچەیەك لە رۆحی منالّم، هەر لە یەکەمین دەقیقەی لەدایکبوونمەوە لەو ماڵەدا جێ مابێت. هەر بۆیە نوقستان و کەم و کورت بووم. دەبوو جارێکی دی پێ پەتیی و ئازاد، لە باخە سەوزەکەی شەمیڕاندا گەڕابام و ناوی خۆم لەسەر تەواوی دارچنارەکانی نووسیبا. چ خۆشییەك دەبوو کاتێ هەمدیس سواری پاسەکەی شەمیران بام و دەستم بە پەنهانیی، بە ترس و چێژێکی قەدەغەوە بە چاکەتە کۆنەکەی کاك عەزیزدا هێنابا و چ هەستێکی خۆش دەبوو گەر سەرلەنوێ دەستە گەرمەکەی باوکم لەسەر سەرم هەست

پێکردبا و گوێم لێبایە گوتبای:" من پۆلام و پۆلاش هەرگیزاو هەرگیز ژەنگ هەڵناهێنێ."

نووسینەکانم دەنێمە لاوە. دوو سەد لاپەڕە و شتێکم نووسیون. بۆ خۆیان بوونەتە کتێبێك. قەڵەم و مەرەکەبەکە لە جانتایەکی گچکە دەنێم، رووە و پەنجەرەی کراوەی ژوورەکە دادەنیشم و لە شینایی سازگاری ئاسمان و هێڵی روناکی ئاسۆ دەنۆڕم.

خانمی دکتۆر لە رووە و چاکبوونەوە و گەڕانەوەم لەو سەفەرە پێچاو پێچە، بە دەستی پڕەوە، قاییلە. دەڵێ پاش نیوەڕۆ بەرنامەی مۆسیکمان هەیە و ئێوارە یەکێك لە نەخۆشە دێرینەکان، کە ئەمڕۆ لە زانکۆ دەرس دەڵێتەوە، دێت و نوتقمان بۆ دەدات.

ئەمڕۆ، بە دەقیقەگەلە رەوانەکانییەوە لە حاڵی حازر، بە رووداوە واقیعیی و ئامادەییە هەستپێکراوەکەیەوە، من لەخۆیدا رۆدەبا و رابردوو بە مێژوویەکی تێپەڕێنراو، بە دوێنێ و پێرێ گەلی دێرین دەگۆڕێت. بیر لە نیوەڕۆ و پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ دەکەمەوە، بیر لەو زەمەنە راشکاو و ڕووتەی کە لەبەردەممدایە، بیر لە ئێستا و روداوە گچکەکانی دوای ئەو.

خەونەکانم دەنووسمەوە. دەزانم هەر وێنەیەکی خەیاڵیی پەیامێکی لە دونیای ئاڵۆزی ناوەوە پێیە. دەبینم لە پاسەکەی شەمێراندام. کە دەگەینە وێستگەی مەحموودییە، هەمووان دادەبەزن. کاك عەزیزی شۆفێر، وەك بەلەمەوانێك کە رۆحی مردووان لە روبار دەپەڕێنێتەوە، خەڵکانی رابردوو

بە وێستگە جێگیرە دێرینەکان دەگەیەنێ، هەمووان جگە لە من کە دانابەزم و فەرمانی چارەنووسم وا بە دەستی خۆمەوە. پێویستم بە شۆفێر نییە، گەرچی ئەم شۆفێرە هاورێی ئازیزی رۆژانی منداڵیشمە.

چیرۆکەکانم لە گەنجەکە دەنێم و دەرگاکەی قوفڵ دەدەم. کلیلەکەی دەنێمە نێو گوڵدانی سەرمێزەکەو رووە و سبەینێ رادەوەستم، رووە و بەڵێنە نامەحاڵ و ئارەزووە هاسانەکان. گەرەکمە بیر لە ئەمڕۆ بکەمەوە، بیر لە ئامادەیی ئاشنای بارستەکانی دەوروبەر، بیر لەم رۆژە هەتاوییە و ئەو درەختە جوانەی کە لەبەر پەنجەرەکەدایە، بیر لە دەستەکانم کە ئارام و سەبوور کتێبێك پەڕە پەڕە دەکا و بیر لە جەستەی خامۆشم کە لەگەڵ روداوەکانی دەوروبەردا لە ئاشتبوونەوەدایە. خایلە شپرزەکانم هەمدیس، لەجێگای خۆیاندا داسەکناون و زەینی پشێوم سەرلەنوێ لۆژیکی ساکاری پەیوەندییە رۆژانەییەکانی کەشف کردووە. ترسە نەناسراوەکان دەستیان لێهەڵگرتووم و دەستەم تەژیی بووە لە باوەڕبەخۆبوونێکی شیرین. شەکەتم و شەکەتیی بەچێژی کەسێکم هەیە کە لە بیابانێکی بێدەنگی پڕ لە بەرزایی و نشێو تێپەڕیوە و وا خەریکە دەگاتە ژێر سێبەری ئارامی درەختێکی کۆن و جۆگەلەیەکی بزێو. دەزانم کە ئەم سەرخۆشییە دلڕفێنە روداوێکی کاتییە. ئاخر مەگەر دەکرێ یەك عومر راست راست برۆیت و نەکەویت؟ مەگەر دەکرێ فێڵ لەژیان بکرێ و خۆ دەرباز بکرێ؟ هەربەڕاست سوکەڵە و هۆشیارم و بە دوو دەست بەم (هەربەڕاست)، بەم

زەمەنە نادیارە سنوردارەوە نووساوم. تێدەگەم کە دەکرێ بمریت و سەرلەنوێ لەدایك بیتەوە، دەکرێ پێلەقەیەکت پێداکێشرێ و بکەویتە چاڵێکەوە و بە دەستێك، بە گوریسێك، بە ئومێدێکەوە خۆت هەڵواسیت و بێیتەوە دەرێ.

ژوورەکەم بۆ دەگۆڕن و ژوورە تازەکەم بۆنی ژووری ساخ و ماڵە ئاوەدانەکانی لێدێ. تەلەفۆنێکی سپیی و گچکەیان بۆ هێناوم و مۆڵەتیان پێداوم پەیوەندیی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا بگرم، لەگەڵ هەر کێیەکدا خۆم گەرەکم بێ، دەتوانم پەیوەندیی بگرم.

تەلەفۆن بۆ منالەکانم دەکەم: دەنگی گچکە گچکە، دەنگی خۆش و بەتام، پەرۆش، دەنگی زیکزیکە گەلی پێکەنیناویی.

دەپرسن:" کەی دەگەڕێیتەوە؟ ئەمڕۆ، سبەینێ، کەی؟"

کەی؟

خانمی دکتۆر زەردەخەنە دەیگرێ. بە مەرەکەبی سوور نیشانەیەك لەسەر سالژمێرەکەی بەرامبەر دەکێشێت. یەك زەربی گەورە لەسەر رۆژی چوارشەممە دەدات. ئەمڕۆ هەینییە. حیسابی دەکەم: چوار زەربی بیست و چوار، زەربی شەست.

لەودیو ئەم دیوارە خۆڵەمێشییانەی باخەوە، دونیایەکی تر چاوەڕێمە. دونیایەکی بێدار، بە بۆنی کافە و کۆڵانەکانییەوە، بە بۆنی خەڵك و قسە

و وشە و تەپ و كوتی ئاشقانەیەوە، بە بەڵێن گەلی رەنگین و هەستی خۆش و تام و هەتاو و هاورێیانییەوە.

چوار رۆژی تر = شەممە، یەك شەممە، دوو شەممە، سێ شەممە و پاشان.....

هەتاو لەودیو پەنجەرەوە لەسەر روخسارم نیشتووە و نوێنەكەم گەرم و نەرم و میهرەبانە. وەنەوزی بەر لە فراوین دڵگیرە. دەنگی هات و چۆ دێت. دەنگی تەقەتەقی قاپ و پەرداخ. دەنگی ژیان.

برسیمە.

جۆرەها خۆراك بەرجەستە دەكەم، جۆرەها میوە، شیرینیی، ترشیی. زگم دەكەوێتە قۆرە قۆڕ. زگم زیندووە، زگم بەختەوەرە.

جلك لەبەردەكەم. دەبێ فراوین لە هۆڵی نان خواردن لەگەڵ نەخۆشەكانی تردا بكەم. قسەم نییە. بیر و خایلەكانم وەك منالێكی هەستیار و گوێ رایەڵ، لەگەڵ یەكدا هاوگونجاو و لە ئاشتیی دان. جەستەم گوێ رایەڵە و دڵم خاوەن لێدانێكی مەنتیقییانەیە.

ئەو پیاوەی كە هەر منی دەبینی و روخساری بەدەستی دەشاردەوە و چاوانی قیچ دەكردن، لە باخەكە نییە. خاتوونی قەڵەو، بە شانە ئاسنینەكەیەوە، لەویو درەختەكانەوەیە و قسان لەگەڵ كەسێكی نەبینراودا دەكات. قژە خەیاڵییەكەی وی شانە دەكات. من دەبینێ و بەرەو لام دێ. روخسارێكی خەواڵوو و پێڵووی ئاوساو. هەر لە منداڵ دەچێ. حەز دەكەم لەباوەشی بگرم و گۆنا قەڵەوەكانی ماچ كەم. قژم شانە

دەکات. تەوقەیەك لە گیرفانی دەردێنێ و لە قژمی دەدات. مەخلۆقێکی بێوەیە. ڕەنگە کاتی خۆی سالۆنی قژ بڕینی هەبووبێت، ڕەنگە کیژێکی هەبووبێ قژی درێژ بووبێت. ئەمەش جۆرێکە لە گەمە.

خەڵکان، خەڵکانێکی خەوالّوو بە ڕووانینی منالّانی گێژەوە بە دەوری مێزێکدا دانیشتوون. پێدەکەنن. قاپەکانیان لەسەر مێزەکە دەخولێننەوە و کەوچکەکانیان بە لێواری مێزەکەدا دەدەن. دوو پەرستاری پیاو چاودێرییان دەکەن. بۆ ساتێك بێدەنگ دەبن و هەمدیس دەست بە هەرا هەرا دەکەنەوە. هەر دەڵێی دەستەیەك منالّی بزێون. لەودیو ڕوخسارە چرچ و لۆچەکانیانەوە، خەقەتی گەورە و میهرەبانیی فەراوان نووستووە. پێکەوە فراوین دەکەین. پێکەوە قسان دەکەین. قسانی تێکەڵ پێکەڵ، بە جووڵە و ئاماژە، وەك زوبانی کەڕو لالّان، زوبانێکی هەستیی، پڕ لە ڕوانین و پێکەنین و پەیام. یەکێکیان هەڵدەسێ و کورسییەکەی لای کورسییەکەمەوە دادەنێ و تەماشام دەکات. پیرەمێردێکی پێکەنیناوییە. ژێر برۆکانی کردوون و لێوی سوور کردووە. لەناوم دەپرسێ، ناوی خۆی بیرچۆتەوە. داوام لێدەکات ناوێکی لێ بنێم.

" چ جۆرە ناوێك؟ ناوی مرۆڤ یان جۆێك مەل یاخود جۆرێك درەخت؟"

حەزی لەم گەمەیەیە. متمانەی بە منە. دەستم دەگرێ. لە فیکرەوە دەچێ، لە ناوم دەپرسێ. ناوەکەم زۆر گچکەیە. نا. نایەوێت. لەناوی دایکم دەپرسێت. ناوی دایکم درێژ و قورسە، عالەم تاج؟ مانای چییە؟

بۆی وەردەگێڕم. پێدەکەنیٚ. پێی خۆشە. ناوێکی گەردوونییە. خۆی دەبینیٚ کە لەسەر سەری دونیا نراوە. ئەم ناوەی دەویٚ؟

هەندێکیان ناڕازین. ئەوانی تر چەپڵە لێدەدەن. دوو کەسی تریشیان بەدوای ناوێکی وەك ئەوەدا دەگەڕێن. لەناوە بیٚ بۆن و بیٚ تامەکانی خۆیان شەکەت بوون. گەرەکیانە ببنە کەسێکی تر، کەسێك بە گرینگیی عالەم تاج.

مۆڵەتم هەیە لە باخەکە بمێنمەوە. مۆڵەتم هەیە کتێب بخوێنمەوە. تەلەفۆن بکەم. لەژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر بچم. لە ڕاڕەوەکانا بسوڕێمەوە. مۆڵەتم هەیە بژیم و چاوەڕێی ڕۆژی چوار شەممە بم.

زۆر کار هەن کە دەبیٚ ئەنجامیان بدەم. گەرەکمە خانووەکەم بگۆڕم و بۆ گەڕەکێکی تازە بگوێزمەوە. گەرەکمە سەفەر بکەم. گەرەکمە چیرۆکی تازە بنووسم. شار گەلێك هەن کە گەرەکمە بیانبینم ( لانی کەم بیریان لیٚ بکەمەوە ). دەنگ گەلێك هەن کە دەمەوێت بیانژنەڤم، عەتر، تام، ڕەنگگەلێك کە گەرەکمە هەڵیانگۆزم. دڵم دەخوازێت گەورە بوونی مناڵەکانم ئەزبەر کەم و زەماوەند بە بۆنەی پیریی خۆمەوە بگێڕم. گەرەکمە لەسەر تەواوی عەردەکانی دونیا خانوو ڕۆبنێم و لەژێر تەواوی ئاسمانەکانی دونیادا بنووم. خۆ ڕەنگە چ شتێکیش نەکەم، بۆ هیچ کوێیەك نەڕۆم و هیچ شتێك روونەدات. گرینگ نییە. هێندە بەسە کە هەمدیس خەونی خۆش ببینم. هەمدیس نەخشە بکێشمەوە =

نەخشەگەلی پووچ = چاوەڕێی هاتنی بەهار بم. دڵم کەوتۆتە تەپ و کوت و سەرلەنوێ دەست پێدەکەمەوە. دەیان وێنە لەپێش چاوانمدا لەبارەی خۆمەوە گیانیان وەبەردا دێ: وێنەگەلێکی هەبوو لە ئایندەدا. کەسێك لەپێش منەوە، پێشتر لەمن لەسەر هێڵی زەمەن. منی هەبوو. منی پاش ئەو.

کیژێکی جحێڵ لە ژوورەکەی ئەوسەری ڕاڕەوەکە خەوێنراوە. بووینەتە هاوڕێ. کیژێکی ئارام و خامۆشە. کیژێکی خەمینە و ئامادە نییە هیچ بخوات. دەیەوێت بزانێ بۆچی زیندووە و بۆچ دەبێ بە زیندوویی بمێنێ؟ بۆچی هاتووە و بۆچی دەبێ بڕوات؟ دەیەوێ سەر لە نهێنیی مردن دەرکا و ڕوداوی ( مردن ) شرۆڤەکات. بە من دەڵێ هەر لە منداڵییەوە دەستە و یەخەی ئەم پرسیارە بووە و دایك و باوکی نەیانتوانیوە وەڵامێکی گونجاوی بدەنەوە. مامۆستاکانیشی لە سەروبنی پرسیارەکەیان کۆڵیوەتەوە و تاو و توێیان کردووە. قەشە لەهەموویان کەمتری زانیوە و قسەکانی هەمووی بڵقی هەوا بوون. بە من دەڵێ تا وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی دەست نەکەوێت، لە نەخۆشییەکەی چاك نابێتەوە. ئەم کیژە کەسی نییە و حەز دەکا هەر لە هەمان جێگەدا بمێنێتەوە. ئەم کیژە فەرەنسییە و زیاتر لە من هەست بە غەریبیی دەکات. لەگەڵ مندا بووەتە هاوڕێ. پێمەوە نووساوە. دایکی شووی کردۆتەوە، شووی بە پیاوێکی عارەب کردووە و لەگەڵیدا بۆ جەزاییر ڕۆیشتووە. باوکی لە باشووری فەرەنسە ئیش دەکا و

هەرگیز تەلەفۆنی بۆ ناکات. نامەش نانێرێت. ئەدی ئەی پوورەکان؟ مامەکان؟ کوڕە خاڵەکان؟ چ کەسێکی نییە و رابردووی وەك یەك قاقزی سپیی، چۆڵە. پێمدەڵێ حەز دەکا لەگەڵ مندا بۆ ئێران بێت. دڵنیایە کە لەوێ وەڵامی پرسیارەکانی پەیدا دەکات. لێم دەپرسێت:" تۆ بە چ ئومێدێکەوە دەژیت؟"

پێی دەڵێم:" بە ئومێدی گەیشتن بە رۆژی چوارشەممەوە."

دەپرسێت:" ئەی دوای ئەوە چیی؟"

دوای ئەوە پێنج شەممەیە و دوای ئەویش هەینی و ئیدی ژیان درێژەی هەیە. ئەمە ئەوەیە کە چاوەڕێیم، هەمان ئەوەی کە زەمەن بووە بە ساتەوەختگەلی دوایی = سبەینێ، دوو سبەی، سێ سبەی، هەفتەی داهاتوو = ئیدی ئەوە بۆ من بەسە.

بە کیژەکەی هاوسێم دەڵێم دەتوانین پێکەوە سەفەرکەین، سەفەر بۆ خۆرهەڵاتی دوور، بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەفەریقا، بۆ تاران و ئەسفەهان. دەتوانین نەخۆش کەوین. رەوان بین. چاکبینەوە. ( وای ). چوزانم، هەزار ئیش هەن کە دەکرێ ئەنجام بدرێن، یان نەدرێن. تەماشام دەکا و لەناکاوێکڕا، قوڵایی چاوانی خومار دەبێ و لە قوڵایی چاوانیدا خەون دەبینێ. بیری چۆتەوە کە شتێك هەیە ناوی سبەینێیە و ئەمڕۆ کۆتایی دونیا نییە.

چاوەڕێم. دەقیقەکان دەژمێرم. چوارشەممە لەوپەڕی دونیایە و ئەوپەڕی دونیاش شتێکە کە مرۆڤ دەستی دەیگاتێ. شتێکە واقیعییەتی هەیە و دەرگاکانیان کردۆتەوە.

ڕۆژێکی دی. ئەمشەو. سبەی ئێوارە. دووایین ڕۆژ. بەیانیی ڕۆژی دوایی. چکە چکی کاتژمێرەکەم خۆش دەوێ. دایکم گوتی:" ئەم کاتژمێرە لەدوای ئێمەیش هەیە". مەبەستی لە کاتژمێرەکەی ماڵی دایە گەورە بوو. ئەمڕۆ ئەم ڕستەیە، ئەم ( دوای ئێمە هەبوون ) ە، لە گوێمدا زرنگەیەکی ئارامبەخشی هەیە و عەردی ژێر پێم پتەو دەکا. وەك بڵێی ئەم ( دوای ئێمە ) یە رایەڵ بێ بە منەوە و ئەم رەوتە ئەبەدییە ئێمەیش لەگەڵ خۆیدا بەرێت.

چوارشەممە. کەل وپەلەکانم کۆدەکەمەوە. چاوەڕێم تا خاتوونی دکتۆر مۆڵەتنامەکەم ئیمزاکات. کەس بە شوێنما نایەت. تەنیام و حەزم لەم چوونە دەرەوە بێ سرتە و تەنها باڵەیە.

کیژی هاوسێ لە درزی دەرگای ژوورەکەیەوە تەماشام دەکات. لە وردەکارییەکانی ئەحواڵی ئاگادارم. دەزانم خەیاڵی لەکوێیە و دەزانم چ لە ڕۆحی نائارامیدا دەگوزەرێ. حەز دەکەم دەستی بگرم و دڵنیای کەمەوە کە بە سەلامەتیی ئەم ڕێگا پێچاوپێچە دڵەڕاوکێ وروژێنە تێدەپەڕێنێ و لە کەنارێکی روناکتردا لەنگەر دەگرێ. دەبێ هەوڵ بدا، دەبێ بجەنگێ،

دەبێ دەست بەکەسێك یان شتێکەوە بگرێت. ئەوەش کارێکی هاسان نییە.

پێپلیکانەکان. نهۆمی سێیەم = دووەم = یەکەم. ڕاڕەوی نیوە تاریك و خامۆش. دەرگای داخراو. پەرستاری پیر. پەرستاری جحێڵ و میهرەبان. سێبەر. ژووری وەرزش. ژووری گەمە، مۆسیك، ژووری ڕووداوی دڵتەزێن، ژووری شتە خەمینەکان، ژووری واهیمەی نەناسراو و ترسی پەرتەوازە.

تەواو بوو. ئاوڕ لە دواوە نادەمەوە. بە ڕۆژی چوارشەممەوە دەنووسێم. بەهات و باتی ژیان لەودیو دیوارە چیمەنتۆییەکانەوە، بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی منداڵەکانم و بۆنی خۆشی مریشکی برژاوەوە.

مۆڵەتنامەی چوونە دەرەوەم لەنێو دەستدایە. پاسەوانی بەردەرگا سەر دەلەقێنێ. دەستم لەنێو دەستە زلەکەیدا دەگوشێت. تەماشام دەکات. هەناسە هەڵدەمژم. هەوایەکی نوێ دەچێتە سییەکانمەوە، هەوای دونیایەك کە لە بەرامبەرمدا ڕاکشاوە.

دەنگی داخستنی دەرگاکە دەژنەڤم و نەخۆشخانەی ڤیل دەڤری، بە ژووری سپیی و سیستەرەکانییەوە، بە وەهمی سەرگێژکەر و وڕێنەکانییەوە، بە خەون و ترس و خەڵکەکانییەوە، لەنێو سەرمدا دەبنە کورتە چیرۆکێك، دەبنە چیرۆکێك کە لە ئایندەدا دەینووسم.

پشت لە نەخۆشخانە ڕادەوەستم. لەمبەرم و ( ئەم بەر ) بە کۆڵانی بەرد ڕیژکراو و خانووی بەردین دەست پێدەکات، بە هەژارێکی سەرخۆش کە

لەپاڵ دیوارەکەدا نووستووە و بە پۆلیسێکی هات و چۆ کە سەرگەرمی نووسینی غەرامەیە، بە تەنەکە زبڵی کەنار جۆگە و بە پیاوێك کە رۆژنامەکەی لەسەر سەکۆی ژێر درەختەکان جێهێشتووە و بە وێنەی درەختەکان لەسەر شووشەی پەنجەرەکان و بە ژنێکی زگ پڕ کە لەگەڵ سەگەکەیدا دەدوێ و بە کوڕێکی عاشق کە بە گوێی کیژێکی جحێڵدا دەچپێنێ. پیاوێك ناونیشانی کۆڵانێکم لێ دەپرسێت. هەناسەی بۆنی جگەرە و ئاسەواری شەرابی لێدێ، بۆنی جەستەیەکی گەرم و زیندوو. هەوا پڕە لە شێی باران، پڕە لە دوکەڵ و تۆز و خۆڵ و عەتری ژنانی رێبوار. چاوانم، دەستم، جەستەم، پێستم، هەموویان دەنۆڕن. هەموویان دەژنەڤن و وەئاگان. لەسەری چوارڕاکە، گلۆپی ترافیك سوورە. رادەوەستم و خۆم = خۆمی نوێ و ئێستاییم = پیشانی دونیا دەدەم.

پێم هێشتا توانای رۆیشتنی نییە. بەوەشەوە، بەنێو ترومبێلەکانا تێدەپەڕم. لەوبەری شەقامەکەوە کافەیەکی گچکە هەیە. کافەیەکی کۆن و چۆڵ. دادەنیشم و بەر لەهەر شتێك یەك پەرداخ ئاو دەخۆمەوە.

یەك پەرداخ ئاوی سارد.

یەك پەرداخی شووشە پڕ لە پارچە سەهۆڵی تەنك.

ژنێك لەولاوە تر دانیشتووە و رۆژنامە دەخوێنێتەوە. ئەودوای قاوەکەی دەخواتەوە. بە زوبان لالێوی دەلێسێتەوە. حەزی لە قاوەکەیەتی. هەتاو بەسەر دەست و نیوەی جەستەیدا کەوتووە و جەستەی ئارام و قاییلە.

باوێشك دەدا. ڕۆژنامەکەی دەنێتە لاوە و بە چاوانێکی خەواڵوو تەمبەڵ و نیگایەکی ئاسوودە، لە خاڵێکی دوور دەنۆڕێ.

پەرداخە ئاوەکەی من لەسەر مێزەکەیە. تینوومە و ( تینوێتیی ) وەك یەکەمین ئەزموونی خۆشەویستیی، خۆش و سەرسوڕهێنەرە. دەیخۆمەوە، قوم قوم، بەکاوەخۆ. گەردیلەی شێدار و تنۆکی سازگار و سووکەڵە و توێژاڵی تەنك و ساردی ئاوەکە لە قوڕگما هەست پێدەکەم، لە ریخۆڵەکانمدا، لە جەستەمدا، لە بیر و خایلەکانمدا.

بیرم چووبۆوە کە ئاو تا چ ئەندازەیەك، بەدەر لە پێوانە و ئەندازە، خۆش و بەتامە. بەخۆم دەڵێم:" خانم، ئەم ساتەوەختە و ئەم تام و چێژە لەبیر خۆت مەبەرەوە. بینێرە توێی دڵتەوە. بەکەڵکت دێ."

دوای خواردنەوە، نۆرەی کەشفی تامی ترش و شیرینە، نۆرەی وەئاگابوونەوەی جەستە و جوڵەی پەرۆشانەی گەدەیە، نۆرەی جم و جۆڵی مولولە برسییەکانە، نۆرەی سی گەلێکە کە دەکرێنەوە و دادەخرێن و نۆرەی خوێنێکی تازە کە دەڕژێتە چاڵەکانی دڵەوە، نۆرەی دەنگ، مڵچە مڵچ، قۆڕە قۆڕی خۆشی ریخۆڵە، هاوڕێ بە سیمفۆنیای بەشکۆی دەستگای هەرسە. ئەزموونی تاریکیی، منی فێری تام کردنی چێژی روناکیی کردووە و خامۆشی خەمینی دونیای مردووان، سەرسامیی منی بۆ ژنەفتنی هەر دەنگێك، هەر شنەیەك، هەر تەپەی پێ یان نەغمە و تەپ و کوتێك، سەد بەرامبەر کردووە.

لەوسەری جادده، کیژە منالێکی تەمەن دە ساڵانی جانتای قوتابخانە لەپشت، چاوەڕێی پاسە. پاسەکەی شەمێرانم دەکەوێتەوە بیر. دەستی بۆ رادەوەشێنم. پاسەکەی من لە رێگایەکی ترەوە دەڕوات، لە کۆتایی ئەو رێگایەدا منالەکانم چاوەڕێمن و منالی منالەکانم، نەسل دوای نەسل تا دووایەمین سبەینێ. دایکیشم لەوێیە. زانیویەتی کە نەخۆشم. خۆی زانیویەیتی، هەر لە یەکەمین رۆژەوە، بێ ئەوەی کەس پێی بلێ. وێنەی من، نووستوو لەسەر تەختەنوێنی نەخۆشخانە، هاتۆتە پێش چاوانی و بە ئاشکرا خاتوونی دکتۆری سپی پۆشی بینیوە. باوکم دوای مردنیشی هەر لەگەڵ ویدا لە پەیوەندیدایە و دایکم زۆر جاران وا پیشان دەدا کە دەنگی وی دەژنەڤێ و پەیامەکانی وەردەگرێت. ئەم دایکە تەمەن هەشتا ساڵەیە کە بەزەحمەت رێ دەکا و بە زەحمەت دەبینێ، دووایین بەرماوەی رەسەنی زنجیرەیەکی تەفروتونا بووە. لە رێگایەکی دوورەوە هاتووە، بەنێو وەرز و دەقیقەکانی مێژوودا گوزەری کردووە و میراتگری زوبان و زەمەنی قەبیلەکەی منە. خۆم دەبینم کە لەنێوان ئەو و منالەکانمدا راوەستاوم و شوێنگەی ئێستاییم شوێنگەی پەیوەندیی نێوان رۆژانی رابردوو و دەقیقەکانی ئایندەیە.

خواردنەکەم دەخۆم. پارەکەم دەدەم و وەڕێ دەکەوم. رۆژ چاوەڕێی منە، رۆژی روناك، رۆژی واقیعیی، رۆژی خەڵکانی سروشتیی و ساخ. حەزدەکەم باوەشی پێداکەم، بەخۆمەوە بیگوشم، پێستە گەرمەکەی

ماچکەم. بەنێو پارکەکەدا تێدەپەڕم، بەنێو بازاڕی گۆشت و میوەدا. ئەم پیرێژنە چوست و چالاکانە کە بە پەلە شت دەکڕن، جەنگیان بینیوە و بە عەزاب و ترس ئاشنان. بۆنی سێو دەکەن و هەرمێ کێشانە دەکەن. دەبێ دیارییەك بۆ منداڵەکان بکڕم. کیژێکی جحێڵ، بە قژی زەردەوە، دەشێ موهاجیرێکی ئەورووپای خۆرهەڵات بێ، لەسەر مێزێکی گچکە، خرتکە و پرتکەی دەستی دوو دەفرۆشێت. چاوم بە بوکەشووشەیەکی تەختەیی قەڵەو و خرتۆڵ دەکەوێت. لەو بوکەشووشە تەختەییە رووسیانەیە کە لە نێوقەددا دەبن بە دوو بەشەوە و لەنێوزگیاندا بوکەشووشەیەکی تر هەیە، لەزگی دووەمی ئەمەی دووەمیشیانا بوکە شووشەیەکی گچکەتر دانیشتووە، هەمان شێوە سێیەم و چوارەمیش، گچکە و گچکەتر، تا ئیدی دووایین بوکە شووشە هێندەی نۆکێکە. خانمیلەی قەڵەوی دووگیان دەکڕم. تەماشای دەکەم. دەبینم کە من و ئەو لەیەك دەچین، ئاخر ناخی منیش پڕە لە ناکۆتا بوکەشووشەی کۆنین، بوکەشووشەی دایك، بوکەشووشەی نەنك و خوشکانی ئەشکەوت نشینی سەرەتا، پێکەوە گرێدراو، لە بەراییەوە تا کۆتایی دونیا، هەرکامیان دانیشتوو لە قۆزاخەی زەمەندا، دەبینم زگم بە چارەنوسی منداڵەکانم و منداڵی منداڵەکانم دوو گیانە، دەبینم چارەنوسم دووگیانە بە مێژوویەك کە رایەڵە بەوان و بە نەوە و نەبیرە و هەموو ئەوانەوە کە نەمبینیون.

کتێبەکەم مەحکەم دەنێمە بن هەنگڵ و قورساییە خۆشەکەی وەك باری چارەنوسێکی شیرین، دەکەمە کۆڵ. ڕۆژێك، تەنها ڕۆژێك وەك ئەمڕۆ، پڕ و سوکەڵە، پڕ لە تین و تاو و موچوڕکە، تەژی لە خەون و خەیاڵ، یەك عومر، سەد ساڵ ژیانێکی هاکەزایی دەهێنێ. ڕەنگبێ ئەو ساتی سەرمەستییە، ئەم دەرفەتە مەزنە، ساتێکی زوو تێپەڕ بێ، کە بێگومان زوو تێپەڕە. گرینگ نییە. یادەوەرییەکەی لای خۆم دەپارێزم و بە یادی ئەمڕۆوە، بە یادی ئەم ساتە دەوڵەمەندە خەنییەوە، بەرماوەی ڕۆژانی داهاتووم ڕەنگاوڕەنگ دەکەم.

❊

تەواو